# پەیوەندیی سینتاکس و سیمانتیک
# لە ڕێزمانی کوردیدا


نامەیەکە:

**شیلان عومەر حسەین**


پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووەو بەشێکە لە پێداویستییەکانی وەرگرتنی پلەی دکتۆرای فەلسەفە لە زمانی کوردیدا


سەرپەرشت

**پ. ی. د. محەمەد عەبدولفەتاح حەمەسەعید**



٢٠١١زاینی ٢٧١١کوردی

هەرێمی کوردستان – عێراق
ئە نجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
فەرمانگەی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ
بۆ کاروباری زانست و خوێندنی باڵا

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education and Scientific Research
Presidency of Sulaimani University
*Office of Vice-President*
*For Scientific Affairs And Postgraduate Studies*

أقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة السليمانية
دائرة مساعد رئيس الجامعة
للشؤون العلمية والدراسات العليا

No: / /
Date: / /

ژمـــارە : ٧ ٨٤٧ ١١٢٩٦
ڕێکەوت : ٢٦/٧/٢٠١١
ڕێکەوت : ٤/٥/٢٧١١ ی کوردی


## فەرمانـی زانکۆیـی

### ب / پێکهێنانـی لیژنـەی گفتـوگـۆ

بڕیـار درا بـە پێکهێنانـی لیژنەیـەك لـەم بـەڕێـزانـەی کـە لـە خوارەوە ناویـان هاتــووە بـە مەبەستـی گفتـوگـۆ کردنـــی تێزی دکتۆرای خوێندکـاری خـوێندنـی بـــاڵا بەڕێــز (شیلان عمر حسين) لە کۆلێجـی زمان، بەشی کوردی بەناونیشانی:

پەیوەندیی سینتاکس و سیمانتیك لە ڕێزمانی کوردیدا.

ڕۆژی ( پێنج شەممە ) ڕێکەوتی ( ٢٠١١/٨/١٨ ) کاژێـر ( ٩ ) ی سـەر لەبەیانـی لـە هۆڵـی ( ڕووناکی ) زانکۆی سلێمانی .

| ژ | ناوی ئەندامان | نازناو | شوێنی کار | لیژنە |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ١ | د.وریا عمر أمين | پرۆفیسۆر | زانکۆی صلاح الدين | سەرۆکی لیژنە |
| ٢ | د.فريدون عبدول محمد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی سلێمانی/کۆلێجی زمان | ئەندام |
| ٣ | د.بكر عمر علي | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی سلێمانی/کۆلێجی زمان | ئەندام |
| ٤ | د.عبدالواحد موشير دزەيى | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکـۆی صلاح الدين | ئەنـدام |
| ٥ | د.أبوبكر عمر قادر | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی سلێمانی/کۆلێجی زمان | ئەنـدام |
| ٦ | د. محمد عبدالفتاح حمه سعيد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | زانکۆی سلێمانی/کۆلێجی زمان | ئەنـدام وسەرپەرشتیـار |

**پ. د. نـزار محمـد محمـد أمـين**
یاریـدەدەری سەرۆکـی زانکـۆ
بـۆ کـاروباری زانسـت وخـوێندنـی بـاڵا

<u>وێنەیەك بـۆ /</u>
- وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی/ بەڕێوەبەرایەتی پشکنین وهەڵسەنگاندن.
- سەرۆکایەتی زانکۆ/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆی سلێمانی...بۆ کاری پێویست.
- سەرۆکایەتی زانکۆ/ بەڕێوەبەرایەتی خۆیی.
- سەرۆکایەتی زانکۆ/ بەڕێوەبەرایەتی دارایی.
- کۆلێجی زمان، نووسراوتان ژمارە ( ٨٠٤/١٢/٧ ) لە ( ٢٠١١/٧/١٧ ).
- سەرۆکی وئەندامانی لیژنە.
- هۆبەی ئەرشیف.
- دۆسیەی تایبەت.
- دۆسیەی دەرکردە.


Kurdistan Region – Sulaimani
Phone: (3270929)
E-mail: (nazarmh2003@yahoo.com)
هەرێمی کوردستان – سلێمانی
تەلەفۆن: ( ٣٢٧٠٩٢٩ )

ئەم نامەیە بە سەرپەرشتی من لە زانکۆی سلێمانیی ئامادەکراوەو بەشێکە لە پێداویستییەکانی وەرگرتنی پلەی دکتۆرای فەلسەفە لە زمانی کوردیدا.

پ. ی. د. محەمەد عەبدولفەتاح حەمە سەعید

سەرپەرشت

٢٠١١/٥/٢

بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

پ. ی. د. دڵشاد عەلی محەمەد

سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا

لەبەشی کوردی

ڕۆژ: ٢٠١١/٥/٢١

ئێمە ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوەو لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك‌و لایەنەکانی تری کردو بڕیارماندا، کە شایانی ئەوەیە بەپلەی ( زۆر باشە ) بڕوانامەی دکتۆرای فەلسەفەی لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.

| | |
|---|---|
| پ. ی. د. ئەبوبەکر عومەر قادر | پ. ی. د. عەبدولواحید موشیر دزەیی |
| ئەندام | ئەندام |
| ڕۆژ: ١٨/ ٨/ ٢٠١١ | ڕۆژ: ١٨/ ٨/ ٢٠١١ |
| پ. ی. د. بەکر عومەر عەلی | پ. ی. د. فەرەیدوون عەبدول محەمەد |
| ئەندام | ئەندام |
| ڕۆژ: ١٨/ ٨/ ٢٠١١ | ڕۆژ: ١٨/ ٨/ ٢٠١١ |
| پ. ی. د. محەمەد عەبدولفەتاح حەمە سەعید | پ. د. وریا عومەر ئەمین |
| ئەندام‌و سەرپەرشت | سەرۆکی لیژنە |
| ڕۆژ: ١٨/ ٨/ ٢٠١١ | ڕۆژ: ١٨/ ٨/ ٢٠١١ |

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەندکرا.

پ. د. جەزا تۆفیق تالیب

ڕاگری کۆلێژی زمان‌و زانستی مرۆڤایەتی

ڕۆژ: ٢١/ ٨/ ٢٠١١

## پێشکەشە:


- بە دایكو باوكم، بەو دوو ئازیزەی هەموو خۆشەویستیی خۆیان بە ئێمە بەخشی، ئێمەیان گەورە كردو ئێمەیش بۆ هەمیشە لە ئاست گەورەییاندا بچوك دەمێنینەوە.
- بە نەتەوەكەم كورد، بە نیشتمانەكەم كوردستان.
- بە خوشكو براكانم، ئەو مۆمانەی ڕۆشنایی خۆیانم پێدەبەخشن.
- ئازیزانم، هاوڕێیانی تەمەنم، د. هەڤاڵ، شەن، ڤاریَو ڤالان.

# سوپاس و پێزانین

- سوپاس بۆ سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانی، فەرمانگەی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستیی و خوێندنی باڵا، کۆلیژی زمان، لیژنەی خوێندنی باڵاو سەرۆك بەش و مامۆستایانی بەشی کوردی، کە ئەوپەڕی خەمخۆریی و دڵسۆزییان نواند.
- سوپاس و ستایش و پێزانینی زۆرم بۆ سەرپەرشتی نامەکەم، بەڕێز (پ. ی. د. محەمەد عەبدولفەتاح حەمەسەعید)، کە بەبیری تیژو سەرنجی وردی لە خەمی نامەکەمدا بوو.
- سوپاس و ستایش و پێزانینی زۆرم بۆ بەڕێزان سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی تاوتوێکردنی نامەکەم، کە دڵنیام بە ڕەخنەو تێبینیی و سەرنج و ڕاو پرسیارەکانیان نامەکەم دەوڵەمەند دەکەن.
- سوپاس و ڕێزم بۆ مامۆستاکانم، خوێندکارەکانم، هاوڕێکانم، کەسەکانم، هاوولاتیانی وڵاتەکەم، گەر دڵسۆزیی ئەوان نەبووایە منیش نەدەبووم.
- سوپاس و ڕێزم بۆ بەڕێزان (م. شەماڵ ئەبوبەکر)، کە لە وەرگێڕانی بەشێکی دەقە ئینگلیزییەکاندا دڵسۆزانە هاوکاریی کردم. هەروەها ( م. تەحسین تەها)، کە لە دابینکردنی هەندێك سەرچاوەی بە نرخدا خەمخۆرانە هاوکارم بوو.

# هێماو کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| X | پێکهاتەی گۆڕاوێکی بەند لە دروستەی سیمانتیکیدا |
| ∃ | هێمای ڕادە |
| i، j، k. h | هێماکانی هاونیشانەکردن |
| λ | گۆڕاوی واتایی و پەیوەندی نێوانیان |
| c | ڕستیلە |
| β | ئارگومێنت بە فرێزەوە |
| ← | دەبێت بە |
| → | هەڵگوێزراوە لە |
| > < | پۆلە ڕەگەزیی سینتاکسی دەنوێنێت |
| / / | ئەوانەی لەناو ئەمەدان وشەو مۆرفێمن |
| < > | ئارگومێنتەکەی ناوی سەرپشکیە |
| <−<− | کەرەستەی یەکەم پێش ئەویتر دێت |
| E | هەبوویەک− بوونێکی ناسراو |
| F | فۆکس |
| XP | هەر چەشنە وەچەپێکهاتەیەکی سینتاکسییە |
| [ ] | نیشانەی سیمانتیکی |
| ( ) | بەشە ئاخاوتنی سیمانتیکی |

| | |
|---|---|
| [ ] | گۆکردنی چەمکی دەروازەی فەرهەنگیی |
| { } | نیشانەی سیمانتیکییە |
| ----------- | پەیوەندی دیاریخەری |
|  | پەیوەندی سیمانتیکی لای وەرگر |
| ⇓ | لەڕووی ئامازەبەندییەوە مۆڵەتی فەرمی بە ڕوداو دەدات و ئەویش بە کارەکتەرەکان |
| \\ | لە هێڵکاریدا دروستەی سیمانتیکی دەنوێنن |
| S/PT | چینی فۆنۆلۆژی/ سینتاکسی |
| DT | چینی پەسنکردنی |
| RT | چینی ئامازەبەندی |
| INF. STrT | چینی دروستەی زانیاری |
| IU | یەکەی زانیاری بنەڕەتی |
| AFF | کاریگەریی |
| α | ئارگومێنتی بەندێتی |
| A | ئارگومێنتی زاڵکراو |
| LCS | دروستەی چەمکی فەرهەنگی |
| H | سەر |
| n | ناکۆتا |

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| | ئـ |
| orient | ئاڕاستەبوون |
| direction | ئاڕاستەکردن |
| predicate | ئارگومێنت- داواکەر |
| shadow argument | ئارگومێنتە سێبەر |
| Default argument | ئارگومێنتی ئاسایی |
| True Argument | ئارگومێنتی ڕاستەقینە |
| reference | ئاماژەبەندیی |
| Mental | ئاوەزیی |
| pronominal adverbs | ئاوەڵکردارە جێناوییەکان |
| Assosiational adjective | ئاوەڵناوی پەیوەستدار |
| contrast-accent | ئەکێنتی- هەمبەریی |
| Ditrastive | ئەو کردارانەی دوو بەرکاریان هەیە |
| Idiom | ئیدیەم |
| volitional | ئیرادی |
| subjunctive | ئیلزامیی |
| | ب |
| spatial | بۆشایی چەمکی/ شوێنی چەمکی |
| achievement | بەئەنجامگەیەنراو |
| verb valence | بەبڕشتی کردار |
| Compulsion | بەزۆرکردن |

| | |
|---|---|
| Binding | بەستنەوە |
| willful | بەمەبەست |
| common ground | بنەمای هاوبەش |
| Ontology | بوونناسی |
| | ت |
| Tense | تاف |
| individual | تاکێتی |
| Configarational preposition | تایبەتمەندی ڕیزبەندیی |
| Vagueness | تەمومژیی |
| Accomplishment | تەواوکاری |
| Inchocative | تەواونەبوویی |
| Satisfaction | تێرکردن |
| | پ |
| closed classes | پۆلە داخراوەکان (پۆلی ڕێزمانی) |
| opened classes | پۆلە کراوەکان (پۆلی فەرهەنگی) |
| post determiners | پاشدیاریخەریی |
| React | پەرچەکردار |
| qualia | پەسندترین، باشترین |
| descriptive | پەسنکردن |
| physiological description | پەسنکردنی فسیۆلۆژی |
| linking | پەیوەندکردن |
| thematic relation | پەیوەندیی بابەتانە |
| Interface | پەیوەندیی |

| | |
|---|---|
| projection | پرۆژەسازدان |
| pre determiners | پێشدیاریخەریی |
| circumpositional preposition | پێشناوی دوو جەمسەریی |
| Constituative | پێکهێنەریی |
| measuring/ bounding | پێوانەیی/ بەندێتی |
| Verb adjuncts | پاشکۆکانی کردار |
| Noun adjuncts | پاشکۆکانی ناو |
| | ج |
| Akitonsart | جۆری کردەیی |
| Motion | جووڵە |
| Static | جێگیر |
| reflexive pronoun | جێناوی خۆیی |
| possessive and belonging pronoun | جێناوی خاوەنداریی و بۆگەڕاوەیی |
| Universality | جیهانیی |
| projected world | جیهانی پێشبینیکراو |
| | ح |
| state | حاڵەت |
| | خ |
| Intensioal | خۆویستی |
| Durative | خایەنراو |
| storage | خەزنکردن |

| | |
|---|---|
| | د |
| Compositionality | دارِشتەیی |
| Expressiveness | دەربڕاوێتی |
| Circumstantial | دەوروبەر |
| process and structure | دروستەو کردەکانی پەسنکردن |
| functional structure | دروستەی گۆکردنی |
| Indicative | دڵنیایی |
| telic | دوامەبەست |
| Modification | دیاریخەری |
| central determiners | دیاریخەریی چەقیی |
| fixed expression | دەربڕاوە چەسپاوەکان |
| multy word expression | دەربڕاوی فرە وشەیی |
| | ژ |
| Indice | ژمارەی زنجیرەیی |
| Cardinals | ژمارەی سەرەکی |
| ordinals | ژمارەی تەرتیبی |
| | ڕ |
| actor | ڕۆڵگێڕ |
| proposition | ڕستە ناوەڕۆك |
| sentence equivalent | ڕستە- هاونرخ |
| Aspect | ڕوکار |
| semantic Aspects | ڕوکاری سیمانتیکی |
| Mood | ڕێژە |

| | |
|---|---|
| permission | ڕێژەی ڕێپێدان |
| path | ڕێڕەو |
| Politenss | ڕێزگرتن |
| semantic case grammar | ڕێزمانی دۆخی سیمانتیکی |
| Routes | ڕێگە |
| Familiarity | ڕێکەوتن |
| Institutionalization | ڕێکخراوەیی بوون |
| | ز |
| phenomenology | زانستی دیاردەکان |
| Information | زانیاری |
| knowledge | زانین |
| | س |
| primitives | سەرەتاییترین |
| retrieving | سەرلەنوێ گەڕانەوە |
| referential semantics | سیمانتیکی ئاماژەبەندی |
| | ش |
| Macro rule | شاڕۆڵ |
| hyponym | شازاراوە |
| Assertion | شەرعیەتپێدان |
| Inflection | شکاندنەوە |
| analyzability | شیکاریی |
| | چ |
| activity | چالاکی |

| | |
|---|---|
| Frozenness | چەقبەستوویی |
| concept | چەمك |
| Punctual | چرکەیی |
| tier | چین |
| Thematic tier | چینی بابەتانە |
| action tier | چینی کردەیی |
| | گ |
| Exchange | گۆڕان |
| thematic Function | گۆکردنی بابەتانە |
| reference transfer | گواستنەوەی ئاماژەبەندی |
| | ف |
| ordinary focus | فۆکسی ئاسایی |
| constrastive focus | فۆکسی دژوەستانەوە |
| restrictive focus | فۆکسی کۆتوبەندکراو |
| Extension | فراوانبوونی ناتافی |
| Imperative | فرمانی |
| | ك |
| undergoer | کارتێکراو |
| Copulare | کەپوولە/ بەستێنەر |
| ellipsis | کرتاندن |
| Infinite | کرداری بێ کات |
| nominalization | کردن بە ناو |
| semantic dimension | کێڵگەی سیمانتیکی |

| | |
|---|---|
| terminative | کۆتاییبوون |
| conventions | کۆکبوونی کۆمەڵایەتی |
| | ل |
| ad position | لا- ناو |
| Deleting | لابردن |
| Argument sub stitution | لەبریدانانی ئارگومێنت |
| de nominalization | لەناوخستن |
| extragrammatical | لە ڕێزمان بەدەرەکان |
| | م |
| Purpose | مەبەست |
| | ن |
| de composition | ناداڕێژراوێتی |
| pre supposition | ناواخنی واتایی |
| Uniquely | ناوازە |
| appellative class | ناوی چەشنە- ڕەگەزیی |
| collective nouns | ناوی گەلیی |
| functional architecture | نەخشەی ئەندازیاری گۆکەرانە |
| intention | نیازکردن |
| semantic features | نیشانەی سیمانتیکی |
| Role markers | نیشانەکانی پێدانی ڕۆڵ |
| | هـ |
| Causative | هۆکاریی |
| co reference | هاوئاماژەبەندی |

| | |
|---|---|
| Entity | هەبوویەك |
| Adjunct | هەڵواسین |
| True adjuncts | هەڵواسینی ڕاستەقینە |
| Situation | هەڵوێست |
| | و |
| sense | واتاگەلیی |
| particle | واژەگۆکەر |
| Intercetion particles | واژەگۆکەرە هەستدەربڕەکان |
| focus/grad particles | واژەگۆکەری باسمەند/ پلەیی |
| gespraechs particles | واژەگۆکەری دەمەتەقێ |
| vergleichs particles | واژەگۆکەری وەکیەکی و بەراورد |
| Perception | وەرگرتن |
| Synsemantic word | وشە سینسیمانتیکییەکان |
| Function word | وشە گۆکەرەکان |
| figarative | واتای خوازەیی |
| | ی |
| auxiliaries | یاریدەدەرەکان |
| correspondence rule | یاسای پەیکاڵبوون/ ڕێککەوتن |
| linking rule | یاسای پەیوەندکردن |
| interface rule | یاسای پەیوەندیی |
| semantic rule | یاسای سیمانتیکی |
| constituency rule | یاسای هەڵبژاردن |
| amalgamation | یەکخستن/ لەحیمبوون |

| | |
|---|---|
| Mapping | یەکگرتن |
| Fusion | یەکگرتن/ تواندنەوە |

# پێڕست

پێشەکی........................................................................١

بەشی یەکەم: بنەماکانی دروستەی سینتاکسیی...........................٦
١/١) بنەمای تیۆریی................................................٧
٢/١) دروستەی مۆرفۆلۆژی (وشە)..........................١٣
١/٢-١) پۆلە داخراوەکان ...........................................١٤
١/٢-٢) شکاندنەوە ...................................................٢٤
٣/١) دروستەی فرێز..................................................٢٨
٤/١) دروستەی ڕستە.................................................٣٣
١/٤-١) ڕستەی سادە..................................................٣٣
١/٤-١-٢) یاساکانی دروستەی ڕستەی سادە.........................٤٢
١/٤-٢) دروستەی ڕستەی ئاوێتە...................................٤٣
١/٤-٢-١) دروستەی ڕستەی لێکدراوی ئاڵۆز........................٤٦
١/٤-٣) دروستەی زانیاری.........................................٤٦

بەشی دووهەم: بنەماکانی دروستەی سیمانتیکیی............................٥٠
١/٢) ڕێزمان و سیمانتیک..........................................٥١
٢/٢) کەرەستەوپێکهاتەی سیمانتیکیی.............................٥٤
٢/٢_١) فەرهەنگ..................................................٥٦
٢/٢_٢) دروستەی قووڵ.............................................٦٠
٢/٢_٣) کۆتوبەندی هەڵاوێرکردن.......................................٦١
٢/٢_٤) یاسای پرۆژە سازدان.........................................٦٢

٣/٢) ڕێزمان و سایکۆلۆژی........................................٧٣
٤/٢) دروستەی چەمکی و X- باڕی سیمانتیکیی........................٧٩
١-٤/٢) دروستەی چەمکی.................................................٧٩
٢-٤/٢) بەشەکانی ئاخاوتنی سیمانتیکی.....................................٨٥
١-٢-٤/٢) نواندنی سیمانتیکی و گۆکردنی ڕوداو............................٨٥
٢-٢-٤/٢) نواندی بەشەکانی ئاخاوتنی سیمانتیکی..........................٩٢
٣-٤/٢) X - باڕی سیمانتیکیی.............................................١٠٠
٥/٢) دروستەی سیمانتیکی...................................................١٠٨
١-٥/٢) فریێزی سیمانتیکی.................................................١٠٨
٢-٥/٢) چینەکانی دروستەی سیمانتیکی.....................................١١٥
٣-٥/٢) دروستەی ئارگومێنت و ڕۆڵی بابەتانە.............................١٢٤

بەشی سێهەم: پەیوەندیی سینتاکس و سیمانتیک.............................١٣٧
١/٣) مۆدێلەکانی پەسنکردنی پەیوەندیی سینتاکس و سیمانتیک...........١٣٨
٢/٣) نواندنی فەرهەنگی و ڕۆڵە سیمانتیکیەکان...............................١٤٩
١-٢/٣) پەیوەندیی نواندنی دروستەی ئارگومێنتی سینتاکسی و سیمانتیکی١٥٧
٢-٢/٣) دەروازەی فەرهەنگی و دروستەی چەمکی..............................١٦٥
١-٢-٢/٣) لە بریدانانی ئارگومێنتی............................................١٦٥
٢-٢-٢/٣) یەکگرتنی ئارگۆمێنت.................................................١٦٨
٣-٢-٢/٣) دیاریخەریی کۆت و بەندکردن......................................١٧١
٤-٢-٢/٣) بەستنەوەی ئارگومێنت...............................................١٧٤
٣/٣) تیۆری یاسای پەیوەندکردن.......................................... ١٧٨
٣/٣_١) یاساکانی پەیوەندکردن...............................................١٨١
٢-٣/٣) بنەماکانی یاسای پەیوەندکردن.......................................٢٠١

٤/٣) ئیدیەم ............................................................ ٢١٧
٣/٤-١) سیمانتیکیی ئیدیەم.................................................. ٢١٩
٣/٤-٢) سینتاکسیی ئیدیەم................................................. ٢٢٤
٣/٤-٣) پەیوەندیی نێوان فۆڕم و واتای ئیدیەم................................ ٢٢٨
ئەنجام .................................................................. ٢٣٢
پێشنیاز ................................................................. ٢٣٤
سەرچاوەکان ............................................................ ٢٣٥
الخلاصة .................................................................. ٢٤١
Abstract…………………………………………...……243

# پێشەکی

**١) ناونيشانی لێکۆڵینەوەکە**

ئەم نامەیە بەناونیشانی ((پەیوەندیی سینتاکس‌و سیمانتیك لە ڕێزمانی کوردیدا)) یە، مەبەستی سەرەکیی ئەم تێزە، دیاریکردنی ئەو یاساو ڕێساو بنەمایانەیە، کە سینتاکس‌و سیمانتیك لەڕێزمانی کوردیدا بەیەکەوە دەبەستنەوە.

**٢) بواری لێکۆڵینەوەکە**

لەم تێزەدا، هەوڵدەدرێت بنەماو پێوەرە سەرەکییەکانی سینتاکس‌و سیمانتیکی ڕێزمانی کوردیی، بە پێی یاساو بەپشتبەستن بە پێوەرە لۆژیکیی‌و ماتماتیکییەکان شیبکرێنەوە.

**٣) گرفتی لێکۆڵینەوەکە**

ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ ئەو ئامانجەیە، دەیەوێت پێڕەوی پەیوەندکردنی سینتاکس‌و سیمانتیکی کوردیی، کە تا ئێستا بەپێی یاسا جیهانییەکان لێکنەدراونەتەوە، لێکبداتەوەو دیاریبکات. هەروەها مەبەستیشێتی پەیڕەوی بنەڕەتی دروستەی سیمانتیکی زمانی کوردیی لەسەر بنەمای پۆلەڕەگەزی بووناسیی، هێڵکارییانە بدۆزێتەوە، لێرەوە دەتوانرێت فەرهەنگی ئاوەزیی ئاخێوەری کوردو ڕامان‌و تێڕوانینی‌ی کورد، کە لەم ڕوانگەیەوە لێکنەدراونەتەوە، شیکەرەوانە پەسنبکات.

**٤) هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە**

ئەم تێزە لەوخاڵەوە دەستپێدەکات، کە زۆربەی ڕێزماننووس‌و زمانەوانەکان پێیگەیشتوون، ئەویش پەیوەندکردنی دوو پێکهاتەی ئاخاوتنە. بابەت‌و لێکۆڵینەوەی زۆر لەسەر سینتاکس و سیمانتیکی کوردیی بە جیاو سەربەخۆ جێبەجێکراون، بەڵام پەیوەست بە پەیوەندکردنی ئەم دوو پێکهاتەیەی ڕێزمان پێکەوە لە دووتوێی نامەیەکدا دەگمەنە. لەم تێزەدا پێکهاتەو کەرەستە بنەڕەتیەکانی ئەم پێکهاتانەو پەیوەندکردنیان پێکەوە لەلایەك‌و پەیوەندیان بە زانینی جیهانی دەرەوە لەلایەکی ترەوە خراونەتەڕوو، هەوڵماندراوە هەنگاوێك ڕووەو دانانی بنەمای زانستیی لەناو لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا دابنێین‌و پێوانە بۆ شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی دەربڕاوو ئاخاوتنی کوردیی بدۆزینەوە.

**٥) ئامانجی لێکۆڵینەوەکە**

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە، بەپشتبەستن بە یاسا جیهانییەکانی بواری سینتاکس‌و سیمانتیك‌و بەپێی تیۆرییە نوێکانی زانستی زمان، پەیوەندیی سینتاکس‌و سیمانتیك لە زمانی کوردیدا بدۆزێتەوەو ئەو ڕاستییە بسەلمێنێت، کە پەیڕەوگەلێکی بەهێز لە هەر یەك لەم بوارانەدا هەن و ئەم بوارانەیش بەیەکەوە کاردەکەن‌و لێکدانەوە زمانەوانییەکان لە- ڕا-لەسەر دەربڕینەوە دەبەنە ئاستێکی زانستیانەی سەلمێنراو بە بنەما لۆژیکیی‌و ماتماتیکییەکان.

**٦) ڕێبازی لێکۆڵینەوەی لێکۆڵینەوەکە**

لەم نامەیەدا ڕێبازی شیکاریی پەسنکەرانە ( Descriptive Analysis ) پەیڕەوکراوە، بە پشتبەستن بەتیۆری (دەستەڵات‌و بەستنەوە- Government and Binding) بۆ ناساندن‌و خستنەڕووی چەمك‌و کەرەستە سینتاکسییەکان‌و لێکدانەوەی واتاکانیان، واتە بە ئاڕاستەی پەیوەندکردنی سینتاکس بۆ سیمانتیك. بۆ ئاڕاستەی پەیوەندکردنی سیمانتیك بۆ سینتاکس تیۆری ئاوەزداریی (Cognitive Theory) بۆ شیکردنەوەی بنەڕەتی یەکە زمانەوانییەکان هەڵسەنگاندنی بابەتەکان پیادەکراوە.

**٧) پرسیارو گریمانەکانی لێکۆڵینەوەکە**

ئەم نامەیە بەدوای وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکدا دەگەڕێت، وەك: زانیاریی‌و دروستەی سینتاکسیی چ ڕۆڵێك لە دیاریکردنی واتادا دەگێڕن؟ چۆن؟ پەیوەندی نێوان دەربڕاوی زمانیی‌و جیهانی دەرەوە چۆن‌و بە چ ڕێبازێك لێکدەدرێتەوە؟ چۆن ڕوکارەکانی واتا کاریگەرییان لەسەر فۆڕمی ڕستە دەبێت‌و بەپێچەوانەیشەوە؟ کام چەشنە زانیاریە دەچێتە ناو دیاریکردنی دروستەی ئارگومێنتەوە؟ چۆن تایبەتێتی سیمانتیکی-فەرهەنگی بۆ گۆکردنی ڕێزمانی دەگۆڕێت؟ سیمانتیکی زمانەوانیی چیە؟ ئاماژەبەندی بنەڕەتی سیمانتیك‌و جیهانی دەرەوە لەچیدا یەکدەگرنەوە؟ پەیوەندکردنی ڕاستەوخۆی نێوان زمان‌و ئاوەز بەگشتی چۆن دیاریدەکرێت؟ کردە سایکۆلۆژییەکان ئاڕاستەی پەیوەندکردنی سینتاکس-سیمانتیك چۆن شیدەکاتەوە؟ کلیلی نەخشەی ئەندازەی بەبەرهەمی پەیوەندکردنی پێکهاتەکانە، چۆن‌و بە چ میکانیزمێك ئەم پەیوەندکردنی پێکهاتانە بە دروستە دەکرێت؟...تاد.

**٨) کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە**

لەم نامەیەدا نمونەکان، کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست-شێوەزاری سلێمانیین‌و نمونەکان بەداڕشتەیی‌و ناداڕشتەییەوە لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەوە وەرگیراون.

**٩) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە**

نامەکە لە پێشەکیو سێ بەشو ئەنجامو پێشنیازو سەرچاوەکانو کورتەی عەرەبیو ئینگلیزیی پێکهاتووە:

بەشی یەکەم: لێکۆڵینەوەکە لەسەر مۆدێلی ڕێزمانی کوردییەو بۆ پەسنکردنیی پێکهاتەی سینتاکسو پەیوەندی لەگەڵ سیمانتیك وەرگیراوە. لە ڕێی ڕونکردنەوەی ئەو پەیوەندییەوە، هەنگاوە زانستییەکان بۆ ئەوە دەنرێن، جۆرێتیو چۆنێتیو چۆنایەتی مۆدێلە پێوەلکێنراوەکەی ڕێزمانەکە ڕونبکرێتەوە. بۆ خستنەڕوی زانستی ئەو پەیوەندییە بە وردی بەشی یەکەم بۆ دیاریکردنی بنەماکانی دروستەی سینتاکسی زمانی کوردی تەرخانکراوە. چوار پار بۆ ڕونکردنەوەی وردتری ئەم بەشە خراونەتەڕوو:

پاری یەکەم// بنەمای تیۆریی پێویست، کە تیۆری (دەستەڵاتو بەستنەوە– Government and Binding)ەوەیە، تیایدا دروستەو یاساو زانیاریی سینتاکسیی بە بنەڕەتی دیاریکردنی نواندنی سیمانتیکیی لە ئاستی دروستەی قووڵی ڕستەدا دانراوە. ڕستەش بە بنەڕەتی ئاخاوتن دانراوەو فۆڕمو دروستەو واتای ڕستە، یەکەیەکی بچوککراوەی فۆڕمو دروستەو واتای دەربڕاوو ئاخاوتنەکانمان پێکدەهێنێت. خودی ڕستەش لە پێکبەستنی پێکهاتەکانی (مۆرفێم، وشەوفرێز..)و یاساکانی پەیوەندییان دێتەئاراوە.

پاری دووهەم// بۆ باشتر تێگەیشتن لە سینتاکسی ڕستەی زمانی کوردی، پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی ڕێزمانەکە (مۆرفۆلۆژی شکاندنەوەو ڕیزبوونی کەرەستەکانو دروستەو یاسایان) لەگەڵ سینتاکسو پەیوەست بە سیمانتیکەوە ڕونکراونەتەوە.

پاری سێهەم// لێرەدا دروستەو چەشنەکانی پێکهێنەرێکی تری ڕستە، کە فرێزە، دیاریکراون. یاساکانی چۆنێتی پێکبەستنیان ڕونکراوەتەوە.

پاری چوارهەم// دروستەی ڕستە بە سادەو ئاوێتەولێکدراوو تەنانەت دروستەی زانیاری ڕستە خراونەتەڕوو. لەسەر ئەو بنەمایەی، کە ڕستەکان بە بنەمایەکی بنەڕەتیی شیکارە سینتاکسیەکان دانراونو دەتوانرێت لێوەی یاساو ڕێساکان بەرهەمبهێنرێن.

بەشی دووەم: بۆ دیاریکردنی بنەماکانی دروستەی سیمانتیکیی تەرخانکراوە، بەوەی:

پاری یەکەم// سیمانتیك وەك پێکهاتەیەکی ڕێزمان خراوەتەڕوو، پەیوەندی بە دوو پێکهاتەکی تری ڕێزمانەوە ڕوونکراوەتەوە.

پاری دووهەم// پێکهاتەو کەرەستەی سیمانتیکی دیاریکراون، ئەوانیش: فەرهەنگ (یاساو تایبەتمەندیو زانیارییە فەرهەنگییەکان)، دروستەی قووڵ، کۆتوبەندی هەڵاوێرکردنو یاسای پرۆژەسازدانن.

پاری سێهەم// لەم پارەدا لە سایکۆلۆژیی و پەیوەست بە ڕەوتی پەیوەندکردنی سینتاکس-سیمانتیك کۆڵراوەتەوە، بەوەی بە گۆڕانی ئاڕاستەی پەیوەندییەکە کردە سایکۆلۆژییەکانیش جیاوازن.

پاری چوارەهەم// بنەڕەتی سیمانتیك بە پۆلە ڕەگەزە ئۆنتۆلۆژییەکان دانراوە، لێرەدا تیۆری ئاوەزداریی تیۆری پراکتیزەکراوە، بۆ ئەم مەبەستە دروستەی چەمکیی و بەشەکانی ئاخاوتنی سیمانتیکیی بەپێی نواندی سیمانتیکیی و گۆکردنی ڕوداو، لەگەڵ دیاریکردنی X-باڕی سیمانتیکیدا دیاریی و دەستنیشانکراون.

پاری پێجهەم// دروستەی سیمانتیکیی کوردی بە دیاریکردنی فرێزوچینەکانی دروستەی سیمانتیکیی، لەگەڵ دروستەی ئارگومێنت وڕۆڵی بابەتانە خراونەتەڕوو.

بەشی سێیەم: پەیوەندی سینتاکس-سیمانتیك لە زمانی کوردیدا، بە پشتبەستن بە تیۆری پەیوەنکردن شیکراوەتەوە، ئەویش لەسەر بنەمای:

پاری یەکەم// دیاریکردنی کورتەیەکی مێژوویی پەیوەست بە مۆدیلەکانی پەسنکردنی سینتاکس-سیمانتیك خراوەتەڕوو.

پاری دووهەم// پەیوەندی نواندی دروستەی ئارگومێنتی سینتاکس-سیمانتیك بە نواندنی دەروازەی فەرهەنگی و ڕۆڵە سیمانتیکیەکان و دیاریکردنی دروستەی چەمکییان ڕونکراونەتەوە.

پاری سێهەم// تیۆری پەیوەندکردنی سینتاکس-سیمانتیك لە ڕێزمانی کوردیدا و یاساو ڕێساو بنەماکانی ئەم پەیوەندکردنە دەستنیشانکراوە.

پاری چوارەهەم// لە سینتاکس وسیمانتیك و پەیوەندیان لە ئیدیەمدا، وەك نمونەیەکی دەربڕاوی نا-داڕشتەیی زمانی کوردیی لێیانکۆڵراوەتەوە.

ئەنجام، لە کۆتایی توێژینەوەکەدا پەیڕەوبەندانە ئەو ئەنجامانەی بەدەستهاتوون دەخرێنە ڕوو.

کورتەی ئەم تێزەیش بە زمانەکانی عەرەبیی و ئینگلیزیی خراونەتەڕوو.

# بەشی یەکەم:


# بنەماکانی دروستەی سینتاکسیی

## ١/١) بنەمای تیۆریی:

(بیر/چەمك/واتا) بە كرۆكی زمان دانراون. ((زمان پێڕەوێكی كردەی پەیوەندیی و لەیەكگەیشتنەو ئامڕازێكی مامەڵەكردنی كۆمەڵایەتییە، كە تیایدا دروستە ڕێزمانییەكان بۆ دەربڕینی بیر/چەمك/واتا لە دەوروبەردا بەكاردەهێنرێن))[١]، زاراوەی پێڕەویش پێكهاتەكان و پەیوەندییە ناوكۆیی و هاوبەشەكانیان دەگرێتەوە[٢].

بنەمای تیۆریی بۆ شیكردنەوەی دروستەی[*] سینتاكسی[**] ڕستە لە زمانی كوردیدا تیۆری حوكمكردن و بەستنەوەیە (G.B) ، كە بە قۆناغی جیاوازی گەشەسەندندا تێپەڕیوە (بڕوانە هێڵكاری (١_١)): (١_١) نەخشەی ئەندازیاری تیۆریەكانی چۆمسكی[٣]:

ا_ تیۆری ستاندار (Aspect-١٩٦٨):




---

[1] R.D.Van.Valin (2005:1).


[2] بڕوانە: محەمەدی مەحوی (٢٠٠٧: ١).

[*] مەبەست لە دروستە ( structur)، چۆنێتی خستنەتەكیەكی كەرەستەكانە(توخمەكان و گۆكردنیان)، كە دەبێت توخمەكانی لەڕوی سینتاكسییەوە دروست و لەڕوی سێمانتیكییەوە ڕاست و لەگەڵ یەكتریدا گونجاو بن. بڕوانە محەمەدی مەحوی(٢٠١١: ٣٧).


[**] زاراوەی >>سینتاكس<< ١. >>خستنەتەكیەك<< لقێك یان بەشەمەودایەكی سێمیۆتیك دەبەخشێت، كە خۆی بە ڕێكخستن و پەیوەندیەكانی نێوان هێماكانەوە خەریكدەكات و لەتەكیشیدا لە لایەكەوە لە پەیوەندیەكانی قسەكەرەوە بە هێماكانەوە (پڕاگماتیك) و لەلایەكی تریشەوە لە پەیوەندیی هێماكان بە دنیای ڕاستەقینەی دەرەوەی زمانەوەی جیادەكاتەوە. ٢. بە ’>>زانستی ڕستە<<’ یش ناسراوە. لەمیاندا سینتاكس پێڕەوێكە لەیاسا، كە پێیان ئەوە پەسندەكات، چۆن دەتوانرێت لە گەنجێك لە توخمی بنەڕەتیی (مۆڕفێمەكان، وشەكان، جومگەی ڕستەكان) ڕستە فۆڕمدروستەكانی (well-formed sentences) زمانێك هەڵبگوێزرێن. بڕوانە (محەمەدی مەحوی(٢٠١١:٣٤)و G.Trauth&K.Kazzazi(1996:473).

[3] R. Jackendoff (2009:109)


**ب_ تیۆری ستانداری فراوانكراو (توێژینەوە لە سیمانتیك لە G.G دا– ١٩٧٢):**




**پ_ پێداچوونەوەی تیۆری ستانداری فراوانكراو (شكاندنەوە لە زماندا– ١٩٧٥):**




**ت_ تیۆری حوكمكردن و بەستنەوە (١٩٨١):**




**هێڵكاری ژمارە (١_١)**

**وەك لە هێڵكاری(١_١) دا دیارە، بنەمای چەقبەستن بە دەوری سینتاكسدا (دروستەی قووڵ، ڕوكەش، كە ڕێزمانە) لە هەموو ڕاڤەكردنێكی تیۆرەكانی چۆمسكیدا پارێزراوە.**

سەرچاوەی ئەم ڕێزمانەش بۆ توانستی زمانیی و ئەویش بۆ لێهاتویی زمانیی دەگەڕێتەوە[٤] (بڕوانە (هێڵکاری(١_٢)).




هێکاری ژمارە(١_٢)

بەپێی ئەو مۆدێلانەی لە (١_١) دا خرانەڕوو، چۆمسکی دوو ئاستی دروستەی سینتاکسی(دروستەی قووڵ و دروستەی ڕوکەش)ی بۆ ڕستەکان ناساندووە. ئەم دوو ئاستە بەهۆی جۆرێك لە کردەی سینتاکسییەوە، کە بە گواستنەوەکان ناوبراوە، پێکەوەپەیوەستن. دروستەی قووڵ دەرەنجامی بەرجەستەبوون و جێبەجێبوونی یاساکانی بنەڕەت – یاساکانی دروستەی فرێزی پێکهاتەیی پۆلەڕەگەزی – یاسای دانان و دامەزراندنی کەرەستە فەرهەنگییەکان/ تێکردەی فەرهەنگیی_[٥] دەگرنەوە و پڕکردنەوەی جێکەوتەکانی قاڵبی ڕستە دێنە بەرهەم. هەر لێرەشدا بەخشینی ڕۆڵی بابەتانە بەجێکەوتەکان جێبەجێدەبێت[*]. دروستەی ڕوکەش لە دەرەنجامی ئەو گۆڕانانەوە دێتە بەرهەم، کە بەهۆی گواستنەوەکانەوە لە دروستەی قووڵدا ڕوودەدەن . یاسای گواستنەوەکان چوار جۆر ئۆپەرەیشن دەگرێتەوە، ئەوانیش کرتاندن، لەبریدانان، زیادکردن (addition)، جێگۆڕکێن. هەر لەم ڕوانگەیەوە پێکهاتەی سینتاکسیی لە ڕێزماندا لە دوو دەستەی جیاواز لە یاساکان (یاساکانی بنەڕەت و گواستنەوە)، لەگەڵ دروستەی قووڵ و ڕوکەش پێکهاتووە. یاساکانی بنەڕەت ڕێپێدەری ژمارەیەکی بێ سنوری دروستەی قووڵن، کە بەرهەمدەهێنرێن و گۆکردنی یاساکانی گواستنەوەش وەرگێڕی دروستە قووڵەکانن، کە لە ژێرەوەی ڕستەکاندایە و بنەمای بیری ڕوتی واتان بۆ دروستە ڕوکەشەکان[٦]، کە بنەڕەتی ئاخاوتنی تێبینیکراو پێکدەهێنن. جگە لەوەیش ئەرکی ڕونکردنەوەی دیاردەکانی وەك هاوواتایی و لێڵی و تێگەیشتن لە ڕەگەزە دەرنەبڕاوەکانی ڕستە لەخۆدەگرێت. کەواتە بەهۆی یاساکانی بنەڕەتەوە دروستە قووڵەکان بەرهەمدەهێنرێن و لەدەرەنجامی جێبەجێکردنی یاساکانی گواستنەوە لەسەر دروستە قووڵەکان دروستەی ڕوکەش دێتە بەرهەم. لەم ئاستەدا یاساکانی وەك ڕێزمانی باروحاڵەت و

---

4 A.Radford (2006:7).

5 محەمەدی مەحوی (٢٠٠١)، محەمەدی مەحوی و نەرمین عومەر (٢٠٠٤: ١٣).


* لە بەشی دووهەمدا بە درێژی ئاماژەی پێدراوە، بۆ زانیاری زیاتریش بڕوانە:

a. H.Martin(2005). b. V.Cook(1996). c.B.Latif(2008). d.R.Jackendoff(1991,2009).

6 خلیل احمد عمایرە(١٩٨٤: ٥٨).

دۆخی ڕێزمانیو کردەی هاونیشانەکردن پیادەدەکرێن* (بڕوانە هێڵکاری ژمارە (١_٣))[٧].

پێکهاتەی سینتاکسی




هێڵکاری ژمارە (١_٣)

کورتەی تیۆریەکەیCHOMSKY ئەوە دەخاتەڕوو، کە ڕێزمان سێ پێکهاتەی جیاواز لەخۆدەگرێت، ئەوانیش پێکهاتەی فۆنۆلۆژییو سینتاکسییو سیمانتیکیین. ئەوەی گرنگە بگوترێت ئەوەیە، کە ((زانیاری سینتاکسیی تاکە ڕێگەیە بۆ دیاریکردنی نواندنی سیمانتیکی لە ئاستی دروستەی قووڵدا))[٨]. ناوەڕۆکی نواندنی سیمانتیکیی تاڕادەیەك جیهانییەو لە هەموو زمانەکاندا هەیە، بۆ نموونە چەمکی دیاریکردن لە ئاوەزی هەر ئاخێوەرێکدا هەمان بیرە، بەڵام لە دەربڕینەکەیدا جیاوازە، لە زمانی کوردیدا : وەك (کوڕەکە)، لە زمانی عەرەبیدا بە (الولد)و لە زمانی ئینگلیزیدا بە (The boy) دەردەبڕێت. کەواتە ئەوەی دەگۆڕێت، ناوەڕۆکی دروستەی قووڵو ڕوکەشە. لەمەوە ((دروستە سینتاکسییەکان بە دیاریکەروجیاکەرەوەی زمانەکانی جیهان دانراون))[٩].

بەگشتی چۆمسکی (Chomsky) لە کارەکانیدا پێشنیازی ئەوەی کردووە، کە زمان پێڕەوێکی تەواوو پڕاوپڕە لەگەڵ پەسەندترین نەخشە (optima design) دا. بەواتا، ڕێزمانی زمانە سروشتییەکان ئەو دروستانە پێکدەهێنن، کە نەخشەی کێشراوە بۆ ئەوەی بە

* لە بەشی دووهەمدا بە ڕوونی خراوەتەڕوو، (هەروەها بیشڕوانە :

a. V.Valin(2005). b. R.Jackendoff(1991). c. G.Trauth&K.Kazzazi(1996).

[7] a. R. Jackendoff (2009:109-112). b. D. Steinberg (1999:30) c. G.Finch (2000: 99).

[8] J.Uriagereka (2008: 1). & R.Jackendoff (1972:4).

[9] D.Steinberg (1999: 40).

**تەواوی پەیوەستبێت بە پێکهاتەکانی تری ئاوەزەوە، بەتایبەت بە پەیڕەوی ئاخاوتن‌و بیرکردنەوە. ڕێزمانی هەر زمانێك بەو شێوەیە ڕێکخراوە، کە یەکێك لە پێکهاتەکانی فەرهەنگە[*]. سەرەتا پێویستە ئەو وشانەی، کە پەیوەندیدارن لە فەرهەنگدا دەریان بهێنین‌و بەکاریانبهێنین. وشە هەڵبژێردراوەکان لەسەر بنەمای پەیوەندیە ناوکۆیی‌و هاوبەشەکان‌و بەپێی زنجیرەیەك دروستەی سینتاکسی لە ناو سینتاکسدا پێکەوە دەبەسترێنەوە، بەمەش فۆڕمی دروستەی سینتاکسی دادەڕێژرێت. ئەم دروستەی سینتاکسە وەك تێکردەیەك لەناو دوو پێکهاتەی ڕێزماندا کاردەکات[١١]: یەکێکیان پێکهاتەی سێمانتیکیەو ڕۆڵی گەیاندنی دروستە سینتاکسیەکان لەگەڵ فۆڕمداڕشتنی سیمانتیکیە پەیوەندیدارەکان دەگەیەنێت. بە واتایەکی تر، نواندنی ڕووکارە زمانەوانیەکان‌و واتاکانیان بەهۆی فۆڕمداڕشتنی سیمانتیکیەوە دەبێت. فۆڕمداڕشتنی سیمانتیکیش پەیوەندیی لەگەڵ پێڕەوی بیردا هەیە. جۆری دووهەمی پێکهاتەی فۆڕمی فۆنۆلۆژی (PF) دەگرێتەوە، کە دروستەی سینتاکسیی‌و فۆڕمدارشتنی فۆڕمی فۆنۆلۆژی (PF) بەیەکدەگەیەنێت‌و، چۆنێتی دەربڕین دیاریدەکات[*]. فۆڕمداڕشتنی (PF) لەگەڵ پێڕەوی ئاخاوتندا پەیوەندیدارە. بچووکترین ئەدگاری نەخشەسازی زمان لە فەرهەنگ‌و یاساکانی لێکدانی وشەکان لە نا و یەکە فۆڕمدروستەکانی دەربڕیندا (ڕستە) دەردەکەوێت. هێڵکاری(١_٤) ئەم ڕونکردنەوەیە دەخاتەڕوو[١٢]:**

---

[*] بۆ ناساندنی فەرهەنگ‌و کەرەستەکانی‌و پەیوەندیان بە زمان‌و ڕیزمان‌و بە تایبەت بە سیمانتیکەوە، بڕوانە بەشی دوهەم‌و بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :

a. R.Jackendoff (2009) & (1991). b. Katz & Fodor (1963) c. D. Steinberg (1991).
d. K.Malmkjaer (1995).

[11] A. Radford (2006:4.5).

[*] لە ژێر کاریگەری ژینگەو کۆمەڵگاو دەوروبەردا ئەم بنەمایە دەگۆڕێت، تەنانەت لە زمانێکی دیاریکراویشدا، ئەمەیش بابەتێکە دەچێتە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیەوە.

[12] J.Ingram(2007:21)

**پێکهاتەکانی دەربڕینی زمانیی**

| فۆڕم | واتا |
|---|---|

| ئاست | فۆنۆلۆژی | سینتاکس | سیمانتیک |
|---|---|---|---|
| | | | دروستەی زانیاری |
| ئاخاوتن | سەروسەگمێنتی ئاخاوتن | | |
| ڕستە | سەروسەگمێنتی ڕستە | دروستەی فرێز | واتای ڕستە |
| وشە | سەروسەگمێنتی وشەوفۆنێم | مۆرفۆلۆژی | واتای وشە |
| سەگمێنت | ئەدگارە جیاکارییەکان | | |

**هێڵکاری ژمارە(١_٤)**

**بەم پێیە زمان ڕێکخراوەیەکە لە پێکهاتەکان، پێڕەو و یاساکان لەخۆدەگرێت و ڕێساو بنەماو مەرج و پێوەرەکانیش خودی یاساو دواتریش پێڕەوەکە پێکدەهێنن. لەناو ئەم ڕێکخراوەیەی زماندا لە پێکهاتەکان و پەیوەندییەکانیان دەکۆڵینەوە، کە بۆ یەك دەگەڕێنەوەو بەیەکەوە بەندن.**

**بۆ دیاریکردنی چەشنێکی ئەو پەیوەندییانە (پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیك) لەناو ئەم ڕێکخراوەیەی زمانداو دۆزینەوەی چۆنێتی کارلێکردن و پەیوەستبوونیان پێکەوە، لە پێڕەوی ڕێزمانی زمانی کوردیدا، لە شیکردنەوەی دروستە سینتاکسیەکانەوە هەنگاو دەنێین.**

**خودی دروستەی سینتاکسیی، ((دیاریکردنی پێڕەوی یاساو ڕێسای پێکهاتەکانی ڕستەیە))[١٣]، لەگەڵ دۆزینەوەی پەیوەندیی و پەیوەستبوونی پێکهاتەکانی(مۆرفیم، وشەو فرێز...). لەمەوە کرۆکی دروستەی سینتاکسی بریتییە لە دروستەی ڕستە. ڕستە فراوانترین پێکهاتەی دەربڕینەو فۆڕم و دروستەو واتای ڕستە، یەکەیەکی بچوککراوەی فۆڕم و دروستەو واتای دەربڕین و گفتوگۆکان و ئاخاوتنەکانە. بەگشتی فۆڕمداڕشتنی دروستەی سینتاکسی ڕستەکان، ((بەتەواوی هاوشێوەو پەیکاڵی فۆڕمی دروستەی ڕاستەقینەی دەربڕینەکانە))[١٤]. (بڕوانە هێڵکاری (١_٤)).**

---

[13] A. Rad Ford (2006:1).
[14] R.D.Van.Valin (2005:1).

بۆ نموونە ڕستەیەکی وەك:

١- باران دەبارێت.

لە ڕێکخراوەی پێکهێنەرەکانی دروستەی ڕستەی(١) دا، چوار ئاست دیاریکراوە[١٥]، ئەوانیش: دروستەی فۆنۆلۆژیی* (لە پێڕەوی دەنگەکانی زمانێك دەکۆڵێتەوە)، دروستەی سینتاکسیی** توێژینەوە لە یاساکانی خستنە تەکیەك و ئاوێتەبوونی وشەکان لە فۆڕمی فرێزو دەستەواژەو ڕستە دەکات(بڕوانە پارەکانی داهاتوو)، دروستەی سیمانتیکیی ئەرکی شیکردنەوەی واتایە لە زماندا (بڕوانە بەشی دووهەم) و دروستەی شوێنیی چەمکی (spatial)*** ، کە بە ئاستی هێڵکاری دەربڕین دانراوە.
واتە، دروستەی ڕستەی (١) لە پەیوەستبوونی هەموو ئەو دروستانەی، لەسەرەوە ئاماژەیان پێدراوە هاتۆتە بەرهەم. لەبەر ڕۆشنایی ئەم لێکدانەوەیەدا، بۆ دیاریکردنی دروستەی ڕستە، سەرەتا دەبێت لە دەستنیشانکردنی دروستەی بەشە پێکهێنەرەکانیەوە هەنگاو بنێین و دواتر پەیوەندییەکانیان بخەینەڕوو.

## ٢/١) دروستەی مۆرفۆلۆژی (وشە):

مۆرفۆلۆژی، توێژینەوەیە لە سینتاکسی وشەکان، یاساکانی سینتاکسی وشە دیاریکەری لێکدراوێتیی مۆرفێمەکانە. نواندنی پۆلەڕەگەزی سینتاکسیی دوو ڕەگەزی هەیە: چەشنی پۆلە ڕەگەزیی وەك (N.NP.V.VP)، ئاستی پۆلەڕەگەزیی وەك (N. Ń.N″)[١٦]. بەگشتیی ((دروستەی مۆرفۆلۆژی ئەو یاساو پڕۆسەو تەرزە مۆرفۆلۆژیە گشتگیرو یاسابەندانە دەگرێتەوە، کە قسەکەر تێبینیان دەکات و کاریگەرییەکەی لە زانیارییە زمانیە شاراوەو نادیارەکەیدا دەردەکەوێت))[١٧]. زانیاری زمانیش پابەندی لێهاتوویی و شارەزایی بەرفراوانە

---

15 بڕوانە: R.Jackendoff (2009:5)

* بنەماو ڕەنگرێژی فۆنۆلۆژیانە، ئاست و چینەکان و تەرزەکانی بڕگەو قورسایی خستنە سەرو...تاد، دەگرێتەوە. لەبەر کەمیی مەوداو دیاریکراوی باسەکەو زۆری بابەتەکە، لێرەدا کاریان لەسەر نەکراوە. لەم ڕووەوە ئەم لێکۆڵینەوەیە دەرگا بۆ باس و لێکۆڵینەوەی تر لە بواری پەیوەندی فۆنۆلۆژی بە ئاستەکانی ترەوە والا دەکات.

** سینتاکسی وشەو سینتاکسی ڕستە دەگرێتەوە (بڕوانە(Rad Ford (2006:1).

*** هەر ڕستەیەك وەسفی دیمەنێك دەکات و بۆشاییەك ،یان شوێنێك لە مێشکدا داگیردەکات ، وێنەی ئەو دیمەنە پێویستە لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا بەراوردبکرێت، ئەمەش بە مۆدێلی هۆشەکی ناوبراوەو لەلایەن (Johnson-1983 ) خراوەتەڕوو. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ((R.Jackendoff(1991,1999,2005,2009).

16 F.Katamba (1993: 302).

17 محەمەدی مەحوی (٢٠١٠: ٦٥).

**لە پێڕەوی یاساکاندا، کە کەسێك دەتوانێت پێیان ژمارەیەکی بێ سنوور لە دەربڕاوەکان بە پرۆسەی (بەجفرەکردن و جفرە لێکدانەوە) ەوە دەرببڕێت.**

**پەیوەست بە دروستەی ناوەوەی پۆلەڕەگەزەکانەوە، سەر وەك لە دروستەی فرێزو ڕستەکاندا دیاریکراوە، لە سینتاکسی وشەکانیشدا بەهەمان شێوە سەری هەر پۆلە ڕەگەزێك دیاریکەری نیشانەی پۆلەڕەگەزی ئەو پێکهاتەیەیە، کە ئەم سەریەتی. بەگشتی کەرەستەکانی(کردار، پێشناو، ئاوەڵناوو دیاریخەر) گۆکردنی سەریان هەیەو دروستەی وشەی لێکدراو (تەواوکەر+سەر)ەیە لە زمانی کوردیدا.**

**یەکێك لەو پێڕەوی ڕێسایانەی مۆرفۆلۆژیی بریتییە لە دابەشکردنی مۆرفۆلۆژیی بۆ بەشەکانیی، کە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیو پەیوەندی مۆرفۆلۆژیە. ئەم دوو بەشەی مۆرفۆلۆژی بوونەتە پێوەر بۆ پۆلێنکردنی بەشەکانی ئاخاوتن لە زماندا. زاراوەی(بەشەکانی ئاخاوتن)[18] زاراوەیەکی تەقلیدییەو بۆ پۆلێنکردنی پۆلە سەرەکیەکانی وشە لەڕوی ڕێزمانیی و واتاوە لە زماندا دانراوەو بۆ پۆلی کراوە(پۆلی فەرهەنگی) و پۆلی داخراوە( پۆلی ڕێزمانی) ی وشەکان دابەشکراوە[19].**

**پۆلی کراوە وەك (ناو، کردار، ئاوەڵناو، ئەدڤێرب) وپۆلی داخراوەی وشەکان(پێشناو،جێناو، واژەگۆکەر،..)ە، بە ڕایەڵەی پەیوەندی نێوان مۆرفۆلۆژیو سینتاکس دانراوە[20]. هەر لەم ڕوانگەیەوە، توێژینەوە لەم چەشنەی بەشەکانی ئاخاوتن ، چەندێك بۆ خودی بابەتەکە گرنگە، ئەوەندەش زانیاریمان دەربارەی کرۆکی چۆنێتی پەیوەندی نێوان هەموو ئەو ڕوکارانەی وەك، لایەنی ڕێزمانیی و واتایی ودروستەیی و...تاد، دەدەنێ، کە وشەکانی پێدەپێورێن.**

## ١-٢/١) پۆلە داخراوەکان ( Closed Classes)

**پۆلە داخراوەکان یان پۆلە ڕێزمانییەکان، کە ناوی وشە سینسیمانتیکیەکان (Synsemantic word) یان وشە گۆکەرەکانیان (Function word)* لێنراوە. لە زمانی کوردیدا جیاوازی لە نێوان (مۆرفێمی فەرهەنگیی، کە هەڵگری زۆرینەی ناواخنە سیمانتیکیەکانەو وشەگۆکەرەکان، کە تەنها زانیاریە ڕێزمانییەکان یان پەیوەندییە**

---

[18] T. shopen (2007:1).

[19] G.Finch (2000: 135).

[20] F.Katamba (1993) & T. shopen (2007).

* زاراوەی (وشەی ڕێزمانییو وشەگۆڕ) یشی بۆ بەکارهێنراوە، ( بڕوانە ئەوڕەحمانی حاجی مارف(١٩٧٦)و (ئەبوبەکر عومەر قادر، ٢٠٠٣)).

لۆژیکییەکان لە ڕستەدا دیاریدەکەن، کراوەو پێکهاتوون لە: واژەگۆکەرەکان، دیاریخەر، جێناو، ...)[٢١]، یان ئەو وشانەن، کە (دابڕاون‌و لە ڕواڵەتدا واتای فەرهەنگی سەربەخۆیان نییە، یاخود بەشێوەیەکی سەرەکیی هەڵگری واتای ڕێزمانین‌و ئەرکی سەرەکییان بەرجەستەکردنی گۆکردنی دروستەیی‌و سینتاکسیە)[٢٢]. بەم پێیە پۆلە داخراوەکان زیاتر لە ڕۆڵێك دەبینن، ئەمەش بەهۆی ئەوەوە کە زۆرێك لە ئەرکە سینتاکسیی‌و سیمانتیکەکان بەهۆی ئەمانەوە لە زماندا دەردەبڕدرێن‌و دیاریدەکرێن. هەر بۆ ئەم مەبەستەش لێرەدا دەخرێنە ڕوو.

یەکێك لە تایبەتێتی پۆلە داخراوەکان لە زماندا، لکاندنیانە بە پۆلە کراوەکانەوەو بەپێی ئەرك‌و ڕۆڵیان‌و چەشنی ئەو کەرەستەیەی پێوەیدەلکێن، تایبەتمەندیان دیاریدەکرێت‌و لەم چەشنانە پێکدێن[٢٣]:

١- جێناو و فۆڕمە جێناوییەکانی تر – pro (pronoun and other pro-forms)

(pro) زاراوەیەکە لە تیۆری حوکمکردن‌و بەستنەوەدا بەکارهێنراوەو لە دروستەی ڕوکەشدا کەرەستەیەکی ئەبستراکتیە، کە لە ڕوی فۆنۆلۆژییەوە بە پۆلە ڕەگەزی بۆش دانراوەو لەڕووی سینتاکسیەوە (بکەری لۆژیکی) دەنوێنێت[٢٤]، لە یەکێك لە پارامەترەکانی ئەم تیۆرەدا هاتووە، کە هەندێ زمان دەشێت ((بکەرێکی بۆشی بۆ کرداری کات‌و کەسدار هەبێت، کە بە (pro) ئاماژەی پێدەکرێت))[٢٥]. ((فۆڕمەکانی–pro ئەو کەرەستە سەرەتاییانەی زمانن، کە بە شێوەیەکی سەرەکیی بە سەرەناوەوە بەستراون‌و لەبری ئەوان بەکاردەهێنرێن: ئەگەر بەسترابوون بەو سەرەناوانەوە، کە لە پێشیانەوە هاتوون، ئەوا پێیان دەگوترێت ئەنافەر*، ئەگەر سەرەناوەکان لە دوای ئەمانەوە هاتن، ئەوا ناوی کەتافەریان**

---

[21] M.Fathulla (2004:7) & F.Katamba (1993:42).
[22] G.Trauth&K.Kazzazi (1996:471) & D. Crystal (2003:175).
[23] Timothy Shopen (2007:22-60).

[24] بڕوانە: G.Trauth&K.Kazzazi(1996:382) & D. Crystal (2003:372)
[25] محەمەدی مەحوی(٢٠١١: ١٦).

* زاراوەیەکە لە(GB) دا بەکاردەهێنرێت بۆ ئاماژەدان بە چەشنێکی فرێزی ناوی، کە ئاماژەبەندی سەربەخۆی نیە، بەڵکو ئاماژە بە پێکهاتەیەکی پێشتری ڕستەکە دەدات، بڕوانە (Crystal 2003:24). یان لە جۆرەکانی بەکارهێنانی جێناوی کەسیدا بەکارهێنانی ئاماژەیی‌و نائاماژەیی جیاکراوەتەوە، بەکارهێنانی نائاماژەیش بۆ بەکارهێنانی چاوبگێرو چاونەگێڕ پۆلێنکراوە. هەرچی بەکارهێنانی چاوبگێڕە(Endophoric) بۆ بەکارهێنانی چاولەپێش(Anaphoric) (بریتیە لەو بەکارهێنانەی جێناوەکان، کە ئاماژە بۆ پێشی خۆیان دەکەن، واتە بۆ ئەو ناوەی کە لەپێش جێناوەکەوە هاتووە)و بەکارهێنانی چاولەدوا(Cataphoric) . بڕوانە هۆگر مەحمود فەرەج(٢٠٠٠ : ٦٠، ٦٩).

لێدەنرێت))[٢٦]. فۆڕمەکانی– pro زۆرینەی زاراوەکانی پۆلە داخراوەکانی وشە دەگرێتەوە، کە لە زماندا هەن و وەك جێگیرەوەیەکی پۆلە کراوەکان بەکاردەهێنرێن و چەند جۆرێکیان هەیەو دیارترین و بڵاوترینیان بریتین لە[٢٧]:

یەکەم، جێناوەکان (pronoun). ئاماژە بە پۆلە داخراوەکانی کەرەستەکان دەدەن و وەك جێگرەوەیەك لەجیاتی ناوو فریزی ناوی بەکاردەهێنرێن. ئەم بەشەی ئاخاوتن بایەخ بە سینتاکس و سیمانتیك دەدات.

جێناوەکان لە شێوەی گرووپی جیاجیادا دەردەکەون و ئەم چەشنانەیان لێدیاریکراوەن:

أ. جێناوی کەسی، لە ڕستەدا هەمان جێکەوتەی دەربڕاوە ناوییەکانیان هەیەو لەبری سەرەناوێك+دیارییخەرێك بەکاردەهێنرێن و دەردەکەون، وەك جێناوی سەربەخۆ.

ب. جێناوە لکاوەکان بریتین لە[٢٨] : دەستەی I: /م، ین، یت، ن، ێت، ن/، کە بەردەوام بە کردارەوە لکاون، جێناوی لکاوی ڕێکەوتنی مارکەلێنەدراون/ئاسایین، وەك(دەتبینین). دەستەی II : /م، مان، ت، تان، ی، یان/، کە لە کرداری ئاڵۆزدان، بە بەرکارەوە لکاون و ڕێکەوتنی بکەرو بەرکار مسۆگەردەکەن، جێناوی مارکەلێدراون/ نائاساییین، وەك(دەتانبینین). دەستەیIII: گرووپی پەڕیینەوە، /م، ین، یت، ێت، ن/، کە بۆ حاڵەتی هەمییشەیی و ڕاستیی بیٚ_کات (هەمیشەیی) ن یان ڕابوردوو و ئێستا یان ئێستاو داهاتوویش بەیەکەوە گرێدەدەن، بۆ نمونە: (ئێوە مناڵن).

لە ڕستەی ئاوێتە دا، چونکە زمانەکە لکاوە، هەم بە فریزو هەم بە وشە دەتوانین دەریببڕین.

٢- من نەوزادی برات دەناسم، بەڵام (ئەو) من ناناسێت.

من ئەو دەناسم بەڵام ئەو نامناسێت. (ئەمانە pro فۆڕمن).

ئەو من ناناسێت.

پ. جێناوی خۆیی/شکاوە reflexive pronoun /خۆ/، کە تیایاندا لەنێوان بکەرو بەرکاردا بەستنەوەی ئاماژەبەندێتیی دروستدەبێت و دێتەئاراوە (بۆ نمونە: خۆنواندن). پۆلەڕەگەزێکی داخراوە، جێناو لەم حاڵەتەدا هەروەك جۆرێك لە فۆڕمی pro ڕۆڵدەبینێت.بڕوانە(٣)

---

** ئەو بەکارهێنانەیە، کە واتاکەی بەهۆی گەڕانەوە یان چاوگێڕانەوە بۆ دوای جێناوەکە دەگات، بە واتایەکی تر، واتای جێناوەکە بەهۆی ئاماژەدانەکەیەوە بۆ دوای خۆی بەرجەستە دەبێت. بڕوانە هۆگر مەحمود فەرەج (٢٠٠٠ : ٧٠).

[26] R.Quirk & S.Greenbaum & G.Leech & J.Svartvik (1987: 855).

[27] Timothy Shopen (2007:23) & G.Finch (2000 : 114).

[28] بڕوانە: وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٩: ٩١) و محەمەدی مەحوی(٢٠١١: ٢٧، ١٢٣).

٣- نەوزاد خۆی ڕیشی دەتاشێ. بە واتا (نەوزاد خۆی ڕیشی خۆی دەتاشێ. یان نەوزاد خۆی ڕیشی باوکی دەتاشێ). ئەمە دەچێتە فره واتاییەوەو لێڵی دەهێنێتە ئاراوە..

ت. جێناوی ئاماژە > ئەمە، ئەوە...<. وەك :

٤- حەزت لەمانەیە یان لەوانە. لێرەدا فۆڕمە بۆ کۆمەڵێك شت.

pro pro

تەنانەت لە ڕستەی سەرجێناویدا، سەرجێناوەکە pro فۆڕمە، وەك (٥):

٥- ئەوکتێبەم بدەرێ.

ج. جێناوی نادیاریی > هیچ-هەریەك- کەسێك-.. <. بڕوانە:

٦- هیچ کەس ناتوانێت بێت. pro فۆڕمی هەموو کەسێکە.

ح. جێناوی پرس > کێ-کام...<.(کێ لە تۆی دا).

خ. جێناوی خاوەنداریی و بۆگەڕاوەیی possessive and belonging pronoun (سەر بە شت بوون) /هی،_ی/ گەڕانەوەی شتەکە بۆ خاوەنەکی دەردەبڕێت و جێناوەکانی /م، مان، ت، تان، ی، یان/، بەو سەرەناوانەوە دەلکێن، کە بۆ هەبوون و سەر بەشت_بوونن، وەك(گوڵەکەم).

د. جێناوی ڕستەی سەر جێناوی relative pro noun، لە ( جێناوی نیشانە + ی ) درووستبووە >ئەوەی ، ئەوانەی<.

٧- ئەو کوڕەی وەستاوە، برامە.

لە ڕستەی لێکدراودا لە دیاردەی کرتاندندا، pro فۆڕمەکان چالاکانە ڕۆڵدەگێڕن:

٨- نەوزاد درۆزنە من نا (pro).

دووهەم: پاشکۆکانی ناو (Noun adjuncts): لێرەدا ئاماژە بە چەند پۆلێکی ئەو وشانە دراوە، کە بەشێوەیەکی نموونەیی پێکهاتەی فرێز، لەگەڵ ناودا پێکدەهێنن. ئەم پاشکۆیانە ئەو زانیارییانە دەگەیەنن، کە بەهۆی دەربڕینی ناوەکەوە دەرنەبڕاون و لە چوار بەش پێکهاتوون:

(ا) نیشانەکانی پێدانی ڕۆڵ (Role markers)، پێکهاتوون لە: (١) نیشانەکانی پێدانی دۆخ، ئەو وشانەن گۆکردنی سینتاکسیی لەگەڵ ڕۆڵی سیمانتیکی دەگرنەوە، وەك (بکەرو کارا)ی فرێزی ناوی ئەو ڕستەیەی بۆی دەگەڕێنەوە. (٢)نیشانەکانی پێدانی

ئاخاوتن، ئەو نیشانانەن یان وشانەن، کە ڕۆڵەکانی ئاخاوتن لەخۆدەگرن، بۆنمونە (سەرتۆپ)[*]ی پێکەوە بەستراوی فریزی ناوی(بڕوانە (٤/١). (٣)لاگرەکان (adposition) (کە شاناوێکە بۆ گشت جۆرەکانی پێشناو (پێشگرو پاشگر...)، ئەم چەشنەیان جۆرەکانی پێشناو لەخۆدەگرێت[٢٩].

**سێهەم: لاگری دیارخەری (Articles): نیشانەکانی {ناسراویی و دیاریکراویی} بە ناوەکە دەدەن، وەك : / _ەکە، _ەکان،_ێك/.ئەمانە لەگەڵ وشەکانی یان جێناوەکانی ئاماژەدا /ئەم_ە، ئەو_ە/ بەیەك گروپ دادەنرێن . هۆکارەکەشی بۆ سینتاکس وسیمانتیك دەگەڕێتەوە، هۆکاری سینتاکسی ئەمانە ئەوەیە، کە دەکەونە هەمان جێکەوتەی فریزی ناوییەوەو هەرگیز لە هەمان فریزی ناوییدا بەیەکەوەنایەن > ئەو پیاوەکە*<. لە لایەکی ترەوە لە زانستی زمانی نوێدا بە سەرەی ئەو فریزە ناوییەی لەگەڵیدا دێن دانراون، لەگەڵ ئەوانەیشدا مەرج نیە گۆکردنی دیارخەری لەزماندا هەر بەو لاگرانە بەرجەستە بکرێت، جگە لەوانە جێناوی خۆیی ( خۆت، خۆی...)، جێناوی خاوەندایی ( هی من، هی ئێوە،...)و ڕادە ( هەندێك، زۆرێك، ...)، لە پاڵ گۆکردنی دیارخەریی گۆکردنی تایبەتی تر دەگەیەنن. ئەم لایەنی سینتاکسیو سیمانتیکیەی بووە بە بنەمای جیاکردنەوەی سێ جۆری دیارخەریی[٣٠]: (ا) دیارخەریی چەقیی ( central determiners) بریتیە لەو لاگرانەی لەسەرەوە ڕونکرانەوە، وەك ( گوڵەکەم). (ب) پێشدیارخەریی ( predeterminers) هەموو ئەو دەستە وشانە دەگرێتەوە ، کە پێش دیارخەریی چەقیی دێنو تایبەتمەندن بەوەی دەربڕی چەمکی ڕادەیین: هەموو، هەردوو، نیوە، ناوی ژمێردراو، ژمارەی سەرەکی( cardinals)، ژمارەی تەرتیبی( ordinals) و ڕادە. بڕوانە> هەموو گوڵەکانم، سێ گوڵەکە، سێهەم گوڵ<. (پ) پاشدیارخەریی ( postdeterminers) دوای جۆرەکانی دیاریخەریی چەقیی دێنو ئەمانیش دەربڕی چەمکی ڕادەیین لە هەمان کاتدا، وەك (٩).**

**٩-ا- گوڵێکی زۆرم کۆکردەوە.**
**ب- خەڵکێکی کەم ئامادەبوون.**

**ئەوەی جێی تێبینیە ئەوەیە، ئەمانە دەتوانن وەك دیارخەریی چەقیی ڕوبدەن کاتێك بە تەنها دێن، بڕوانە (١٠).**

---

* بۆ سەرتۆپ لە ڕستەی باسمەندا بڕوانە پارەکانی داهاتوو.

29 بڕوانە، محەمەدی مەحوی: ٢٠١٠.

30 G.Finch (2000: 91).

**١٠- هەندێك ئامۆژگاری بكە.**

**لەڕوی سیمانتیكییەوە بە دەرخەری سەرچاوە ناسراون، بۆ نموونە > كتێبەكەم بدەریَ< ، لێرەدا /كە/ ئەوە دەردەخات ، سەرچاوەی ئەو ناوەی باسكراوە نزیكەوئەمە جگە لەوەی دیاریكراویشە.**

**چوارهەم: پاشكۆكانی كردار** (Verb adjuncts):

**كردار پۆلەڕەگەزكراوە بۆ دوو پۆلی سەرەكیی، كە فەرهەنگییو یاریدەدەرەكانن** auxiliaries . **هەرچی یاریدەدەرەكانیشە، بۆ دوو جۆری یاریدەدەری سەرەكییو یاریدەدەری مۆداڵیی دابەشكراوە: جۆری یەكەمیان بەرپرسیارە لەلایەنەكانی تافو پلەپلە كراویی وڕوكاریی*[*] ڕابوردووی تەواوو بكەرنادیاریی كردارەكە[31] ( بڕوانە(٤/١)) و (١١)).**

**١١ -ا- ڤالانی لیَ تێگەیەنرا. ( تافو بكەرنادیاری).پێكهاتوە لە (ڕێژە + ڕوكار + نادیاریی + كرداریی فەرهەنگیی).**

**ب- ڤالان لێی تێنەگەیشت. ( تافو نەریَ)** [**].

**نموونەی یاریدەدەری مۆداڵیی ڕێژە، كە تایبەتییەكانی فرێزی كرداریی لە ئەستۆی دایە، ڕێژەی ڕێپێدان** ( permission)، **نیازكردن** ( intention)، **بەزۆركردن** (compulsion)**ن. بە گشتی ئەمانە بە بەشێك لە دروستەی قووڵی ڕستە دانراون، ئەویش بەپێی ڕیزبەندییان لە فرێزی كرداریدا (١٢).**

**١٢- با نانەكەم بخۆم. (ڕێگەپێدانو جەختكردنەوە).**

**كەپوولە/ بەستێنەر** (copula)**، كە بە چەشنێكی تری ئەم پۆلەدانراوە، گروپێكی بچوكی كردارەكانن وەك بەستێنەر لەكاردان. كرداری بەستێنەر گۆكردنی بەستنەوەی هەیە، بۆیە ناوی '>>كرداری بەستێنەر<<' ی وەك >>كرداربەندیی<< !)یان لێنراوە. بەستێنەرەكان**

---

[*] **پەیوەست بە تافو ڕووكارەوە، بڕوانە پارەكانی داهاتوو، بۆ زانیاری زیاتریش بڕوانە محەمەدی مەحوی (٢٠١١)و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا ئاماژەیان پێدراوە.**

[31] G.Finch (2000 :130) & (T.SHopen 2007 : 25 ).

[**] **چوار سەرچاوەی نەرێكردن هەیە لە زماندا: (أ) نەرێی ئاشكرا، وەك (نا، نیە، نە). (ب) نەرێی مۆرفۆلۆژی وەك پێشگری** (in –un)**. (پ) نەرێی ناواخنی وەك (ڕەتكردنەوە، نەكردن، ناڕازیبون). (ت) نەرێی ناساندنی ڕوت وەك ڕەبەن. ئەم چەشنە جیاوازانەی نەرێكردن كارلێكی جۆراوجۆری لە ڕستەدا بەرهەمدەهێنن. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە** R. Jackendoff . (1999:126).

**خۆیان تاڕادەیەك بیٚ واتان، بەلاٚم حالٚەتێکی /بوون/ دەردەخەن یان دەرکەوتنی حالٚەتێك و بەتایبەتیی ناتەواوبوونیی (بەردەوامبوونی) حالٚەتێکیان (بوون و مانەوە) لەخۆیاندا هەلٚگرتووە(بڕوانە٢/٤). لەگەلٚ ئەوەی دلٚنیایی و ڕاستەقینەیش دەگەیەنن، کرداری بەستێنەر لەگەلٚ تـوخمی تـری وەك فریٚـزی ئاوەلٚنـاویی و فریٚـزی نـاویی ... دا، بەشـەکرداریيە ئارگومیٚنت_داواکارەکە predicate دروستدەکەن. لەم ڕیٚیەوەیە، ئارگومیٚنت_داواکارەکە واتایەکی هەیە( بڕوانە(١٣)).**

**١٣ -ا- ڤاریٚ خوێندکارە.**
**ب- بەهار سەیران خۆشە.**
**پ- هەلٚم دۆخی گازیی ئاوە.**

**پیٚنجهەم: واژەگۆکەر[٣٢]: زۆرتر واتای (گۆکردن) ی هەیەو واتای سەربەخۆی خۆیانیان نییە، یان واتای فەرهەنگیی/لیٚکسیکیی کەمیان هەیە، بەلاٚم واتای ئەو توخمە دەگۆڕن ، کە پەیوەستن پیٚوەی. بەگویٚرەی گۆکردنی/ئەرکی سیٚمانتیکیی، ئەم چەشنانەیان لیٚجیاکراونەتەوە:**

**أ) واژەگۆکەرە مۆدالیەکان modalparticles: ئەم واژەگۆکەرانە بەشیٚکن لەو واژەگۆکەرانە، کە بە سیٚمانتیکیی و پڕاگماتیکیی دیاریی و پیٚناسەکراون: /بەلاٚم، هەروەها، ڕەنگە، ئا، .../. ئەمانە تەنها لەو جیٚکەوتانەدا دیٚن، کە قورساییان/هیٚزیان لەسەر نییەو دەتوانن لە ناوەڕاستی ڕستەی سەربەخۆدا بیٚن. واژەگۆکەرە مۆدالیەکان دەتوانن لە گۆکردنی سینتاکسیی تریشدا ڕوبدەن، وەك:**

**١٤- لەمالٚ بوون، بەلاٚم نەهاتنە دەرەوە.**

**ب- ب) واژەگۆکەری باسمەند/پلەیی focus/grad particles: واژەگۆکەری باسمەند زاراوەیەکە بۆ ناولیٚنانی بەشیٚك لەو واژەگۆکەرانەی، کە بە سینتاکسیی و سیٚمانتیکیی دیـاریی و دەستنییـشانکراون. /تـەنها، _یـش، تەنانـەت، تـەواو، .../ دیـارترین نموونەیانن. گۆکردنی سیٚمانتیکییان دەشیٚت پلەییانە یان چەندیٚتیان یان هەردووکیان بیٚت.**

---

[32] **محەمەدی مەحوی(٢٠١١: ٢٥٥). ئەو سەرچاوانەی لە ویٚدا ئاماژەیان پیٚدراوە، بیشڕوانە: ئەبوبەکر عومەر قادر( ٢٠٠٧: ٢٧).**

پ) واژەگۆكــەرەكانی زۆریـــی و پلـــە/زۆریـــی و چـــڕیی: واژەگۆكـــەری زۆریـــی<<  وەك شـازاراوە  hyponym  بـۆ >>واژەگۆكـەری ڕادەوڕیـژە[33]<< و >>واژەگۆكـەری زۆریـی و چڕیی<< هێنراونەتەوە. لەڕوی گۆكردنی سێمانتیكییەوە بەشێكن لە واژەگۆكەرە دیاریی و پێناسـەكراوەكانی، كـە پەیوەسـتن بـە ئاوەڵنـاوە پەیوەندییدارەكانـەوەو ئـەو نیـشانانەی نرخـەكانی پلـەپێوەرێك ڕێكدەخـەن، كـە  ئاوەڵناوەكـان پێانـدەدەن. ئـەمانیش دەرخـەری ناوەكانن و ڕادەو چەندێتی و بواریان دەردەخەن، لە هەندێ زماندا ڕادە بەپێی تایبەتمەندی سـیمانتیكیی ئـەو وشـەیەی وەسـفی دەكـەن، دەگـۆڕێن (ا) /زۆر، كـەم، فـرە/. (ب) /هـەموو، گـشت/./هەنـدێك، تۆزێـك، نـەختێك، گـەلێك/.(پ) واژەگۆكـەری (مۆڕفۆلـۆژیی): /دەفرێـك، مشتێك، چنگێك، .../.

 فۆڕم/دروستەی سینتاكسیی (بە دروستەی سینتاكسیی):

(١) (ا)/چەند/ + DP، چەندیین +N

 ١٥- چەند جار پێمگوتیت.

(ب) /چەند/ + كرداربەندیی ، تەنها بەكارهێنانی ڕادەیی، +ژمارده

 ١٦- چەند دڵگیرە.

(٢) > N + یك + N <

 ١٧- (>لەتێك نان<، مشتێك خۆڵ<.

بۆ بەكارهێنان و لەگەڵدا هاتنیان لە دروستەدا:

یەكەم: (ا) /زۆر، كەم/ بەكارهێنانی ڕادەیی، بەكارهێنانی ئاوەڵناویی:

١٨- كەم، ئاو بڕێژە ~ ئاو كەم بڕێژە (جارەكانی ڕشتنی ئاو، یان ڕێژەی ئاو):

 (ب) /هەموو، گشت/: تەنها بەكارهێنانی ڕادەیی،+ V, DP, NP ، ژمارده

 ١٩- هەموو مناڵەكان خەوتن.

دووهەم: (ا) تەنها بەكارهێنانی ڕادەیی،  + V ,NP, AP

 /نەختێك، كەمێك، تۆزێك، .../ +ناو _ژمارده، _پێوانە)

 ٢٠-ا- نەختێك ئاو دەخۆێنەوە.

 ب-  تۆزێك چام بۆ تێكە.

---

[33] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ، چیا عەلی مستەفا: ( ٢٠٠٨ )و (T.SHopen 2007).

(ب) تەنها ڕادەیی، NP + ، _ژمارده، +پێوان

/چنگێك، دەفرێك، .../ +ناو_ژمارده، +پێوانه

٢١-ا- چنگێك خۆڵی کرد بەسەری خۆیدا.

ب- مشتێك ئاوی پیاکرد.

ت) واژەگۆکەرەکانی پرسیارو وەڵام .

٥) واژەگۆکەرە هەستدەربڕەکان intercetion partikels: توخمە هەستدەربڕەکانی وەك /ئم، ئەها، وای، ئۆف، ئاخ، .../ دەیاننوێنن.

٦) واژەگۆکەری وەکیەکیی و بەراورد vergleichs partikel: ئەمانیش بەشێکن لە واژەگۆکەرەکانی، کە بە سێمانتیکیی دیاریی و پێناسەکراون، بڕوانە/وەك/.

٧) واژەگۆکەری نەکردن .

**شەشهەم: مۆرفێمەکانی بەستنەوە (Conjunction):**

لە پۆلێنکردنی ڕێزمانیی وشەکاندا بەکارهێنراوەو ئاماژەدەرە بە کەرەستەیەك یان کردەیەك، کە گۆکردنی سینتاکسیی سەرەکیان پەیوەستکردنی وشەکان‌و فرێزەکان‌و ڕستەکانەو لەهەمان کاتدا دیاریکەری پەیوەندی سیمانتیکی نێوان کەرەستەکانیشن. ئەمانە بریتین لە[٣٤]:

(ا) مۆرفێمی بەستنەوەی ڕێکخەر یان خستنەتەکیەك coordinated conjunctions: ڕستەی هەمانجۆریی یان بەشەڕستەی هەمانجۆریی پێکەوە دەبەستنەوە. دیاریکەری پلەی نایەکسانی ئەو ڕستانەن بە جۆرێك یەکێکیان دەبێتە شوێنکەوتوی ئەوی تریان. نمونەی ئەم جۆرەش وەك > و، بەهۆی، کەی، هێشتا،..<. وەك:

٢٢- هێشتا نەمردووم، واباسمدەکەن.

ب) مۆرفێمی بەستنەوەی وەچە_ڕستەیی subordinate conjunctions: یان پەیوەندی لێکدراویی، ئەم مۆرفێمانەی بەستنەوە وەچەڕستە لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن. لەڕوی فۆڕمەوە، ئەمانە لەو ڕێیەوە دەناسرێنەوە، کە لە وەچەڕستەکەیاندا کردارێکی کاتوکەسدار لە جێکەوتەی کۆتاییدایە.

٢٣- بە نەهاتنی تۆ، ئێمە دڵتەنگ بووین.

[34] محەمەدی مەحوی(٢٠١١: ٢٥٤).

**پەیوەندی لێکدراوی، وەك /یا ، یان، و، بەڵام،.../. ئەو ڕستانەی بەهۆی ئەم جۆرە وشانەوە بەیەکەوە دەبەسترێن، دەبێت لە بەهادا هاوتا بن (بڕوانە (٤/١)).**

**حەوتـــەم: پۆلـــە داخراوەکـــانی تـــر، ئەمانـــە وەك، کلیتیـــك، نیـــشانەکانی پێـــدانی جەختکردنەوە، سەرسوڕمان، ، دەرخەرەکانی نواندنی ڕێز،... پێکیدەهێنن.**

**وەك لەسەرەوە خرایەڕوو، وشە ڕێزمانییەکان لە ژمارەیەك کەرەستەی ڕێزمانی پێکهاتوون و ئەم کەرەستانە پەیوەندی ڕێزمانیی لە زماندا بەرجەستە دەکەن و بە کەرەستەکانی شکاندنەوە (**Inflection**) یان بە کەرەستە مۆرفۆسینتاکسیەکان**[*]**(ئەو مۆرفیمانەن کە گۆکردنی سینتاکسیان هەیە) ناوزەدکراون. شکاندنەوە جۆرێکی پەیوەندیی مۆرفۆلۆژییەو لە ئاکامی کردەی شکاندنەوەدا فۆڕمە–وشە دروستکردن دێتە بەرهەم.**
**زمان، سینتاکس و مۆرفۆلۆژی شکاندەوەی بەکارهێناوە بۆ بەجفرەکردنی هەندێك لە پەیوەندییە سیمانتیکیەکان کە دەستدەکەون لە ڕستەیەکی نێوان ئارگومێنت داواکەر**[**]** و ئارگومێنتەکانیدا**[35]**. لە مۆرفۆلۆژی شکاندنەوەدا، کە فۆڕمە–وشە دادەڕێژرێت و مامەڵە لەگەڵ هەر زانیارییەك دەکات، کە دەربارەی دروستەی وشە بێت، پەیوەستە بە سینتاکسەوەو تایبەتێتی شکاندنەوەی وشەکانیش لەلایەن سینتاکسەوە دیاریکراوەو جڵەوگیرانە چۆنێتی کارلێکردنی وشەکان لەگەڵ یەکترداو لەناو فرێزو دەستەواژەو**

---

[*] مۆرفۆسینتاکس دوو کردە لەخۆدەگرێت (ا) مۆرفۆسینتاکس، ئەو مۆرفێمانەن کە گۆکردنی سینتاکسیان هەیە. بڕوانە( ئەبوبەکر عومەر قادر(٢٠٠٣)).(ب) کرداری ئاڵۆز، لە زمانی کوردیدا ئەو ڕستانەی بە مۆرفێم دەردەبڕێن، بە مۆرفۆسینتاکس یان بە کرداری ئاڵۆز دانراوە، بڕوانە پارەکانی داهاتوو لەم بەشەداو هەروەها بڕوانە(محەمەدی مەحویو نەرمین عومەر(٢٠٠٤)). بە گشتی دەربارەی مۆرفۆسینتاکس بڕوانە((F.Katamba(1993) & G.Finch (2000) & R.M.Dixon (2005) & (T.SHopen 2007).

[**] ئارگومێنت داواکەر: پەسنکردنی پەیوەندیە ڕێزمانیەکانە کە پێکهاتەکان لەگەڵ پۆلەڕەگەزی سینتاکسی (VP) لەناو ڕستەدا هەیانە، بۆنموونە پەیوەندی ڕێزمانی (VP)، کە سەرەیەکی سینتاکسیی (V)ی هەیە، لەگەڵ ئارگومێنتەکانیدا. گۆکردنی پەیوەندی ڕێزمانی بریتیە لە نێوەندگرتن لەنێوان ڕۆڵەکانی– سێتای نێوان ئارگومێنت داواکەرو ئارگومێنتەکان لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە پەیوەندیە ڕێزمانیەکانی نێوان نواندنی فرێزەکانی ئەو ئارگومێنت داواکەرو ئارگومێنتانەی گرنگی پەیوەندی ڕێزمانی دەردەکەوێت لە: (أ) دیاریکردنی چۆنێتی یەکگرتنی ڕۆڵەکانی سێتاو گۆکردنە ڕێزمانیەکان لە ڕێزمانی زمانێکی دیاریکراودا. (ب) چۆنێتی نیشانەکردن و ڕێککەوتنی کەرەستەکان لە ڕوکەشدا، واتە گۆکردنی ڕێزمانی لە ڕوکەشدا چۆن بەرجەستە دەبێت وەك (بکەر لەلایەن کات و کەس، بەرکار لەلایەن ڕەگەوە) هاونیشانەو حوکمدەکرێت. بەهۆی گۆڕینی جێکەوتەوە چەشنە کردار یان هۆکاریی و ناهۆکاریی کردار دیاریدەکرێت. بۆ زانیاری وردتر بڕوانە((R.Jackendoff (1999)).

[35] F. Katamb (1993:256).

ڕستەکاندا ڕوندەکاتەوە[٣٦]. لەلایەکی تریشەوە گۆکردنی سینتاکسیی هەر فرێزو دەربڕینو دەستەواژەیەك بەهۆی نیشانەکانی مۆرفۆلۆژییەوە لەسەر ئەو یەکەیە دیاریدەکرێتو ئەم نیشانانەیش فۆڕمەکانی شکاندنەوەن، کەواتە ڕایەڵەی پێکەوەبەستنی مۆرفۆلۆژییو سینتاکس، شکاندنەوەیە یان مۆرفۆسینتاکسە. مۆڕفۆلۆژیی لە سینتاکسدا، بەشێوەیەکی سەرەکیی >>مۆڕفۆلۆژیی شکانەوە inflectional morphology<< یە[٣٧]، هەر ئەمیش بە کرۆکی کەرەستە ڕێزمانییەکان دانراوەو لێکۆڵینەوە لێی دەبێتە هۆی دیاریکردنی پەیوەندی نێوان هەموو ئەو ڕوکارانەی، کە وشە پێی پەسندەکرێت، وەك: مۆرفۆلۆژیو سینتاکسو سیمانتیك...تاد.

## ٢-٢/١) شکاندنەوە Inflection

مۆرفۆلۆژی لە چۆنێتی لێکدانو پێکەوەبەستنی مۆرفیمەکان دەکۆڵێتەوە. شکاندنەوە ڕێگەیەکی ئەم پێکبەستنەمان بۆ دیاریدەکات، کردە مۆرفۆلۆژییەکان بریتین لە: کردەی وشە داڕشتنو هەڵگواستنو لەیەکدانو مۆرفۆلۆژی شکاندنەوە کە لە سینتاکسدایە[٣٨]و بەم شێوەیە ناسێنراوە: قەدە–وشەی هەندێك جۆری وشە لەڕوی مۆرفۆلۆژییەوە بە فۆڕمی جۆراوجۆرەوە بەرجەستە دەکرێن، کە ((یاسابەندانە گۆکردنی سینتاکسی– سیمانتیکی جیاوازیان پێدەردەبڕێت))[٣٩]. شکاندنەوەکان دوو ڕۆڵدەگێڕن: ((گەیاندنی واتای ڕێزمانیو دیاریکردنی پەیوەندی ناواخنی))[٤٠]. بەم پێیە، دیاریکردنو ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان کەرەستەکان لە ڕستەداو نواندنی تایبەتمەندییە سینتاکسیەکان بەهۆی واتا مۆرفۆلۆژییەکانەوە لە زماندا، کەرەستەکانی شکاندنەوە بەهۆی کردەکانی شکاندنەوەوە، جێبەجێی دەکەن. ئەم کردانە بە فۆڕمی جیاجیای مۆرفۆلۆژی ڕودەدەن.

جۆرەکانی کردەی شکاندنەوە > لاگرلکاندن، نیشانەکانی ڕێکەوتن...< پێکهێنەری پۆلە ڕەگەزەکانی شکاندنەوەن. ئەمیش :ئەو گۆکردنە سینتاکسی– سیمانتیکیانەن، کە یاسابەندانەن و هەر وشەیەك بەپێی تایبەتمەندیی خۆی لە بەرجەستەبوونی قەدە– وشەکەیدا دەکرێن/دەبن بە نیشانە، ((کردار لە زمانی کوردیدا بەگشتی ئەم نیشانانە وەردەگرێت > کەس، ژمارە، تاف، ڕێژە، توخمی نێرومێ، توخمی چەشنەکانی کردار

---

[36] بڕوانە: F. Katamb (1993:209)

[37] بڕوانە: محەمەدی مەحوی(٢٠١١: ٣٧).

[38] نەرمین عومەر ئەحمەد(٢٠١٠: ٣٢).

[39] G.Finch (2000 : 104-10105) & G.Trauth&K.Kazzazi(1996:230).

[40] M.Fathulla (2004: 16).

(بکەردیارو نادیار) >))[41]. کردەی شکاندنەوە بە تایبەتێتی ڕونیو پێڕەوبەندیو بە بەرهەمیو هاوپەیوەندی جیاکراوەنەتەوە[42].
زۆربەی شکاندنەوەکان لە زمانی کوردیدا بەگشتی بە لاگرلکاندن بەئەنجامدەگەیەنرێن. ئەم لاگرانەش جۆرێکی مۆرفێمەبەندەکانی زمانەکەنو ڕێزمان دیارییاندەکات بە مۆرفێمی ڕێزمانیی ناسراون، واتە ئەو مۆرفێمانەی ئەرکی سینتاکسی لە زماندا دەگێڕن بچوکترین یەکەی زمانەوانین، کە هەڵگری واتای دیاریکراوو گۆکردنی ڕێزمانین[43]و دانراون بە مۆرفێمەبەندە وشەگۆڕەکان– ڕێزمانییەکان– کە ڕۆڵی ڕێکخستنی پەیوەندیی ڕستەیی کەرەستەکان دەگەیەنن، بە مۆرفۆسینتاکس ناسراون[44].
لە زمانی کوردیدا بەپێی جۆری ئەو قەدە–وشەیەی، کە لاگرەکان پێیانەوە دەلکێن، ئەم چەشنانەی شکاندنەوە دیاریکراون[45].
_یەکەم: چەمانەوەی سەرەناو لەڕوی لایەنی مۆرفۆلۆژییەوە، بە تایبەتمەندیی توخم (نێر، مێ، بێلایەن)، ژمارە (تاك، کۆ) و دۆخی ڕێزمانیی (بکەریی، خستنەسەر، خستنەژێر، خستنەپاڵ) نیپیشانەکراوەو دەناسرێتەوە. (بڕوانە (٢٤)) و بۆ گەردانکردنی کردار (بڕوانە (٢٥) و بۆ پلەکانی بەراوردو باڵای ئاوەڵناو (بڕوانە (٢٦)).

٢٤– <کچ، کچەکە، کچێك، کچان، کچەکان>.
٢٥– /گوتن/ <دەڵێم، دەمگوت، گوتی>.
٢٦– <ژیر، ژیرتر، ژیرترین>.

وەك لەسەرەوە دیارە، ئەو لاگرانەی شکاندنەوە، کە دەلکێن بە سەرەناوەکانەوە، لاگری دیاریخەریین، وەك < /–ەکە/، /–ەکان/، /ێك/>. ئەمانە نیشانەکانی /ناسراویی، نەناسراویی دیاریکراویو دیارینەکراویو تاكو کۆ/ بە بناغەکە دەدەن (بڕوانە (٢٤)).
دووهەم: گەردانکردنی کردار لە نموونەی (٢٥) دا خراوەتەڕوو، کە بە لاگرە سینتاکسیەکان بەرجەستەکراونو ئەوانیش:

41 محەمەدی مەحوی (٢٠١١: ٥٨).

42 J.Uriagereka (2008:33).

43 بڕوانە: J.C.L.Ingram (2007:22)

44 بڕوانە: ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣: ٢٦).

45 بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣) و محەمەدی مەحوی (٢٠١٠).

(١) تاف ( Tense)[*]: پۆلە ڕەگەزێکی ڕێزمانییە، بەهۆی مۆرفێمی تایبەتەوە (/ت~د/، ا، و، ی) ، (/ دە–/)کە دەربڕی دوو چەمکە (تافیی، ڕوکاری)، یان نیشانەی تافیی وەك /ا~یَ/ لە سینتاکسدا، کە لە سەر کردارەکان ڕوودەدەن، دەردەبڕێن. تاف بە بەشێکی بنەڕەتی ڕستەیش دانراوە، کە لە سەر کردارەکان دەردەکەون و پەیوەندی سیمانتیکییان هەیە، لەگەڵ ئەو هەڵوێستەی کە بەهۆی ڕەگی کردارەوە دەردەبڕێت. بەگشتی تافەکان پۆلەڕەگەزێکی فۆرمەڵیین و لە زمانی کوردیدا بۆ ڕابوردو، ڕانەبوردو[**] جیاکراوەتەوە.

بەگشتی کردارێك یەك تاف هەیەو تافێك یەك ڕوکاری هەیە نەك دوان، توخمەکانی کرداری کات و کەسدار جێکەوتەی خۆیان لە دروستەکەیدا هەیە. ڕیزبوونی مۆرفێمەکانی کرداری ئاڵۆز بە گوێرەی دوو تافە سەرەکییەکە –ڕابوردو و ڕانەبوردو– جیاوازن. قاڵبی بنەڕەتیی/ڕابوردوو:

ڕەگ + کات + کەس (کلیتیکی بکەریی)[*]

٢) ڕوکار( Aspect): پۆلە ڕەگەزێکی ڕێزمانیی پێکهاتەی کردارییە، بەهۆی پێشگر یان پاشگری/دە_، _ووە/_وو،ە،_ەوە/[٤٦] نیشانەکراوە، یان بە ناڕاستەوخۆیی دەربڕی دەرەنجامی کارلێککردنی تاف و جۆریی کردەکەیە ( Aktionsart[**]). بەم پێیە ڕوکار جەختدەکاتەوە لە قۆناغەکانی (لە دەستپێکردنەوە تا کۆتایی ) کردەیەك، ئاماژەدەرە بەو توێکارییە بنەڕەتیەی لە نێوان تەواو_بوویی (ڕوکاری تەواو_بوویی جەخت لە تەواوبوون دەکاتەوە لەباتی ماوەی خایەنراو)، لەگەڵ تەواو_نەبوویدا هەیە. بە گشتی ڕوکار واتە ((دروستەی ناوەکی هەڵوێستەکان))[٤٧] (Situation )و پۆلە ڕەگەزێکە بۆ پەسنکردنی کردار بەکارهێنراوە، دەربڕی ماوەی خایەنراوی ئەو کردەیەیە ، کە لەلایەن کردارەوە دیاریکراوە.

---

[*] لە توێژینەوەکاندا لەسەر کات سیَ کەرەستە لەیەکجیاکراونەتەوە: کات، ڕوداوو چرکە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە محەمەدی مەحوی (٢٠١١ : ١٨٩).(M.Fathulla (2004 ئەو سەرچاوانەی لەوێدا ئاماژەیان پێدراوە.

[**] پەیوەست بە شیکردنەوەو لێکدانەوەودابەشکردنی تاف ،بڕوانە(ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣) و(محەمەدی مەحوی:٢٠١١ : ١٩١).

[*] بڕوانە (١/٣_٢).

[46] ئەبوبەکر عومەر قادر(٢٠٠٣: ٦٣).

[**] جۆریی کردەیی دیاریکەری پۆلێنکردنی کردارە بۆ حاڵەتی و داینامیکی. جیاوازی ئەم لەگەڵ ڕوکاردا ئەوەیە ئەم پەیوەندی بە فەرهەنگەوە هەیەو ڕوکار بە ڕێزمانەوە . بڕوانە بەشی دووهەم و سێهەم، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (M.Fathulla : 2004).

[47] M.Fathulla (2004: 1).

**٣) ڕێژە : ڕێژە پەیوەندی کردەکە یان حاڵەت** state **ەکەی لەلایەن کردارەکەوە دەردەبڕێت، بەو جۆرە بە واقیعەوە دەبەستێتەوە، کە قسەکەر ئاماژەی پێدەکات: واقیع** real : **نا_واقیع** unreal.

**کــرداری کــوردیی ســێ ڕێــژەی هەیــە: ئاســایی (دڵنیــایی)** indicative، **ئیلزامیی** subjunctive **و فرمان** imperative. **ئیلزامیی و فرمان لە ئەرێییدا بە پێشگری /ب_/ و لە نەرێییدا (نەکردن) بە /نە_/ دروستدەکرێن.**

**ڕێــژە، ئــەو نیــشانەیەیە ، کــە لەلایــەن فرێــزی کرداریــیــەوە نیــشاندراوە. بــە دیــاریکراوی ئامـاژەدەرە بەو ڕێگەیەی کە کردار دەربڕی بەرەوناوەڕۆکێکی واقیعیە کە دەبێت دەربڕێت بۆ جەختکردنـەوە یـان بـۆ پرسیارکردن یـاخود خۆزگـە. نیشانەی چەمکی ڕێـژەکان، بریتیـە لـە هەسـتی قـسەکەر بەرامبــەر بــە ڕاسـتی ڕودان یــان کــار، لــە ڕوانگــەی جێبــەجێبوون یــان جێبەجێنەبوونی کارەوە، ڕێژەکان ئەمانە دەگرێتەوە: هەواڵیی و پرسیاریی، مەرج و خۆزگـەو دانانی، فەرمان و داخوازی. مۆرفێمە وشەگۆڕەکان دروستەکانیان دەنوێنن[48]. هـەروەها ڕێـژە، پۆلەڕەگــەزێکی ڕێزمــانیی کردارەکانــە، ئامــاژەدەرە بــە کۆمــەڵێك واتــای ســیمانتیکیی و سینتاکسیی، لەڕوی سینتاکسەوە بەهۆی فۆڕمی شکاوەی کردارەکـان، یـان بە بەکارهێنانی یاریـدەدەرەکان (**axiliaries**) بەرجەسـتە دەبێـت[49]، یـان پۆلەڕەگـەزێکی دیکـەی کـردارەو پەیوەندیی کردار بەڕاستیی و مەبەستی قسەکەرەوە بڕوانـە(٣/٢)، لـە ڕوانگەی جێبەجێبوون یـان جێبەجێنـەبوونی کردارەکـەوە، پەسـندەکات[50]. جۆرەکانیـشی بـریتین لـە[51]: (ا) ڕێـژەی دڵنیــایی (بــە ڕاســتیی بێکــات)، فۆڕمــەکانی ڕێــژەی دڵنیــایی :(١) پەســنکەرانە (هــەواڵیی_ئاســایی)(ئــالان ژیــرە).(٢) ڕاســتیی بێکــات و گــشتیی(هــاوین گەرمــە). (٣) هۆکـاریی(کـە نەخۆشـبوویت، بـۆ ڕۆشـتیت).(٤) تـوانیین و پێویـستیی(تـوانی بیکـات).(ب) ڕێــژەی گومــان. فۆڕمــەکانی ڕێــژەی گومــان: (١) کــرداری مــەرجیی(ئەگــەر هەوڵنــەدەیت، سەرناکەویت).(٢) ڕستەی پرسیار(کەی دێیت؟). (٣) ڕستەی(داخوازیی)(دەتوانم بڕۆم). (٤) ڕستەی فرمان(بخەوە درەنگە). (٥) ڕسـتەی /دەبێت/ و /دەشێت/ ی گومـانیی(دەبێت لـە ماڵ نەبووبن). (٦) ڕستەی_ئاخۆو ئەگەر(نازانین، ئاخۆ دەرچووە یان نا).**

**سێهەم: هەرچی لاگرە ڕێزمانییەکانی** > **/–تر/، /–ترین/** < **ە، کە پلەکانی بەراوردو باڵای تایبەتێتی و ئەدگاری شتەکان دەردەخەن، دەلکێن بە ئاوەڵناوەکانەوە (بڕوانە (٢٦)).**

---

[48] بڕوانە: ئەبوبەکر عومەر قادر (٢٠٠٣: ٦٧).

[49] بڕوانە: D. Crystal (2003:299)

[50] بڕوانە: هێرۆ ئەحمەد حەمە غەریب (٢٠٠٨: ٣١).

[51] محەمەدی مەحوی(٢٠١١: ٢١٣).

بەگشتی(تایبەتێتی و ئەدگاری وشە دیاریدەکەن). دیاریخەر بەردەوام لەگەڵ سەرەناوێکدا دێن و دەردەکەون، گۆکردنی دیاریخەر بۆئەوەیە، ئاماژەبەندیی سەرەناوەکە دیارییبکات و بیچەسپێنێت، بەپێی ڕێسای سەر کۆتایی، دیاریخەر هەمیشە لە کۆتایی دروستەکەدایە.

پەسنکردنی ئەم لاگرە سینتاکسیانە، بە دەستنیشانکردنی ئەدگارو تایبەتمەندییەکانییانەوە، ڕێگە بۆ دیاریکردنی چۆنێتی بەکارهێنانیان و دۆزینەوەی دروستەکانیان خۆشدەکات و پاشانیش دروستیی لە زماندا دەهێنێتە ئاراوە.

بەگشتی ئەو دروستانەی وشە، کە لە سەرەوە خراونەتەڕوو، بۆ ناساندن و دەستپێکردنی چۆنێتی خستنەتەکیانە لە چوارچێوەی یەکەی گەورەتردا لە خۆیان (فرێزو ڕستەو...). ئەو یاسایانەش دەربڕین و ئاخاوتنەکانمان پێکدەهێنن.

## ٣/١) دروستەی فرێز

لە پێڕەوی پێڕاگەیاندنی زمانی مرۆڤدا سەرسوڕهێنەرترین و ڕونترین ڕاستی ئەوەیە، کە بەکارهێنەران یان قسەکەرانی هەر زمانێك دەتوانن بێ شومار دەربڕاو دروستبکەن و لێشیتێبگەن، سەیرتر ئەوەیە، کە دەتوانن دەربڕاوی وا بەرهەم بهێنن، کە بەهیچ شێوەیەك لەوجۆرە دەربڕاوە لە زمانەکەدا نەبووە. ئەم دەربڕاوانە لە پێکبەستن و پەیوەستبوون و لێکدانی کەرەستەکان پێکهاتوون. ئەم کەرەستانە لە ژمارەیەکی دیاریکراوی وشەی فەرهەنگی پێکدێن. بنەمای ئەو لێکدانە ئەوەیە، کە بەکارهێنەران دەتوانن لەخۆوەو دەربڕینی درێژو فراوان هەر لەهەمان کەرەستەی فەرهەنگیی دیاریکراوەوە بەرهەمبهێنن.

زمان ڕێگەی جۆراوجۆری بۆ پێکهێنان و لێکدانی دەربڕینەکان بەوردی دابینکردووە، لەناو ئەو ڕێگەیانەدا فرێزەکان هەن و هەموو ئاوێتەبوون و لێکدانێك بە بەرهەمی ئەمان دادەنرێن. فرێزەکان یەکەیەکی سینتاکسین خاڵی پێکگەیشتنی یاخود ناوەندی گەیاندنی وشەکانە بە ڕستەکان و بە پێکهاتەی بنەڕەتی ڕستەکان دانراون[٥٢]، هەر ڕستەیەك بگرین بۆ دوو پێکهاتە دابەشکراوە، ئەوانیش فرێزی ناویی و کرداریین، وەك لە (٢٧)دا خراوەتەڕوو.

٢٧- ڤالان هات.

ف ن کردار

---

[52] بڕوانە: R.Jackendoff (2009:33). & G.Finch (2000:112)

**هەریەك لەم پێكهاتانە(ف ن ، كردار) بنەماو بنەڕەتی فرێز پێكدەهێنن، لەمەوە فرێز بریتیە لە گردبوونەوەی وشەكان بەهۆی پەیوەندییە ڕێزمانیەكانەوە یاخود، بریتییە لە وشەیەك یان زنجیرە وشەیەك، كە وەك یەكەیەكی سینتاكسیی گۆكردنێكی سینتاكسیی هەبێت‌و لە جێكەوتەی تری ڕستەدا، وەك ئەو یەكەیە بەكاربهێنرێتەوە[٥٣]. فرێزەكان بەپێی پێكهاتەو بەپێی پەیوەندییان بە كەرەستەی ترەوە چەشن‌و جۆری جیاوازیان لێدیاریكراوە، هەریەك لەوانە یاساو ڕێساو دروستەی سەربەخۆی خۆی هەیە ، وەك ( كچێكی كورد : كچە كوردەكە : كچی كوردێك). ئەمانە، بە گۆڕانی دروستەكانیان واتاشیان دەگۆڕێت. دروستەی فرێز كە بە یاسای بنەڕەتیش دانراوە بنەڕەتیی دروستەی ڕستەی پێ پەسندەكرێت[٥٤]. چەشنەكانی فرێز لە بەرەنجامی ئەمەوە هاتوون‌و بە گشتی بریتیین لە:**

١. ڕ** S ⟵ ف ن(NP) + ف ك ( VP).
٢. ف ن NP ⟵ (دD ) + ن N+ (ڕS ).
٣. ف ك VP ⟵ ك V+ { ف ن، ڕ، ئاA } + (ئەدAd ) +...+( ئەد).
٤. ئەد Pd ⟵ {ف ن، پP ، ئەد}.
٥. پ PP ⟵ پ + ف ن.
٦. ڕ ⟵ ( خ ) + ڕ +...+ (خ) + ڕ.

**تیۆری X – باڕ، بۆ دیاریكردنی دروستەی فرێزەو بەهۆی چەمكی باڕەكانەوە پەیوەندكردنی سینتاكس‌و فەرهەنگ دەخاتەڕوو[٥٥].**

**دیارترین چەشنی فرێزەكان (فرێزی ناویی‌و فرێزی كرداریيە). واتە دەگونجێت ڕستە هەبێت، چەشنەكانی تری فرێزی تێدا نەبێت، بەڵام هەرگیز ڕستەمان نییە بەبێ بوونی ئەم دوانە، لە پاری پێشوودا گۆكردنی مۆرفۆلۆژیی خرایەڕوو، بۆ گۆكردنی سینتاكسیان بەپێی چەشن‌وچۆنێتی پێكەوەهاتنیان چەشنەكانی فرێزو[٥٦] ڕستە بە هۆیەوە دەستنیشاندەكەین:**

---

[53] **بڕوانە: عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٠: ١٣).**

[54] **بڕوانە:** D.Steinberg (1999: 25).

** **پیتەكانی{ ڕ، ف ن ، ف ك ، د ، ئا، ئەد ، پ ، خ}،{ ڕستەو فرێزی ناویی‌وفرێزی كرداریی‌و دیارخەرو ئاوەڵناوو ئەدڤێرب‌وپێشناوو مۆرفیمی خستنەتەكیەك} دەنوێنن.**

[55] V. Cook& M. Newson (1997: 140).

[56] **بۆ پۆلێنكردنی چەشنەكانی فرێز لە زمانی كوردیدا بڕوانە : محەمەدی مەحوی ( ٢٠٠١) و عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٠). بۆ دیاریكردنی گۆكردنی سیمانتیكیان بڕوانە(٤/٢).**

**أ- فرێزی ناویی* :**

**ناوێك بنەماو سەری واتای ئەم فرێزەیەو دەتوانێت ئەرکی بکەریی‌و بەرکاریی لە ڕستەدا ببینێت بەوەی لە جێکەوتەی تردا دەردەکەوێتەوە. لەناو پێکهاتەی فرێزی ناوییدا، یەك وشە تەنانەت جێناوێکیش دەتوانێت فرێزێك پێکبهێنێت.**

**لاگری دیارییخەریی کە مۆرفێمەکانی {-ەکە، -ەکان، یەك/ێك، -ان} دەگرێتەوەو بەپێی یاسای سەرکۆتایی دەچنە سەر دواوەی ناوێك کە خاوەنی نیشانەی {+گشتیی، +ژمێردراو، +کۆنکرێت} بێت. وەك(٢٤). وشە نیشانەکانی {ئەوە - ئەوانە} بۆ تاك‌و کۆی دوورو {ئەمە - ئەمانە} بۆ فۆڕمی تاك‌و کۆی نزیکن‌و خاوەنی ئەم نیشانانەن {+ دەستنیشانکردن‌و جیاکردنەوە، ±تاك، ±نزیك}. وشەی نیشانەکانی چەشنێکی تری دیارخەرەکانن، کە دەچنە پێشەوەی ناوەکان‌و دروستەیەکی تری فرێزی ناویی دەنوێنن. جگە لەوانە، نازناوە زانستیی‌و کۆمەلایەتیەکان و ناوی ئاوەڵکردارییی دەبنە دەرخەری پێشەوەی فرێزی ناویی.**

**فرێزی ناوی خستنە پاڵی خاوەندارییی جۆرێکی تری فرێزی ناوییەو لەم دروستەیەدا /-ی/ی خاوەندارییی پەیوەندییەکی خاوەندارییی دەردەبڕێت‌و دۆخی ڕێزمانی خستنەپاڵیش لەلای چەپەوە بۆ لای ڕاست بە فرێزییە ناوییەکە دەدات.**

**ب- فرێزی دیارخەریی:**

**دروستەی ناوەوەی فرێزی دیارخەریی ناوێك، یا دەستەواژیلەیەك* لەگەڵ دیارخەرێکدا پێکیدەهێنن، بڕوانە (٢٨).**

**٢٨-ا- ئەو پیاوە ئازایە.**

**ب- پیاوە ئازاکە.**

**پ- فرێزی ئاوەڵناویی:**

**ڕۆنانی ئەم جۆرەیان ئاوەڵناوێك بناغەیەتی. تایبەتمەندیی ڕێزمانیی ئاوەڵناوەکان ئەوەیە، کە لەپێشەوە پلەو لەدوایشەوە بە مۆرفێمی پلەی بەراوردو بالا /-تر/، /-ترین/ دەردەخرێن، بڕوانە(٢٦).**

---

* (Cook) فرێزەکانی (ناویی، کردارییی، ئاوەڵناویی پێشناویی) بە فرێزی فەرهەنگیی داناوەو فرێزی (تەواوکەری C و شکاندنەوە I) بە فرێزی گۆکەری دیاریکردووە، بڕوانە: (V.J.Cook: 1998:133)

* دەستەواژیلە فۆرمێکە، کە لە وشە گەورەترەو لە فرێزیش بچوکترە، لەنێوان ئاستی مۆرفۆلۆژیی‌و سینتاکسدان، نە وشەی لێکدراون نە بوونەتە فرێزیش، بۆیە لەڕێی دیارخەرەکانەوە دەکرێنە فرێز. بۆ زانیاری زیاتر( بڕوانە: عەبدولجەبار مستەفا (٢٠١٠)).

ت- فریزی پێشناویی و فرێزی ئاوەڵکرداریی:
دروستەیەکی ناسادەی هەیەو لە پێشناوێك و فرێزێکی ناویی پێکدێت و پێشناو لەم ڕۆنانەدا سەری حوکمکەرەو ئاراستەی حوکمکردنەکە بە پێچەوانەی سەرە ڕێزمانییەکانی ترەوە لە ڕاستەوە بۆ چەپە، وەك (٢٩،٣٠).

٢٩- کتێبەکەم بە شەن هێنا.

تایبەتمەندی سینتاکسی پێشناوەکان ئەوەیە، کە بۆ پێدانی نیشانەی واتایی خۆیان بە سەربەخۆیی نایەن و بەهۆی ئەو لاگرە ئاوەڵکردارییانەی کە دەچنە دوای فرێزی ناوییەکەوە دەگەیەنن، بڕوانە (٣٠).

٣٠- من لە سلێمانیەوە دەگەڕێمەوە.

فرێزی پێشناوی بەوەی گۆکردنی لەناو بەشەکرداردایەو لە یەکێك لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردا دەردەکەوێت، توانای ئەوەی هەیە ئاوەڵکردار ئاسا ڕۆڵ ببینێت و هەرچی فرێزی ئاوەڵکرداریشە، جگە لە ئاوەڵکرداری کات و شوێن، ناوەکانی وەك /بەیانی، هاوین، نیوەشەو.../ و دووبارەکردنەوەی فرێزی ناویی وەك /پۆل پۆل/، /دوو دوو/ و هەروەها لاگرەکانی /-انە، -ئاسا، -ڕۆ، دا، -هەڵ /پێ-، تێ-، لێ.../ هەموو بە لاگری ئاوەڵکرداری دانراون (٣١). لە زمانی کوردیدا وشەکانی <هێشتا، دیسان، خۆزگە، ڕەنگە، کاشکی،...> ئاوەڵکردارن و بە گۆڕانی جێکەوتەیان واتای سینتاکسی نوێ دەهێننە ئاراوە.

٣١- شیرەکە هەڵچوو.

ج- فرێزی کرداریی:
دروستەی ئەم جۆرەی فرێز لە کردارێك و فرێزێکی ناوی پێکهاتووەو، کردار وەك سەر گۆ دەکات و فرێزی کرداریی پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هەیە. مۆرفێمەکانی (ڕەگ و کات و کەس) دروستەکەی پێکدەهێنن، نموونە بۆ کردار وەك:

٣٢-ا- ژنەکە منداڵەکەی خەواند.

ب- من هاتم.

بۆ کرداره ناتەواوەکانیش> بوو، ە، دەبێت<  بەتەنها نایەن‌و ناتوانن ڕۆڵی بابەتانەیش[*] بدەن. لەبەرئەوە لەگەڵ گشت چەشنی فرێزەکاندا دێن(٣٣).

٣٣-ا- ئازاد جوتیارە. (بە فرێزی ناوییەوە هەڵواسراوە).

ب- ئەوە کوڕە ژیرەکەیە. (بە فرێزی دیارخەرییەوە هەڵواسراوە).

کردار پێکەوە هاتنی مۆرفۆلۆژیی لەگەڵ هەندێك مۆرفێمدا هەیە وەك: پێشناو دوو چەشنی لێدیاریکراوە، پێشناوی ڕەسەن : ئەوانەن کە سەربەخۆ لە ناو فەرهەنگدا تۆمارکراون‌و وەك خۆیان دەهێنرێنە ناو ئاستی بنەڕەت‌و قووڵی ڕستەوە، کە >بە<، >بۆ<، > لە<دەیانوێنن. پێشناوی ناڕەسەن[**]: بەشێکی زگماکی کردارن و ئەو پێشناوانەن ، کە خۆیان سەربەخۆ لە ناو فەرهەنگدا نەنوسراونەتەوە، بەڵکو وەك بەشێکی بنجیی کردار بە فۆڕمێکی فۆنۆلۆژیی‌و فەرهەنگییەوە لە فەرهەنگدا تۆمارکراون‌و پێشناوەکانی>پێ، لێ، تێ< ، کە بە پێشناوە مۆرفۆسینتاکسیەکانیش دانراون‌و بە دروستەی ئەم جۆرە ڕستانە دەگوترێت دروستەی مۆرفۆسینتاکسی[٥٧]، جگە لە پێشناوەکان، کردار پێکەوەهاتنی لەگەڵ پۆلەڕەگەزی ناوو پێشگری ئاوەڵکردارییی >هەڵ، ڕۆ، دا< هەیە، وەك (٣٤).

٣٤-ا- پێمگەیشت.

ب- ڕوونمکردەوە.

پ- هەڵیدەخەم.

ح- فرێزی خستنە تەك یەك:

دروستەکەی بەهۆی مۆرفێمی /-و-/ پۆلەڕەگەزە سینتاکسیەکان، کە وەکیەکن دەخرێنە تەکیەك‌و ئەو مۆرفێمە تەنها ڕۆڵی خستنە تەکیەکی فرێزەکانە. لەم چەشنەفرێزەدا، دەگونجێت دووسەری واتایی‌و ڕێزمانیی هەبێت، هەرچەندە دیاردەی کرتاندن‌و لابردنی یەکێکیان لە دەربڕیندا، بۆ ئابوریکردن یان ئاسانکاری بێت، جێبەجێدەکرێت (٣٥).

---

[*] پەیوەست بە ڕۆڵی بابەتانەوە ، بڕوانە بەشی دووهەم.

[**] پێشناوی ناڕەسەن ناتوانێت دۆخی ڕێزمانیی بدات، بۆیە دەبێت لە ئاستی ڕوکەشی ڕستەدا فۆڕمی فۆنۆلۆژیی پێشناوی ڕەسەنی پێبدرێت‌و کردار وەك سەری ڕێزمانیی لە ڕێی ئەو پێشناوە ناڕەسەنانەی کە لە ڕستەدا بوونەتە پێشناوی ڕەسەن حوکمی دۆخی ڕێزمانیی تەواوکەرەکانیان دەکەن.(محەمەدی مەحوی(٢٠٠١: ٥٧).

[57] محەمەدی مەحوی (٢٠٠١ : ٥٦ _ ٥٧).

٣٥-ا- چایەکی ساردو چایەکی شیرینم بۆ بێنە. ←——چایەکی ساردو شیرینم بۆ بێنە.
ب- کتێبەکەم کڕیو کتێبەکەم خوێندەوە.——← کتێبەکەم کڕیو خوێندمەوە.

د- فرێزی ڕادە:

ژمارەو ڕادە، جۆرێکی تری دەرخەری پێشەوەی فرێزی ناوییڼو نیشانەی چەندێتی ناو دەردەخەنو هەردووکیان بەدوای یەکدا پێکەوە نایەن، بڕوانە (٣٦).

٣٦-ا- تۆزێك حەیا بتگرێت.
ب- هێندەی بەدەمەوە مەدە.
پ- هیچی لەباردا نییە.

## ٤/١) دروستەی ڕستە

وێنەگرتنو خستنەڕوی دەربڕینو ئاخاوتنەکانمان بە دیاریکردنی پێکهاتەکانیو جیاکردنەوەیان لەیەکتریو دەستنیشانکردنی چۆنێتی پەیوەندییو کارلێکردنیان پێکەوە بەئاکام دەگەیەنرێت. وەك لەپێشەوە ئاماژەی پێدرا، ڕستە کە لە گردبوونەوەی مۆرفێمو وشەو دەستەواژەو فرێزو ڕستیلەکان پێکهاتووە، ڕستە نموونەیەکی نموونەیی دەربڕینەکانە. ڕستە لەڕوی سینتاکسیەوە بە دەرەنجامی شیکاریی کردەکانی فۆنێمەکان لەناو مۆرفێمو وشەکانو دواتر فرێزەکان تا بە ڕستەکان دەگات، پەسنکراوە. ((ڕستە بە بنەمایەکی بنەڕەتیی شیکارە سینتاکسیەکان دانراوە، کە دەتوانرێت لێوەی یاساو ڕێساکان بەرهەمبهێنرێن))[٥٨]. بۆ دیاریکردنی دروستە ناوەکیەکانی ڕستە،جیاکاری لەنێوان دوو جۆر لە دروستەی ڕستەدا کراوە، ئەوانیش ڕستەی سادەو ڕستەی ئاوێتەن.

## ٤/١-١) ڕستەی سادە

ڕستەی سادە تەنها لەیەك ڕستیلە پێکهاتووە.((ڕستیلە دەربڕاوێکە، کە لە یەك بەشەکردار پێکهاتبێت))[٥٩]، یاخود ڕستیلە ((ئاماژەدەرە بە پێکهاتەیەکی سینتاکسی لەگەڵ کردارێکی دیاریکراوداو لە پلەبەندی هەڕەمیدا ئەو یەکەیە دەکەوێتە نێوان فرێزو ڕستەوە))[٦٠].

---

[58] بڕوانە: G.Trauth&K.Kazzazi (1996:427)

[59] M. Tallerman (1998:63)

[60] G.Trauth&K.Kazzazi(1996: 365)

بەشەکردار (ئارگۆمێنت– داواکەر) ئەو پێکهاتەیەیە،کە ڕستیلەی پێجیاکراوەتەوە لە فرێزو بریتییە لە یەکەیەکی فەرهەنگیی، کە زانیاری دەربارەی کەرەستەی زمانی لەخۆدا هەڵگرتووە، یان پەیوەندیی نێوان کەرەستە زمانییەکان دیاریدەکات[61]، یان نموونەیەکی پێوانەیی کردارە، یاخود پێکهاتەیەکی کرداریشەولەگەڵ یەکەیەکی تردا بچوکترین گوزارشت پێکدەهێنن، کە بە ڕستیلە ناسراوەو دەبنە پێکهێنەری ڕستەی سادە. لەمەوە ((سادەترین ڕستە لە هەردوو فرێزی ناویی و کرداریی پێکدێت))[62].

کردار پێکهێنەری ڕستەیەو لەسەر ئەم بنەمایە پێڕەوی گشتیی زمان دیاریدەکرێتو لە زمانی کوردیدا کە جێکەوتەی کردار لە کۆتاییدایە لەلای چەپ بۆ لای ڕاست حوکمی ئارگۆمێنتەکانی دەکات. کردار ڕۆڵی بابەتانە لە ئاستی قووڵداو دۆخی ڕێزمانیی* لە ئاستی ڕوکەشدا دەبەخشێت. کردار لە فەرهەنگدا لە شێوەی ناوی کرداریی یان ناوی ڕوداو هەڵگیراوەو بە هەموو زانیاریو نیشانە فەرهەنگیەکانیەوە( تۆمارکراوە)– زانیاری فۆنۆلۆژیی، زانیاری سینتاکسییو زانیاری سیمانتیکیی– دێتە ئاستی قووڵی ڕستەوە–. دوای ئەوە لە سینتاکسدا چالاکدەکرێت**.

کردارەکان بەپێی جۆرو ژمارەو سروشتیانو بەپێی نیشانەو زانیارییە سینتاکسیەکان جێکەوتەکان دیاریدەکەن، نیشانە سینتاکسیەکان دیاریکەری جێکەوتەکانە. ئەم جێکەوتانە بە ئارگۆمێنت پڕدەکرێنەوە. ئەگەر جۆری کردارەکە تێپەڕ بوو، ئەوا داوای دوو جێکەوتە دەکات، کە جێکەوتەی فرێزی ناوی بکەریی و بەرکارییە. ئەو ئارگۆمێنتەی بچێتە جێکەوتەی بکەرییەوە ئەوا بە ئارگۆمێنتی دەرەکی دیاریکراوە، چونکە لەلایەن فرێزی کردارییەوە لە

---

[61] بڕوانە: (V. Cook (1997:164

[62] وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤: ١٩٩).

* بریتییە لەو گۆڕانکاریانەی بەسەر سەرەناوێکدا دێن، بەهۆی گۆکردنیانەوە لە دەقی سینتاکسیدا دۆخێك وەردەگرن. لە زمانی کوردیدا دۆخی ڕێزمانی (Case Theory) بەمۆرفۆلۆژیی بەرجەستە نابێتو لەبری ئەو جێکەوتەی چەسپاوو پێڕەوی ئەرگەتیڤیی و کرداری کاتوکەسدارو پێشناوە سینتاکسیەکان و دیاریخەرو مۆرفیمەکانی نەکردن دەیبەخشن. لەناو دروستەی سینتاکسی کرداری کاتوکەسداردا ڕەگ دۆخی ڕێزمانی خستنەسەر(accusative) بە بەرکاری ڕاستەوخۆو تافیش دۆخی ڕێزمانی بکەریی(nominative) بە بکەرو کەس (نیشانەی ڕێکەوتن/ جێناوی لکاو بە کردارەوە) کردەی کردار دەخاتە کارو تواناى حوکمکردنی دۆخی ڕێزمانیی بە کردارەکەو بە کاتی کردارەکە دەبەخشێت. هەرچی پێشناوی سینتاکسیشە دۆخی ڕێزمانی خستنەژێر(dative) بە بەرکاری دوهەم ومۆرفێمی خاوەندارێتی دۆخی ڕێزمانی خستنەپاڵ(genetive) دەدەن. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (محەمەدی مەحوی(٢٠٠١: ١٥٥، ٢٤٢)و محەمەدی مەحویو کاروان عومەرو شیلان عومەر(٢٠١٠: ٣٩_٥٠)و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا ئاماژەیان پێدراوە.

** بۆ چالاك کردنی کاتەکەی مۆرفێمی لە کردار خستنی /– ن/ لادەبرێتو پاشان نیشانەی کەسیی (نیشانەکانی ڕێکەوتنو ئێرگەتیڤی) پێوە دەلکێنرێت.

دەرەوەی فریزی کرداردا رۆڵی پێدەبەخشرێت. ئەگەر کردارەکە لە جۆری تێنەپەڕ بوو، ئەوا داوای یەك جێکەوتە دەکات، کە جێکەوتەی بکەرییە.

**١/٤-١-١) تایبەتمەندیەکانی ڕستەی سادە**

ئەو تایبەتمەندییانەی لە دروستەی ڕستەی کوردیدا ڕێپێدراوە، بریتین لە[٦٣]:

١. کردەی تێئاخنین وکرتاندن یەکێکە لەو دیاردانەی گۆڕان لە دروستەی ڕستەدا دەهێنێنە ئاراوە، (٣٧، ٣٨).

٣٧- ئاوی سازگاری پاکی فێنکی کانی بخۆرەوە.

٣٨-ا- ڤالان یاریدەکات و ئالان یاریدەکات.

ب- ڤالان و ئالان یاریدەکەن.

٢. دەگونجێت فریزی ناویی بکەریی لە ڕستەدا بە فۆنەتیکیی دەرنەبڕێت و بە دروستی واتاکەش بگەیەنێت. لەبەرئەوەی زمانی کوردیی زمانێکی بکەرخراوە، جێکەوتەی بکەر بە(pro) یەکی بچووك پڕدەکرێتەوەو بە نیشانەی ئەرگەتیڤی بۆ بکەر بە کەسی ناو دروستەی کردارەکە دەبەسترێتەوە. وەك (٣٩).

٣٩- من هاتم ⟵ (pro) هاتم.

٣. پێشناو لەپێش ناوو فریزەناوییەکانەوە ڕودەدەن و دەردەکەون و حوکمی دۆخی ڕێزمانییان دەکەن. بەپێی جێکەوتەکانیان ئەمانەیان لەیەکجیاکراونەتەوە، کە بە’>لا_ناو<<’ adposition ناسراون[٦٤]: (ا) پێشناوی پێش_جێکەوتەیی prepositional: ئەم چەشنە سەرەکیەیان لەپێش توخمە ناوییەکانەوە دێن: /لە، بە، بۆ، ە/ (ب) پێشناوی پاش_جێکەوتەیی postpositional: ئەمانەیان لەدوای توخمەناوییەکانەوە دێن. (پ) پێشناوی دوو_جەمسەریی circumpositional preposition: جومگەکانی ئەم پێشناوانە لەپێش و لەدوای توخمە ناوییەکەوە دێن : (لەبەر ئەو/لەبۆ ئەو/لەبەرخاتری ئەو). (ت) دوو_جێکەوتەیی ambipositional: ئەم پێشناوانە دەتوانن لە جێکەوتەی پێش توخمە پێشناوییەکەوە یان لەجێکەوتەی دوایەوە بێن.

لە لایەکی ترەوە پێشناوییە فەرهەنگییە خورتیەکان /پێ، تێ، لێ/ لەڕوی مۆرفۆلۆژییەوە پەیوەندی تەکنشینیان لەگەڵ ناوی کردارەکاندا پێکهێناوەو لابردنیان ڕستەکان ناڕێزمانیی

[63] بڕوانە: عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٩).

[64] بڕوانە: محەمەدی مەحوی(٢٠١١: ٢٥٠).

**دەكات، زیادكردنی هەر یەك لەو پێشناوە فەرهەنگیانە بۆ كردارێك، هێزێك لە بەبڕشتیی كردارەكە زیاددەكات. بەم جۆرە، ئەگەر كردارەكە تێنەپەڕ بێت، دەبێت بە تێپەڕ. وەك /كردنەوە، لێكردنەوە، پێلێكردنەوە/.**

**٤. دەربڕاوە ئاوەڵكردارییەكان، ئاوەڵكردار جۆرێكە لە وشەو ئەدگارو ئاكاری سێمانتیكیی كردار لەڕووی لایەنی سینتاكسییەوە دەردەخات، (ا) لەلایەكەوە ئاوەڵكردارە ئازادەكان – ئەوانەی ڕودانیان ئازادە– (وەك /زوو، ئێواران، بەخۆشییەوە، ...‌/ (ب) لە ئاوەڵكردارە جێناوییەكان** pronominal-adverbs (**/لێرە، لەوێ، لەبەرئەوەی،** ...‌/) **جیاكراونەتەوە، زۆربەی زۆریان (ا) گۆكردنی سێمانتیكیی_سینتاكسیی تریشیان هەیە (بڕوانە (/تەنها/** only، **/تەنها/ ~ /بەتەنهایی/** lone)، **واژەگۆكەری باسمەندیش (/بەلانی كەمەوە/). (ب) ئاوەڵكردارئاساكان (لەبەرئەوەی، لەڕێی ئەوەوە، كەواتە،** ...‌/). **لەڕوی لایەنی سێمانتیكییەوە گروپەكان بەواتای (ا) تافییەوە/كاتییەوە** temporal (**/ئێستا، هەنوكە، دوێنێ، زوو، لەودەمەوە، لەوكاتەوە/)، بەواتای (ب) شوێنییەوە** local (**/ئەوێ، ئێرە، لەوێ، لێرە،** ...‌/)، **بەواتای (پ) چۆنیەتییەوە (مۆدالییەوە) (/بەخۆشییەوە، بەخێرایی، كوێرانە،** ...‌/) **و بەواتای (ت) هۆكارییەوە** kausaladverb (**لەئەنجامی ئەوەدا، لەگەڵ ئەوەیشدا، بەنەخۆشییەوە،** ...‌/)[٦٥]. **/دیسان، هەرگیز، هەمیشە...‌/ ڕستیلەی گومان دێننە ئاراوەو لەناو ڕستیلەی مەرجی و ڕستیلەی تریشدا دەردەكەون و جێكەوتەی سەرپشكی بەدوای خۆیاندا دەكەنەوە، وەك (٤٠).**

**٤٠–ا– ڕەنگبوو بەیەكەم دەربچم، ئەگەر هەوڵی زۆرم بدایە.**
**ب– خۆزگە شەو زوو بنوستینایە، بۆئەوەی بەیانیان زوو هەستین.**

**٥. دیاردەی بەشە بكەری لێكدراوو بەشەكرداری لێكدراو لە ڕستەی سادەدا جێبەجێدەبێت، ئەویش لەوڕێیەوە، كە ڕستەكە لە بەشە بكەرو بەشە كردارێك زیاتر پێكهاتبێت و بەهۆی دووبارە نەبوونەوەو لێكچوونەوەو بەهۆی دیاردەی كرتاندنی یەك ڕستە هاتبێتە ئاراوە، بڕوانە (٤١).**

**٤١– ڤالان یان ئالان براتە؟**

---

[65] **بڕوانە: محەمەدی مەحوی(٢٠١١: ٢٣١).**

**٦. ئەرگەتیڤ دیاردەیەکە پەیوەستە بە سینتاکس‌و پەیوەندیە ڕێزمانییەکانەوەو لە هەڵسوکەوت‌وپەیوەندیە ڕێزمانییەکانی وشەیەك دەکۆڵێتەوە ، کە چۆن لە فرێزو ڕستەکاندا کاردەکات‌و، دۆخێکی ڕێزمانییە پەیوەندداره بە بکەری کرداری ڕابوردوی تێپەڕ[٦٦] و، بەوەی دەبێت ڕێکەوتن لە ڕوی کەس‌و ژمارەو ڕەگەز لە نێوان بکەرو بەرکاردا، وەك ( ٤٢_ا)، یاخود لەنێوان بکەرو کرداری ڕستەکەدا هەبێت، لە کرمانجی خوارووا بکەرو کردار لە کەس‌وژمارەدا ڕێکدەکەون، واتە بکەر لە چ کەس‌و ژمارەیەکدا بێت کرداریش جێناوێکی لکاوی سەربەهەمان کەس‌و ژمارە وەردەگرێت[٦٧]، واتە جوڵاندنی کلیتیکەکان دیاردەیەکی ئەرگەتیڤیە، بڕوانە (٤٢_ب)، ئەرگەتیڤیی چەسپاومان نییە، لە نموونەی (٤٢_پ)یشدا ئەرگەتیڤیی بکەرو کردار ڕونکراوەتەوە.**

**٤٢–ا– من نامەکەم برد. ب– من پارەیەکی زۆر م هەن. پ– ئازاد بۆ زانکۆ چوو Ø**

i* i i j i j i i

**نیشانەکانی ئەرگەتیڤیی یان بە مۆرفێمە، یاخود بە جێکەوتەی کەرەستەکانە. جوڵەی کلیتیکەکان، کە هەڵگری نیشانەی ئەرگەتیڤین، یەکێکە لەو کردە سینتاکسییانەی لە گواستنەوەی ڕستە لە دروستەی قووڵەوە بۆ دروستەی ڕوکەش جێبەجێدەکرێت‌و بەهۆی کلیتیکەکانەوە کەرەستەکان پێکەوە دەبەستێنرێنەوە. جگە لە کلیتیکەکان واژە گۆکەرەکانی وەك لاگرەکان‌ودۆخە شکاوەکان‌و ڕیزبوونی کەرەستەکان (بڕوانە (٢/١))، بە ئەرگەتیڤیی مۆرفۆلۆژی و، کرتاندن‌و لابردنی هەندێك فرێزوتیکەڵکردنیان، بە ئەرگەتیڤیی سینتاکسی دانراون[٦٨]. لە مۆرفۆسینتاکسیشدا کلیتیکەکان نوێنەری ئەمانن.**

---

[66] بڕوانە: مزگێن عەبدولڕەحمان ئەحمەد (٢٠٠٦: ٥) و ڕوناك مەحمود عەلی (٢٠٠١ ).

[67] بڕوانە: وریا عومەر ئەمین(٢٠٠٤: ٢٦٩).

– لە کرمانجی خوارووا ڕێکەوتن لە نێوان (بکەرو کردار)و(بکەروبەرکار) دایەو، لە کرمانجی سەرووا ڕێکەوتن لە نێوان (بەرکارو کردار)و(بکەر ئاوەڵناو) دا هەیە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، ویا عومەر ئەمین(٢٠٠٤: ١٦٣_١٦٤).

* هێماکانی(i,j) لە زمانەوانیداو بە تایبەت لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا، ئاماژە بۆ ئەو پێکهاتانەی ڕستە دەکەن، کە هەمان ئاماژەبەندییان هەیە، بۆیە هاوئاماژەبەندی یان هاونیشانەیی(Co_referential) لە زماندا دەنوێنن.( Crystal : 2003: 111). یان ئەو گواستنەوەیەی لە ڕێیەوە نیشانە تایبەتییەکانی بکەر بۆ کردارەکەی دەگوێزرێتەوە، ناوی هاونیشانەی لێنراوە( محەمەدی مەحوی(٢٠٠١: ١٦٣)).

[68] بڕوانە: مزگێن عەبدولڕەحمان ئەحمەد (٢٠٠٦ : ٣٦_٣٨).

**٧. زمانی كوردی یەكێكە لە زمانە بكەرخراوەكانو بە زمانێكی لكاویش دانراوە. لەبەرئەوەی لەم زمانەدا مۆرفۆلۆژیو سینتاكس تێكەڵ بەیەك بوون، دروستەی مۆرفۆسینتاكسیش وەك دروستە سینتاكسیەكان چەشنێكی دەربڕاوەكانی ئاخێوەرانی پێكدەهێنێت. مۆدێلی ڕێزمانی كوردی پێڕەوێكە بۆ پەسنكردنی دروستە زمانییەكانی، وەك سینتاكسو مۆرفۆسینتاكس، لەڕێی پێڕەوێكی شیكاری شێوازبەندانەوەو بەهۆی ئەو توانستەی خودی ڕێزمانەكە پێكدەهێنێت، بەرهەمدەهێنرێت.**

**مۆرفۆسینتاكس كە نواندنی ڕستەیە بە مۆرفێم، یاخود بە كلیتیككردنی پۆلەڕەگەزییە سینتاكسیە خورتییەكانەومۆڕفۆسینتاكس، كە سینتاكسە بە مۆڕفێم و چوونەناویەك و تێكچڕژانی پێكهاتەكانی مۆڕفۆلۆژیی و سینتاكسی هێناوەتەئاراوە، ئەوەی بۆ مسۆگەركردووین بە دوو پێڕەوو بە توخمی جیاوازو تاڕادەیەكی زۆر لە هاونرخیان بدوێین[٦٩] و كردەیەكە لە زماندا بەهۆی ئەدگارە سینتاكسیەكانو واتا مۆرفۆلۆژییەكانەوە دەنوێنرێن[٧٠]، بەشێكی سەرەكیی دروستەكانی مۆرفۆسینتاكس، كردارە ئاڵۆزەكان[*] پێكدەهێنن. لە داڕشتەی سینتاكسدا شوێنی مۆرفۆسینتاكسی دیاریكراوو سەقامگیر بۆ مۆرفێمەكان هەن[٧١]. لێكۆڵینەوەی مۆرفۆسینتاكس توێژینەوەیە لە پۆلەڕەگەزە ڕێزمانییەكان یان یەكە زمانیەكان، كە تایبەتمەندی مۆرفۆلۆژیو سینتاكسیان هەیە. بەواتایەكی تر، بریتییە لە لێكدانی مۆرفۆلۆژییو سینتاكسیی یان دەستەیەك لە یاساكانە، كە یەكە زمانییەكان ڕێكدەخات، كە تایبەتمەندییەكانیان دەتوانرێت بەهۆی پێوەرە مۆرفۆلۆژیو سینتاكسیەكانەوە دیاریبكرێت. كەواتە ((مۆرفۆسینتاكس پرۆسەیەكە، كە تایبەتێتی سینتاكسی وشە فەرهەنگییەكان دەردەخسێنێتو بۆشاییەكانی پێكهاتەی فرێزو ڕستەكان بیركارییانە لەڕێی گونجاندنو هاوتابوونی پێكهێنەرەكانییەوە پڕدەكاتەوەو تێگەیشتن دێنێتەئاراوە))[٧٢]. مۆرفۆسینتاكس پێكهاتەیەكی ئاڵۆزی تێكچڕژاوە، بە بەشداریكردنی مۆرفێمە وشەسازییەكانو مۆرفێمە ڕستەسازییەكان لە پێكهاتەیەكی ڕستەسازیدا كە بەهۆی پەیوەندیە سینتاكسیەكانەوە بەیەكترییەوە بەستراون. ئەم ڕستەیە ڕستەیەكی ناوكەوتوو لەناویەكدا شكاوە ناودەبردرێن[٧٣].**

---

[69] **بڕوانە: محەمەدی مەحویی (٢٠١١: ٣٨).**

[70] **بڕوانە:**G.Trauth&K.Kazzazi(1996:316)

[*] **بۆ یاساكانی دروستەی مۆرفۆسینتاكسی فرێزی كرداریی بڕوانە: عەبدلجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٠: ٨٤– ٨٩).**

[71] **بڕوانە: محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ٣٤٢) .**

[72] **ئەبوبەكر عومەر قادر(٢٠٠٣: ٢٨).**

[73] **بڕوانە: یارا قادر محەمەد (٢٠٠٨: ٣٠)**

**لە ڕستەی زمانی کوردیدا دوو جێکەوتەی سینتاکسیو دوو جێکەوتەی مۆرفۆسینتاکسی هەیە، جێکەوتەی سینتاکس پێش کردارەو، جێکەوتەی مۆرفۆسینتاکس لەدوای کردارەوەیە(کرداری تێنەپەڕ)، یاخود لەناو دروستەی کردارەکەدایە لەسەر بنەمای ئەمە دەتوانین پێڕەوی ڕێسای دروستەی مۆرفۆسینتاکس لە زمانی کوردیدا(بردم، دەتانبەین) لە (٥)دا شێوازبەند بکەین، بڕوانە (٤٣، ٤٤).**

5) R + t + M + Subj
6) t+obj+R+M+Subj

**٤٣–ا– ئەوان خەوتن.**

**ب– (pro) خەوتن.**

**٤٤–ا– من نامەکەم برد.**

**ب–(pro) نامەکەم برد.**

**پ– بردم{(pro) + t + بردم+Ø}**

**٨. کرداری /دەمەوێت/ لە دروستەی مۆرفۆسینتاکسدا، وەك (٤٥) و ناوە ڕوداوەکانی /توانین، زانین، حەزکردن، هەوڵدان.../ لە دروستەی سینتاکسیدا دەردەکەونو، دروستەی ڕستەی سادەی ئاڵۆز بەرهەمدەهێنن، بڕوانە (٤٦).**

**٤٥– دەمەوێت، pro بخەوم.**      **ویستم، pro بخەوم.**

**ڕانەبوردوو**      **ڕابوردوو**

**٤٦– من هەوڵمدا بخەوم ⟵ من هەوڵی خەوتنم دا.**

**٩. سەبارەت بە گواستنەوەی فرێزی ناویی لەم چەشنە ڕستەیەدا، لەبەرئەوەی زمانەکەمان جێکەوتە چەسپاوەو گواستنەوەی پێکهاتەیەکیش، لەو جێکەوتەیەی، کە تیایەتی بۆ ئەو جێکەوتەی بۆی دەچێت بەپێی پرۆسەی هاونیشانەکردن بەئاکام دەگەیەنرێت، نادروستی واتایی ڕونادات،(٤٧).**

**٤٧–ا– من نامەکانم برد.**      **ب– <u>نامەکان</u>، <u>من</u> بردمـ<u>ـن</u>**

i   j    j     i

**هەرچی سەبارەت بە گواستنەوەیە لە بکەر نادیاردا، فۆڕمەکانی بکەرنادیار لە ڕەگی کردارو پاشگری بکەرنادیاری /ـر/ و مۆرفیمەکانی یان نیشانەکانی تاف /دە_/، /ـیٚ/ ، /ا/، /ـە/ و /ـبوو/ دروستدەکرێن[٧٤].**

**کرداری بکەر نادیار لێکسیمێکی ناو فەرهەنگەو کردارێکی کات و کەسدارەو دێتە ناو ئاستی قووڵی ڕستەو، ڕستەی بکەر نادیاری بەرهەمدەهێنێت و، کردارەکە ڕاستەوخۆ حوکمی بەرکاری ڕستەکەی دەکات. ((بەرکار دەبێتە بکەری ڕستەی نادیار، چونکە دیاریکەری پەیوەندی بکەرو کردارەو ئەمەش پەیوەندی قسەکەر بە دیاریکردنی ڕۆڵی کارا یان کارتێکراو بە کردەی کردارەکەوە دەردەخات))[٧٥]. بەپێی تیۆری بەخشینی ڕاستەوخۆی دۆخی ڕێزمانی بکەر، دەشێت هەر ڕەگەزێك لەگەڵ بەشی کرداردا هاوکەس بێت (لە کەس و ژمارەدا وەکیەکبن) ببێت بە بکەری بەشی کرداری بکەرنادیار. بەگشتی ئەم چەشنانەی بکەر نادیار جیاکراونەتەوە[٧٦]: (ا) بکەرنادیاریی ڕوودان (کردەو چالاکیی)(کارەکە کراوە). (ب) بکەرنادیاری بار/حاڵەت لە ئاوەڵناوی کراوو(شوشەکە شکاوە). (پ) بکەرنادیاری وەرگر(ئەوان کرانە دەرەوە).**

**١٠.لێڵی واتایی کە بەهۆی دروستەکانەوە بەرهەمدەهێنرێت، تایبەتمەندییەکی تری دەربڕاوو ڕستەکانە، دەکرێ بەجۆرێك لە جۆرەکانی پەیوەندی نێوان ڕستەو واتا دابنرێت[٧٧] ، دیاردەیەکە پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیك دیاریدەکات. لێڵی، (Ambiguity) لە زماندا ئەوەیە ، کە دەربڕینێك زیاتر لە واتایەك ببەخشێت[٧٨]، چەمکی گشتی ئەم زاراوەیە ئاماژەدەرە بە وشەیەك یان ڕستەیەك، کە لە زانستی زماندا دەربڕی زیاتر لە واتایەك بێت[٧٩]، یاخود تایبەتمەندییەکی دەربڕینە، کە دەتوانرێت بە زیاتر لە ڕێگەیەك لێکدانەوەی بۆ بکرێت. زیاتر لەوەش دەتوانرێت پەسنکردنی زمانەوانی جۆراوجۆی زۆری لە فەرهەنگ، سیمانتیك، سینتاکس و ڕوکاری تریشدا بۆ دیاریبکرێت. بەم چەمکە لێڵی جیاوازە لە تەمومژیی (Vagueness)، لێڵی لە دەرەنجامی بەکارهێنانی لێکسیمی دیاریکراو یان دروستەی سینتاکسی دەربڕینە ئاڵۆزەکان دێتە ئاراوە. هەر لەمەیشەوە جیاکاری لەنێوان لێڵی فەرهەنگیی (فرەواتایی، پێکهاتەی هاودەنگ) و لێڵی سینتاکسی (فرە سینتاکسی)**

---

[74] بڕوانە: محەمەدی مەحوی(٢٠١١: ٢٢١)و کاروان عومەر قادر (٢٠٠٨، ٢٦ – ٢٧).

[75] فەرەیدون عەبدول بەرزنجی (٢٠٠٨: ٦٠_٦١).

[76] بڕوانە: محەمەدی مەحوی(٢٠١١: ٢٢٣).

[77] بڕوانە: تالیب حسەین عەلی (١٩٩٨: ٤٩)

[78] بڕوانە: وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤: ٢٩٣)

[79] بڕوانە: D. Crystal (2003: 21-22)

کراوە[٨٠]، بەو واتایەوە، کە لێڵی لە فەرهەنگداو تەمومژی لە سینتاکس‌و مۆرفۆسینتاکسدا کاردەکات، لەیەکجیاکراونەتەوە (<<لێڵی>> مۆرفۆلۆژیی[*]و<< تەمومژیی>> سینتاکس دەگرێتەوەو هەبوونی زۆرتر پێکهاتەی بنەڕەت لەو یاسایانە پێکهاتووە، کە دروستە قووڵەکان بەرهەمدەهێنن، لەگەڵ ئەو یاسایانەی کە دروستە قووڵەکان دەگۆڕن‌و دەیانکەن بە دروستەی ڕوکەش ئەمانە پێکهاتەی سینتاکس دەگرنەوە[٨١]. لە یەك واتای کەرەستەو دانەکانی ناو فەرهەنگ (لێما) فرێزو ڕستەو دەربڕدراو دەبەخشێت[٨٢]، بڕوانە (٤٨).

٤٨- پەتاتە ——— پەتاتە (مۆرفۆلۆژی)

تۆ پەتات گرتووە. (سینتاکس)

هۆکاری دروستبوونی زیاتر لە لێکدانەوەیەك لای گوێگر یا خوێنەر بۆ دەربڕاوێك، کە لە سەرەنجامدا لێڵی واتایی بۆ دروست دەبێت، دەگەڕێتەوە بۆ هۆی فۆنۆلۆژی‌و فەرهەنگی (هاودەنگ‌و فرەواتایی وشەکان و هۆی سینتاکسی هەبوونی وشەی فرەواتا، بوونی ئاوازی جیا لە ڕستەدا، هەبوونی دوو پەیوەندی جیا لەنێوان بەشەکانی ڕستە لە دروستەی قووڵ‌و دروستەی ڕوکەشدا، جێگۆڕکێ‌و هەڵواسین‌و گواستنەوەی فرێز)[٨٣]، ئەوەی ئاشکرایە واتای ڕستە لە دەربڕاوە داڕشتەییەکاندا وابەستەی واتای وشە پێکهێنەرەکانێتی ئیتر ئەو ڕستەیە بە وشە یاخود بە مۆرفێم (مۆرفۆسینتاکس) دەربڕابێت، بڕوانە (٤٩، ٥٠).

٤٩- من سەرم دەخورێت.

٥٠- من حەز لەو کارە دەکەم‌و سەرم لێی دەردەچێت.

لە/سەرخوراندن/ ەوەیەو لە فەرهەنگدایەو <سەر-خوراندن> لە سینتاکسدایەو بۆ جیاکردنەوەی دیاردەی لەم چەشنە لە زمانی نوسیندا بە (جیا- نوسینی) بەشەکانی فەرهەنگ‌و بەسەریەکەوە نوسینی بەشەکانی کرداری ئاڵۆز پێوەرە بۆئەوەی ئەم تەمومژییە

---

80 بڕوانە:G.Trauth&K.Kazzazi(1996:19)

* وریا عومەر ئەمین دوو جۆری لێڵی دیاریکردووە، مۆرفۆلۆژی‌و سینتاکس، بڕوانە (وریا عومەر ئەمین ٢٠٠٤: ٢٩٣-٢٩٦).

81 بڕوانە: محەمەدی مەحویی و نەرمین عومەر (٢٠٠٤: ١١)

82 بڕوانە: محەمەدی مەحویی (٢٠٠٩: ١٢١)

83 بڕوانە: وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤: ٢٩٣)، تالیب حسەین عەلی (١٩٩٨: ٥٠) و محەمەدی مەحوی (٢٠٠٩: ١٢١)

بڕەوێتەوە، هەروەك چۆن لە زمانی ئاخاوتندا بە قورسایی خستنەسەرو وەستانو هێزو ئاوازە دەتوانێت لێڵیو تەمومژی ڕوونبکاتەوە، بڕوانە (٥١).

٥١–أ– {خانوو دوکانی} نوێم کڕی.

ب– خانوو {دوکانی نوێم} کڕی.

دیاردەی کرتاندن (ellipsis) لە زماندا سەرچاوەیەکی تری پەیدابوونی لێڵیە[٨٤]، وەك (٥٢):

٥٢– پیاوەکە سەگەکەی خۆشتردەوێت زیاتر لە منداڵەکانی. {زیاتر لە خۆشەویستی منداڵەکانی بۆ سەگەکە}یان{زیاتر لە خۆشەویستی ئەم بۆ منداڵەکانی}.

## ٤/١–١–٢) یاساکانی دروستەی ڕستەی سادە

١– کرداری تێپەڕی دوو هێزی $N^{=}_{1} + N^{=}_{2} + V$

٢– کرداری تێنەپەڕ $N^{=}_{1} + V$

٣– کرداری تێپەڕی سێ هێزی (بوونی فرێزی پێشناوی) $N^{=}_{1} + N^{=}_{2} + PP + V$

$N^{=}_{1} + N^{=}_{2} + V + PP$

٤– بەشە بکەری لێکدراو لە ڕستەی سادەدا $Comp.\ S^{e} + V^{e}$

٥– بەشە کرداری لێکدراو لە ڕستەی سادەدا $S^{e} + Comp.\ V^{e}$

٦– ئەرگەتیڤی لە ڕستەی سادەدا (کردارەکە ڕابوردووی تێپەڕ بێت) $N^{=e}_{1} + N^{=e}_{2} + V$

کرداری ڕانەبوردووی تێپەڕ $N^{=e}_{1} + N^{=}_{2} + V^{e}$

کرداری ڕانەبوردووی تێنەپەڕ $N^{=e}_{1} + V^{e}$

کرداری ئێستای کرداریی هەبوون $N^{=e}_{1} + N^{=ee}_{2} + V^{e}$

کرداری ڕابوردووی تێپەڕ بێت، کە هەر پۆلەڕەگەزێك جێکەوتەی بەرکار دەگرێتەوە. $N^{=e}_{1} + X^{=e} + V$

٧– مۆرفۆسینتاکسی ڕستەی سادە بەم یاسایانە شێوازبەند کراوە:

(کرداری تێپەڕ) R + t + As + Sub + obj

(کرداری تێنەپەڕ) R + t + As + Sub

As + Sub + (تێپەڕ) R + t + obj

As + Sub + (تێپەڕ) R + t + obj + As

As + (تێنەپەڕ) R + t + Sub

---

[٨٤] بڕوانە: R.Quirk & S.Greenbaum & G.Leech & J.Svartvik (1987: 1132).

t + obj + (تێپەڕ) R + As + Sub

٨- دروستەی ڕستەی سادەی ئاڵۆز( ڕستەی فرە ڕستیلەیی).

### ١/٤-٢) دروستەی ڕستەی ئاوێتە[٨٥]

**دروستەی ڕستەی لێکدراو: ئەم جۆرانە دەگرنەوە:**

**١) دروستەی ڕستەی تەکخراو** (Coordinate Sentence)

ڕستەی تەکخراوی زمانی کوردیی لە چوونە تەکیەکی ئەو ڕستەو ڕستیلانە (بە هەموو ئەدگارو تایبەتمەندییەکانیانەوە) دروستدەبێت، کە لە (پاری پێشوودا ئاماژەیان پێدرا). لەم چەشنە ڕستەیەدا مەرجی هاوسەنگیی لەڕێی تافی ڕستەو ڕستیلە تەکخراوەکانەوە ڕووندەبێتەوە. دروستەی ڕستەی تەکخراو پەیوەستکردنی دوو ڕستە یان دوو ڕستیلەو بەهۆی مۆرفێمی خستنەتەکی /و/ ەوە دروستدەبێت، بە بەشی یەکەمەوە پەیوەستە. هەر بەهۆی ئەم مۆرفێمەوە دەتوانرێت دروستەی ڕستە فراوانبکرێت، لەم جۆرە ڕستانەدا، جێناوی بکەریی ڕستەی دووهەم، هەر کاتێك هەمان نیشانەی هەبوو، ئەوا بەخورتیی دەکرێتە (pro).

**٢) ڕستەی لێکدراو** (Compound Sentence)

بەهۆی مۆرفێمی لێکدانی /بەڵام، یان،.../ ڕستەی لێکدراوی ئەنجامدارو پێچەوانەیی و پرسیاری بەرهەمدەهێنرێت.

٣) بۆ دروستەی ڕستەی ئاڵۆزیش، لە زماندا ڕستەکان بە دروستەی ڕوکەشی جیاجیا دەردەبڕێت، لەهەمان کاتدا، دەشێت هەر ئەو ڕستانە خاوەن یەك دروستەی قوڵبن. هۆی بوونی ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ:

١- چەشنی کردار: وەك لە دروستەی کردار دا تاف حومکی دۆخی ڕێزمانیی فرێزی ناویی بکەرو ڕەگی کرداریش حوکمی دۆخی ڕێزمانی بەرکار دەکات، کە بەپێی بە بڕشتیی و جۆروهێزو سروشتی کردار ژمارەی جێکەوتەکان دیاریدەکرێن. کردار سفر-هێزیی >زستان ساردە<، کردار هەیە یەك هێزییە /کەوتن/ یان بە بڕشتییەکەی دوو هێزییە، وەك>گرتن، بردن، خواردن<، جۆری تری بە بڕشتی کردار سێ هێزییە، وەك>پێدان، بۆهێنان<، ئەمانە لەگەڵ ئەوەی دۆخی ڕێزمانیی خستنەسەر بەیەکەم بەرکاری ڕاستەوخۆی کردار دەبەخشن، دۆخی

---

[85] بڕوانە: عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٩) و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا ئاماژەیان پێدراوە.

ڕێزمانیی خستنەپاڵیش بە دووهەم بەرکاری ڕاستەوخۆیان دەدەن. لە زمانی کوردییدا ئەو دۆخەی خستنەپاڵ لەفۆڕمی فرێزی پێشناوییدا دەردەکەوێت، بۆیە ئەم چەشنە بەرکارە بە دووهەم بەرکاری ڕاستەوخۆ دادەنرێت و لەو کردارانە جیادەکرێنەوە، (ا) کە داوای فرێزی پێشناویی دەکەن و (ب) لە فرێزی پێشناوی سەرپشکییش جیاوازن. لە ڕووی سروشتی کرداریشەوە، بۆ نموونە، کرداری >گوتن<، >بردن< هەردووکیان تێپەڕن، >گوتن< نیشانەی {+ گێڕانەوەی}[86] هەیە، >بردن< نیشانەی {_ گێڕانەوەی} هەیە.

٢- چەشنی ڕستیلە: بۆیە ڕستیلە بە سەربەخۆیی ڕونادەن و دەرناکەون، چونکە یان تافیان نیە یان تافیان چالاك نییە. بۆ چالاکبوونی تافیان ئەمانە لەناو ڕستەی تردا دەشکێنەوە، وەك ڕستیلەی ئارەزوو هەڵسوکەوتی کردارە تێپەڕەکان دەکەن و ڕستە بەدوای خۆیاندا بەرهەمدەهێنن و دەیانکەنە وابەستەی خۆیان(بڕوانە (٥٣)).

٥٣- ڤالان بخەوێت، pro باشە.
وابەستەی

ڕستیلەی بکەرنادیار، کە جۆرێکی تری ڕستیلەیە، لە هەندێك کرداریی ناویی، وەك {کردن، توانین، زانین} دروستەکانیان دادەڕێژرێت و لە ڕستەی تردا دەشکێنەوە (بڕوانە (٥٤).

٥٤- دەکرێت، بڕۆین.

ناوی کرداری {گریمانەکردن}، کە جۆری ڕستیلەی گریمانەیی دەهێنێتە بەرهەم، بەتەنها بەکارناهێنرێت. ئەم پۆلەڕگەزە داوای جێکەوتەیەکی تر دەکات و بەمەش ڕستەی ئاڵۆز دێتە ئاراوە( بڕوانە (٥٥)).

٥٥- گریمان، ڤالان ئەمڕۆ نەخۆش بوو،...

٣- چەشنی پۆلەڕەگەزیی: ئەو فرێزە ناویی و دیارییخەرانەن، کە لەگەڵ ناوەکانی (پاش، دوای، پێش،...) دەچنە ناو دروستەی ڕستەکانەوەو ڕستیلەی تر بەدوای خۆیاندا دێنن. جگە لەو ناوانە، وشەکانی /هێشتا، دیسان، خۆزگە، ڕەنگە، هەمیشە.../ جۆرێکی تری ئاوەڵکردارن و دەتوانن بەهەموو کەرەستەکانی ڕستەدا هەڵبواسرێن و واتای سینتاکسی جیاوازیش بەرهەم بهێنن، (بڕوانە (٥٦)).

---

[86] بڕوانە: عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٩: ٨٥).

٥٦– دوای ئەوەی ڕۆیشتم، ڤالان خەوت.

جگە لەوانەیش، دەربڕاوە ئاوەڵکردارییەکانی /کاتێك کە، کە، هەتا– تا/ لەگەڵ ڕستەو ڕستیلەکاندا پرۆژەیەك بەرهەمدەهێنن (بڕوانە (٥٧)).

٥٧– هەتا من هاتمەوە، ڤالان خەوتبوو.

واژەگۆکەرەکانی /ئەگەر– مەگەر، بۆیە– هەتا، نەك– بەڵکو، هەرچەندە– کەچی، لەبەرئەوە– چونکە، نە– نە،.../ پێکهێنەری دروستەی ڕستەی ئاوێتەن، وەك.

٥٨– ئەگەر لە ماڵ بوون، دێین.
٥٩– بۆیە هاتم، هەتا یارمەتیت بدەم.
٦٠– هەرچەندە هەوڵی زۆری دا، کەچی دەرنەچوو.

٤– ڕستەی سەرجێناوی (Relative Clause)

ڕستەی سەرجێناوی ڕستەیەکی ناسەربەخۆی شکاوەی ناو ڕستەیەکی دیکەیە، کە دەکرێت جێکەوتەی بکــەریی (Nom.) یان جێکەوتەی بەرکاریی (acco.) بگرێت. دەگونجێت مۆرفێمی /–ی/ و /کە/ ڕۆڵی خستنەپاڵ ببینن لەم جۆرە ڕستەیەدا. دروستەکانی بریتیین لە[٨٧]:

ا. ئەو _ ناو_ەی >ئەو پیاوەی<.
ب. ناو_ئەکەی >پیاوەکەی<.
پ. ناو_ ێك >پیاوێك <.
ت. هەر_ ناو_ێك >هەر پیاوێك<، بڕوانە (٦١، ٦٢).

٦١– ئەو کچەی بینیت، pro خوشکمە.
٦٢– ئەو کچەی، کە تۆ بینیت، (pro) خوشکمە.

[87] بڕوانە: محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ٢٤٦_ ٢٥٩).

## ١/٤-٢-١) دروستەی ڕستەی لێکدراوی ئاڵۆز

بریتییە لە شکاندنەوەی ڕستەی تەکخراو و ڕستەی سادە یان ڕستەی لێکدراو، یان ڕستیلە دەستپێکەکان لەناو ڕستیلەی ڕستە ئاڵۆزەکاندا،وەك:

٦٣- ویستم نان بخۆمو بخەوم.
٦٤- چووبوو کاربکات، کەچی نەیتوانیبوو.
٦٥- لەماڵ نەبوومایە باشتربوو.

یاساکانی دروستەی ڕستەی ئاوێتە

| | |
|---|---|
| ١- ڕستەی تەکخراوی هاوتافی | $S_1$ + Conj + $S_1$ |
| | $S_2$ + Conj + $S_2$ |
| | ڕانەبوردوو ڕانەبوردوو |
| ٢- ڕستەی لێکدراوی تاف جیا | $S_1$ + Conj + $S_1$ |
| | ڕابوردوو ڕانەبوردوو |
| ٣- ڕستەی ئاڵۆز | $S_1$ + Comp + $S_1$ |
| ٤- ڕستەی سەرجێناویی | Dem + N /Art + N + S |

## ١/٤-٣) دروستەی زانیاری

دروستەی زانیاری (تۆپیك/سەرتۆپ، فۆکس/تیشکۆ)، بەپێی کۆکبوونی زۆرێك لە ڕێبازەکان، بەشێك لە سیمانتیكو پراگماتیکی فرێزەکانی ڕستەیەك لە زاراوەی دروستەی زانیاریدا ڕێکخراوە [88]، کە پێویستە جیاکاری لەنێوان فۆکس/ناواخنی واتایی، تۆپیك/کۆمێنت، زانیاری کۆن/نوێ بکرێت.

ڕستە یان دەربڕاو، بەپێی دروستەی زانیاری چەمکی بە جفرەکردنی زمانەوانی وەك فۆکس بەبەراورد لەگەڵ تۆپیك[89]لە سێ بەش پێکهاتووە: (ا) تۆپیك/سەرتۆپ (Topic): ئەو بابەتەیە قسەی لە سەر دەکرێتو بە هۆیەوە مەبەستی ڕستەو دەربڕاو دەزانرێت. یان دەگوترێت، چەمکی ناواخنی واتایی(گۆڕینی فۆکس بەهۆی گۆڕاوێکەوە دیاریکەری ناواخنی واتاییە) دەگەیەنێت. ئەو زانیارییە کرۆکیەیە، کە لە پێڕەوی پێڕاگەیاندندا لەلایەن

[88] بڕوانە: .R. Jackendoff (2009:412)
[89] بڕوانە:.K.Schwabe & S.Winkler (2007: 6)

قسەکەرەوە بە مەبەست(گرنگ) بەکاردەهێنرێت[٩٠] یان فرێزێکە کرۆکی ئاوازوقورسایی دەکەوێتە سەری.

(ب) کۆمێنت (comment) / فۆکس/تیشکۆ(focuse): بە سیمانتیکی ئاماژە بەو بەشەی دەربڕین دەدات، کە زانیاری نوێ لەخۆ دەگرێت. بە سینتاکسیش ئارگومێنت– داواکەرە، یان ئەو بەشەی تری ڕستەیە، کە زانیاریی زیاتر دەربارەی تۆپیك دەخاتەڕوو، واتە تۆپیك لە ڕستە جیابکرێتەوە ئەوەی مایەوە بە پاشماوەی ئەو دادەنرێت و پێیدەگوترێت کۆمێنت(چی دەوترێت دەربارەی تۆپیك)[٩١].

فۆکس و ناواخنی واتایی لە(١) دا نوێنراوە:

١) ا. فۆکس: ($Fn_{.....}F_1$ ) لە S دا دەناسرێتەوە بەهۆی شوێنی دەربڕینەوە/شوێنی دانانی هێزەوە accent location .

ب. ناواخنی واتایی: وەرگرتنی S و($F_1{.....}Fn$ ) وەکەی ، لەباتی هەر ($F_1$ ) لە S دا گۆڕاوێکی $X_1$ بێت. (بڕوانە(٦٦)).

٦٦) **گوڵەکە**، نازدار لێیکردەوە.

(پ) باسمەند (Topicalization)[٩٢]: یاساکانی گواستنەوەوجۆری ئەو ڕستەیە(ڕستەی باسمەند) دەگەیەنێت، کە لە ئاکامی ئەو یاسایانەوە بەرهەمدەهێنرێن.

دروستەی زانیاری گرنگی بە ڕۆڵی ڕستەیەك (ئاخاوتن) لەلای قسەکەرو گوێگرو لێکەوتەکەی (لێکەوتەکان) دەدات، کە قسەکەر مەبەستێتی لە چوارچێوەی ئەو ڕستەیەی کە دەریدەبڕێت، چ زانیاریەك بە گوێگر بدات. نموونەی (٦٧) ئەمە زیاتر ڕوندەکاتەوە:

٦٧– ق: **کێ** باخەکەی کێڵا؟

گ: **باخەوانەکە** باخەکەی کێڵا.

لە(٦٧) دا (باخەوانەکە) وەك کەرەستەیەکی دیار لە ڕستەکەدا هێزی خراوەتەسەر پەیکاڵی پرسیارەکەی (ق)ە. ئەو نموونەی (٦٧) کە پرسیارو وەڵامە، پێکەوە ئاماژە بە ناواخنی واتایی گشتی دەدەن و ئەو فرێزانەش کە هێزیان لەسەرە (گەورەکراون) بە تۆپیك دانراون.

بنەمای بەرهەمهێنانی ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا ڕستەی تۆپیکییە. دروستەی ڕستەی تۆپیك/سەرتۆپیش لە سیمانتیك و ڕێزماندا وەك جێگرەوەیەکی دروستەی

---

[90] بڕوانە: .D.Crystal(2003: 183)

[91] بڕوانە: .D.Crystal(2003: 84). & G.Trauth&K.Kazzazi(1996:82,487)

[92] بڕوانە: کاروان عومەر قادر(٢٠٠٨: ١٥).

سینتاکسی چاولێکەری ڕستە (بکەرو بەشەکردار) بەکارهێنراوە[٩٣]. لەمەوە دروستەی سینتاکسیی و سیمانتیکی ڕستەی سەرتۆپی/تۆپیکی دروستەیەکی جیاو سەربەخۆی هەیە. لەم دروستەیەدا، ڕستە بۆ (تۆپیك و كۆمێنت) پۆلێنكراوە. تۆپیك پێكهاتەیەكی گرنگەوئەو بەشەی ڕستەیە، یا ئەو پێكهاتەیە (كەس، یان شت، یان...تاد)، كە لەڕێیەوە دەزانرێت ئەو ڕستەیە دەربارەی چییەو كە بەگشتی مەبەستی ڕستەكەیە. یاخود لەوە دەكۆڵێتەوە كە (ڕستەكە دەربارەی چیە)؟ وردتریش ئەوەیە، كە سەرنجی گوێگر ڕابكێشێت بۆ ئەو یەكەیەی، كە هەندێك زانیاریی نوێ دەربارەی پێشكەشكراوە، كەرەستەكانی جێناوە ئەنافۆرەكان و جێناوی بكەری بەشێكن لە تۆپیك. لەم ڕوانگەیەوە چەمكی تۆپیك هەموو ئەو چەشنە كەرەستانە دەگرنەوە، لەسەرەتای ڕستەدا دێن. چەشنەكانی تۆپیكی سەرەكی(س.س) و تۆپیكی لاوەكی(س.ل) و تۆپیكی هێنراوە پێشەوە (س.ه) لە دروستەی بنەڕەتی ڕستەی تۆپیكی یەك و دوو... دەستنیشانكراون[٩٤]. چەمكی تۆپیكیش دابەشكراوە بۆ:[٩٥] (أ) تۆپیكی بەردەوامیی: وەك جێناوێكی ئەنافۆری تۆپیك بێت، ئەوا تۆپیكی بەردەوامە. (ب) تۆپیكی نوێ.

دەربڕینی ئاسایی تۆپیك وەك NP بكەرییە، دروستەی زانیاری ئاسایی ڕستەی دابەشكردووە بۆ: تۆپیك(بكەرو كۆمێنت)، فریزی كرداری یان ئارگومێنت داواكەر پێكهاتووە.

فۆكس (بابەتێكی سایكۆلۆژییە، زاراوەیەكە ناوەڕۆكی زانیاریی ڕستەیەك دەگەیەنێت)[٩٦] و كۆمێنت (Comment/Focus) یش، ئەو بەشەی تری ڕستەیە، كە زانیاریی زیاتر دەربارەی تۆپیك دەردەبڕێت. زاراوەی كۆمێنت هەموو ئەو كەرەستانە دەگرێتەوە، كە لە بەشی كرداری ڕستەدان كرداری بەشی كۆمێنتیش وەك پرۆسەیەك سەیردەكرێت(بڕوانە (٦٨، ٦٩)).

٦٨- ڤالان هات.

تۆپیكی سەرەكی كۆمێنت

٦٩- ڤالان نان دەخوات.

{ت.س ڤالان} {ك {ت.ل نان} {پ دەخوات}}}.

{ت.ه نان} {ت.س ڤالان} {ك {ت.ل t} پ دەیخوات}}}.

---

93 بڕوانە:.(D. Crystal (2003:468

94 لە كاروان عومەر قادر (٢٠٠٨: ٤٩ – ٥٦)دا بە وردیو درێژیی ئاماژەی پێداوە.

95 بڕوانە:.(R. Jackendoff (2009:412

96 بڕوانە: (I.Comorovski & K.V.Heusinger (2007: 133) & G.Trauth&K.Kazzazi(1996:167.

گۆکردنی پێڕاگەیاندنی فۆکس دیاریکەری ئەو چەشنەی زانیاریە لە ڕستەدا، کە نوێیە بۆ گوێگر، بەواتا هەموو ڕستەیەك دەبێت فۆکسی هەبێت. گۆکردنی و ناواخنی واتایش پەیوەندکردنی زانیارییە نوێیەکەیە لەگەڵ زانینی گوێگردا.

کردەی باسمەندیش یاساکانی گواستنەوەی پێکهاتەیەکە بۆ سەرەتای ڕستەو جۆری ئەو ڕستەیە دەگرێتەوە، بەرهەمیدەهێنێت. بنەمای بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە ڕستەیە لای ئاخێوەر، هەروەك لە (٣/١)دا ئاماژەی پێدرا، بەهەمان ڕێگە بەرجەستەدەبێت. (بڕوانە هێڵکاریی دروستەی زانیاریی لە (١–٥)دا).




هێڵکاری (١–٥)

دروستەی ڕستەی باسمەند بەم یاسایە ئەزمونبەندکراوە[٩٧].

$$\{Y\text{-}t\text{-}X\}\ NP \longleftarrow \{Y\text{-}NP\text{-}X\}$$

لە هەموو ئەو مۆدێلانەی بۆ دیاریکردنو پەسنکردنی سینتاکس لەم بەشەدا خراونەتەڕوو، ئامانجومەبەستی سەرەکیی لەمەدا دەستنیشانکردنی سیمانتیکە. بەو پێیەی زمان بۆ پێڕاگەیاندنی بیرەو سیمانتیك لەلایەن زانایانو زمانەوانانەوە بە ڕێکخراوەیەکی ئەو بیرانەیە دانراوە. هەر لەمەشەوە دروستەو زانیاری سینتاکسیی بە دیاریکەری تایبەتێتی زمانییوپەسنکردنو دەستنیشانکەری سیمانتیك ناسێنراوە. بەهۆی سینتاکسەوە (دەنگو وشەو ڕستە)، سیمانتیك (بیرەکان) بۆ دەربڕاوی ئاشکرا دەگۆڕێن.

---


[٩٧] بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر یاساکانی دروستەی ڕستەی باسمەند، بڕوانە: کاروان عومەر قادر (٢٠٠٨).

# بەشی دووهەم:

# بنەماکانی دروستەی سیمانتیکیی

## ١/٢) ڕێزمان و سیمانتیك

**ڕێزمـان دەسـتەیەك یاسـای پەیوەسـتدارە، کـە ئاسـتەکان پێکـەوە دەبەسـتێتەوە[٩٨]. ڕێزمـان گـشتگیرەو ڕێکخراوەیـەکی سـێ لایەنەیـە، کـە فۆنۆلـۆژی (دروسـتەی فۆنۆلـۆژی دەنگەکان بە جفرە دەکات) و سینـتاکس[*] و سیمـانتیك (دروستەی چەمکی واتا بە جفرە دەکات) دەگرێتەوە، وەك لە (٢-١)دا خراوەتە ڕوو[٩٩]:**




**هێڵکاری ژمارە (٢-١)**

**مەبەست لـە نەخشە ئەندازەی ڕێزمانیی یـان دروسـتەی ڕێزمـانیی داڕشـتنەوەی ڕێزمانـە بـۆ جۆرەکـانی یاسـا و دیـاریکردنی تایبەتمەنـدیی و ڕوکـاری یاسـاکان، کـە لـە چـۆنێتی کارلێك و پەیوەنـدکردنی جۆروچەشـنە جیاوازەکـان لەگـەڵ یـەکتردا بەرپرسـیارن، چـونکە**

---

[98] R. Jackendoff (1991:17).

[*] دروستەی سینتاکسی وەك (وێستگەی ڕێگا) لەنێوان ئەم دوو دروستەیەدا ڕۆڵ دەبینێت. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەمە بڕوانە (A. Radford: 2006). & R. M. Dixon (2005:6).

[99] بڕوانە: R. Jackendoff (2009:125).

[**] سینتاکس لە هێڵکارییەکەدا چەقی گرتووە، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی کە هەرچی تایبەتمەندی و ڕوکاری فۆنۆلۆژی و تەنانەت سیمانتیکیشە لـە دروسـتەی سینتاکسدا دەردەکەوێت و بەدیـدەکرێت. هـەر ئـەم دیدگەیەشـە لای Chomsky کـە سینتاکـسی بـە کرۆکـی تیۆرەکـانی دانـاوە، بـە پێـچەوانەی بۆچـوونی Chomsky و لایەنگرانییـەوە، بەرهەڵـستکارانی سیمانتیك بە سەرچاوە دادەنێن و هەرچی سینتاکس و فۆنۆلۆژییە لە خزمەت دەربڕینی واتادایە. بۆ زانیـاری زیـاتر بڕوانـە. محەمـەدی مـەحوی (٢٠١٠) و تالیـب حسین عـەلی (١٩٩٨)، R. Jackendoff (2009) & D. Steinberg (1999) & (A. Radford: 2006).

هەریەك لەو یاسایانە لە دیاریكردنی ڕوكاری تایبەتی ئاستەكانی نواندن بەرپرسیارەو بریتین لە: دروستەی فۆنۆلۆژیوسینتاكسوسیمانتیك[*].

هەر وەك لە هێڵكارییەكەدا دیارە، سیمانتیك وەك پێرەوێكی بەرهەمهێنانی سەربەخۆ، پەیوەستە لەگەڵ سینتاكس. لە ڕێی ئەو یاسایانەی چۆنێتی پەیوەست بوونیان پێكەوە دیاردەكەون. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، كە سیمانتیك هەڵنەگوێزراوە لە سینتاكسەوەو خۆی ئاستێكی تەواو جیایەو دروستەو بنەماو یاساو ڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە. بەهۆی سینتاكسو فۆنۆلۆژییەوەیە، كە بیرەكان(سیمانتیك) بۆ دەربڕاوی ئاشكرا (ئاخاوتن) دەگۆڕێن.

لە بەشی یەكەمدا پەیوەندیە ڕێزمانیەكان خرایەڕوو، كە گۆكردنی ڕێزمانی یان گۆكردنی سینتاكسیشیان پێدەگوترێت بریتین لە پەیوەندی ڕێزمانیی نێوان پێكهاتە سینتاكسیەكان، كە لەناو ڕستەدا وەریدەگرن/هەڵیدەگرن، كە بەهۆی جێكەوتە سینتاكسیەكانی پێكهاتە تایبەتەكانەوە دیاریدەكرێن وەك (بكەر، بەركار و بەركاری ناڕاستەوخۆ..)[١٠٠]. بە واتایەكی تر، زمان لە وشەو ڕێزمان (مامەڵە لەگەڵ دروستەی وشەو ئەو ڕێگایانە دەكات، كە وشەكان دەخاتە تەك یەك) پێكهاتووە. ((بنەڕەتو بنەمای وشەو ڕێزمانیش سیمانتیكە))[١٠١]. هەر وشەیەك دوو جۆر واتای بۆ دیاریكراوە: واتای ئاماژەبەندیی (پەیوەندی ئاماژەبەندیی بە مۆرفێمە پڕواتاكان دیاریكراون– reference)[١٠٢] یان هەموو دانەیەكی فەرهەنگیی دیاریكراو ئاماژەیە بۆ شتو تایبەتێتی لە دەرەوەی زمانو ئەو جۆرە واتایەیە، كە ئاماژە بەو كەرەستانە دەدات كە لە جیهاندا هەیە، وەك ناوەكان بۆ ناولێنانی شتەكانە . بۆ جۆری دووهەمیان وەها دانراوە، كە وشە پەیوەندی واتا گەلیی هەبێت (Sense)[**]، بەواتا دیاریكەری پەیوەندی سیمانتیكی وشەیە لەگەڵ كەرەستەكانی ترداو شازاراوەیەكە بۆ گشت ئەو پەیوەندیانەی كە لەنێوان ناوەڕۆكی دەربڕینەكان (وشە، ڕستە)ی زمانە سروشتییەكاندا هەن. ((واتای فەرهەنگی هەر كەرەستەیەك بەشێكە لە واتاكەی لە ڕستەدا))[١٠٣]، واتە ئەو

---

[*] ئەوەشمان بیر نەچێت، كە هەریەك لەم ئاستانە لە كۆی كۆمەڵێك ئاستی نادیاری وردترپێكهاتووە، بۆ نموونە ئاستی نادیاری وەك ( دروستەی گۆكردن، كرتاندن، ....) لە سینتاكسدا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Culicover(2005:23) & P. W. R.Jackendoff(2005:14).

[100] بڕوانە: .F.katamba (1993: 262 ).

[101] R. M. Dixon (2005:6).

[102] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم جۆرەی واتا، بڕوانە (2005) R. M. Dixon و G.Trauth&K.Kazzazi(1996:400).

[**] بێ خاڵ عەبدوڵڵا سەعید (١٩٨٩) و عەبدولواحید موشیر (٢٠١٠) پەیوەندی شوێنیان بەرامبەر بەم زاراوەیە داناوە. پەیوەست بەم بابەتەوە بڕوانە G.Trauth&K.Kazzazi (1996:427)& K.Malmkjaer(1995:527).

[103] بێ خاڵ عەبدوڵڵا سەعید (١٩٨٩: ٧٤).

وشـــەیە چ جێکەوتەیـــەکی لـــە ڕســـتەدا پڕکردۆتـــەوەو چ جـــۆرە پەیوەندییـــەکی لەگـــەڵ کەرەستەکانی تردا هەیە گرنگەو لە دیاریکردنی واتاکەیدا بە گشتی ڕۆڵدەبینێت. پەیوەندی واتاگـــەلیش یـــان بـــەهۆی پەیوەنـــدی جێنـــشینییەوەیە[١٠٤] (پۆلەڕەگـــەزی ســـتونیی (paradigmatic)[١٠٥]) بریتیە لە پێکەوە بوونی چەپکە نیشانەکانی هێمایەك یان هێماکان، کە توخمە پێکهێنەرەکانی دەتوانن لەو جێکەوتەیەدا لەبری یەکتری دابنرێن و بگۆڕدرێنەوە یـان بـەهۆی پەیوەنـدی تەکنـشینی یـان پۆلەڕەگـەزی ئاسـۆیی یـان (پێکهێنراوێکـی سینتاکسییەوەیە) ((Syntagmatic)[١٠٦]، ((هێماکـان لـە ڕێـچکەی گوتنـدا بـەدوای یـەکتردا دێن و بەشێك لەو بەهایەی، کە هێماکە هەیەتی، لەوەوە وەریگرتووە کە بەدوای هێمای تردا دێـت))[١٠٧] بەرجەسـتە دەبێـت. بەگـشتی پەیوەندییـە سـیمانتیکییەکان دەبنـە بنـەما بـۆ دیاریکردنی دروستەی سیمانتیکی کەرەستەکان. وەك دیـاریکردنی دیـاردە یـان نیـشانەی لێکسیمییەکانی {دژواتایی و هاوبێژیی و فرەواتایی...}.

سیمانتیك هەر بەو ڕێگایانە پێکەوە دەبەسترێنەوە، کە وشەکان بەهۆیانەوە لێکدەدرێن[١٠٨] و فرێـزو دەسـتەواژەو ڕسـتیلەو ڕسـتەکان پێکـدەهێنن و بـە گـۆڕانی ڕێکخـستنی سینتاکـسیی کەرەسـتەکان لـە لێکدراوەکانـدا واتاکـانیش دەگـۆڕێن. ئـەم بنـەمای واتـا کەرتکردنـە تـەواو جووتە لەگەڵ بنەمای شیکردنەوەی ڕستە بۆ پێکهێنە ڕێزمانییەکان، کە لە کەرتی بچووکەوە دەمانگەیەنێتە دانە ڕێزمانییە گەورەکان یان بە پێچەوانەوە[١٠٩]، وەك (١، ٢):

١- ئالان ڤالانی خست.

٢- ڤالان ئالانی خست.

هـەر لـەم ڕوانگەیـەوە پێویـستە لـە سـیمانتیکی ڕسـتەو وشـەو دەربڕاوەکـان بکۆڵینـەوە، دروسـتەو یاساو ڕێـساکانیان ماتماتیکیانـە بخەینـەڕوو، ئـەوەیش سـەرەتا بـە دیـاریکردنی پێکهاتەی سیمانتیکییان دەبێت.

[104] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، (ساجدە عەبدوڵلا فەرهادی:٢٠٠٢: ١٠).

[105] بڕوانە: .G.Trauth&K.Kazzazi(1996:346)

[106] بڕوانە:.G.Trauth&K.Kazzazi(1996:472)

[107] بڕوانە: بێ خاڵ عەبدوڵلا سەعید (١٩٨٩: ٤٤).

[108] بڕوانە: .R. M. Dixon (2005:7)

[109] بڕوانە: بێ خاڵ عەبدوڵلا سەعید (١٩٨٩: ١٤).

## ٢/٢) کەرەستەو پێکهاتەی سیمانتیکیی*

**پرسی ڕێککەوتنی پەیوەندیی > دەنگو واتا < لە زماندا یەکێکە لەوباس‌وخواسە گرنگ‌و ئاڵۆزەی زمانەوانیی هاوچەرخ سەرقاڵێتیی. لەم پێناوەدا لێکۆڵینەوەی جیاجیا بەپێی ڕێبازە جۆراوجۆرەکان ، کە هەموویان لە سیمانتیکەوە سەرچاوەیان گرتووە، هاتوونەتە ئاراوە.**

Chomsky **پێکهاتەی سیمانتیکیی (** Semantic Component **) بە پێکهاتەی کۆتایی لەڕێزماندا دیاریکردووە. ئەمە بەستنەوەی سیمانتیکە بە ڕێزمانەوەو مەبەست لێی دیاریکردنی سنووری واتایە بە توانستی زمانییەوەو ئەو لایەنانەی واتایش وەك : (مەبەستی قسەکەر، دەوروبەرو...)، کە لە چالاکی‌و توانای زمانییەوە وەردەگیرێن. ڕەنگرێژیی نەخشەی بنەڕەتیی ئەمە لە پەرەپێدانی ئەوکارەوەبوو بڕوانە(١/٣)، کە (**1963 _Katz&Fodor**) دەستیانپێکردبوو**[110]**. بەپێی ئەم لێکدانەوەیە، گۆکردنی پێکهاتەی سیمانتیکیی، لێکدانەوەی سیمانتیکیی دروستەی قووڵمان بۆ فەراهەمدێنێت، چونکە کارو ئەرکی سیمانتیکیی بریتییە لە پەسنکردنی واتاو پەسنکردنی پەیوەندییە واتاییەکان**[111]**. ئەمەش بەهۆی یاسا سیمانتیکییەکانەوە (** Semantic Rule **) جێبەجێدەبێت. لێکدانەوەی سیمانتیکیی یان نواندنی سیمانتیکیی، کە لە دەرەنجامی جێبەجێبوونی ئەو یاسایانەوەیە، کە دیاریخەری ڕوکارە سیمانتیکیە (** Semantic Aspects **) جۆراوجۆرەکانی ڕستەیەکن، بەرجەستە دەبن. هەرچی گۆکردنی یاسا سیمانتیکیەکانە دیاریکردنی ڕوکارە سیمانتیکیەکانی وەك: زانین، نرخی ڕاستیی دەربڕاوو ڕستەکان لەخۆدەگرێت.**

**نیشانە سیمانتیکیەکان (** Semantic Features **) پێکهێنەری بنەڕەتی یاسا سیمانتیکییەکانن. نیشانە سیمانتیکیەکان (توخم، مرۆڤ، گیانلەبەر، بزواو،...) دەگرێتەوە. ئەگەر هاتوو وشەیەك یان کۆمەڵە وشەیەك لە یەکێك یان زیاتر لە نیشانە سیمانتیکیەکانیاندا هاوبەش بن، وەك (مەڕ، شەمشەمەکوێرە، دۆلفین)، کە نیشانەی سیمانتیکیی (+ مێ، +شیردەر+..)ییان هەیە. هە رچەندە (_ مرۆڤ)ن، ئەم نیشانانە سیمای واتای بنەڕەتی بوار یا کێڵگە سیمانتیکییەکان[112] پێکدەهێنن. بە واتایەکی تر دروستەی**

---

* پێکهاتە سیمانتیکیەکان بنەڕەتی یاساکانی پەیوەندکردنی سینتاکس _سیمانتیك پێکدەهێنن، بۆیە دەخوازێت بە وردی لەم پارەدا بیخەینەڕوو، بۆ پراکتیزەکردنیشی بڕوانە پارەکانی داهاتوو.

[110] بڕوانە: .Katz&Fodor (1963) & D.Steinberg (1999:38)

[111] بڕوانە: محەمەدی مەحوی (٢٠٠٩: ١١١).

[112] بڕوانە: هۆگر مەحمود فەرەج(١٩٩٣)، فەرهادتۆفیق حسن(٢٠١٠).

کێڵگە سیمانتیکییەکان پێکدەهێنن‌و بوارە سیمانتیکییەکان لە نیشانە سیمانتیکییەکان بەرهەمهێنراون. ((نیشانەی سیمانتیکیی ڕێنوێنکەرمانە بۆ نواندن‌و پەسنکردنی ( تایبەتمەندیی، پەیوەندی، حاڵەت، کردە) ی وشەیەك. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە نیشانەی سیمانتیکیی بە ئارگومێنت داواکەری سیمانتیکی چوێنراوە))[113].

بۆ دیاریکردنی پێکهاتەی سیمانتیکیی وشەیەك‌و بۆ تێگەیشتن لە واتاکەی پێویستە ئەو وشەیە بۆ ئەو یەکە پێکهێنەرانەی دروستەی پێکهاتەی سیمانتیکی بەرهەمدێنن، شیبکەینەوە.

داهێنانکـاریی و درككردنـی قـسەكەرانی هـەر زمانێـك لـە دەربـڕاوی بـێ شـومار، ئـەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤ بەهۆی سنورداركراوی مێشكییەوە، پێویستە پێڕەوێكی بەبەرهەمیی بۆ بنیاتنانی دەربڕینی نوێ بە پێی کردە دەرونییەکانی(بەرهـەمهێنان‌ودرككردن) هـەبێت، کە بنەمایـەكی دیـاریكراوەو خـەزنكراوە لـە یادگـەدا. بڕوانـە پرسـیارێكی وەك (٣) دەگونجێـت چـەندین وەڵامـی وەك (٤_أ_پ) بـۆی هـەبن. لەبەرئـەوە بـۆ لێكدانـەوەی ئـەم دوو حاڵەتـە پێویستە ڕەچاوی دروستەی ڕوکەش بکەین.

٣- ڤالان بۆ بردنەوە دیاریکراوە؟

٤-أ- بەدڵنیاییەوە دەرناچێت.

ب- لەوانە نییە کاندید کرابێت.

پ- نا. هەڵبژاردن بەئەنجام ناگەیەنرێت.

بـەم بنەڕەتـەی دیـاریكراوە گـوتراوە (("فەرهـەنگ"و پێـڕەوە بـە بەرهەمەکەیـشی بـە ڕێزمـان دانراوە[114])). واتە گۆکردنی زانینی زمانیی داوای دوو پێکهاتە دەکات[115]:

١. دیــاریكردنی لیــستێكی دروســتەیی کەرەســتەکان، کــە گۆڕاوەکــان بەهۆیــەوە لێکبدرێنـەوە، ئەمـە لـە کۆنـدا بـە فەرهـەنگ نـاوبراوەو بـە کەرەسـتەکانی گـوتراوە کەرەستەی فەرهەنگی.

٢. دیاریکردنی دەستەی بنەڕەتی لێکدراوەکان یان ڕێزمان، بۆ ئەوەن، کە بە وردیی‌و لە نزیکەوە بزانین قسەکەر چی لەمێشکیدا هەیە.

تیـۆری سـیمانتیکیی پێویـستە دەرکردەکـانی بەشـێوەیەك دابڕێـژێت، کـە لەگـەڵ توانـای لێکدانەوەی قسەکەراندا بگونجێت. بۆ ئەم مەبەستەش کەرەستەو پێکهاتەکانی سیمانتیك

---

113 D.Steinberg (1999:37)

114 P.Culicover & R.Jackendoff (2005: 10).

115 بڕوانە:.R. Jackendoff (2009:38)


**دیاریکراون[*] و بریتین[١١٦] لە فەرهەنگو یاساکانی پرۆژە سازدان، دروستەی قووڵو کۆتو بەندی هەلاَویرکردن.**

**٢/٢_١) فەرهەنگ:**

**هەرچەندە پێشتر فەرهەنگ بە پاشکۆی ڕێزمان یان بە لیستی ناڕێزمانیەکان دانرابوو[١١٧]، بەلاَم زۆرێك لە ڕێبازەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە فەرهەنگ تەنها لیستی نادروستەیی یەکەکان ناگرێتەوە، فەرهەنگ لە سیمانتیکی لێکدەرەوەیدا تایبەتمەندییەکانی ئەو ڕۆڵە دەگرێتەوە، کە هەر کەرەستەیەکی فەرهەنگیی هەیەتی. بەشێوەیەکی وردتر، کەرەستە فەرهەنگیەکان دروستەی ناوەکیی خۆیانیان هەیە، کە بەهۆی یاسا فەرهەنگیەکانەوە دەنوێنرێنو بریتین لە[١١٨]: یاساکانی فۆڕمداڕشتن (formation rules) و یاساکانی هەڵگواستن (گواستنەوەکان) و یاسای کۆتوبەندکردنومەرجوسنوردانان (constraint).**

**یاساکانی فۆڕمداڕشتن دیاریکەری چۆنیەتی لێکدانی کەرەستە فەرهەنگیەکانە لەناو یەکەی گەورەترداو دەڵێت: چۆن ئەم یەکانە لە گەورەترین یەکەدا لێکدەدرێن. یاساکانی دروستەی فرێز نموونەی یاسای فۆڕمداڕشتنە، وەك بۆ نمونە فرێزی ناوی ئەم یاسایەی هەیە[**]، (بڕوانە (٢_٢)).**

1. NP ⟶ Det – AP – N




**هێڵکاری(٢_٢)**

---

[*] **بۆ چۆنێتی کارکردنی هەریەك لەم پێکهاتانەی سیمانتیك لە دیاریکردنی نواندی فەرهەنگیو ڕۆڵە بابەتانەکانودروستەی چەمکی بڕوانە بەشی سێهەم.**

[116] **بڕوانە:** J. Katz & J. Fodor (1963:181).

[117] **بڕوانە:**. F. Katamb (1993:297).

[118] **بڕوانە:** R. Jackendoff (2009:41).

[**] **یەکێك لە پێکهێنەرەکانی سینتاکس بریتیە لە فەرهەنگ، بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە بەشی یەکەم.**

لەڕاستیدا یاساکانی فۆڕمداڕشتن لە زماندا بۆ چەشنی گۆڕاوەکان بەکاردەهێنرێن، هەر وشەیەك چوار گۆڕاوی هەیە (N ،AP ،Det ،NP)! ئەم گۆڕاوانە چەشنی پۆلەڕەگەزی وشەکان دیاریدەکەن.

ڕوکاری بنەڕەتی یاساکانی فۆڕمداڕشتنی فەرهەنگی سێ لایەنەیە: دروستەی فۆنۆلۆژی، دروستەی سینتاکسیی ودروستەی سیمانتیکیی، لە ناواخنیاندا هەندێك شت هەن، کە پێویستە ئاماژەیان پێبدرێت. دروستەی سینتاکسی فەرهەنگی دیاریکەری ئەو پۆلەڕەگەزەیە کە ئەو کەرەستەیە سەر بەوە، ئەم پۆلەڕەگەزانەش پێکهاتووە لە بەشەکانی ئاخاوتن، ژمارە، کەس، توخم...

فەرهەنگ تەنها کەرەستە فەرهەنگیەکان ناگرێتەوە، بەڵکو ئەو شێوەو نەخشە ئەبستراکتانەیش دەگرێتەوە، کە کەرەستەکان دەتوانن تایبەتێتیە (زگماکی)ییەکانی لەخۆبگرێت. ئەم نەخشەیە پەیوەستکردنی گۆڕاوە سینتاکسیەکانە لەگەڵ واتاکانیاندا. بەگشتی، یاسای فۆڕمداڕشتن، دوو چەشنی لێدیاریکراوە، کە یاساکانی هەڵبژاردن و یاساکانی پێکهاتەی نیشانەکانن. هەردووکیان چەشنی گۆڕاوەکان لەخۆدەگرن.

جۆری دووهەم/ یاساکانی هەڵگواستنن (گواستنەوەکان): یاساکان بە تەواوی پێکهاتەی دروستەو گۆڕانکاری ڕوکارەکان دەخاتەڕوو، بەشێوەیەك، کە بریتیە لە پەیوەندی نێوان دوو دروستەو یەکێکیان زۆر نادیارە بێت و ئەویتریان ڕون و ئاشکرا دەبێت. واتە، هەر لە هەڵگواستنی کەرەستەکان لە فەرهەنگدا بەرامبەر بە چەمکەکان، تا دەگاتە ئاستی فۆنەتیکی و درکاندن(ئاخاوتن).

یاسای سێهەم/ کۆت و بەندەکانن[119]، کە جۆرێکی ئەو یاسایانەیە، کە مەرج و کۆت و بەندی زیاتر لەسەر ئەو دروستانە دادێت، کە لەلایەن یاساکانی فۆڕمداڕشتن و هەڵگواستنەوە بنیاتنراون. بۆ نمونە خودی کەرەستە فەرهەنگیەکان بەسەر ئەو دروستانە مەرج دادەنێن، کە ئەمان تێیدان. کردار لە دیاریکردنی فرێزی ناویدا، کە لەمەیشەوە تێپەڕی و تێنەپەڕی کردار دێتە ئاراوە.

فەرهەنگ بە بەشێك لە پێکهاتەی یاسای پەیوەندکردن دانراوە*. چونکە ((یەکەی فەرهەنگی بنیاتی پەیوەندکردنی فۆڕمدروستی فۆنۆلۆژی و سینتاکسی و چەمکی لەخۆدەگرێت))[120]. ئەوەی بەڵگەنەویستەو ڕاستیەکی کرۆکیە ئەوەیە، کە یەکەمین پێکهاتەی سیمانتیکی هەر زمانێك بریتیە لە فەرهەنگی ئەو زمانە. هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ دوو مەرج، کە لەسەر

---

[119] بۆ زانینی چۆنێتی کارکردنی ئەم یاسایانە لە فەرهەنگدا بڕوانە، .R. Jackendoff (1991:17).

* بڕوانە بەشی سێهەم.

[120] R.Jackendoff(1991:18).

بنەمای دیاریکردنی پەسنکردنی ڕێزمانیی دانراوە. هەرچی یەکەمە ئەوەیە، کە لێکدانەوەی سیمانتیکی ڕستە لە سەر واتای مۆرفێم و وشە پێکهێنەرەکانی و پەیوەندییە سیمانتیکییەکانی لەنێوان مۆرفێم و وشەکاندا دەوەستێت. دووهەمیش ڕێزمان ناتوانێت ئەو ڕستانەی کە لەڕوی سینتاکسیەوە لە ڕەگەوە جیاوازن و واتای چونیەکیان هەیە بەتەواوی لێکبداتەوەو پێویست بە گەڕانەوە دەکات بۆ فەرهەنگ، لەبەرئەوە بە پێکهاتەیەکی پێویستی سیمانتیك دانراوە. بەهاو دروستەی دەروازەی فەرهەنگی هەر کەرەستەیەکی فەرهەنگی لە سیٚ چەشنە زانیاری پێکهاتووە کە بە زانیاری فەرهەنگی دانراون ،(ا) زانیاری فۆنۆلۆژی (ب) زانیاری سینتاکسی، نیشانە ڕێزمانیەکان کە پۆلێنکردنی بەشەکانی ئاخاوتنی کەرەستە فەرهەنگیەکان وەك {ناو، کردار،...} دیاریدەکات. ئەم دوانە بە ڕێزمان دانراون[121]. (پ) زانیاری سیمانتیکی یان نیشانەی سیمانتیکی، کە هەر جیاکارییەکی چەمکیی کەرەستە فەرهەنگیەکان لەو حاڵەتەدا، کە وەك بەشەکانی ئاخاوتن وەردەگیرێن دەنوێنێت. یان چەمکی گشتی و هاوبەشەکانی نێوان وشەکان دەستنیشاندەکات، کە سەر بە یەك بواری واتایین و بەهۆیەوە وشەیەك لە وشەکانی تر جیادەکاتەوە بەپێی سیما جیاکەرەوەکانی[122]. فەرهەنگ بە بەشێك لە پێکهاتەی سیمانتیکیی دانراوە، وەك وشە نامەکان لە ژمارەیەك دەروازەی فەرهەنگیی پێکهاتووە، کە مۆرفیمەکانن (بچوکترین یەکەی دەنگین، کە هەڵگری واتابن). واتای کەرەستە فەرهەنگییەکان بەشێك لە دروستەی قووڵ پێکدەهێنن[123]*.

یەکێك لە لێکدانەوەکانی واتای ڕستە، گەڕاندنەوەیە بۆ واتای وشە پێکهێنەرەکانی. هەرچەندە واتای تەواوی ڕستەیەك تەنها لە واتای یەکە پێکهێنەرەکانییەوە بەدەستناخرێت*، بەڵکو لەگەڵ واتای وشەکاندا، چۆنێتی ڕیزبەندیی وپەیوەندیی و ناوکۆیی و هاوبەشی نێوان وشەکانیش پەیوەندی ناواخنیی زمانیی ومەبەستی قسەکەرو دنیا بینیی و...وەك ( پەیوەندی دەرەوەی زمانیی)، لە پێکهێنەرەکانی تری دەستنیشانکردنی واتای ڕستەکانن، وەك لە (٥، ٦) دا ڕونکراوەتەوە:

٥_ا) ڤالان ئالانی ترساند.

ب) ئالان ڤالانی ترساند.

---

[121] بڕوانە: .D.steinberg (1999: 35 )

[122] بڕوانە: عەبدولواحید موشیر دزەیی(٢٠٠٩: ٥٥)و (٢٠١٠ : ١٤٤).

[123] D.Steinberg (1999: 37).

* بۆ نموونە دەربڕاوە نادارشتەییەکان لەم چەشنەن ، بڕوانە بەشی سێهەم.

٦_ا) کچەکەی بە شوودا. (بەشوودانی کچێکە).

ب) کچەکەی بە شوودا. (بە واتای ئیدیەمی واتە هەڵخەڵەتاندن و فریودان و لە خشتەبردن دەگەیەنێت).

بەم شێوەیە تایبەتمەندیی ڕستە لەوەدایە بەڕونی دەربڕی بیرێك یان چەمکێکە، کە دەگونجێت ڕاست یان هەڵە بێت، بەپێی دەوروبەرو ژینگەی وتن. لەمەوە ئەو بنەمایە دیاریکراوە، کە ((تایبەتمەندییەکانی وەك زانیاریو نرخی ڕاستیی ڕستەکان، مەرج نیە تایبەتمەندی وشەکان بێت[124])) (بڕوانە (٧)):

٧_ا) مندالٌ پەرییە.(واتە مندالٌ فریشتەیە).

ب) پەری منداڵە. (پەری کچێکە، منداڵە).

چەمك‌وبیری ئەم دوو ڕستەیە چونیەك نین. ڕستەی (٧_ا) چەمکی ( مندالٌ وەك پەری (فریشتە) یە)و ڕستەی (٧_ب) چەمکی ( کچێك ناوی پەرییەو منداڵە) دەگەیەنێت. کەواتە هەرچەندە هەمان فۆڕمیان هەیە، بە گۆڕینیان واتای جیاواز دێتە ئاراوە.

دەستەیەك لە یاساکان دەتوانرێت لەسەر بنەمای لێکدانی نیشانە سیمانتیکییەکان و تەرزە نموونەکان دابڕێژرێت، کە لە لێکدانی ڕستەکاندا بۆ دەستخستنی زانیاریو نرخی ڕاستیی ڕستەکان ئەژماردەکرێن. بۆ ئەمەش لە (٧_ا، ب) دا دەتوانین ئەم یاسا سیمانتیکیانە هەڵهێنجین، لە (٢_٣) دا دیاریکراوە:

| | بزواوی | مرۆڤ | ڕەگەز |
|---|---|---|---|
| مندالٌ پەرییە. | | | |
| مندالٌ | +بزواوی | +مرۆڤ | +نێرومێ |
| پەرییە | +بزواوی | _مرۆڤ | _ نێرومێ |
| | ϕ | جیاواز | جیاواز |

پەری منالە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| پەری | +بزواوی | +مرۆڤ | +مێ |
| منالە | +بزواوی | +مرۆڤ | +مێ |
| | ϕ | ϕ | ϕ |

هێلکاری(٢–٣)

[124] بڕوانە: D.Steinberg (1999: 38). & R. Jackendoff (2009:28)

**بــە گــشتیی هــەموو فەرهــەنگێك ئاســایی چــوار زانیــاری دەربــارەی کەرەســتەکانی تێــدا دیاریکراوە:(ا) بەشەکانی ئاخاوتن.(ب) ژمارەی واتاگەلیەکانی.(پ) تایبەتیە سیمانتیکییە پێڕەوبەندەکانی.(ت) نیشانە ناوازەکانی دەگرێتەوە.**

## ٢/٤_٢) دروستەی قووڵ

**دروســتەی قــووڵ (دروســتەی نــاوەکیی، دروســتەی ژێــرەوە یــان بنــەڕەتی)یــشی پێدەگوترێت و یەکێکە لە دوو ئاستە پێکهێنەرەکەی سینتاکس. دروستەی قووڵ نواندنی سینتاکسی ئەبستراکتی ڕستەیەکەو زانیاریمان دەربارەی چۆنێتی لێکدانەوەی جیاواز بۆ ڕستەیەك دەداتێ، کە هەمان دروستەی ڕوکەشی هەبێت و لە دروستەی قووڵدا جیاوازبن وەك (لێڵـی) هـەروەها ئاسـتی ژێـرەوەی دروسـتەی ڕێکخراوەیەکـە، کـە دیاریکـەری هـەموو ئـەو هۆکارانەیـە، کـە جڵـەوی ئـەو ڕێگایانـە دەگرێـت، کـە بەهۆیـەوە پێویـست دەبێـت ڕسـتەیەك لێکبدرێتـەوە[125]. دروسـتەی قـووڵ واتـە دروسـتەی ژێـرەوە، ئـەو دروسـتەیەیە، کـە لـەدوای دانــان و دامەزرانــدنی کەرەســتە فەرهەنگییەکانــەوە (کۆتــا زنجیرەیــە بــەهۆی هەڵگواســتنی سیمانتیکی دەگوێزرێتەوە) بەرهەمدێن[126]. فەرهەنگ دەبێت هەندێك لە یاساکانی تێدا بێت، وەك یاســاکانی وشەدروســتکردن، یاســاکانی دروســتەی وەچــەپێکهاتە دروســتەییەکان، بەواتای تێکردەی کەرەستە فەرهەنگیەکان لەو دروستانەدا دروستەی قووڵی ڕستە دێنێتە ئـاراوە، بـەم پێیـە بنـەما دروسـتەییەکان دەکاتـە یاسـاکان[127] بەگـشتی دروسـتەی قـووڵ[128] پەســنی دروســتەی ژێــرەوەی دەربــڕاوە زمانەوانیــەکان دەکــات و دیاریکــەری پەیوەندییــە ڕێزمانیــەکان و گــۆکردنی کەرەســتە سینتاکــسیەکانە لەگــەڵ ئــەوەی واتــای زمانــەوانی کەرەستەکانی ڕستەیەك، لێکسیمەکانێتی. ئەوەی گرنگە لەم ئاستەدا، ئەوەیە دروستەی قووڵ بە دیاریکەری ئاستی سیمانتیکی دەربڕاوەکان دانراوە. تەنانەت پەیوەندکردنی هەر چەشنێکی زانیاری چەمکی بەرجەستە نابێت بەبێ بوونی پێکهاتەی دروستەی قووڵ[129]، بە واتا دروستەی قووڵ بە بنەڕەتی کردەی پەیوەندکردنی زانیاری دانراوە.**

---

[125] بڕوانە: D.Crystal (2003:125).

[126] بڕوانە:.D. Steinberg (1999:72)

[127] بڕوانە:.G.Trauth&K.Kazzazi (1996:113)

[128] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە محەمەدی مەحوی (٢٠٠٩: ١٣).

[129] بڕوانە: J.Uriagereka (2008:29).

### ٤/٢_٣) کۆتوبەندی هەڵاوێرکردن

کـۆت وبەنـدی سینتاکـسی_سـیمانتیکیە، لەسـەر هەماهـەنگی نێـوان کەرەسـتە فەرهەنگییـەکان، کـە ڕێگـرە لـە هەڵگواسـتنی ڕسـتەیەکی ناڕێزمـانی وەك (بەردەکـە بـیر دەکاتەوە)[١٣٠]، بنیاتدەنرێت. بە واتا ئەو دەربڕاوە دەبێت بەپێی جۆری نیشانەکانی دەوروبەر گونجاوبێـت، بەوپێیـەی نیـشانەی سینتاکـسی دیاریکـەری پەیوەنـدی مەرجـدارە بـۆ هـەر شـوێنێك کـە دروسـتەی قـووڵ و کەرەسـتەی فەرهـەنگی دەتـوانن ڕووبـدەن. کۆتوبەنـدی هەڵاوێرکردن بە بەشێك لە دەروازەی فەرهەنگی کەرەستە فەرهەنگییەکان و بە بەشێکیش لـە واتای کردار دیاریکراوە. نیشانەکانی هەڵاوێرکردن دیاریکەری کۆتوبەندی ڕێپێدراوی سەر لێکدراوێتی کەرەستە فەرهەنگییەکانە لەناو دەوروبەرێکی ڕێزمانیی دیـاریکراودا[١٣١].بەوەی ڕێگـە نـەدرێت ڕسـتەیەکی ناڕێزمـانی بەرهـەمبهێنرێت، دوو جـۆری لێدەستنیـشانکراوە: (ا) هەڵاوێرکردنی سیمانتیکیی[١٣٢] semantic selection (ss) بریتییە لە دیاریکردنی ژمارەو جـۆرو سروشـتی ئـەو ئارگۆمێنتانـەی، کـە هـەڵگری ئـەو ڕۆڵـە بابەتیانـەن، کـە لەلایـەن ئارگۆمێنـت_داواکـەرەوە پێیانـدەدرێت، تـاوەکو کـردەی کـردار تـەواوبێت/تـەواوبکرێت. هەروەها بە ژمارەیەك تایبەتێتی ئارگۆمێنتەکانیش دەگوترێت، کە هەڵگری ڕۆڵی بابەتانەی دیـاریکراون. هـەڵاوێرکردنی سـیمانتیکی (SS) مـەرج و یاسـای خـۆی هەیـە. یاسـای هەڵاوێرکردنی سیمانتیکی ئەوەیە، کە هەموو ئارگۆمێنت_داواکەرێك دەتوانێت بەپێی ئەو ڕۆڵـە بابەتانەیـەی لـە تـۆڕی بابەتانەیـدا هەیـەتی، هـەڵاوێرکردنی سـیمانتیکی کۆمەڵـە ئارگۆمێنتێك بکات.

لـە ڕوی سـیمانتیکەوە (بەردەکـە بـیر دەکاتـەوە) نادروسـتەو هۆکـەی بـۆ هـەڵاوێرکردنی سیمانتیکی دەگەڕێتەوەو لە تۆڕی بابەتانەی /بەرد/ دا تایبەتێتی ئەو ڕۆڵە بابەتانەیەی کە دیاریکراوە /_بیرکردنەوەیە/و لە(بیرکردنەوەشدا) /_بەرد/ە.

(ب) هەڵاوێرکردنی پۆلەڕەگەزی[١٣٣] category selection (cs) بریتیـە لـە دیارییکردنی چەشن و جۆری تایبەتمەندیی پۆلەڕەگەزی سینتاکسیی تەواوکەرەکان(بڕوانە بەشـی یەکـەم). بـەواتا، ئارگۆمێنـت_داواکـەر(کـردار بـە نمونـە) کـام چەشـنەی پۆلەڕەگـەز وەك فرێـزی نـاویی/فرێـزی تەواوکـەریی داوادەکـات. ئارگۆمێنـت_داواکـەر هەیـە، هـیچ تەواوکـەرێك داواناکـات و ئارگۆمێنـت_داواکـەر هـەن، یـەك فرێـزی نـاویی داوادەکـەن. بـۆ نمونـە/گـرتن،

---

[١٣٠] بڕوانە:.G.Trauth&K.Kazzazi (1996:419).

[١٣١] بڕوانە:.D.Crystal(2003: 409).

[١٣٢] بڕوانە: Cook & New Son (1997: 161) .

[١٣٣] بڕوانە: B.Latif Muhedeen (2008:6).

پێگـرتن/ داواکارییـەکانیان جیایـە، /گـرتن/ لـە تـۆڕی بابەتانەیـدا/کـارا، کـارتێکراو/هەیـە، /پێگرتن/ئەو ڕۆڵانەی دەیبەخشێت/کارا، کارتێکراو، ئامێری/، وەك(٨).

٨_ا- ڤالان چۆلەکەی گرت.

ب- ڤالان چۆلەکەی بە ڤاریَ گرت.

## ٢/٤_٤) یاسای پرۆژە سازدان

یاساکانی لێکدانی کەرەستە فەرهەنگیەکانن، کە واتایەك دەدەنە پاڵ ڕستەیەك وەك گـشتێكو ئەمـەیش بـە ڕێـساکانی پرۆژەسـازدان ناسـراوە[١٣٤]. پێکهاتەیـەکی سـیمانتیکییە، یـەکگرتنی تایبـەتێتی سینتاکـسیی و سـیمانتیکیی(یـەکگرتنی دروسـتەی سینتاکـسی و دەروازەی فەرهـەنگیی) وەك حالـەتێکی فەرهـەنگی دەگەیـەنێت، یـان پەیوەسـتکردنی ئاسـتەکانی دروسـتەی قـووڵ و ڕوکـەش و فـۆڕمی لۆژیکییـە پێکـەوەو بـۆ گەیـشتنە بـە لێکدانـەوەی سـەرتاپای واتـای ڕسـتەیەك بـەهۆی هـەنگاو بـە هـەنگاو (پـرۆژە سـازدان)[١٣٥]ی واتای تاکەتاکەی پێکهاتووەکانی لە نزمترین ئاستی هەڵگواستنەوە بۆ بەرزترین ئاست. بەم شـێوەیە یاسـاکانی پـرۆژە سـازدان لەسـەرو پەیوەنـدی هـەرەمی پێکهـاتووە لـە دروسـتەی قووڵـدا. وەهادەردەکـەوێت، کـە یاسـاکانی پـرۆژە سـازدان وەك ئـەو کـردە ئاوەزییانـە بـن، کـە لـەلای قـسەکەرو گـوێگر بـۆ درکپێکردنـی واتـای گـشتی ڕسـتەیەك دەخرێتـەکار. زانینـی فەرهـەنگیی بـەکاردەهێنرێت بـۆ پەیوەندییـە سینتاکسیەکانی ئـەو کردانـەی، کـە یاسـاکانی پـرۆژە سـازدان جێبـەجێیان دەکـات و وەك یەکخـستن (لـەحیمبوون) (amalgamation) ناسـراوە[١٣٦]، یـان بـە چۆنێتی کۆکردنـەوەی واتـای کەرەسـتەکان لەگـەڵ یـەك دانـراوە، کـە لـە ڕێگـای کـۆتی هەڵبژاردنـەوە ئەنجامـدەدرێت،. یاساکانی لێکـدان و کـەوتن دوو ڕۆڵ دەگێـڕن: جیاکردنـەوەی ڕسـتەی واتـادارو نـاوێزە، لەگـەڵ دەستنیـشانکردنی نواندنـە واتاییـەکانی ڕسـتە[١٣٧]. یاسـای پـرۆژە سـازدان لـە پێـشدا بـەم شـێوەیە دیـاریکرابوو، بـەڵام ئێـستا بـە یاســاکانی پەیوەنــدی (interface rule) و یاســاکانی پــەیکاڵبوون/ ڕێککـەوتن(correspondenc rule) نـاودەبرێن(بڕوانـە بەشـی سـێهەم)، ئـەمانیش ئـەو

---

[١٣٤] بڕوانە:.(B. H. partee (2007:2

[١٣٥] بڕوانە: محمد حماسة عبد الطيف(١٩٨٤ :٣٧).

[١٣٦] بڕوانە:.(G.Trauth&K.Kazzazi (1996:385

[١٣٧] بڕوانە: عەبدولواحید موشیر (٢٠١٠: ).

یاسایانەی نێوانگری نێوان سینتاکس‌و سیمانتیك دەگرنەوە[١٣٨]، كە پەیوەندی سینتاكس‌و سیمانتیك دیاریدەكەن.

لەلایەكی ترەوە بنەڕەتی پڕۆژەسازدان بە بنەمایەكی تیۆری ڕۆڵی بابەتانە(سێتا) دانراوە. تیۆری سێتا ئامـاژە بـە ڕۆڵـی بابەتانـەی ئارگۆمێنتـەكانی كـردار دەكـات، بـە واتـاییێكی تـر (تیۆری سێتا) لە GBیدا مۆدێلێكە مامەڵە لەگەڵ داواكارییە گونجاوەكانی كرداردا دەكات‌و كۆمەڵێك ڕۆڵی تایبەتی لە سنوری كرداردا بە یەكەوە دەبەستێتەوە[١٣٩] یان ئاماژە بەو ڕۆڵانە دەدات، كـە لەلایـەن ئارگومێنـت داواكـەرەوە بـە ئارگومێنتـەكانی دەبەخـشرێت. ئەمانـە لـە گـۆكردنی ڕۆڵـی بابەتانـەو پەیوەنـدی ڕۆڵـی بابەتانـە پێكهـاتووە. ئـەم تیـۆرە هاوشـێوەی ڕێزمانی باروحاڵەت‌و دۆخی ڕێزمانی لێكدەدرێتەوە‌و تەنها جیاوازی لەوەدایە، كە تیۆری ڕۆڵـی بابەتانە لـە ئاسـتی قـووڵ‌و ڕێزمـانی باروحاڵـەت لـە ئاسـتی ڕوكەشـدا جێبەجێـدەبن. لێرەدا تایبەتییەكانی نیشانەپێدانی بابەتانەی هەر كەرەستەیەكی فەرهەنگی دەنوێنرێن یان بـە پـڕۆژە سـازدەكرێن لەلایـەن هـەر ئاسـتێكی سینتاكـسییەوە[١٤٠]. بـەوەی لـە دەروازەی فەرهەنگی هەر دروستەی ئارگومێنت داواكەرێكدا تۆڕی بابەتانانە هەیە (كارایی، ئامێریی، كـارتێكراوی، ئامـانجی، شـوێنیی، سەرچـاوەیی، تاقیكـەرەوەیی، بابـەتی‌و سـودمەند) بـە ئارگومێنتـەكان دەبەخـشرێن[١٤١]! لەمـەوە ژمارەوسروشـت‌و جـۆری ئارگومێنـت داواكراوەكـان دیاریدەكرێن.

Katz & Fodor پێشنیازی ئەوەیانكردووە، كە دەبێت لێكدانەوەی سیمانتیكی بەهۆی دەسـتەیەك لـە یاسـای پڕۆژەسـازدان جێبـەجێبكرێن، یاسـای پڕۆژەسـازدان بـۆ دوو پـۆل دابەشـكراوە[١٤٢]: (أ)ئەوانـەی كـە بەشـداری لەگـەڵ یاسـاكانی دروسـتەی فرێـزدا دەكـەن و نـاونراون بـە (چەشـنی (1)* یـان p1). (ب) ئەوانـەی كـە بەشـداری لەگـەڵ یاسـای گواستنەوەكاندا دەكەن (چەشنی 2/ p2)ن**.

---

[١٣٨] بڕوانە: P.Culicover (1995) & R.Jackendoof (2005: 1).

[١٣٩] سەباح ڕەشید قادر(٢٠٠٩: ١٠٦).

[١٤٠] بڕوانە: K.Malmkjaer (1995:663).

[١٤١] بڕوانە: Cook & New Son (1997:162).


[١٤٢] بڕوانە: R. Jackendoff (1972:5).

* چەشنی (1) خوێندنەوەی درەختەكە لە نزمترین پێكهاتەكان لە درەختەكەداو خوێندنەوەی یەك لەدوای یەكی یەككگرتنی پێكهاتەی خوشكەكان بۆ بەرهەمهێنانی پێكهاتەی دایك دەخولقێنێت. لە كۆتاییدا هەموو خوێندنەوەكان یەكدەگرن‌و لەسەر بەرزترین گرێی ڕستەكە خوێندنەوەیەك بەشداری دەكات كە یاساكانی پڕۆژەسازدانە پێتدەڵێت كە چۆن ئەو دەركردەیە بەرهەمبهێنرێت، نموونەی ئەمەش وەك یاسای یەككگرتنی لێكدانەوەی تردا لەگەڵ لێكدانەوەی بكەر یا بەركارەكەی.

** چەشنی (2) یاساكانی ئەم چەشنە ئەوە نیشاندەدەن كە چۆن گواستنەوەكان واتا دەگۆڕن. چونكە هەر گواستنەوەیەك گۆڕانێكی واتایی بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

پڕۆژەسازدان، هەڵبژاردن و چۆنییەتی پێکهاتی واتای وشەکان لە گرێ و ڕستەدا دەستنیشان دەکات. ئەم کارەیش لە ڕێگای شیکردنەوەی درەخت– ئاسادا دەنوێنرێت و هەر خوێندنەوەیەك شیکردنەوەیەکی بۆ دەکرێت[143]. لە سەر بنەمای ڕێسای پڕۆژەسازدان، نواندن و داڕشتەکان لەسەر هەر ئاستێکی سینتاکسی_ئاستی قووڵ و ڕوکەش و لۆژیکیی– بەرهەمی نیشانە تایبەتیەکانی وەچەپۆل_دیاریکردنی کەرەستە فەرهەنگیەکانن. ئەو ئارگومێنتانەی، لەسەر ئاستی قووڵ ڕۆڵی بابەتانەیان پێبەخشراوە، گۆکردنی ڕێزمانیان هەیە. بۆ دەستنیشانکردنی یاساکانی پڕۆژەسازدان بەپێی پێکهاتە سیمانتیکییەکانی تر لەگەڵ فەرهەنگدا، ڕستەو پەسنکردنی ڕێزمانیی (دروستەو جێکەوتەو پەیوەندیو...) تێکردەن بۆ تیۆرە سیمانتیکیەکان[144] و دەرکردەکەی لێکدانەوەی سیمانتیکی هەر ڕستەیەکە، کە خۆی تێکردەکەی بووە (٢-٤).

هێڵکارییەکە تێکردەیەکمان بۆ تیۆری سیمانتیکی دەداتێ، لەگەڵ دواپەسنکردنی دروستەی کۆتایی ئەو ڕستەیە، دەرکردەی تیۆری سیمانتیکی بە (k) دانراوە، (n)، ناکۆتا و(m)، واتە کەرەستەی فەرهەنگی و (d) یش پەسنکردن و (p)یش دروستەی ناوەوەی کەرەستە فەرهەنگییەکان دەگەیەنێت، کە بە ڕایەڵەکان دانراون.





هێڵکاری (٢-٤)

ئەمە بۆتە بنەما بۆ دیاریکردنی دروستەی سیمانتیکی[145] (بڕوانە هێڵکاری (٢-٥)).

[143] بڕوانە: عەبدولواحید موشیر دزەیی(٢٠١٠: ١٤٥).

[144] J. Katz & J. Fodor (1963:192).

[145] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە R. Jackendoff (1992). & J. Katz & J. Fodor (1963:195).




هێڵكاری (٢-٥)

هێڵكاری (٢-٥) پەیوەندی نێوان پێكهاتەی فەرهەنگ و پێكهاتەی یاساكانی پرۆژە سازدان دەردەخات، تێكردەی پێكهاتەی فەرهەنگ لە (S) ڕستەیەك پێكهاتووە، كە بەهۆی زنجیرەیەك لە كەرەستەی فەرهەنگییەوە ($m_k$, $m_2$, $m_1$) دەنوێنرێت و لەگەڵ دەستەیەكی هەڵگواستنی ڕستە هێمای (p) وەستاوەتە سەر دەستەیەك[١٤٦] ڕایەڵەكان، كە نەخشە كێشراوە لەلایەن دەروازەی فەرهەنگیی هەر كەرەستەیەكی فەرهەنگی، ((بە نواندنی زانیاری فەرهەنگی دەوترێت تۆڕی سیمانتیكی))[١٤٧]. لە ڕستەدا تاڕادەیەك هەر ڕایەڵێك لە دەروازەی فەرهەنگی كەرەستەی فەرهەنگی لەو شێوەیەدا و لەو دەستەیەدا دەبێت. ئەگەر ڕایەڵەكە لە نیشانەی ڕێزمانی پێكهاتبوو، كە دیاریكەری كەرەستە فەرهەنگیەكانە ، ئەوا ڕۆڵە سینتاكسیەكان لە هەڵگواستنەوە دێت و ئەو هێڵە لارە پەیوەندی نێوان كەرەستەی فەرهەنگیی و وەچەپۆلی دەستەی ڕایەڵەكە لە دەروازەی فەرهەنگیدا دەنوێنێت. بۆ چۆنێتی ڕونكردنەوەی تیۆری سیمانتیك لە لێكدانەوەی واتای ڕستەیەكدا. بڕوانە نموونەیەكی وەك:

٩- منداڵەكە تۆپە ڕەنگاوڕەنگەكەی هەڵدا.

پێكهاتەی یاساكانی پرۆژە سازدان، ئەم ڕستەیە وەردەگرێت و ئەم هەڵگواستراوە وەك تێكردەیەك دیاریدەكرێت. یەكەم هەنگاو لێرەدا بۆ یاساكانی پرۆژە سازدان بریتیە لە یەكخستنی هەریەك لە دەستەی ڕایەڵەكان لە چوارچێوەی نیشانە ڕێزمانیەكاندا.

---

146 بڕوانە: J. Katz & J. Fodor (1963:195). R. Jackendoff (1972:5).

147 بڕوانە: R. Jackendoff (1999: 122). R. Jackendoff (1972:5).

سەرەتا، بەپێی تیۆری (X– باڕ)*، هەر ڕەگەزێك سەرێکی (ڕێزمانی) هەیەو پرۆژە گەورەکەی ناوی سەرە ڕێزمانییەکەی هەڵگرتووە. داڕشتەکان لە هەر ئاستێکی سینتاکسی (DS، SS، LF) ئەو پرۆژانەن، کە بەرهەمی فەرهەنگن و بەتەواویی نیشانە تایبەتییەکانی وەچە دیاریکردنی کەرەستە فەرهەنگییەکان دەگرنەوە. نیشانە تایبەتییەکانی کەرەستە فەرهەنگییەکان و مەرج و بنەما بابەتیەکان لە فەرهەنگەوە گوێزراونەتەوە ناو ئاستی قووڵی ڕستەسازیی (DS)ەوە. ئەم کردەیە لەڕێی ڕێسای پرۆژە سازدان و نەخشەو شێوە ئەندازیارییەکانی (X-باڕ) دیاریکراوەو سنوری بۆ دانراوە. توخمە فەرهەنگییەکان پرۆژەکانی ئەو نیشانە تایبەتییانەی (V–/+، N–/+) و ئەو خەسڵەتانەی لە دەروازەی فەرهەنگیی تۆڕی لایەنە بابەتییەکان هەن. "فەرهەنگی ئاوەزیی"، بەواتا "وشە نامەکەی ناو مێشك"، داڕشتەی دەرونزانی زانیاریی فەرهەنگییەکانەو زاراوەیەکە بۆ چۆنێتی "ڕێکخراوەی ئاوەزیی گەنجی وشەکانە". فەرهەنگی ئاوەزیی ئەو بەشە پێکهاتەیەی زانینە زمانییەکەیە، کە زانیاریی (فۆنۆلۆژی و فۆنەتیکی، مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی و سیمانتیك و پراگماتیك و...)ی یەکە زمانییەکان خەزن دەکات[148] ودروستەی ئاوەزیش بریتییە لە ((لێکدانی پراگماتیکی لەگەڵ زانینی دنیایی))[149].

بەشی ڕێزمانیی دیاریخەری ئەو ڕۆڵە سینتاکسیانەیە، کە کەرەستە فەرهەنگییەکان دەتوانن لە ڕستەدا بیگێڕن. بەشی سیمانتیکی واتاگەلی کەرەستەی فەرهەنگیی وەك کۆتا کەرەستەی هەریەك لە جیاکارییە تەواوکراوەکانی ڕایەڵە* لارەکانی ناو درەختەکە، کە دەروازەکەی دەنوێنن دەگەیەنن. واتای کۆتایی هەر ڕایەڵێك شیدەکرێتەوە، یان بۆ واتاگەلێکی پەسنکەرانەیە (بە خورتی دەردەکەوێت) یان بەهۆی هاوواتاییەوە ئەویش بەپێی دەوروبەرەکەی لێکدەدرێتەوە(ئەمەیان سەرپشکیە). لە دیاریکردنی درەختی دەروازەی فەرهەنگی کەرەستەیەك، بە (٢–٦) ڕونکردنەوەکان دەخەینەڕوو:


---

* تیۆری (X_باڕ) وەچە تیۆرییەکی تیۆری (GB) ە، تیایدا چۆنێتی پەیوەندی نێوان سەرەو وەچە پێکهاتەکان بە یاسا دیاریکراوە. بڕوانە پارەکانی داهاتوو. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، .(Rad & G.Trauth&K.Kazzazi (1996:527 V.Cook& Newson(1996 ) & (Ford (2006 ) .

148 محەمەدی مەحوی (٢٠٠٦: ١٢)و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا پێشکەشکراون.


149 R. Jackendoff (2009:123).

* واتاگەلی جیاواز بە ڕێڕەو دەنوێنرێت و هەر ڕێڕەوێك لە دەروازەی فەرهەنگدا واتاگەلی جیاوازی کەرەستەی فەرهەنگی دەنوێنێت. بڕوانە ((Katz & Fodor (1963:189)).





هێڵکاری ژمارە(٢_٦)

بەم شێوەیە دروستەی سیمانتیکی لە دەروازەی فەرهەنگیداو پەیوەندی سیمانتیکی لەنێوان دەروازە فەرهەنگیەکانـدا دیاریـدەکرێت. دەتـوانین پەیوەندیـە سـیمانتیکییەکان لـەنێوان واتاگەلیە جۆراوجۆرەکانی کەرەستەیەکی فەرهەنگیی و واتاگەلیە جۆراوجۆرەکانی کەرەستە فەرهەنگیـەکان بـەهۆی پەیوەنـدی نێوان نیشانەو جیاکەرەوەکانیان بنـوێنین. بـۆ ئەمـەش لـە هێڵکاری (٢-٧) دا درەختی ڕستەی (منداڵەکە تۆپە ڕەنگاوڕەنگەکەی هەڵدا) ڕونکراوەتەوە.




هێڵکاری (٢-٧)

لە هێڵکاری (٢-٨) دا چۆنێتی هەڵگواستنی خراوەتەڕوو:




**هێڵکاری (٢-٨)**

**لە جێبەجێکردنی ڕێساکانی پرۆژە سازدانداٰ، سەرەتا پێش یەکخستنی ڕایەڵەکان، پێویستە ناواخنی ڕایەڵەکان دیاریبکەین. دەستەی ڕایەڵی P4، P5 بریتیە لە:**

P4

**١. ڕەنگاوڕەنگ ← ئاوەڵناو ← (ڕەنگ) ← {جۆراوجۆری ڕەنگی پرشنگدارە} > (شتێکی بەرجەستەیە) (چالاکی کۆمەلایەتیە) >.**

**٢. ڕەنگاوڕەنگ ← ئاوەڵناو ← (نرخاندن) ←{تایبەتمەندی جیاوازی هەیە، ناوازەبوون یان ڕیزبەندیی وێنەیی} > (شتێکی ئێستاتیکاییە) v (چالاکی کۆمەڵایەتیە) > (حەتحەتۆکە) یان پێچەوانەی ڕەش و سپییە.**

**٣. ڕەنگاوڕەنگ ← ئاوەڵناو ← (ڕەنگاڵە) ←{هەمەڕەنگ}.**

**٤. ڕەنگاوڕەنگ ← ئاوەڵناو ← (گونجاندنی ڕەنگە جیاوازەکانە پێکەوە) ←{خەڵکی لە بیردا هەمەڕەنگن یان ڕەنگاوڕەنگن}.**

P5

**١. تۆپ ← ناوێکی کۆنکرێتە ← (چالاکی کۆمەڵایەتیە) ← (گەورە) {تۆپی بەربانگ کە مەبەستێکی کۆمەڵایەتی هەیە}.**

**٢. تۆپ ← ناوێکی کۆنکرێتە ← (شتێکی بەرجەستەیە) ←{شێوەیەکی خڕی هەیە}.**

**٣. تۆپ ← ناوێکی کۆنکرێتە ← (شتێکی بەرجەستەیە) ← {گوللە تۆپ}.**

**٤. تۆپ ← ناوێکی کۆنکرێتە ← (شتێکی بەرجەستەیە) ← {تۆپی قوماش}.**

**٥. تۆپ ← ناوێکی کۆنکرێتە ← (شتێکی بەرجەستەیە) ← {لە بەرزیدایە}.**

**یەکخستنی P4 و P5 بەپێی ئەم یاسای پرۆژە سازدانە جێبەجێدەکرێت:**

**یاسای یەکەم: دوو تۆڕ دراوە بە فۆڕم:**

١. زنجیره یان هۆكاری فەرهەنگی (١)←نیشانەی سینتاكسی سەره ←{١} < دەستەیەك لە زنجیرەی نیشانەكان >.

٢. زنجیرەی فەرهەنگی (٢) ←نیشانەی سینتاكسی دەرخەریی ← {٢}.

یەكخستنی (P4) و (P5) دەستەیەكی هەڵگواستنی تۆڕەكانی (P6) دێتە ئاراوە، وەك خوارەوە:

١. تۆپ + ڕەنگاوڕەنگ ←ناوێكی كۆنكرێتە← (چالاكی كۆمەڵایەتیە) ←(گەورە) ← (تۆپی بەربانگ)← (ڕەنگو دەنگ).

٢. تۆپ + ڕەنگاوڕەنگ ←ناوێكی كۆنكرێتە ←(شتێكی بەرجەستەیە) ←(ڕەنگ) ← {ڕەنگی پرشنگداری هەیە} {شێوەیەكی خڕی هەیە}.

٣. تۆپ + ڕەنگاوڕەنگ ← ناوێكی كۆنكرێتە←(شتێكی بەرجەستەیە)←(ڕەنگاوڕەنگ) ← (گوللەی تۆپ).

٤. تۆپ + ڕەنگاوڕەنگ ← ناوێكی كۆنكرێتە ←(چالاكی كۆمەڵایەتیە) ←(گەورە) ← (نرخاندن) ← {تایبەتمەندی جیاوازی هەیە} {بەراوردكردن بە ڕەنگی ڕەشو سپی}.

جگە لەمانە یەكخستنی تریش هەیە، بەڵام بەهۆی بنەمای كۆتو بەندی هەڵوێركردنەوە سنورداری دەكات. ئەمە بەپێی كلتوری میللەتو نەتەوە دەگۆڕێت*. بۆنموونە (ڕەبەن لەناوبەری مێرووە) ئەمە لادانی سیمانتیكییە، چونكە لە تۆڕی پەیوەندی /ڕەبەن/ دا كە: ←ئاوەڵناو ← (مرۆڤ)← (نێر) ← (پێگەیشتوو) ← {ئەوكەسەی كە ژنی نەهێناوە} و لە تۆڕی (كوشندەی مێروو) دا نیشانەی سیمانتیكی (+مرۆڤ) نییە، لەبەرئەوە بنەمای كۆتو بەندی هەڵوێركردنی بەزاندووەو ئەمە لە دەربڕینی قسەكەراندا بوونی نییەو نادروستە.

لە هەنگاوی دووهەمدا یەكخستنی (P1 و P2)دا تۆڕی (كە)←(ئامرازی دیاریكەرە) ← (تاك)و تۆڕی (منداڵ)←(ناوی كۆنكرێتە) ←(شتێكی بەرجەستەیە)← ( مرۆڤ) ← (نێر).

یاسای دووهەم بریتییە لە پێدانی دوو تۆڕ بە فۆرم بەم شێوەیە:

(١) زنجیرەی فەرهەنگی (١) ← نیشانە سینتاكسییەكانی ناو ← نیشانە سیمانتیكیەكانی سەر← {١}.

* بۆنموونە، وشەی (تۆپ– Ball) لە زمانی ئینگلیزیدا بەواتای (ئاهەنگی سەماكردن) دێت. ئەم واتایەش لەگەڵ (ڕەنگاوڕەنگدا) بەواتای ئاهەنگێكی ڕەنگاڵەیی پرشنگدار یان زۆر سەرسوڕهێنەر دێت.

(٢) زنجیرەی فەرهەنگی (٢) ⟵ نیشانە سینتاکسییەکانی ئامڕاز ⟵ نیـــــــــشانە سیمانتیکیەکانی ئامڕاز ⟵ {٢}.

جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەکاتە هەڵگواستنی تۆڕی P7: پیاو + ەکە ⟵ فرێـــــزی ناوی کۆنکرێتە ⟵ {دیاریکراوە تاڕادەیەك} ⟵ (شتێکی بەرجەستەیە) ⟵ (مــــــرۆڤ) ⟵ (نێرە).

بەیەکگرتنی (P1 و P6) تۆڕی (P8) بەرهەمدێت وەك:

P8

١. تۆپ + ڕەنگاوڕەنگ + کە ⟵ فرێزێکی ناوی کۆنکرێتە ⟵ {دیاریکراوە} ⟵ (چالاکی کۆمەڵایەتیە) ⟵ (گەورەیـــــە) {بەمەبەســـــتی تـــــۆپی قوماشـــــە ڕەنگاوڕەنگەکە}.

٢. تۆپ + ڕەنگاوڕەنگ + کە ⟵ فرێزێکی ناوی کۆنکرێتە ⟵ {دیاریکراوە} ⟵ (شێوەیەکی خڕی هەیە) {یاریکردن}.

٣. تۆپ + ڕەنگاوڕەنگ + کە ⟵ فرێزێکی ناوی کۆنکرێتە ⟵ {دیاریکراوە} ⟵ (گوللـەی تۆپ)

٤. تۆپ + ڕەنگاوڕەنگ + کە ⟵ فرێزێکی ناوی کۆنکرێتە ⟵ {دیاریکراوە} ⟵ (چالاکی کۆمەڵایەتیە) ⟵ (نرخاندن).

P3

١. هەڵدان ⟵ کردارە (داڕێژراوە) ⟵ تێپەڕە ⟵ (کردەیەکە) ⟵ (بەهێز، توند) (جەختکردنەوە) ⟵ (هەڵ) دیاریکەری ئاڕاستەیە بۆ سەرەوە.

{کارتێکەرە} ⟵ < بکەر: (گیاندارێکی باڵا)، بابەت ⟵ (شتێکی بەرجەستە) >.

٢هەڵدان ⟵ کردارە ⟵ تێنەپەڕە ⟵ (کردەیەکە) ⟵ (جەختکردنەوە) ⟵ (بەتوندی) ⟵ {تەقاندنی تۆپ} ⟵ بکـەر < : (مـرۆڤ)، شـت: (بەرجەسـتە بێـت)، ئـامێر: (بەرجەسـتە بێـت) >.

یاسای سێیەم[*] R3 لە یەکگرتنی P3 و P8. P9 هەڵدەگوازرێت بەم شێوەیە.

دوو تۆڕ دەدرێت بە فۆڕمەکە:

١. زنجیرەی فەرهەنگی (١) ⟵ نیشانە سینتاکسیەکانی کردارە سەرەکیەکە ⟵ نیشانە سیمانتیکیەکان ⟵ {١} < دەســـتەیەك لـــە زنجـــیرەی نیـــشانەکانی بکـــەرو بەرکار >.

---

[*] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محەمەدی مەحوی (٢٠٠١: ٢٩-٣٠) و (Katz & Fodor (1963:200).

٢. زنجیرەی فەرهەنگی (٢) ←―― نیشانە سینتاکسیەکانی بەرکاری کردارەکە ←― پاشماوەی تۆڕی بەرکار.

P9

١. تۆپ + ڕەنگاوڕەنگ + ەکە + دا فرێزی← کردارییە← (کردەیەکە) ← بەتوندی)← (جەختکردنەوە) ← (کارتێکەرە) ←―― (دیاریکراوە)←―― (بەرجەستەیە)←――(ڕەنگ) ←― {شێوەیەکی خڕی هەیە} < (بکەر: (گیاندارێکی بالا) V (بەرجەستەیە)) <

٢. تۆپ + ڕەنگاوڕەنگ + ەکە + دا ←فرێزی کردارییە← (کردەیەکە)← بەتوندی)← (جەختکردنەوە) ← (کارتێکەرە) ←―― (دیاریکراوە)←――(بەرجەستەیە)←――(ڕەنگ)← {لە شەڕدا بەکاردێت} < بکەر: (گیاندارێکی بالایە) V (بەرجەستەیە).

٣. تۆپ + ڕەنگاوڕەنگ + ەکە + دا←فرێزی کردارییە ←(کردەیەکە) ←(بەتوندی) ←― (جەختکردنەوە) ← (کارتێکەرە) ←―― (دیاریکراوە)←――(بەرجەستەیە)←―― (ڕەنگ) ←― {تەقاندنی تۆپ لەکاتی شەڕدا} < بکەر: (گیاندارێکی بالایە) V (بەرجەستەیە).

بەم چەشنە لێکدراوە سیمانتیکییەکان دەتوانرێن لەناو فرێزە سینتاکسیەکاندا دەرببڕدرێن، کە لەگەڵ دروستەی چەمکی فەرهەنگیدا گونجاوە[١٥١].

هەنگاوی کۆتایی یاسای چوارەمەو R4 لە یەکگرتنی P9 و P7 دروستدەبێت، کە وەك ڕستەیەك دەخوێنرێتەوەو دوو تۆڕی پێدەدرێت: ١.――← زنجیرەی فەرهەنگی (١) نیشانە سینتاکسیەکانی فرێزی کرداریی ――← پاشماوەی تۆڕی فرێزی کرداری.

٢. زنجیرەی فەرهەنگی (٢) ――← نیشانە سینتاکسیەکانی بکەر ――← پاشماوەی تۆڕی بکەریی و لە ئەنجامدا P10 هەڵدەگوازرێت بەم شێوەیە.

P10

١.منداڵەکە + تۆپ + ە + ڕەنگاوڕەنگ + ەکەی + هەڵدا ← ڕستەیە {دیاریکراوە}

(بەرجەستەیە) ←― (مرۆڤە) ←― (پێگەیشتووە) ←―(نێرە) ←― (کردەیە)←― (جەختکردنەوەیە) ←―(بەتوندی) ←―(کارتێکەرە)←― (ڕەنگە)← شێوەیەکی خڕی هەیە}

٢. منداڵەکە + تۆپ + ە + ڕەنگاوڕەنگ + ەکەی +هەڵدا ← ڕستەیە←{دیاریکراوە}←― (بەرجەستەیە) ←― (مرۆڤە) ←― (پێگەیشتووە) ←― (نێرە) ←― (کردەیە)←― (جەختکردنەوەیە) ←―(بەتوندی) ←―(کارتێکەرە) ←―(ڕەنگە) ←― {تەقاندنی تۆپ لە شەڕدا}


---

[151] بڕوانە: R. Jackendoff (1992:19).

٣. منداڵەکە + تۆپ + ە + ڕەنگاوڕەنگ + ەکەی + هەڵدا ← ڕستەیە ← {دیاریکراوە} ←
(بەرجەستەیە) ← (مرۆڤە) ← (پێگەیشتووە) ← (نێرە) ← (کردەیە) ←
(جەختکردنەوەیە) ← (بەتوندی) ← (کارتێکەرە) ← (ڕەنگە) ← {بۆ نرخاندنە}

٤. منداڵەکە + تۆپ + ە + ڕەنگاوڕەنگ + ەکەی + هەڵدا ← ڕستەیە ← {دیاریکراوە} ←
(بەرجەستەیە) ← (مرۆڤە) ← (پێگەیشتوو) ← (نێرە) ← (کردەیە) ←
(جەختکردنەوەیە) ← (بەتوندی) ← (کارتێکەرە) ← (ڕەنگە) ← {بۆ ڕەنگاڵەییە}

دروستەی سیمانتیکی و سینتاکسی ڕستەکە بەم شێوەیە دەبێت لە هێڵکاری (٩) دا.




هێڵکاری ژمارە (٢_٩)

پەیکاڵبوون و گونجاندنی نێوان سینتاکس و دروستەی سیمانتیکی بەهۆی یاسایەکەوە دیاریکراوە، کە ناوی (یاساکانی پرۆژە سازدان) ی لێنراوە[152]، هەر لەمەشەوە دروستەی ناوەکیی دەتوانرێت لە دروستەی سینتاکسیی و کەرەستەی فەرهەنگیی ڕستەکە، لەسەر بنەمای چەمکیی، هەڵبگوێزرێت و ئەمەش جۆرێکی نواندنی هۆشەکی پێکدەهێنێت. بە واتایەکی تر، تەنها نیشانە سیمانتیکیەکانی کەرەستە فەرهەنگیەکان لە دیاریکردنی سیمانتیکی(واتا) دەربڕاو ڕستەکاندا ڕۆڵنابینن، بەڵکو هەموو پێکهاتەکانی سیمانتیك پێکەوە بەنەبچڕاوی ئەم کردەیە بە ئەنجامدەگەیەنن. بۆ نمونە ئەگەر کەرەستەیەکی فەرهەنگی جێکەوتەکەی (دوای پێدانی ڕۆڵە بابەتانە لە دروستەی قووڵدا دیاریدەکرێن)

---
[152] بڕوانە: R. Jackendoff (1991:17).

بگۆڕێت واتاکەشی دەگۆڕێت، لەگەڵ ئەوەی کەرەستە فەرهەنگیەکە هەمان کەرەستەیە، بڕوانە(١٢_ا،ب)و هێڵکاری(٢_٣).

## ٣/٢) ڕێزمان و سایکۆلۆژی

یەکێك لەو زانستانەی سەرقاڵی توێژینەوەیە لە زمان و پێکهاتەی زمانیی، سایکۆلۆژییە[١٥٣]. سایکۆلۆژی بواری دیسپلینی(ڕێککاری) ناوەکیی توێژینەوەیەکی دیاریکراوە، کە گرنگی بە کردەکانی بەرهەمهێنان و تێگەیشتن و درککردنی زمانیی، زمانپژانی منداڵ، دەمارزانی، شیکردنەوەی ئاخاوتن و زانستی زمانی کۆمەلأیەتیی و سایکۆلۆژیای ئاوەزداری و خودی زانستی ئاوەزداری و...دەدات.

چەمکی زانستی زمانی دەرونیش /سایکۆلینگویستیك، ئەم تەوەرانە لەخۆدەگرێت[١٥٤]:

ا.کردە زمانییەکان، وەك خوێندنەوە، نوسین، بەرهەمهێنانی زمانیی (قسەکەر)، درککردن و تێگەیشتنی زمانیی (گوێگر). ب.خەزنکردنی کەرەستەی فەرهەنگیی و سەر لەنوێ بەکارهێنانەوەوگەڕاندنەوەیی، بە واتا چۆن وشەکان لە ئاوەزدا هەڵدەگیرێن، لە کاتی پێویستدا چۆن بەگەڕدەخرێن. پ. زمانپژان. ت. خاوەن پێداویستە تایبەتەکان، وەك (کەڕی، لاڵی، یان ئەوانەی گرفتیان لە مێشکداهەیە...). ج. زمان و مێشك و پەیوەندییان پێکەوە...ح. کردەی وەرگرتنی زمانی دووهەم و بەکارهێنانی..

بە گشتیی، زانستی زمانی ئاوەزداری (ڕێبازێکە لێکۆڵینەوە لە زمان لە هەردوو ڕوانگەی زانستی زمان و سایکۆلۆژییەوە دەکات . لەوە دەکۆڵێتەوە چۆن زمان لەگەڵ ئاوەزدا پەیوەندکراوەو کاریگەری ئۆنتۆلۆژی لە وەرگرتنی زمانیدا چۆنە[١٥٥]). دەتوانرێت دوو ڕەوتی گرنگ لەسەر بنەمای گریمانە جیاوازەکان دەربارەی پەیوەندی نێوان زمان و ئاوەزداریی جیابکرێنەوە: (ا)ڕەوتی یەکەمیان ڕووەو تیۆرە زمانەوانییە نوێیەکان، بە تایبەت(Chomsky)، ئاڕاستەکراوە، بە بۆچوونی ئەم زمانەوانە ڕێزمان بە پێڕەوێکی ئاوەزیی سەربەخۆ(مۆدولارێتی) دادەنێت و پێی وایە ڕاستیی و دروستیی سایکۆلۆژی لە پێکهاتە زمانەوانییەکانەوە دەستەبەر دەکرێت. (ب) ڕەوتی دووهەمیان بە تەواوی ڕووەو مۆدێلەکانی سایکۆلۆژی ئاوەزدارییە ، بە واتا ئەو ڕێبازانەی گریمانەکانیان لە کارەکیدا بە وردی لە چۆنایەتی پەیوەندی نێوان ئاستەکانی پەسنکردنی زمانەوانیی و پێڕەوی ئاوەزدارییدایە.

---

[153] بڕوانە: .G.Trauth&K.Kazzazi (1996:390)

[154] بڕوانە: .J.Field (2004)

[155] بڕوانە:.P.Robinson & N.Ellis (2008:1)

ئاڕاستەی پەیوەندیی سینتاکس بۆ سیمانتیك لە كردەكانی زانستی زمانی دەروونیدا بە گـۆڕانی چەشـنی كردەكـە دەگۆڕێـت. لێـرەدا بۆچـوونەكانی(Chomsky) لـەم بارەیـەوە دەخەینـەڕوو، كە ئامـانجی ڕێزمـانی بـەو جـۆرە دیـاریكردووە، كە زۆرتـر پەسـنكەری زانینـە (knowledge)[١٥٦]، وەك لـەوەی پەسـنكەری زمـان بێـت. پەسـنكردنی زانینـی كەسـێك ئامـانجێكی دەروونناسـیەو (Chomsky) زانستی زمـانی بـە لقێكـی تایبـەت لـە دەروونناسـی ئـاوەزداری دانـاوە. هـەر لـەم ڕوانگەیەیـشەوە ئەگـەر ڕێزمـان بەوشـێوەیە بـریتی بێـت لـە پەسنكردنی ئەو زانینەی قسەكەران، كە سەبارەت بە زمانەكەیان هەیانە، ئەوا ئەو زانینە چ ڕۆڵێـك لـە توانـای زمانیـدا دەگێڕێـت (بەرهـەمهێنان(ئاخـاوتن و نوسـین) و تێگەیـشتنی زمـانیی(توێژینەوەیـە لـە ناسـاندنی وشـە، درككـردن و تێگەیـشتنی ڕسـتەو لێكدانـەوەی ئاخاوتن)[١٥٧]– واتە كردەی دروستكردنی ڕستە). لێرەدا مەبەست لەوەیە، چۆن بیرو واتاكان وەردەگێڕنـــە ســـەر دەنگـــەكانی ئاخـــاوتن (واتـــە ســـیمانتیك بـــۆ ســـینتاكس) و بەپێچەوانەیشەوە(سینتاكس بۆ سیمانتیك)، بۆ ئەم مەبەستە دوو چەمكی توانای زمانیی لێكداوەتەوە: یەكەم بە پێكهێنەریی (Componential)[١٥٨] ناوبراوە: ژمارەیەك پێكهێن، كە قسەكەرێك بەرهەمیانـدەهێنێت یـان تێیانـدەگات كارلەیەكدەكـەن. ڕێزمـان بـە یـەكێك لـە پێكهێنەرەكان دانراوە. بۆ ئەم مەبەستە ڕێزمان بە نەخشەیەك چوێنراوە، بە زانینی ئەوەی ناو نەخشەكەو چۆنێتی بەكارهێنانی دەتوانرێت ڕێڕەوی تاكەكەسی دیاریبكرێت. بەواتا، زانیـاریی ڕێزمـانیی قـسەكەرێك، لەگـەڵ زانیـاری چـۆنێتی بـەكارهێنانی ڕێزمانەكـە كارلێكـدەكات، لەلایـەكی تـرەوە ڕێزمـان وەك خـشتەی لێكـدان (كەسـێك پێویـستە بـە دیاریكراوی بزانێت چ دوو ژمارەیەك لێكبدات و بە چ ڕیزبوونێك و...تاد). پێویستە بۆ ئەمە دەستەیەك لە ڕێسای بەكارهێنان لە ئارادا بێت. هەروەك چۆن خشتەی لێكدان پێكهێنێكە لە كـردەی لێكدانـدا، ئاوەهـایش ڕێزمـانی (Chomsky) وەك پێكهێنێـك لـە كـردەی توانـای زمانیدا دەبینرێت. ئەم خشتەیە لە كرداری دابەشكردنیشدا هەمان شتەو وەك ڕەگەزێك ڕۆڵ دەبینێت، بەڵام ئەوەندە هەیە، كە لێرە یاساگەلێكی تر دەخرێتەگەڕ.

دیدگەی (Chomsky) دەربارەی ڕۆڵی ڕێزمان لە بەرهەمهێنان و تێگەیشتن هەر هەمان ڕۆڵە وەك ئەوەی لە خشتەی لێكداندایە (لێكدان و دابەشكردن). لە بنەڕەتدا بەرهەمهێنان( واتاو بیرۆكـەكان وەك تێكردەیـەك و ئاخـاوتن وەك دەركـردە)[١٥٩] لـەخۆدەگرێت. لـە كـردەی

---


[156] بڕوانە: (D. Steinberg (1999:65.

[157] بڕوانە: .(G.Trauth&K.Kazzazi (1996:265). & K.Malmkjaer(1995:494

[158] بڕوانە: .(D. Steinberg (1999:65) & R. Jackendoff (2009:15

[159] بڕوانە: .(G.Trauth&K.Kazzazi (1996:265

بەرهەمهێنانی زمانیدا ئاڕاستەی کردەکە پەیوەندی سیمانتیك بۆ سینتاکسە[١٦٠] ولەلایەن قسەکەرەوە جێبەجێدەبێت و بەرهەمدەهێنرێن، بەڵام لە کردەی تێگەیشتندا (ئاخاوتن وەك تێکردەیەك و واتا وەك دەرکردە) لەخۆدەگرێت. لێرەدا خودی کردەی تێگەیشتنی زمانی لەلای گوێگرەوە بە ئاڕاستەی پەیوەندی سینتاکس بۆ سیمانتیکە، بەم ڕەوتە لێکدەدرێتەوە. ئەم زانیارییانە لە هێڵکاری (٢-١٠)دا پێشکەشکراون[١٦١].




هێڵکاری (٢-١٠)

مۆدێلی چەشنی توانای پێکهاتەیی لای چۆمسکی

دووهەم چەمکی توانا بە ڕۆڵی ڕێزمانی تەواوکاریی (integral) دانراوە. بە واتای ڕێزمانێك یان چەند ڕێزمانێك لەسەر خودی خۆی (خۆبەخۆ) بەگەڕ دەکەوێت.

(Chomsky) لەو ڕێیەوە پەرەی بە مۆدێلی پێکهێنی (دارِشتەیی) داوە، کە هەر پێکهێنێك (سینتاکسی- سیمانتیکی- فۆنۆلۆژی) یان پێکهێنە دوهەمییەکان (ڕێساکانی بنەڕەت، ڕێسای گواستنەوەکان) ڕێزمانی، لەگەڵ ڕیزبەندیی ئاڕاستەیی ڕێساکان لە پێکهێنەکاندا، دەرکردەی ڕێسایەك تێکردەی ئەوەی دوای خۆیەتی*. ڕیزبوونی یاساکان لەنێوان پێکهاتەو وەچەپێکهاتەکانیشدا هەیە، بێجگە لە یاساکانی بنەڕەت.

ئەم دروستەو دەرکردە جۆراوجۆرانەی ڕێزمان (دروستەی قووڵ، دروستەی ڕوکەش، نواندنی سیمانتیکی و نواندنی فۆنەتیکی) چەند پەیوەندییەکی ڕیزکراوی ، بەهۆی ڕیزکردن لە چەند جۆرێکی جیاوازی یاساکاندا دیاریکردووە. دەبێت ئەوە بزانین، کە کردەکانی توانا

---


[160] بڕوانە:.V. Valin (2005:3)

[161] بڕوانە: .D. Steinberg (1999:67)

* ئەم میکانیزمی کارکردنە لە پێڕەوی زانستی ماتماتیکدا بە یاساکانی خوارزمی ناسراوە، بڕوانە (Van Valin(2005)). لێرەدا تەنها یاساکانی بنەڕەت نەبێت، ڕەنگە ڕیزبەندنەکراو بن.

یـان بـە دەنـگ (نوانـدنی فۆنـەتیکی) بـۆ تێگەیـشتن، یـان بـەواتا (نوانـدنی سـیمانتیکی) بـۆ بەرهەمهێنان دەستپێدەکات.

پەیوەست بە زانیین و هەڵگواستنی زمانەوانیەوە، وەهادانراوە، کە ڕێزمان نوێنەرێکە بۆ ئەو زانینەی قسەکەران سەبارەت بە زمانەکەیان هەیانە[١٦٢]، ئەو زانینـە** لە یاساکان و کەرەستە فەرهەنگیـەکان پێکـدێت. ئـەو دەسـتە یاسـاو دەروازە فەرهەنگیانـە دەویـسترێن، گرنگیـەکی دەروونییـان دەبێت. واتـە وەهادابنرێـت، کـە لـە ئـاوەزی قسەکەراندا بەرامبـەرێکیان هـەبێت. دروسـتەی قـووڵ و دروسـتەی ڕوکـەش و نوانـدنی سـیمانتیکی بـە هەڵگواسـتنی زمانـەوانی نـاوبراون. هێڵکـاری (٢-١١) هــەموو ڕوکارەکــانی هەڵگواســتنی زمانــەوانی ڕســتە لای (Chomsky) دەخاتەڕوو[١٦٣].





---

[162] بڕوانە: .D. Steinberg (1999:71)

** چوار چەشن زانیاری جیاکراونەتەوە: (ا) هێمای ئاوەزیی نەگۆڕ، ئەو زانیارییانەن ، کە بەرامبەر بە یەکەکانی گەنجی وشەکانمان هەمانەو بۆ ماوەیەکی دورودرێژ لە مێشکدا خەزندەبن /گویٚ، گولٚ/.(ب) زانیینی بەرهەمهاتوو، ئەو زانیاریانەن لە یاسا زمانەوانیەکانەوە هەڵدەگوازرێن، دەگرێتەوە(کچ+ان= کچان). (پ) هێمای ئاوەزی بەرهەمهاتوو. (ت) هوشیاری، ئەم دوو چەشنەی کۆتایی لە لێکەوتەی دوو چەشنی یەکەمەوە دێن، بەوەی بەهۆیانەووە هۆشیاریی دەربارەی چۆنێتی جێبەجێکردنی یاسا زمانییەکان بەسەر کەرەستە زمانیەکانی تردا پێدەبەخشێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (فەرهاد تۆفیق حەسەن (٢٠١٠ : ٧)و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا پێشکەشکراون.

[163] بڕوانە:.D. Steinberg (1999:73).

* (n) ئاماژە بە ناکۆتا دەدات.



هێڵکاری (٢-١١)

بەگشتی لەم هێڵکاریەدا سێ لایەنی سەرەکیی تیۆری (Chomsky) دیاریکراوە[١٦٤]:

یەکەم: دەزگا (Apparatus)، کە لە فەرهەنگو یاساکان، بەشێوەیەکی بنەڕەتیش پێکهاتەی بنەڕەت، گواستنەوەکان، سیمانتیكو فۆنۆلۆژی پێکدێت.

دووهەم: دەرکردەی دەزگا بریتییە لە زنجیرەیەك لە دروستە، کە بە هەڵگواستنە زمانەوانیەکان ناسراوە، دوو جۆری لێدیاریکراوە، کۆتایی (دروستەی قوولو ڕوکەشو نواندنی سیمانتیکیو فۆنەتیکیە) و ناکۆتاییەکانیش (ئەو دروستانەن کە دەکەونە نێوان ئەوانەوە).


سێهەم: ڕیزبوونی پێکهاتەی دروستە، ئەو ڕیزبوونە دەگرێتەوە، کە دروستە هەڵگوێزراوەکان تیایدا لەلایەن دەزگاوە پێکهێنراون. ئەو یاسایانەی هەڵگوێزراوەکان پێکدەهێنێت بریتین لە[١٦٥]:

یەکەم: دەستەیەك لە یاساو ڕێسای سیمانتیکی پێویستە لەئارادابن، تاوەکو بتوانرێت دروستەی قوولّ لە نواندنی سیمانتیکی، کە هەڵبگوێزرێت یان بە پێچەوانەوە. بەویاسایانە دەڵێن یاساکانی سیمانتیکی (S). دووهەم: یاسا فۆنۆلۆژییەکان (P)، کە پێویستن بۆ هەڵگواستنی نواندنی فۆنەتیکی لە دروستەی ڕوکەش. سێهەم: یاساو گواستنەوەکان (T) پێویستن بۆ هەڵگواستنی دروستەی ڕوکەش لە دروستەی قوولّ. ئەویاسایانە بۆ هەڵگواستنی نواندنی فۆنەتیکی لە دروستەی ڕوکەش پێویستن، وەك لە (٢-١٢)دا نوێنراوە، لە چوار جۆر ئەگەری ڕیزبوونی پێکهاتەکان بنیاتنراوەو لەسەر ئەمەش یاساکان دیاریکراون.

---

[١٦٤] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەمە، بڕوانە (R. Jackendoff (2009:15). & D. Steinberg (1999:71.

[١٦٥] بڕوانە:.(D. Steinberg (1999:77-78.




هێڵکاری ژمارە(٢_١٢)

وەك لە (٢-١٢)دا دیارە، یاساکان بەپێی چەشن و جۆری ڕیزبووەکان جیاوازن، بۆیە ئەو یاسا تایبەتیانەی گریمانەدەکرێن بۆ ڕێزمانێك، بریتین لە گۆکردنی ڕیزبوونە پێشبینیکراوەکە، کە بەپێی ئەوە دروستەکان بنیاتدەدرێن. کەواتە یاسا تایبەتیەکانی ڕێزمانێك ناتوانن بە سەربەخۆیی بنوسرێنەوەو دەبێت لەگەڵ ڕیزبوونە تایبەتەکانی ئەو پێکهاتانەدا، کە پێشبینیکراون بگونجێن.

(Chomsky) ڕێ بە ڕیزبوونی پێکهاتەی دروستەیەك دەدات، وەك ئەوەی کە دروستەی قووڵ لە تیۆری ستانداردار، دروستەی ڕوکەش لە تیۆری شوێنپێدا، کە تێکردە دەستەبەردەکات بۆ پێکهاتەی سیمانتیکی (بڕوانە پاری (١/١)). ئەمانە بنەمان و نەگۆڕن و

لەبیرمان نەچێت، کە دیاریکردنی سیمانتیك بۆ پەیکاڵبوونێتیە لەگەڵ پەیکەری کردەی ڕاستیی سایکۆلۆژییدا.

## ٤/٢) دروستەی چەمکی و X– باری سیمانتیکیی

### ٤/٢–١) دروستەی چەمکی*

دروستەی سیمانتیکی لەسەر بنەمای کەرەستەو پێکهاتەکانی سیمانتیك بنیاتنراوە. کەرەستە ڕێزمانییەکانیش بە بنەمای بنەڕەتی و ڕاستەوخۆی هەڵگواستنی واتا دانراون. ئەمە وەهایکردووە، کە پەیوەندی تونداوتۆڵ و پڕاوپڕ لەنێوان سینتاکس و سیمانتیکدا هەبێت*. لەم ناوەندەدا دوو بابەت دیاریکراون: یەکەمیان گرفتی خودی سیمانتیك خۆیەتی، لە دەستنیشانکردنی یەکەو پێکهاتەو دروستەکانیەوە تا بەهۆیەوە بتوانرێت لەڕێی وشەو فرێزو ڕستەکانەوە پەی بە مێشك و ئاوەزی بەکارهێنەرانی زمان ببرێت و تاڕادەیەك لە ڕاستی نزیکببنەوە. لەم بەشەدا تاووتوێی ئەم پرسە کراوە. دووهەمیان گرفتی چۆنێتی پەیوەندکردن و پەیکاڵبوونی نێوان دروستەی سینتاکسیی وسیمانتیکیە. بۆ شرۆڤەکردنیی بڕوانە بەشی سێهەم!

دوای دیاریکردنی بنەماکانی دروستەی سینتاکسیی (لە بەشی یەکەمدا)، بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیك، لە هەنگاوی دووهەمدا پێویستە بنەمای دروستە سیمانتیکیەکان دیاریبکرێن و پەسنبکرێن. لەسەر ئەو بنەمایەی گۆکردنی زمانیی بۆ دەربڕین و پێڕاگەیاندنی بیرە، دەتوانین سیمانتیك[١٦٦] وەك ڕێکخراوەو دامەزراوەیەکی ئەو بیرانە بناسێنین، کە زمان دەربڕێتی. بیرەکان، کە لەلایەن زمانەوە دەردەبڕێن، لە زاراوەیەکی ڕێکخراوەی ئاوەزیدا بە دروستە دەکرێن و پێی دەوترێت دروستەی چەمکی.

دروستەی سیمانتیکی ودروستەی چەمکی بە دوو ئاستی نواندنی ئاوەزیی دیاریکراون: (أ) دروستەی چەمکیی: ئەو ئاستەیە کە زانیاری زمانەوانی و نازمانەوانی تیایدا هەماهەنگە.

---

* (١) چەمك: لە(فهم) کردەی تێگەیشتنەوە هاتووە، واتە درککردن بە واتای بابەتەکان، چەمك ئەنجامی ئەو لێکەوتانەیە، کە لە کردەی درککردنمان بە واتای بابەتەکان دەکەونەوە.(٢) زانین: مەبەست پێی توانستی بیرکردنەوەی ئەو شتانەیە، کە پێشتر فێریان بووین. توانای بە بیردا هاتنەوەی شتەکانە لە کاتی پێویستدا بۆ سەر لە نوێ بەکارهێنانەوەی لەو شوێنەدا کە دەگونجێت.(٣) زانیاری ئەو کەرەستەو داتاو ناووهێماو کۆدو چەندێتی و چۆنێتی و سەرنج و ڕامان و تێبینی وپرس و تێڕوانینانەیە، کە دواجار دەبنە بونیاتی زانین و زانینیان پێگەردانەکرێت.

* لێرەدا مەبەست ئەوە نییە کە هەمیشەو هەردەم دروستەی سینتاکسی و سیمانتیکی پەیکاڵی یەکترن، بەپێچەوانە دروستەی سینتاکسی جیاواز لە دروستەی سیمانتیکیی هەن، وەك دەربڕاوی (ئیدیەم، پەند،...).

[166] بڕوانە: R. Jackendoff (2009:123) ، محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٩٠: ١٥٧)

**بنـــەمای دیـــاریکردنی پێکهاتـــەی چـــەمکیی دەگەڕێتـــەوە بـــۆ پۆلەڕەگـــەزی ســـەرەکی ئۆنتۆلۆژی[**167]. دروستەی چەمکی بە هۆکاری دروستەی بیر و بە ئاستی نواندنی ئاوەزیی (mental) دانراوە.**

**دروستەی چەمکیی بە دوو ڕێگە بە پێڕەوی زمانەوانیەوە پەیوەست بووە[168]: (أ) دروستەی چەمکی دەتوانرێت وەك ئاستێکی تر لە دوای دروستەی سیمانتیکەوە دیاریبکرێت، یان دروستەی سیمانتیکی دەتوانرێت کۆمەڵە لقێکی دروستەی چەمکیی بێت، کە ئەمەش دیاریکەری پەیوەندی واتای زمانەوانیە بۆ ئاخاوتن.(ب) دروستەی چەمکی دەبێت کۆمەڵێکی زۆری پۆلەڕەگەزی ئۆنتۆلۆژی لەخۆبگرێت و پەیکاڵبێت لەگەڵ پۆلەڕەگەزی {یەکە} هەبووە جیاوازەکاندا، زیاتر لەوەیش، دەبێت پەیکاڵبێت لەگەڵ پێکهاتەی فرێزە ناوییەکانی، کە بە سروشتی/ ئاسایی دەبنە بنەما بۆ جیاکردنەوەی {شت/بابەت}ەکان. پۆلەڕەگەزی ڕێزمانی تریش هەن، کە جیاکاری نێوان {یەکەکان} دەردەخەن.**

**(ب) دروستەی سیمانتیکی: لێکۆڵینەوەیە لە سیمانتیك لە زمانێکی سروشتیدا بریتیە لە لێکۆڵینەوە لە دروستەی بیر. سیمانتیك وەك پردێك وایە لەنێوان تیۆری زمان و تیۆرەکانی تری ئاوەزدارییدا. بەڵگە دەرونزانی و ڕێزمانیەکان هەڵگری ئەو گریمانانەن، کە لە دەرونزانی زمانەوانی چاولێگەریدا بە سیمانتیك ناوبراون، واتە سیمانتیك هەڵگری بەڵگە ڕێزمانی و دەرونزانیەکانە[169].**

**دروستەی سیمانتیکی ئەو ئاستەیە کە تایبەتێتی سیمانتیکی ڕستەکان و لێکدانەوەیان وەك هاوواتایی، ناوازەکان و ناواخنی واتایی تیایدا وەرگیراوە. لەگەڵ ئەوەیشدا دروستەی چەمکیی و سیمانتیکی ئاماژە بە هەمان ئاستی نواندن دەدەن[*]، لەبەرئەوەی دروستەی سیمانتیکی بە بەشێك لە دروستەی چەمکی دانراوە، یان دروستەی سیمانتیکی ئاوێنەی**

---

[**] ( ontology) بوونناسی، فۆرمێکی گریکیە، لێکۆڵینەوەی فەلسەفیە بۆ سروشتی بوون/هەبوون یان ڕاستەقینە، یان وەکو پۆلەڕەگەزەکانی هەبوون و پەیوەندییەکانیان. لە توێژینەوە تەقلیدیەکاندا ڕیزبەندکراوە وەك بەشێك لە لقێکی سەرەکی ئەو فەلسەفەیەی بە میتافیزیك ناسراوە. ئۆنتۆلۆژی لە کۆمەڵێك پرسیار دەکۆڵێتەوە، کە پەیوەندی هەیە بە: (ا) ئاخۆ چ هەبوویەك بوونی هەیە، یان دەتوانرێت بوترێت بوونی هەبێت.(ب) ئەو هەبووانە چۆن بە گروپ بکرێن، کە پەیوەندییان لەنێوان خۆیاندا بە شێوەی هەڕەمی هەبێت و دواجاریش بەم شێوەیە بۆ دیاریکردنی لێکچوون و جیاوازی پۆلێنبکرێنەوە. چەمکی شتە دوانەییە ئۆنتۆلۆژیکییەکان بریتین لە:(ا) گەردوونییەکان و بەشییەکان(تایبەتەکان).(ب)ماددە و پەیدابووەکان(ڕوداو).(پ) ئەبستراکت وکۆنکرێت.(ت) کرۆك و ناواخنەکان و هەبووەکان.(ج) دیاریکراوی و نادیاریکراوی.

[167] بڕوانە:.(R. Jackendoff (1999:79

[168] بڕوانە:.(R. Jackendoff (1999:79

[169] بڕوانە: .(R. Jackendoff (1983:3

[*] دروستەی ئاوەزیی بەهۆی زمانەوە گەشەیکردووە، (بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو(95 :1983)).

دروستەی چەمکییەو هەر تیۆرییەکی دروستەی سیمانتیکی لە زماندا بەپێی واقیعی تیۆری دروستەی بیردانراوە[١٧٠]. هەروەها ((سیمانتیك بە لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەو پەسنکردنی واتایش لە دەربڕاوە زمانەوانیەکاندا* دانراوە)) [١٧١].

بەوپێیەی واتا پەیوەندییەکی ناوکۆیی و هاوبەش و چڕو ئاڵۆزی بە زمانەوە هەیە، هەر بۆیە مەودای سیمانتیك زۆر توند بەسینتاکسەوە بەندەو لەبەرئەمەیشە، ((کە بۆ پەسنکردنی یاسا سینتاکسییەکان پێویستی تەواومان بە سیمانتیك دەبێت))[١٧٢] و پێچەوانەکەیشی هەر دروستە. کۆتوبەندەکانی تیۆری سیمانتیکیش بریتین لە[١٧٣]: (أ) دەربڕاوێتی (Expressiveness)، (ب) جیهانیی (Universality)، (پ) دارشتەیی (Compositionality)و (ت) تایبەتێتی سیمانتیکی وەك (هاوواتایی– ناواخنی واتایی). پێویستە تیۆری سیمانتیکی بتوانێت ئەمانە بەتەواوی لێکبداتەوە. بۆ دیاریکردنی چۆنێتی لێکدانەوەی فۆڕمی سینتاکسی زمان لە بیردا دوو پێوەر دیاریکراوە: (أ) کۆتوبەندی ڕێزمانیی. (ب) کۆتوبەندی ئاوەزداریی*.

چەمك/بیر، کرۆکی بابەتەکانن، بەڵام چۆن بیر/چەمك لەگەڵ زانیندا لە سینتاکسی زمانێکی سروشتیدا دەردەبڕدرێن؟ دەربارەی زاراوەی چەمك (Concept) لە زماندا گوتراوە، کە ((ئەو هەبووانەیە/یەکانەیە، کە لە مێشکی مرۆڤدا هەن، کە یەکەی تایبەتن و دەتوانرێت بەهۆی (زمان، کردەی جەستەیی، وێنە،...) هۆکاری ترەوە بگەیەنرێن))[١٧٤]. ئەگەر وردبینەوە لەم ناساندنە، دەبینین، کە دوو جەمسەر دیاریکراون، ئەوانیش ئاوەزەی مێشکی مرۆڤ وئەویەکانەی بنەڕەتی دەربڕینەکان پێکدەهێنن، دەگرێتەوەو(Chomsky) ئەمانەی بە زمانی دەرەکیی (E-language) و زمانی ناوەکیی (I-language) ناویبردوون و گرنگی زیاتر بە چەشنی دووهەمیان دەدات و لە لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکانیدا جەختی لەسەر کردۆتەوە.

---

[170] بڕوانە:.(R. Jackendoff (1999: 209

* لە ئەنجامی پەرەدان بە سیمانتیك و پشکنینی وردتری چەندین بابەتی وەك پراگماتیك و تیۆری کردەی قسەیی و ناواخنی واتایی وئارگومێنت–داواکەریی و لۆژیکی و...تاد هاتنە ئاراوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (R. Jackendoff (2009 و (G.Trauth&K.Kazzazi (1996.

[171] G.Trauth&K.Kazzazi (1996:423)& K.Malmkjaer(1995:522).

[172] بڕوانە: محەمەدی مەحوی (٢٠١١: ٤١).

[173] بڕوانە: .(R. Jackendoff (1999:11

* کۆتوبەندی ئاوەزداری: دیاریکەری Statementی ڕاستێتی دەرونزانیی زانیاری زمانەوانیەو خاڵی پەیوەندکردنی تیۆری زمانەوانی و ئاوەزدارییە پێکەوە. لێرەدا دەبێت ئەو زانیارییانەی زمان دەیگوێزێتەوە پەیکاڵ بێت لەگەڵ ئەوەی مرۆڤ بەهۆی پێڕەوەکانی تری زانیاری وەك بۆنکردن– پەیپێدەبات. ئەم دووانەیە ئەگەر وانەبێت ئەوا مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت تێکردە هەستیەکانی دەربڕێت.

[174] R. Jackendoff (1991:7).

لە سیمانتیکی چەمکیدا، وشە واتای هەیەو لە مێشکدا وێنەیەك بەرامبەری هەیەو بەهۆی زمانەوە دەگوێزرێنەوەو Chomsky بە ((زمانی ناوەکی ناویبردووە (I. Language)))[*175] زمانە ناوەکییەکە پێکهاتووە لە بنەمای زانینی خودی(کەسی)، کە هەر قسەکەرێکی زمانەکە لە سەریدا هەڵیگرتووەو دەربارەی ئەوەیە چۆن واتا یان مەبەستو نیاز[*] دەکرێت لە دەربڕاوە زمانەوانیەکاندا بە جفرەبکرێت[176]. بەواتا، هەرکەسێك بەجۆرێك کردەی لێکدانوخستنەتەکیەکی کەرەستەکان لە دەربڕاوەکاندا بەئاکامدەگەیەنێت، بەڵام بە هەمان ئاکامەوە ، کە گەیاندنی چەمك یان بیرە. لە کۆی ئەمانە ئەوە دەردەکەوێت، کە بەکارهێنەری زمان بەپێی مەبەستو نیازی خۆی دروستەی سینتاکسی بەکاردەهێنێت.

بەواتا لێرەدا نادیاریو بێ شومارێکی گەورە لە خەزنکردنی چەمکی فەرهەنگی هەیە. بنەمای زگماکیی بۆ دەستخستنی زمان لەوانەوە دەکرێت لە سنورداری مێشکدا بەجفرەیان بکات. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە بنەمای زگماکی دەبێت لە دەستەیەك بنەمای بەرهەمهێنراوی زگماکیی بەپێی بایەخبەندی بنەماکانی لێکدراوێتی پێکهاتبێت، کە دیاریکەری دەستەی چەمکی فەرهەنگین ، بەمەش گوتراوە (ڕێزمانی چەمکی فەرهەنگی)[177]، کەواتە زانینی چەمکی فەرهەنگی لە پێکهاتەی دەربڕینێکی لێکدراودا، بریتیە لە بیر. (بڕوانە (٢-١٣)).

---


175 N. Smith (1999:31 ) & R.Jackendoff(1991: 7).

* زمانی ناوەکی (I-language) کۆکراوەو کورتکراوەی ڕۆڵەکانی: (أ) ناوەکی (Internal)، واتە زمان لەناو مێشكو ئاوەزی مرۆڤدایە. (ب) تاکێتی (Individual)، نواندنی زمانە لە مێشکی تاکدا، بەوەی چەمکە فەرهەنگیەکان لە نەستدا بە جفرەکراون، لەگەڵ ئەو ڕێزمانە گەردونیە زگماکیەی لە مێشکی هەموو تاکێکدا هەیە. (پ) خۆویستی (Intensional)، خۆویستی(خودی) جیاجیا لەلایەن هەرکەسێکەوە بۆ دەستکەوتنی هەمان ئەنجام بەکاردەهێنرێت. بڕوانە N. Smith (1999:31).

* بۆ دروستە سینتاکسیەکانیان بڕوانە بەشی یەکەم.

176 بڕوانە: J.L.Ingram (2007: 15).

177 بڕوانە: R.Jackendoff (1991:11).



هێڵکاری (٢-١٣)

بە هاوبەشیکردنی ئەمە لەگەڵ دروستەی سینتاکسیی و فۆنۆلۆژیدا، پێکەوە لە یادگەدا خەزندەکرێن و یەکەیەکی ئامادەکراوە بۆ بەکارهێنان.

لەوخستنەڕووەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە دەربڕاوی چەمك لە بنەڕەتدا بەواتا {نواندنی هۆشەکی دەتوانێت وەکو واتای دەربڕینە زمانەوانیەکان بەکاربهێنرێت}. ئاستی نواندنی ئاوەزیی کە بەشداری لە سیمانتیکی چەمکیدا دەکات، ناونراوە دروستەی چەمکیی و لە سیمانتیکی چەمکیدا ڕاستیە دەرونیی و کۆمەڵایەتیەکان لە پێڕەوە سیمانتیکییە ئەبستراکتەکانن.

بە گشتی دروستەی سیمانتیك بریتیە لە ((دروستەی چەمکیی))[178]. سیمانتیك بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە فۆڕمی ناوەکی نواندنی ئاوەزییەوە بەستراوەتەوە، کە پێکهاتووە

[178] بڕوانە: R. Jackendoff (1999:95).

لە ((دروستەی چەمکیی و پەیوەندییە فۆڕمولەییەکانی نێوان ئەم ئاستەو ئاستەکانی تری نواندن))[١٧٩].

گرنگیدان بە پێکهاتەی زانین و ناساندن و دیاریکردنی، بە مەبەستی پەسنکردنی، کاری ئێستای زانایان و زمانەوانان نەبووە. هەر لە کۆنەوە ئەم بابەتە جێی مشتومڕبووە، بۆ پەسنکردنی لە دیدگەو بە ڕێبازی جۆراوجۆرەوە ناسێنراوە. لەلایەکی تریشەوە پێکهاتەی زانیین بە کلیلی شیکردنەوەی گریمانەی جێکەوتە یان شوێنی واتا دانراوەو بەهۆی دروستەی چەمکییەوە دەستنیشانکراوەو نوێنراوە. بەواتا، دروستەی چەمکیی ((یەکێکە لە ڕوکارەکانی ئاوەزی مرۆڤ و لە زاراوەیەکدا نوێنراوە، کە بیر جێگەی گرتۆتەوە))[١٨٠].

دروستەی چەمکی دروستەیەکی ماتماتیکیە(جەبریە) کە لە کەرەستەی جیاواز پێکهاتووە(بۆیە جیاوازە لەبەرئەوەی ڕامان و تێڕوانینی مرۆڤ جیاوازە). دروستەی چەمکیی پێڕەوی کرۆکیی وچەقیی هۆشە، تەنها بەشێك نیە لە زمان، بەڵکو ئەو دروستەیەکی ئاوەزییەو زمان یەکێکە لەو هۆکارانەی بە جفرەیدەکات.

گرنگی دروستەی چەمکی هەر لەوەدا نیە، کە سیمانتیك ڕوندەکاتەوە، بەڵکو بایەخی لە ڕونکردنەوەی پەیوەندی و وێنای شتە نازمانییەکاندا دەردەکەوێت، وەك زمانی منداڵ، یان زمانی ئاژەڵان.

لە کورتەی ئەو ناساندنانەدا، چەمك بەوشێوەیە دیاریکراوە، بریتیبێت لە توێژینەوەو بایەخدان بە پێکهاتەو فۆڕمی زانین و، دیاریکردنی چۆنێتی دەربڕینی هەندێك لە زانیاری بەهۆی سینتاکسەوە*، واتە ئەو سیمانتیکیە(چەمك) زمانەوانیەی سینتاکس دەربڕێتی[١٨١].

---

[١٧٩] بڕوانە: R. Jackendoff (1991:15).

[180] P. W. Culicover (2005:45) & R.Jackendoff(2005:20).

* لێرەدا مەبەست لە چەمکی زمانییە، کە سینتاکس دەربڕێتی، چەمك و بیری تر هەن بە هۆکاری تر گوزارشتیان لێدەکرێت. لەلایەکی ترەوە ئاستی دروستەی چەمکی تەنها زمان ناگرێتەوە، ئەم وەکو ڕایەڵێکی پەیوەندیە کە زانیاری زمانەوانی و زانیاری تواناکانی تری وەك پێشبینیکردن، کردەکان لەخۆدەگرێت.

[١٨١] بڕوانە: R. Jackendoff (2009:63).

## ٢/٤-٢) بەشەكانی ئاخاوتنی سیمانتیكی

### ٢/٤-٢-١) نواندنی سیمانتیكی و گۆكردنی* ڕووداو

نواندنی سیمانتیكی بۆ چوار بەش جیاكراوەتەوە، یان چوار كەرەستەی لێكدانەوەی سیمانتیكی دیاریكراوە، كە دوو نەخشەی ئەندازەی دروستەییان هەیە[١٨٢]: (أ) دروستەی گۆكردنیی (functional structure) پەیوەندی ناو ڕستە بەرهەمدەهێنرێت، كە لەلایەن كردارەوە دیاریدەكرێت و دەنوێنرێت وبەهۆی یاساكانی پرۆژەسازدانەوە، كە لە دروستەی قووڵدا جێبەجێدەكرێت دیاریدەكرێن (بڕوانە یاساكانی (١-أ، ب)).

١-أ) نیشانەی سیمانتیكی {+ زیندوو}ی دروستەی قووڵی بكەری ڕستەیەك، وەك ڕۆڵی كاری سیمانتیكی كردارەكە لێكدەدرێتەوە.

١-ب) دروستەی قووڵی بەركاری ڕاستەوخۆی ڕستەیەك، وەك ڕۆڵی كارتێكراوی سیمانتیكی كردارەكە لێكدەدرێتەوە. (ب) دروستەی مۆداڵی: دیاریكەری مەرجەكانە كە ناواخنی/ واتای ڕستەیەك بۆ پەیوەندكردن و پەیكاڵبوونی لەگەڵ هەڵوێستێكدا لە جیهانی ڕاستەقینە< دیاریدەكات، لێرەدا پەیوەندییەكان دەنوێنرێن (وەك تایبەتمەندبوونی بوارو مەودای كەرەستە یان وشە لۆژیكیەكانی، وەك نەرێكردن، /و، یان، ئەگەر، كەواتە.../ ڕادە، /هەموو، هەندێك../ و

---

* زاراوەی گۆكردن (Function) لە زانستی ئەندازیاری و ماتماتیك و لۆژیكدا بەكاردەهێنرێت، بۆ پەسنكردنی دروستەو پێڕەوەكان، لە Gloosmatic و لای (hjelmslev) ئەم زاراوەیە ئاماژەدەرە بە چەمكی پەیوەندییەكان و بەكارهێنراوە بەواتای گواستنەوەی شاراوەی پەیوەستدار لەنێوان ماتماتیكی لۆژیكی و ئیتمۆلۆژیدا. بڕوانە (G.Trauth&K.Kazzazi. 1996:175). یاخود گۆكردن، زاراوەیەكە بە بەرفراوانی لە زمانەوانیدا بەكارهێنراوە، چەندین ڕووبەری جێبەجێكردنی سەرەكی هەیە:

١- ڕووبەرێكیان پەیوەندی نێوان فۆرمی زمانەوانی و ئەو پێڕەوەیە، كە تیایدا بەكاردەهێنرێت، بۆنموونە لە ڕێزماندا فرێزی ناوی دەتوانێت لە دروستەی ڕستیلەدا گۆكردنی وەك بكەر، بەركار، تەواوكەر...ببینێت، ئەم ڕۆڵانە بەهۆی دابەشبوونیانەوە دەناسێنرێن، لە (GB) و ڕێزمانی دروستەی فرێزدا، گۆكردنی ڕێزمانی چەمكێكە زاراوەی جێكەوتە لە دروستەی ڕستیلەی پێكهاتەكاندا دەناسێنێت. گۆكردن ڕاڤەكەری دیاردە ڕێزمانییەكانە، كە هەمیشە لە بنەڕەتی ڕێزمانی پێڕاگەیاندن و ئاخاوتندا دیارن.

٢- ئەو ڕۆڵەی زمان بەتایبەتی زاراوەی گۆكردن بۆ كەرەستەیەك كە جیابێت لە پێڕەوی زماندا بەكاردەهێنرێت (وەك فۆنۆلۆژی) لە دەوروبەری كۆمەڵایەتی یاخود چ خودی دەیگێڕێت بە گۆكردن ئاماژەی پێدراوە (گۆكردنی كۆمەڵایەتی)، وەك گۆكردنی زمان لە پێڕاگەیاندنی بیردا یاخود دەربڕینی هەڵوێستێكدا. بەمە دەتوانرێت هەمیشە هەڵوێستی زانستی زمانی كۆمەڵایەتی دیار بكەین و بناسێنین، وەك شێوازی نافەرمی (گشتی) یان دۆستایەتی یان پۆلێنكردنی زمانی وەك زانست، یاسا... ئەو زاراوانەی لە زمانی زانست یان زمانی یاسادا بەكاردەهێنرێن.

٣- لە شیكردنەوە فەرمیەكان (فۆرمەڵەكاندا)، گۆكردن بەگشتی بە چەمكی ماتماتیكیانە بەكاردەهێنرێن: كە پەیوەندی پەیكاڵی هەر شتێك لە بوارەكەیدا لەگەڵ بەهای تەواویدا ئاشكرادەكات.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (D. Crystal 2003:191-192).

٤- گۆكردن بەواتای تایبەتێتی هەر شتێك لە بەكارهێناندا.

[182] بڕوانە: K. Malmkjaer (2006:307) & R. Jackendoff (2009:267).

تایبەتیە ئاماژەبەندەکانی فرێزە ناوییەکان، بۆ نموونە یاسایەکی وەك (٢) زاڵ دەبێت بەسەر گشتاندنی ئەوەدا، کە لە دوو ڕستەدا بواری نەریٚو ڕادە جیاوازن.

٢- ئەگەر کەرەستەی لۆژیکی (A) پێش کەرەستەی لۆژیکی (B) کەوت لە دروستەی ڕوکەشدا، ئەوا (A) بوارێکی فراوانتری لە (B) هەیە (شوێنی کەرەستە لۆژیکیەکان بریتین لە، ڕادەکان، نەریٚو هەندێك مۆداڵی یاریدەدەری)، لەلایەکی ترەوە یاسای نەرێکردن بریتیە لەوەی، هەر کاتێك شوێنی نەریٚ پێش کردارێکی کاتو کەسدار کەوت، ئەوا گۆڕان لە واتادا ڕوودەدات.

(پ) خشتەی هاوئاماژەبەندیی(table of coreference): لە حاڵەتی دوو جووتە فرێزی ناویی لە ڕستەدا، کە دەشێت هاوئاماژەبەندن یان نا، پێکهاتووە، کە پێویستە لێوەی درکبکرێت لە کەرەستەکانی ئەنافۆرێك[*] وەك ڕاناوەکان، کە ئاماژەبەندی بۆ پێش خۆی هەیە(بڕوانە٢/١).

(ت) فۆکسو ناواخنی واتایی (focus and presupposition[١٨٣]): دانانی ئەوچەشنە زانیارییەی، کە لە ڕستەدا مەبەست لێی کامەیان نوێیەو کامەیان کۆنە، یاخود دەستنیشانکردنی سەرەکییو شوێنکەوتووەکانیانە. دروستەی ڕوکەش، جگە لەوانەی کە باسکرا وەك بابەتی لێکدانەوەی چەمکی لەسەرگوتاربیناکراوی چەشنی فۆکسو ناواخنی واتایی[**] بۆ دیاریکردنی زانیاری ناو ڕستە بووە(بڕوانە١/٤-٣)، بەوەی کامەی وەك زانیارییەکی نویٚو کامەش وەك زانیاریەکی کۆن لێوەردەگیرێت وەك نەخشەی (٢-١٤)[١٨٤].


---

[*] بڕوانە بەشی یەکەم.

[183] بڕوانە: G.Trauth&K.Kazzazi (1996: 379).

[**] گریمانەیەکی بەڵگەیی ناوەکی خۆبەخۆیە، کە دەربارەی واتای دەربڕینێکی زمانەوانی یان گوتراوێکە. زاراوەکە لە فەلسەفەی شیکاری زمانی هەریەك لە (Frege. Russell. Strawson) وەرگیراوە. ئەم بابەتە جێگەی مشتومڕی چڕوپڕبووە لە زمانەوانیدا لە ساڵانی حەفتاکاندا. ئەنجامی ئەوە پەسنکردنو پێناسەی جیاجیای لێکەوتۆتەوە. لەلایەکی ترەوە ناڕونی ئەم چەمکە بەهۆی ئەو گواستنەوەیەی لە چەمکی لۆژیکیەوە بۆ زمانە سروشتیەکان دەگوازرایەوە، ئەم گواستنەوەیە حوکمنەکراوە لەلایەن کۆمەڵێك یاسای خوارزمی( واتە هەنگاو بە هەنگاو هەر دەرکردەیەك تێکردە بێت بۆ کردەکەی دوای خۆی). لەلایەکی تریشەوە(Garner) دەڵێت: پەیوەندی نێوان لۆژیكو زمانەوانیو ڕۆڵی هەردوکیان لەشیکاری زمانە سروشتیەکاندا ڕون نیە. بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا دەکرێت لەم یاسایەوە( S1 ناواخنی واتایی S2 ئەگەر هاتوو S1 لە ناواخنی خۆیدا S2 ی هەڵگرتبێت یان هەڵینەگرتبێت. بەم شێوەیەش S1 دەبێتە میراتگری S2 . کۆمەڵێك تایبەتمەندی یان بیرۆکە لە بارەی ناواخنی واتاییەوە دەتوانرێت لەو یاساسەوە هەڵبهێنجرێت(ا) ناواخنە واتاییەکان کۆمەڵە مەرجێکن، کە دەبێت جێبەجێبکرێن بۆ ئەوەی بتوانرێت بەهای ڕاستەقینەی ئاخاوتنێك دیاریبکرێت.(ب) ناواخنە واتاییەکان بە جێگیری دەمێننەوە لە ژێر باری نەرێدا.(پ) ناواخنە واتاییەکان ئاماژە بە دانانی کەرەستەکان(declarative) دەدەن. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە &(379 :1996) G.Trauth&K.Kazzazi . C.Rystal(2003:)

[184] بڕوانە: .R. Jackendoff (1972:4)




**هێڵكاری (٢–١٤) نواندنی پێكهاتەی سیمانتیكی**

**هەموو تیۆرییە سیمانتیكییەكان بۆ زانینی (Frege)[١٨٥] دەگەڕێنەوە، كە پێیان وایە واتای وشەكان لەوانەیە لە گۆڕاوەكان پێكهاتبن، كە بەهۆی ئارگومێنتەكان لە هەر شوێنێكی ڕستەدا دەردەبڕێن. هەندێك لە ڕێبازەكان شیكردنەوەی واتای كردار لە ناو وشەكاندا بەهەند وەردەگرن، بڕوانە (١٠):**

**١٠–أ– دەرگاكە كراوەیە. (ئاوەڵناو)**

**ب– دەرگاكە كرایەوە. (تێنەپەڕ)**

**پ– ڤالان دەرگاكەی كردەوە. (تێپەڕ)**


**لە (١٠–أ، ب، پ)دا ناوی كرداری (كردنەوە) جارێك وەك ئاوەڵناو و تەواوكەری كرداری بێ هێزو جارێك وەك كردارێكی تێنەپەروودواجاریش وەك تێپەڕ ڕۆڵ دەبینێت، بڕوانە هێڵكاری (٢–١٥).**

**أ– كردەوە (١) – ئەدگار**

‖

**كراوەیە**


**ب– NP + كردەوە (٢) =**




---

185 بڕوانە: R. Jackendoff (2009:360) & R. Leiber (2004:34).

ب- NP + کردەوە (٣) + NP =




هێڵکاری(٢_١٥)

بۆ دیاریکردنی پەیوەندی سینتاکس-سیمانتیكو خستنەڕووی دروستەویاساکانی، چەشنی گۆکردنی پۆلی جۆریی کردەیی کردارەکان بە هەند وەرگیراوە. پەیوەست بە گۆکردنی کردارەوەو بۆ دیاریکردنی واتای کردار لە گۆکردنەکەیەوە، (Jackendoff) کرداری بە هەڵوێست (situation) دانـاوەو دوو چەشنی لێدیاریکردووە، (ڕوداو (+ داینامیکی) و حاڵەت (- داینامیکی)، کە ئەمەش ڕوداوێکی نادای‌نامیکیە[186]).

بۆ ڕونکردنەوەی ئەم دوو چەشنەی هەڵوێست کە کرۆکی ڕەگی کردار* دیاریدەکەن، ئەم زمانەوانە سێ جۆر گۆکردنی دەستنیشانکردووەو بریتین لە:(ا) گۆکردنی کرۆکی (سەرەکیی)، گۆکردنی کرۆکی کرداری شیکردۆتەوە بۆ: (١) شوێن (گۆڕینی شوێن، شوێنی وەستاو،..) (بڕوانە (١١)).(٢) ڕێڕەو بۆ فراوانبوونی ناتافیی (Extension)و ئاڕاستەبوون (Orient) دابەشکراوە (بڕوانە (١٢)).(٣) گۆڕین (گۆڕینی حاڵەت، چالاکی، ئەدگار...) دەگرێتەوە( بڕوانە (١٣)).

١١- ڤالان لە سلێمانیە.

١٢-أ- ڕێگاکە بە چەمەکەشدا تێدەپەڕێت. (فراوانبوونەوەی ناتافیە)

ب- ڕێگاکە چەمەکەی بڕیوە. (ئاڕاستەبوون)

١٣- ئەستێرە بچووکەکە بەرەو ئەستێرە گەورەکە کشا.

---

[186] R. Jackendoff (1990:120, 2009: 363).

* بۆ وردەکاری زیاتر بڕوانە بەشی سێهەم.

(ب) گۆکردنی ڕوکاریی، دیارترین جۆری تەواونەبووەکانن کە بە (INCH) نوێنراوە[١٨٧]، تەواونەبووەکانە لە شیکردنەوەی کردارەکاندا، بۆ ئاماژەدان بە جۆرێکی ڕوکاریی پەیوەندیی لە زماندا نیشانە کراوە، کە لە دەستپێکی هەر کردەیەکدا دیاریدەکرێت ، وەك ڕوکاری دەستپێکراوی، یان ڕوکارێکی کردار یان فرێزی کردارییەو، دەگەڕێتەوە بۆ نەخایەنراو (non-durative) و ئاماژە بە دەستپێکی بۆ بوون بە حاڵەت یان کردەیەك دەدات، وەك بۆ نمونە (پیس بوون، گەشاندنەوە). هەندێکجار وەك هاوواتای دەروازە (ingressive) بەکاردەهێنرێت، کە ئاماژەدەرە بە دەستپێکردنی لەپڕ (کتوپڕ)ی کردەیەك (هەڵگیرسانی ئاگر)[١٨٨]. بەگشتی تەواونەبووەکان پۆلێکی کردارە بێ کاتەکان (in-finite)* پێکدەهێننو گۆڕانکارییان بەسەردا نایەتو هیچ چالاکیەکیان نییە. بێ کاتەکان لە پۆلێنکردنی ڕێزمانیدا وەك چەشنی کردار یان ڕستیلە بەکاردێنو فۆڕمێکی کردارن، خۆبەخۆ تەنها بەهۆی ڕستیلەی شوێنکەوتووەوە ڕوودەدەن. هیچ کام لە ڕێژەو تافی تیا نییەو وەك ناوی کرداریی و بکەر یان بەرکار (participle) دەردەکەون، (بڕوانە (١٢)و (١٤)).

١٤- (ئەو) بەدەم قسەکردنەوە خۆی بە دیوارەکەدا کێشا.

(پ) گۆکردنی هۆکاریی (بوونە هۆ)، کە بە جۆری سێهەم دانراوە، هۆو یارمەتیدانو ڕێگەدان لە ڕوداوو حاڵەتە جۆراوجۆرەکاندا دەگرێتەوە. لە بوونە هۆدا دوو ئارگومێنتی بە خورتی (کارا، کارتێکەر) و یەك ئارگومێنتی سەرپشکی (کارتێکراو) داوا دەکرێن، بڕوانە (١٥).

١٥- ڕەشەبا بارانی هێنا.

لەلایەکی ترەوە (Gruber) چەمکیی سیمانتیکیی تەرزە ڕێزمانییەکانی بەپێی بوارە سیمانتیکییەکان پۆلێنکردووە بۆ[١٨٩]: (أ) جووڵە (ب) خاوەنداریێتی (پ) ئەدگار (ت) چالاکی.

---

[187] بڕوانە: .D. Crystal (2003:229)

[188] بڕوانە: G.Trauth&K.Kazzazi .(1996:222)

* ئەو کردارانەی نیشانەی تافیان هەڵگرتووە، بەڵام نیشانەی کەس و ژمارەیان هەڵنەگرتووە، فۆرمی کرداری بێ کاتیان infinite verb form هەیە. /گرتن، مردوو، خوراو/(کاتدار نین: ناو یان ئاوەڵناون) لە زمانی ئینگلیزیدا بە دروستەکانی ({to + base} infinitive) و ({verb + ing} Gerund) دەردەبڕێتو لەڕووی سیمانتیکییەوە، چەشنی یەکەم لە داهاتوودا ڕوودەدات هەرچەندە ئێستا قسەی لێوە دەکرێت (I Love going to picnic). چەشنی دوهەمی لەپێش قسەکردندا ڕوویداوەو ئێستا قسەی لەسەر دەکرێت. بڕوانە محەمەدی مەحوی(٢٠١١: ٥٨).

[189] بڕوانە: .J. Gruber (1965)

پێـی وەهایـە، دەبێـت چـەمکیی سـیمانتیکیی، لـە سـەر بنـەمای هەریـەك لـەو گۆکردنانـەی لەپێشەوە ئاماژەیان پێدرا، دیاریبکرێن.

کردار وەك پێڕەوێکـی لێکهەڵوەشـاوەیی(decomposition) فەرهـەنگی شـیکراوەتەوە، کـە حاڵـەتو چـالاکی ئارگومێنـت–داواکـەر وەك بنـەڕەت وەرگـیراونو پۆلـەکانی تـر لەمانـەوە هەڵگوێزراون(بڕوانە بەشی سێهەم).

(pustejovsky) لەو باوەڕەدایە، کە ناویش وەك کردار گۆکردنی هەیە. بە بەراوردکردنی گۆکردنی کردارەکان، لە سیمانتیکی پێکهاتـەیی نـاو دەدوێت. ناوەکـان بەشداریی ئـەدگاری چەمکی فەرهەنگیان هەیە. تیۆری سیمانتیکی ناو بۆ لیستی نیشانەکان دەگەڕێتەوە و بۆ ئەم مەبەسـتە دوو جـۆر هۆهانـدەری دیـاریکردووە[190]: (١) دروسـتـەی پەسـەندترین (qualia). کەسێك دەتوانێت ئەدگاری چەمکی فەرهـەنگیی بۆ ژمارەیـەك لـە جۆرە جیاوازەکـان دابـەش بکات (کە باشترینیانە) بە (qualia) ناسراوە، دروستەی پەسەندترین بریتییە لە نواندنی دروسـتـەیەك، کـە پەیوەنـدی تونـدوتۆڵی کەرەسـتە فەرهەنگیـەکان دیاریـدەکات[191]. ئـەم ئەدگارانە نیشانەی تاك نین، بەڵکو ئەو ئەدگارانە دروستەی ناوەکیی خۆیانیان هەیە، بەواتا هـەر ئـەدگارە چـەند نیـشانەیەکی هەیـەو ئـەو نیـشانانە دروسـتەی نـاوەکی خۆیانیـان هەیـە. لەمـەوە واتـای ڕسـتە ناتوانرێـت لـە خـستنەتەکیەکی واتـای وشـەکان بەدەسـت بهێنرێـت، لەبەرئـەوە دروسـتـەی پەسـەندترین ڕۆڵێکـی چـالاك لـە پێکهاتـەی پەیوەنـدی نێـوان واتـای وشـەکان لـە ڕسـتەدا دەگێڕێـت. (pustejovsky) ئـەم دروسـتـەیەی بـۆ چـوار پێکهاتـە جیاکردۆتەوە:

(أ) فۆڕمـەلی: وەك دروسـتـەی هـەڵاوێرکردنو پـۆلکردنی شـتەکان (taxonomic)[192]، کـە بەشێکە لـە سـیمانتیکی فەرهـەنگییو شـتەکانی پێدیاریـدەکرێن، وەك /تووتکـە جۆرێکـە لـە سەگ، ئەمیش جۆرێکە لە ئاژەڵ، ئاژەڵ جۆرێکە لـە گیانلەبەر، گیانلەبەر لە زیندەوەرانـە، کە شتێکی فیزیکییو بەرجەستەیە/.

(ب) پێکهێنـەریی (Constitutive): لێـرەدا زانیـاری دەربـارەی ئـەدگاری دروسـتـەی هـەبوو (entity)ەکـان، وەك ئـەدگاری هەسـتپێکراوی (دوریـی، شـێوە، قـەبارە، ڕەنـگ، بەرجەسـتە، کێش، بۆن...). ئەدگاری مادیی (ئەمە پێکهاتووە لە ئەدگاری دروستەی بەشێکی هەبوویـەك، وەك /دەسـت/ (ئەنـدامێکی لەشـی مرۆڤـە). دوو چەشـنـەکەی تـر زۆر ئـاڵۆزنو ئاکـاری ئـەو کردەیە لەخۆدەگرێت، کە هەبوویەك دەیکات.

---

[190] بڕوانە: R. Jackendoff (2009:369), R.V.Valin(2005: 51). J. pustejovsky (1996:76),

[191] بڕوانە: J. pustejovsky (1996:76).

[192] بڕوانە: G.Trauth&K.Kazzazi (1996:135).

(پ) كارامەیی یان لێهاتوویی كارایی: ئەو زانیارییانە بە جفرەدەكات، كە دەربارەی ئەوەن چۆن هەبوویەك دێتە بوون، ئەگەر بەرهەمێكی دروستكراو بێت (دروستكراوی مرۆڤ بێت)، چۆن ئەوە دروست بووە، ئەگەر ئەندامێك یان هەبوویەكی زیندووەو قۆناغەكانی خولی ژیانی چۆن بووە. كەواتە لە چۆنێتیی گەشەی هەبووەكان، هەر لە كۆرپەلەیەوە تا پێگەیشتنی، لەخۆدەگرێت.

(ت) دوامەبەست/تیلیك (telic quale): زانیاریمان دەربارەی ئەو چالاكییەی هەبووەكە پێدەبەخشێت، كە بەشداریتێدادەكات. واتە، مەبەست و گۆكردنی ئەو یەكەیە دەخاتەڕوو وپێماندەڵێت بۆ چ مەبەستێك بەكاردێت، وەك/ قەڵەم/ كە بۆ نوسینە. لێرەدا مەوداو بواری كردە جۆراوجۆرەكان دیاریدەكرێن، ئەم چەشنە ئاسایی شوێنی چەقیی ئەم زانیارییانەیە. چەشنێكی تری زانیارییەكان ئەوەیە كە چۆن ئەو هەبوانە كاردەكەن، وەك /قەڵەمدادان/. چالاكیەكی تری (telic quale) ئەوەیە ئەو هەبوانە بەشێوەیەكی گشتی چالاكیان چیە یاخود بە چیەوە سەرقاڵن ولە ناواخنی چۆنێتی بە ئاكام گەیاندنی كردەكان دەكۆڵێتەوە، وەك/ ڕۆشتن/. كە دەڵێت >من دەچمە سەركار<. لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا بە پێ ڕۆیشتوە یان بە ئوتومبێل.

٢- دروستەی بابەتی خاڵەكان (Dot objects). داهێنانكاریی گرنگ لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، كە پۆلی بابەتەكان بۆ زیاتر لە یەك پۆلێنكردن دەگەڕێنەوە، بۆ وێنە ڕۆمان و ڕۆژنامەكان زیاتر لە زانیارییەك هەڵدەگرن، وەك لە بابەتێكی بەرجەستەكراو. لە ڕۆماندا زانیاریی زۆر بە دەوری سەرباس و بیرۆكەی سەرەكیی بابەتەكەدا دەخولێتەوە. بە فەرمیكردنی ئەم ڕوكارە دوانەیەی زانیاری، بەهۆی زنجیرەیەك لە هەڵگری تایبەتێتیە پۆلێنكراوەكانی ناو (quale)ی فەرمیدا بەرجەستەدەكرێت، بەو هەبووانە گوتراوە بابەتی دۆت (dot object)، وەك لە (٢)دا دیارە.

٢) {بابەتی بەرجەستە. زانیاری}

بۆنموونە /خوێندنەوە/ دوو كردەی (خاڵ- dotted)ی تیایە، كردەی ڕوپێوكردنی چاویی بۆ كتێبەكەو كردەی تێگەیشتن و درككردن بە زانیاری تیایدا، واتە مەرج نییە بتوانیت لە خوێندنەوەدا هەموو زانیارییەكانی ناوی بەیەكجار دركپێبكەیت. لەمەشەوە گرنگترین خاڵ لە پێڕەوی چەمكیدا، بریتیە لە چەمكی كەسێك، ئەو كەسە وەك بابەتێكی بەرجەستەكراو پێشبینی هەموو ئەو شتانە بكات، كە لەڕوی مادیەوە وابەستەیە پێوەی وەك: ( كات، شوێن،... ). لەمە گرنگتر بابەتی نابەرجەستەییەكانێتی، وەك ( ژیریی و دەرون و گیان) و ئەوانەی بەمەوە پەیوەستن، وەك (پەیوەندیی كۆمەڵایەتیی و بیرەوەریی و تێگەیشتن و

ئاوەزیی و ماف و ئەرك و...). ڕوكاری خاڵ ڕوكاری كردە قسەییەكانە، كە بە تایبەتیی بە ڕوكاری خاڵەكانی قسەكەرەوە پەیوەستدارە.

بە گشتیی بۆ دیاریكردنی بنەماكانی بەشەكانی ئاخاوتنی سیمانتیكی لە گۆكردنی هەبووەكانەوە، فەرهەنگی بەرهەمهێنان چوار ئاستی نواندنی تێدا دیاریكراوە[193]: (ا) دروستەی ئارگومێنت: دیاركردنی ژمارەو چەشنی ئارگومێنتی لۆژیكیەو چۆنێتی بەرجەستەبوونیان لە سینتاكسدا دیاریدەكات. (ب) دروستەی ڕوداو: ناساندنی چەشنی ڕوداوی كەرەستە فەرهەنگیەكان و فرێزەكانەو جۆرەكانی (حاڵەت، كردە،...) دەگرێتەوە. (پ) دروستەی qualia: ڕێگای شیكردنەوەو ڕاڤەكردنەو لە فۆرمەڵیی و پێكهێنەریی و تیلیك و كارایی پێكهاتووە. (ت) دروستەی زگماكی فەرهەنگیی: دیاریكەری چۆنێتی پەیوەندیی دروستەی فەرهەنگیی لەگەڵ دروستەی تردا لە چەشنی تۆڕیدایە.


## ٢/٤-٢-٢) نواندی بەشەكانی ئاخاوتنی سیمانتیكی

پێش ئەوەی تەماشای واتای یەكە زمانەوانییەكان بكەین، دەبێت بیانپشكنین بەوەی ئەوان ڕوداون و لە جیهانی بینراودا هەن[194]. پەیوەست بە چەشنی گۆكردنی بنەڕەتی دروستەی ئارگومێنتەكانەوە، دروستەی پۆلەڕەگەزەییە چەمكیە سەرەكیەكان دیاریكراون، كە بە سیمانتیكی چەمكیی بەشەكانی ئاخاوتن ناوبراوە. ئەمانیش ئەو پۆلەڕەگەزانەن، كە لە جیهانی پێشبینیكراو (projected world) وەرگیراون ودابەشكراون بۆ (بابەت/شت) و (یەكە). بە گشتی بەشەكانی ئاخاوتنی سیمانتیكی بریتیە لە هەبووەكان، وەك (شت (بابەت))، ڕووداو، حاڵەت، كردە، شوێن، ڕێڕەو، ئەدگارو ڕادە). هەریەك لەمانە دەتوانرێت لە گۆكردنی ئارگومێنتەكاندا دیاریبكرێن[195] و بەپیاسای چەمكیی بنوێنرێن (بڕوانە(٣)).

٣)

أ- {شوێن} ⟵ {شوێن گۆكردنی شوێن ({شت})}.

ب- {ڕوداو} ⟵




---

[193] بڕوانە: J. Pustejovsky (1996:61).

[194] بڕوانە: عباس صادق الوهاب (١٩٨٧: ٤١).

[195] بڕوانە: R. Jackendoff (1992:43).

پ- {ڕوداو} ← {ڕوداو گۆڕین ({شت }. {ڕێڕەو })}
{ڕوداو شوێن ({شت }. {شوێن })}

ت- {حاڵەت} ← {حاڵەت بوون (شوێن) ({شت}. {شوێن})}
{حاڵەت ئاڕاستەبوون ({شت}. {ڕێڕەو})}
{حاڵەت فراوانبوونی ناتافی ({شت}. {ڕێڕەو})}

ج- {ڕوداو} ← [ڕوداو هۆکاریی ([[شت ڕوداو]])]

**لێرەدا بە کورتی باس لەم یاسا چەمکیانە دەکەین*.**

**١-أ) دەڵێت هەر پێکهاتەیەکی چەمکی بۆ پۆلەڕەگەزی (شوێن) گەڕایەوە، دەتوانرێت وەك گۆکردنی شوێن لەگەڵ ئارگومێنتێك دیاریبکرێت، کە بۆ پۆلەڕەگەزی (شت) دەگەڕێتەوە. لێرەدا ئارگومێنتەکە خاڵی ئاماژەدانە بە چەمك و بەهۆی گۆکردنی شوێنەکەوە ئەو ناوچەیە یان شوێنەت بۆ دیاریدەکرێت، وەك >ژێر دارەکە<، /دار/ ئاماژەی شتەکە دیاریدەکات، /ژێر/ دەربڕی گۆکردنی شوێنەو ئەم یەکگرتنە /دارەکە و ژێر/ پێکەوە هەرێم یان ناوچەی >ژێر دارەکە< دیاریدەکەن. لە (١-ب) دا ڕێڕەو یەکێکە لە گۆکردنەکانی یەکگرتن لەگەڵ شت یان شوێندا. ڕێڕەو لەگەڵ ئاماژەبەندی شتدا (بۆ ماڵەکە) دیاریدەکرێت، یان لە (١-پ)دا پێکهاتەی پۆلەڕەگەزی (ڕوداو) دەتوانرێت (گۆڕان- جوڵە) یان (وەستاو- مانەوە) بێت. هەریەك لەوانە دوو ئارگومێنت داوادەکات، ئارگومێنت (جووڵە- گۆڕان) ئاماژە بە جووڵە بە درێژایی ڕێڕەو دەدات، واتە ئەو شتەی، کە دەجوڵێ و ئەو ڕێڕەوەش دەیگرێتەبەر >ڤالان بۆ هەولێر چووبوو<. ئارگومێنتی (وەستاو- مانەوە) ئاماژە بە مانەوە لە ماوەیەکی دیاریکراودا دەدات، واتە شتێك وەستاو بێت لە شوێنێکدا >ڤالان لە یاریگاکە مایەوە<. لە (١-ت) دا سێ گۆکردنی حاڵەت نیشاندراوە: ١.هەبوون، کە بۆ دیاریکردنی شوێنی شتەکان >گوڵدانەکە لەسەر مێزەکەیە< بەکاردێت. ٢.ئاڕاستەبوون (orient) دیاریکەری ئاڕاستەی شتەکانە >ئەوان بەرەو هەولێر کەوتنەڕێ<. ٣.فراوانبوونی ناتافی (Ext) فراوانبوونی شوێنی شتەکان بە درێژایی ڕێڕەوەکان >ئەم ڕێگایە لە دەباشانەوە بەرەو ئەزمەڕ دەڕوات <.**

---

* بۆ وردەکاریی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بڕوانە سەرچاوەکانی (R. Jackendoff (1991.& 1999 & 2005 & 2009. & J. Pustejovsk (2005).

لە (١–ج) دا ڕونكردنەوەی (ڕوداو) وەك هۆكاری گۆكردنی ڕوداوی دوو ئارگومێنتی هەیە: ئارگومێنتی یەكەم (شت)ەكە كارایە (ئەگەر ڕوبدات) و هۆییەو دووەم ڕوداوێكە كە كاریگەری هەیە >ڕەشەباكە باكەی باران<.

بنەمای بنەڕەتی پەیوەستبوون و ڕێكەوتنی دروستەی سینتاكسیی و سیمانتیكیی ئەوەیە، كە (S, NP, AP, VP...) لەگەڵ پێكهاتە چەمكیەكاندا لە پۆلەڕەگەزە سیمانتیكیە(چەمكی) سەرەكیەكاندا گونجاون. بۆنموونە (NP[*]) دەتوانێت دەربڕی زۆرینەی پۆلەڕەگەزێكی چەمكیی بێت، (PP) دەربڕی (شوێن)، (ڕێڕەو)، (AP) دەربڕی (ئەدگار) بێت و (S) دەربڕی (ڕوداو یان حاڵەت) بێت. بۆ دیاریكردنیان بڕوانە دروستەی سینتاكس و سیمانتیكی نموونەی(١٦) لە (٤) دا.

١٦– ڤالان لەناو یاریگاكەدا ڕایكرد.

٤–ا) دروستەی سینتاكسی:

{$_6$ {**ڤالان** $_{NP}$} {**ڕایكرد** $_{VP}$} {**لەناو** $_{PP}$} {**یاریگاكە** $_{NP}$}}}}.

ب) دروستەی سیمانتیكی (چەمكی):

{**جووڵە** ڕووداو ({**ڤالان** شت}، {**لە** ڕێڕەو} ({**ناو** شوێن} ({**یاریگا** شت})))}.

لێرەدا ڕستەكە لەگەڵ ڕوداوەكەدا گونجاوە، (ڕایكرد) دەربڕی (گۆكردنی جووڵە/ گۆڕان)ەوە داوای دوو ئارگومێنت دەكات. (شت)ێك، كە بجولێت و (ڕێڕەو) ێك كە دیاریكەری ڕێڕەوی جوڵەكە بێت، یەكەمیان ئارگومێنتی دەرەكیی ناوبراوەو ئارگومێنتی ناوەكیش ئەوانەن، كە دەرنەبڕاون و لە ناواخندا ئەوە دەگەیەنن وەك >ڤالان ڕایكرد<. لە(٥) داو بڕوانە هێڵكاری (٢–٢١).

٥–أ–
**لەناو**
P   NP
**لە** ({شوێن **ناو** ({شت})}) ڕێڕەو

ب–
**ڕایكرد**
V   <PP>
{ڕوداو **جوڵە** ({شت}، {ڕێڕەو})}

بەپێی چەشنی دروستەیی بەشەكانی ئاخاوتنی سینتاكسی وگۆكردنیان(بڕوانە بەشی یەكەم)، دروستەی بەشەكانی ئاخاوتنی سیمانتیكیی وگۆكردنەكانیان دەگۆڕێن و جگە لەوەش هەریەك لەو

[*] بۆ دروستەی سینتاكسیان بڕوانە بەشی یەكەم.

دروستانە لە دروستەی ناوەکی وردتر پێکهاتووە ، بۆ نمونە: (ا) دروستەی ڕێڕەو، کە بەشە ئاخاوتنێکی سیمانتیکیە، لە گۆکردنی– ڕێڕەوییی و ئامارژەدانی بە شتێك پێکهاتووەو بەهۆی فرێزەوە دەردەبڕێن >بەرەو شاخەکە، بە دەوری دارەکە...< یان ئامارژە بە شوێنێك دەدات وەك >لەژێر مێزەکەدا<، >لەکوێوە< دەربڕی گۆکردنی– ڕێڕەون، پێشناو وەك >لەناو، لەسەر...< دەربڕی گۆکردنی ڕێڕەون، دروستەی چەمکی لە (٢٤) نوێنراوە:

٢٤–أ) مشکەکە لەژێر مێزەکەوە ڕایکرد.

{ڕێڕەو لە ({شوێن لەژێر ({شت مێز})})}.

ب) مشکەکە لەناو ژورەکەدا ڕایکرد.

{ڕێڕەو لە ({شوێن ناو ({شت ژور})})}.

ڕێڕەو بۆ سێ جۆر دابەشکراوە[١٩٦]: (١) ڕێڕەوی دیاریکراو: لە ڕێڕەو– سەرچاوە دەینوێنێت و ڕێڕەو ئامانجی پێشناو (لە) دیاریدەکات. لە ڕێڕەوی دیاریکراودا، ئامارژەبەندی شت یان شوێن کۆتاخاڵە لە ڕێڕەوەکەدا، واتە لە سەرچاوەوە بۆ ئامانج دەبێت. (٢) لە ڕێڕەو– ئاڕاستەکردندا، شت یان شوێنی ئامارژەبۆکراو کۆتاخاڵ نییەو ڕێگاکە بۆ ماوەیەکی نادیار درێژکراوەیە، وەك >بەرەو ڕێگاکە< >دوور لە، نزیك لە< و لێرەدا پێشناوەکان دەربڕی ئاڕاستەن. جیاوازی (أ) و (ب) لە (١٧) دا دیارە.

١٧–أ) ئالان لە زانکۆوە بۆ ماڵەوە ڕۆیشتەوە. (ڕێڕەوی دیاریکراو)

ب) ئالان بەرەو ماڵەوە ڕایکرد. (ڕێڕەوی ئاڕاستەکراو)

(٣) ڕێڕەو– ڕێگە (routes): شت و شوێنی ئامارژەبۆکراو پەیوەستە بە هەندێك خاڵی ناوەکیی ڕێڕەوەکەوە وەك کرداری (تێپەڕین– pass) تەنها لەگەڵ (PP) دا ڕوودەدەن و دەربڕی ڕێگەن (١٨).

١٨– ئۆتۆمبیلەکە تێپەڕی ( بە درێژایی ڕوبارەکە
لەپێش ماڵەکەوە
بەناو تونێلەکەدا )

١٩٦ بڕوانە: R. Jackendoff (1999:165).

کورتکراوەی چەشنەکانی ڕێڕەو لە (٦) دا دیاریکراوە.

٦) {ڕێڕەو} ← ( لە / بۆ / بەرەو / تێپەڕین )ڕێڕەو ( [ {شت Y} / {شوێن Y} ] )

گۆکردنە چەمکیەکان بریتی بوون لە (چوون، گۆڕین، مانەوە، دەبێت،...)، کردارەکان بەهۆی چەشنی جووڵەو ڕێکخستنیان یان گۆکردنیانەوە دیاریدەکرێن، پێکەوەهاتنی دوو چەشنی گۆکردنی جۆریی کردەیی کردار ڕێگەپێدراوە، با بۆ ئەم مەبەستە بڕوانینە نموونەکانی (١٩، ٢٠).

١٩-أ- ڤالان هەڵدەقونێ.

ب- کانی تێوەگلا.

٢٠-أ- ڤارۆ مایەوە.

ب- شەن هاتە ژوورەوە.

پ- ڤارێ نزیك بوویەوە.

ئەو نموونانە ئەو ڕاستیە دەخەنەڕوو، کە لە (١٩) دا (ڕێڕەو) نییە، تەنانەت وەك ئارگومێنتێکی ناواخنیش. ئەمەیش ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەو کردارانە وەك حاڵەتی (چوون) نییە. ئەمان بە دیاریکراوی ئارگومێنتی (شت، ڕێڕەو) دەردەخەن، بەڵام لە (٢٠) دا ڕێڕەو وەك ئارگومێنتی ناواخنی ئاماژەی پێدراوە. کردارەکانی (١٩) وەك حاڵەتێکی جووڵەی جیاواز دەردەبڕێن و ڕستەکانی (١٩) تەنها پەسنی جوڵەی ناوەکیی بکەرەکانی دەکات، لەگەڵ ئەوەی کاریگەری بۆ (شوێن) یان (گۆڕینی شوێن) یان ڕیزبەندی کردن بەهەر بابەتێکی تر نییە. ئەمە بەپێچەوانەی ئەوانی ترەوە گۆکردنی لە (٧)دا دیاریکراوە.

٧) {ڕووداو جوڵە ({شت })}.

ئەم کردارانە دەتوانن لەگەڵ ڕێڕەویشدا بێن، وەك >ڤالان لەناو ژوورەکەدا هەڵدەقونێ< لەم ڕستەیەدا دروستەی چەمکی لە گۆکردنی (جوڵە، چوون) پێکهاتووە.

یاساکانی پەیکاڵبوونی دروستەی چەمکیی و سینتاکس بریتیە لە فەرهەنگ (بڕوانە (٢١، ٢٢)).

٢١- ڤالان پێکەنی.

٢٢- ئالان پژمی.

/پێکەنین، پژمین/ بە چەشنێکی دەنگ دانراون. دەرچوونی ئەم دەنگانە بە بەشێك لە کرۆکی واتای کردارەکانی دانەنراوە، چونکە کەسێك دەتوانێت بپژمێت یان پێبکەنێت بە بێدەنگیو بە چەشنێکی کرداری جووڵە دانراون.

ناوە کرداریەکانی (داچوون، هەڵچوون، خایاندنی ماوە <١ کیلۆمەترم بڕی تا گەیشتمە ئێرە> (ئاراستە) و (ماوەدا) لەناو دروستەی چەمکیی دیاریکراونو گۆکردنی ڕێڕەویان هەیە.

(ب) دروستەی شوێن: پێکهاتووە لە گۆکردنی- شوێنی، وەك /بەرەو، لێرە، ئەو ڕێیە.../ و ئاماژە بە شتێك دەدات >سەر مێزەکە<، >لەژێر مێزەکە< و دەگونجێت دوو ئاماژەی شتی هەبێت >لەنێوان گوڵو دارەکان<، دروستەی چەمکی ئەم چەشنە لە (٨)دایە.

٨) {شوێن} ←— ⌈ شوێن
گۆکردنی- شوێن ({شت}) ⌋

بە پۆلەڕەگەزی ئۆنتۆلۆژی هەر یەکەیەك لە (٩)دا نوێنراوە.

٩) {شوێن X} ←——— {شوێن گۆکردنی- شوێن ({شت Y})}.

ڕەنگدانەوەی شتو شوێن بەپێی دروستەی چەمکی لە هەردوو ڕستەی حاڵەتو ڕووداودا لە (١٠)دا دیاریکراوە:

١٠-أ- {ڕووداو چوون ({شت X}، {ڕێڕەو Y})}.

ب- {حاڵەت دەبێت ({شت X}، {ڕێڕەو Y})}.

نموونە بۆ (١٠-ب) وەك (٢٣).

٢٣- ماڵەکە ڕووەو قیبلەیە. {حاڵەت ڕوو ({شت ماڵ}، {ڕێڕەو ڕووەو ({شت قیبلە})})}

گۆکردنی (چوون) دەربڕی ئەو گۆڕانی حاڵەتەیە لە جێکەوتەیەکەوە بۆ یەکێکی تر.

بەکورتی داڕشتە-گۆکردنی {ڕووداو} و {حاڵەت} لە (١١)دایە.

١١-أ) {ڕووداو} ←— ⌈ {ڕووداو چوون ({شت X}،{ڕێڕەو Y})}
{ڕووداو ماوە ({شت X}،{شوێن Y})} ⌋

ب) {حاڵەت} ←— ⌈ {حاڵەت دەبێت ({شت X}،{شوێن Y})}
{حاڵەت ڕوو ({شت X}،{ڕێڕەو Y})}
{حاڵەت چوون ({شت X}،{ڕێڕەو Y})} ⌋

پ) {ڕوداو} ⟵ [ {ڕوداو **هۆكاریی** ({شت ڕوداو} X }، {ڕوداو Y})} / {ڕوداو **ڕێگەپێدان** ({شت ڕوداو X}،{ڕوداو Y})} ]

**(پ) دروستەی هۆكاریی: هۆكاریی ئاماژە بە دوو ڕوداو دەدات، بڕوانە داڕشتەی(١٢):**

**١٢)** {ڕوداو **هۆكاری** ({ڕوداو **كردن** ({شت X }،{كردە Z})}،{ڕوداو Y})}.

**یەكـەم ئـارگومێنتی هۆكـاریی هەمیـشە (ڕوداوە): <قـالان بـە قـسەكانی ئێمـەی خـستە پێكەنین>.**

{ڕوداو **هۆكاریی** ({شت **ڤالان**}، ({ڕوداو **بە قسەكانی**}،{ڕوداو **خستە پێكەنین**}.

**((گۆكردنی ڕێگەپێدان ماناى وەستاندنی ڕێگری دەگەیەنێت و جۆرێكی جیاوازی گۆكردنی هۆكاری دەنوێنێت))** [١٩٧]**، وەك (٢٤).**

**٢٤- ڤالان ڕێگەی بە ڤاریێ دا بە دەوری درەختەكەدا بخولێتەوە.**

**٢٥- ئالان چۆلەكەكانی لە قەفەسەكەی دەركرد.**

**بەگشتی كردار تەنها یەك ڕوداو/ یەك حاڵەت دەردەبڕێت، بێجگە لە كرداری هۆكاری دەربڕی دووانن، نمونەی كرداری /بەرزبوونەوە/ لە (٢٦)و(٢٢)دا.**

**٢٦- كۆلارەكە بۆ ئاسمان بەرزبویەوە.**

**٢٢)بەرزبوونەوە:** {ڕوداو **هۆكاری** ({شت X}،{ڕوداو **چوو** ({**شت** Y}، [ **بەرزبوونەوە** / *< Y > ] ( )}

ڕێڕەو

**(ت) دروسـتەی تەواونـەبوویی** (Inchoative) **بـە شـاراوەیی وناواخنی، بـە حاڵـەتێكی گۆكردنی (چوون) دانراوە، بڕوانە (٢٧).**

**٢٧-أ) لاپەڕەكان زەرد بوون.**

**ب) {چوون {لاپەڕە}، {بوو ({زەرد})}}**

**لە (ب) دا خوێندنەوەی ڕوداوەكە گۆكردنی (چوون - بۆ) دەگرێتەوە. لەگەڵ ئەوەی حاڵەتی پەیكاڵبوونی ئەمە لە (٢٨)دا گۆكردنی (دەبێت - بە) دەگرێتەوە.**

**٢٨-أ- گڵۆپەكە سورە.**

**ب) {دەبێت ({گڵۆپ}،{بە ({تایبەتێتی سور})}}**

**بڕوانە نموونەكانی:**

---

[197] R.Jackendoff (1991:178).

* (< >) ئەم كەوانەیە واتە ئارگومێنتەكەی ناوی سەرپشكیە.

٢٩-أ- دوژمن چواردەوری شارەکەی داوە.

ب- بەفر شاخەکەی داپۆشیوە.

(ج) دروستەی کارتێکراو، گۆکردنێکی تری گۆکردنە بابەتیەکانەو لە (١٣) فۆڕمولەکەی داڕێژراوە: لە (١٣) دا ڕوونکراوەتەوە.

١٣) REACT ({X}،{Y}).

X کارلێکی Y

(چ)دروستەی دیاریخەرەکان (modifiers) لە NPدا وەك (٣٠) خراوەتەڕوو.

٣٠- گوڵە سورەکە.

تایبەتێتی کرۆکی دیاریخەرەکان لەمانەدایە: (أ) دیاریخەرەکان پێکهاتەی چەمکی پێکدەهێنن. (ب) بەهۆی پۆلەڕەگەزی فرێزی سەرەکیەوە دەردەبڕێن. (پ) دیاریخەرەکان ئارگومێنتی گۆکەری نین. ئەمەیش لەسەر بنەمای یاسای (١٤)یە، ئەگەر C = پۆلەڕەگەزی ئۆنتۆلۆژی پێکهاتەی چەمکیی بێت و (X، Y) پێکهاتەی ناوەکی کۆکراوەبن. پێکهاتەی چەمکی لەناو کەوانەی ({ })دا بە کۆد دەکرێت.

١٤) $$\begin{bmatrix} C \\ X \\ Y \end{bmatrix} \longrightarrow \begin{pmatrix} \begin{bmatrix} C \\ X \end{bmatrix} \\ \\ \begin{bmatrix} C \\ X \end{bmatrix} \end{pmatrix}$$

سێ چەشنی دیاریخەر لەڕوی سیمانتیکیەوە دیاریکراوە: (أ) دیاریخەری ناکۆتوبەندکراویی (Nonretrictive Modifiers)، وەك پەیوەندییە ئەرێیەکانی ڕستیلە لە (NP)دا (بڕوانە (٣١)).

٣١- پیاوە هەژارەکە پارەکەی ونکردووە.

(ب) دیاریخەری پێوانەیی یان بەستنەوە (measuring or bounding): لە (٣٢) دا نمونەی بۆ هێنراوەتەوە*.

٣٢-ا- ژمارەیەکی خۆپیشاندەران، لە (NP)دا.

ب- کەمێك هیلاکە، لە (AP)دا.

(پ) دیارخەری لۆژیکی: وەك ڕادەی جیهانیی /هەر، هەندێك، هیچ، هەموو/ پێکهاتەیی.

---

* بۆ دروستە سینتاکسییەکەی بڕوانە ڕادەو واژەگۆکەری زۆریی وپلە لە ٢/١دا.

هەر پێکهاتەیەکی سینتاکسیی لە ڕستەدا دەبێت لەگەڵ یەکەیەکی سەربەخۆی دیاریکراو لە دروستەی سیمانتیکیدا پەیکاڵ بێت. بەواتایەکی تر هەر پێکهاتەیەکی سەرەکیی فرێز لە ڕستەدا پەیکاڵە لەگەڵ پێکهاتەی چەمکیی لە دروستەی سیمانتیکی ڕستەکەدا. بەشە ئاخاوتنە سیمانتیکیەکان/پۆلەڕەگەزی ئۆنتۆلۆژی وەك {شوێن، کردە، ڕوداو،ئەدگار،ڕێڕەو...} پۆلی دەربڕینە ئاماژەپێدەرەکانیشی وەك (NP، VP، PP، SS)ن.

## ٣-٤/٢) X- باری سیمانتیکیی

پەیوەست بە سینتاکسەوە، بۆ دەستنیشانکردنی پێکهاتەو وەچە پێکهاتەو یەکەکانی، چەمکی تیۆری (X-باڕ) لە ڕێزمانی گواستنەوەدا بۆ دیاریکردنی پەیوەندی نێوان کەرەستە فەرهەنگییەکان بە تایبەت دروستەی فرێز بەکارهێنراوەو لەسەر ئەم گریمانە بنچینەییانە گەشەی کردووەو دیاریکراوە:[١٩٨]

یەکەم: هەموو پۆلەڕەگەزێکی ئاڵۆزی سینتاکسیی (NP، VP، PP...) لە زماندا، بەپێی بنەما دروستەییە جیهانیەکان پێکدەهێنرێن.

دووهەم: هەموو پۆلەڕەگەزێکی فەرهەنگیی دەتوانرێت بناسرێنرێتەوە بەپێی دیاریکراوی هەژمارکردنی ئەدگارە سینتاکسیەکانی، وەك ($\bar{N}$ +} و {$\bar{V}$ +}، بۆنموونە: کردار = {+ V، -N}، ناو = {- V، + N}، PP = {- V، - N}، ئاوەڵناو= {+ V، + N}. پۆلەڕەگەزی فەرهەنگی = بەشەکانی ئاخاوتن = N، V . P.A .


پۆلەڕەگەزی فرێزی = فرێزی ناوی NP، فرێزی کرداری VP...ڕستە S. هەریەك لەم پۆلەڕەگەزە فرێزیانە لەسەرو ئەندامێکی پۆلەڕەگەزی فەرهەنگی پێکهاتووە (تەواوکەر)، لەگەڵ دەرخەردا.

سێهەم: جیاکاریی دەتوانرێت لەنێوان ئاستە ئاڵۆزەکانی ناو فرێزەکاندا بکرێت، بەو شێوەیەی کە خودی فرێزەکان (NP، VP...) پۆلەڕەگەزی ئاڵۆزی گەورەی جۆرەکانی (N، V،...) بن، پۆلەڕەگەزی فەرهەنگیی چەشنی ($\bar{N}$، V،....) بچوکترن و لەم نێوانەشدا ئاستی ناوەند هەیە[١٩٩]، واتە ئاستەکانی پرۆژە سازدانی (NP ($N^{=}$) بۆ (N (N°)، N (N) دابەشکراوە (٢-١٦).

---


[198] بڕوانە: .G.Trauth&K.Kazzazi (1996:527)

[199] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە سەباح ڕەشید قادر (٢٠١٠: )، (G.Trauth&K.Kazzazi (1996:527 &




هێڵکاری ژمارە(٢_١٦)

لە سیمانتیکدا دروستەی ئارگومێنت‌و چەشنە لەیەکچووەکانی لۆژیکی وەك (ئارگومێنت– داواکەر، گۆڕاوەکان، ڕادەکان) ئەمانە بە پێکهاتە چەمکیەکان ناوبراون[٢٠٠]، هەریەك لەوانە بۆ یەك دەستەی چەشنی سیمانتیکی(چەمکی) تایبەتمەند کراون، کە بە بەشەکانی ئاخاوتنی سیمانتیکی(چەمکی) دانراوە، وەك: (شت، ڕوداو، حاڵەت، کردە، شوێن، ئەدگارو بڕ). بە واتایەکی تر، بەشەکانی ئاخاوتنی سیمانتیکی(چەمکیی) ئەو بەشانە لەخۆدەگرێت، کە لە هێڵکاری (٢–١٧) خراونەتەڕوو.




هێڵکاری (٢–١٧)

لێرەدا پێویستە لایەنە لەیەکچووەکانی نێوان X– باری سینتاکسیی‌و سیمانتیکیی ڕونبکرێنەوە، کە ئەمانەن:[٢٠١]

یەکەم: هەریەك لە چەشنی وەچەپێکهاتەی سینتاکسیی ڕستەیەك بەرامبەرە یان یەکیگرتووەو هاوپەیوەندە لەگەڵ وەچەپێکهاتەی سیمانتیکی(چەمکیی) لەواتای ڕستەکەدا، وەك:

٣٣– ڤالان بەرەو یاریگاکە ڕۆیشت.

---

[200] بڕوانە، بەکر عومەر عەلی– ئاڤێستا کەمال مەحموود(٢٠٠٩: ٢٨).

[201] بڕوانە: R. Jackendoff (1990:23).

لە (٣٣)دا (ڤالان) و (یاریگاکە) پەیوەندی ڕێککەوتن و پەیکاڵبوونی لەگەڵ پێکهاتەی (شت)و، فرێزی پێشناوییدا (بەرەو یاریگاکە) پەیوەندی ڕێککەوتنە بۆ پێکهاتەی (ڕێڕەو). ڕستەکە هەمووی وەکو گشتێك پەیوەندی ڕێکەوتنی بۆ پێکهاتەی (ڕووداو) هەیە. دەبێت تێبینی ئەوە بکەین، کە مەرج نییە هەموو کات پێکهاتەی چەمکیی لەواتای ڕستەدا لەگەڵ پێکهاتەی سینتاکسی هەمان ڕستەدا پەیکاڵی یەکبن و ڕێبکەون و بەرامبەر بەیەك بوەستنەوە[*]، ئەمەش لەبەرئەوەی بۆ لێکدانەوەی واتای ڕستەیەك تەنها پشت بەو واتایەنابەستێت، کە لە دروستەی ڕستەکەوە هاتووە، بەڵکو کەرەستەی فەرهەنگیی واتای خۆیانیان هەیە، جگە لە واتای فەرهەنگی تاکەتاکەی وشە پێکهێنەرەکانی ڕستە {وەك ئەوەی نیشانە واتاییەکانی ئەو وشەیە چیەو سەر بەکام بواری واتاییەو پەیوەندی واتایی بەکام چەشن لە وشەو بواری واتایی ترەوە هەیەو...} پێکهاتەکانی تری سیمانتیك پێویستە لەبەرچاوبگیرێت، سەرەڕای تێکردە سایکۆلۆژیو سۆسیۆلۆژیو ڕامانو تێڕوانینیو چۆنێتی بیرکردنەوەی تاکەکانو ئەزموونو ژیانو... هەموو ئەمانە لە دیاریکردنی واتای ڕستەیەکدا ئامادەییان هەیە[*]، وەك (٣٤):

٣٤-أ- ئەگەر دەمگرتیت.
تافی ڕابوردو
ڕوکاری بەردەوامی ناتەواوبوون

ب- ئەگەر دەتگرم
تافی ڕانەبوردو ڕوکار

لە (٣٤-أ، ب)دا بەپێی دروستەی مۆرفۆسینتاکسی و واتای فەرهەنگیی، لێکدانەوەی جیایان هەیە، دەبێت تێبینی ئەوە بکەین، کە بۆ هەر (شتێك) چەند وەچەپێکهاتەیەکی چەمکی ئامادەیە، لەبەرئەوە هیچ شتێکمان نییە بەبێ واتا یان بێ چەمك[*] بێت.

دووهەم: هەر پۆلەڕەگەزێکی سیمانتیکی(چەمکی) ئەوە دەبەخشێت، کە لە بەجفرەکردنی یەکەکاندا تەنها تێکردە زمانەوانیەکان بنەما نین، بەڵکو کردە هەستیەکانیش (جوڵاندنی دەستو لەقاندنی سەرو...) و دەوروبەرو... ڕۆڵ دەبینن. بەواتایەکی تر، پۆلەڕەگەزە سیمانتیکیەکان لە تێکردە زمانەوانیەکانو کردە هەستیەکانو دەوروبەرو هەموو ئەو بارودۆخانەی کاریگەرییان لەسەر گەیاندنی بیرێکدا هەیە، لەخۆدەگرێت، ئەم زانیارییانە لە (٣٥) و هێڵکاری (٢-١٨) خراونەتەڕوو.

---

[*] بەرامبەر بەیەکوەستاندنەوەی دروستەی سینتاکسییو سیمانتیکیی بە وەچەپێکهاتە (فرێزی ناویی، فرێزی کرداریی،...)یە، نەك بە پۆلەڕەگەزیی (ناو، ئاوەڵناو،...). لەبەرئەوەی چەند دانەیەك بەرامبەر چەند دانەیەك دەوەستنەوە، وەك فرێزی ناویی (گوڵەکە) دەتوانێت (شت) دەربڕێت.

[*] ئەمەش وایکردووە دەربڕاوە ناداڕشتەییەکانی وەك خوازەییەکانو ئیدیەمەکانو... زانستەکانی تری وەك پراگماتیكو زانستی زمانەوانی دەرونیو زانستی زمانی کۆمەڵایەتیو.. بێتە ئاراوە.


[*] بەدەر لە وەچەپێکهاتەی بکەری بێ ناوەڕۆك، وەك (it) لە زمانی ئینگلیزیدا.

٣٥-أ- من تەنها بە شاخەکەدا سەردەکەوم.


ب- من بە شاخەکەدا تەنها سەردەکەوم.

پ- تەنها من بە شاخەکەدا سەردەکەوم.


٣٥-أ)




٣٥-پ)




٣٥-ب)




هێڵکاری (٢-١٨)

له (٣٥-أ) (تەنها بە شاخەکەدا) فریزی پێشناوییەو لێرەدا نیشانەی واتای (شتی تر، + کردەی ناڕاستەوخۆ) هەیەو لە (٣٥-ب) دا (تەنها سەردەکەوم) فریزی کرداریيەو نیشانەی (-کەسی تر + کردەی ڕاستەوخۆ) دەگەیەنێت و لە (٣٥-پ)دا (تەنها من) فریزی ناوییەو نیشانەی (- کەسی تر) دەگەیەنێت و لەلایەکی تریشەوە فریزی کرداریی داوای بکەر دەکات. بکەرەکە لەڕووی واتاوە پەیوەندی بە هەموو فریزە کردارییەکەوە هەیەو هەرچیش لەگەڵ بکەردا بێت، وەك (تەنها) ئەو لە دەرەوە یان لە ناوەوەی فریزی کردارییەوە بێت، پەیوەست دەبێت پێوەی، (بڕوانە (٣٦)).

٣٦-أ- **به شاخەکەیشدا** سەردەکەوم.

ف. پێشناوی (+ شتی تر)

٣٦-ب- به شاخەکەدا **سەریش دەکەوم**.

ف. کرداری (+ کردەی تر)

هەرچەندە هەریەك لەو ڕستانەی (٣٥، ٣٦) لە هەمان کەرەستەن، بەڵام بەهۆی گۆڕانی جێکەوتەی دروستەیی و هۆکارە ناوەکیەکانی، کە کاریگەرییان لەسەر دەربڕینی بیرێك هەیە، وەهایکردووە، کە هەریەکەیان جۆرە لێکدانەوەیەکی جیاو بارودۆخ و دەوروبەرێکی گوتنی* جیایان هەبێت.

سێیەم: ژمارەیەك لە پۆلەڕەگەزە فەرهەنگیەکان {ناو، ئاوەڵناو، کردار...} بەپێی چەشنەکانی ئاخاوتن (ڕستە) جیاوازن. بەم جیاوازییانەش چەمکەکانیان دەگۆڕێت، گەر ناو بێت ئەوا بابەتەو، گەر ئاوەڵناو بێت ئەوا ئەدگارەو...یاخود هەر پۆلەڕەگەزێکی چەمکیی چەند بەرجەستەبوونێکی هەیەو بۆ گۆکردنی دروستەی ئارگومێنت شیدەکرێنەوە یان لێکهەڵدەوەشێنرێنەوە، هەر ئارگومێنتێکیش بۆ خۆی لە وەچەپێکهاتەی چەمکیی پێکهاتووە، بۆ نمونە بڕوانە /جوانی/له (ف- ناوی) و له(ف. کرداری)/ دا.

چوارهەم: زۆرێك لە پۆلەڕەگەزەکان پاڵپشتی ڕادەکان[٢٠٢] دەکەن. لەنێوان ئەو کەرەستانەی پەیکاڵبوونی یاساکانی سینتاکس و سیمانتیك و پەیوەندیان پێکەوە دیاردەکەن، وەچەپێڕەوی ڕادەو لێکدانەوەی مەودای ڕادەکان، فرەیی ڕادەکان هەندێکجار لە ڕستیلەیەکدا مەودای لێڵی دروستدەکەن و دیاریکردنی بەپێی ئەم دوو ڕێسایەیە[٢٠٣]: (أ)

---

* هەرچەندە زانستی (پراگماتیك) بابەتێکی دابڕاو نییە لە دیاریکردنی واتاو چەمکی دەربڕاوەکان، بەڵام لێرەدا لەبەر سنوردارکراوی لێکۆڵینەوەکە ناتوانین وردەکارییەکانی بخەینەڕوو.

[202] بڕوانە: R. Jackendoff (1991:25).

[203] بڕوانە: R. Jackendoff (1999:158).

ئەگـەر دوو ڕادە لەهـەمان ڕسـتیلەی ڕوکەشـدا هـاتن، گـەورەترین مـەودای ئـەو ڕادەیـە پەسەندترە لە بەرزەوە بۆ نزم وەك.

هەر > هەموو > كۆمەڵێك > زۆرێك > هەندێك > كەمێك.

(ب) ئەگـەر دوو ڕادە لەهـەمان ڕسـتیلەی ڕوکەشـدا هـاتن، گـەورەترین مـەودا لـە جێکەوتـەی ڕوکەشی دەرکەوتوودا ئەوەیە، کە مەوداکە دیاریدەکات وەك:

تۆپێك > بکەری ڕوکەش و قووڵ > بەرکاری ناڕاستەوخۆ > پێشناوی بەرکاری > بەرکاری ڕاستەوخۆ(بڕوانە بەشی یەکەم).

پێنجهـەم: دروسـتەی چـەمکیی کەرەسـتەیەکی فەرهـەنگی هەبوویـەك بـە جێکەوتـەی ئارگومێنتی (سفر-جێکەوتەیی) یان زیاتر لە یەك جێکەوتەی ئارگومێنتەوە پەیوەستە. واتـای تەواوکـەرە سینتاکسیەکانی کەرەسـتە فەرهەنگیـەکان، پڕبـەپڕی بـەهای شـوێنی ئارگومێنتی کەرەستەکانە لەواتای ڕستەکاندا. بۆ نمونە کرداری ناتەواوی/ە/ لە >ڤالان بالاّ بەرزە< دەربڕی گۆکردنی- حاڵەتێکە، کە ئارگومێنتەکان لە ناو جێکەوتەی ئاوەڵناوی ئارگومێنت-داواکەرو بکەردا دیاریدەکات.

لـە خـوارەوە ئـەو (٥) خاڵـە بنەمایـەی ڕێکـەوتنی سـینتاکس و (دروسـتەی ئارگومێنـت) سیمانتیك دیاریکراوە ، کە بەهۆی یاساکانی پەیکاڵبوون و ڕێککەوتنەوە ڕونکراوەتەوە.

دروستەی سینتاکسیی دروستەی سیمانتیکیی

15 {F (Entity) بوونێکی ناسراو <E$_1$> <E$_2$> <E$_3$>>} Correspondence {<<ZP> YP>___°x}

پەیکاڵە/ ڕێکەوتووە

F = گۆکردن.

°x = هەر کەرەستەیەکی فەرهەنگی، کە سەرپشکی بە (ZP و YP) تەواو دەکرێت.

XP = ڕێککەوتووە لەگەڵ هەبوویەکدا(Enitity).

XP = هەرچەشنە وەچەپێکهاتەیەکی سینتاکسیە.

شـا- فرێـزی سینتاکـسی بەرامبـەرە بـە شـا- پێکهاتـەی سـیمانتیکیی(چـەمکیی) ئـەم بەرامبەربوونە لە (١٦، ١٧)دا نوێنراوە.

دروستەی سینتاکسی $\bar{X}$

16 $XP \longrightarrow Spece\ \bar{x}$

$\bar{X} \longrightarrow X\ Comp$

$X \longrightarrow [\mp N, \mp V]$

دروستەی سیمانتیکیی هەبوویەک( E)

١٧) هەبوویەکی ناسراو (E) ⟵ ڕووداو/ شوێن/ شت/...

چەشن/ ئاخاوتن/کردە

$F(\langle E_1\rangle, \langle E_2\rangle, \langle E_3\rangle)$

بنەمای پەیوەندیی نێوان سینتاکس‌و دروستەی چەمکیی بریتیە لە: (أ) هەر پێکهاتەیەکی فریزی سەرەکیی لە سینتاکسی ڕستەیەکدا لەگەڵ ئەو پێکهاتە چەمکیەدا پەیکاڵە، کە لە پۆلەڕەگەزی ئۆنتۆلۆژی دەگەڕێتەوە بۆی. (ب) سەری فەرهەنگی (X)ی پێکهاتەی فریزی سەرەکیی پەیکاڵە لەگەڵ گۆکردنی دروستەی چەمکیی، بۆ کۆنکرێتکردنی ئەم نموونەیە ڕونیدەکاتەوە.

٣٧- پیاوەکە کتێبەکەی خستە سەر مێزەکە.

لەسەر بنەمای ئاماژەبەندیی ئەم ڕستەیەیە، ئاماژە بە ڕوداوێک، شت‌و شوێنێک دەدات. کرداری (خستن) سەری ڕستەکەیە (S)، کە ڕیزبەندی وەچەپۆلەڕەگەزی بکەر NP و بەرکاری ڕاستەوخۆ NP و PP دەکات. (خستن) دەربڕی گۆکردنی سیمانتیکیە، کە سێ ئارگومێنتی لەناو {ڕوداوێکدا} یەکخستوە. ئارگومێنتەکان خوێندنەوەکانی بکەرو بەرکارو PP ، پەیکاڵە لەگەڵ دوو {شت}و {شوێن} یان {ڕێڕەو}ێکدا، بەم شێوەیە تاڕادەیەک خەملاندنی دروستەی چەمکیی ڕستەی (٣٧) بریتیە لە (١٨).

١٨) [ڕوداو
خستن ( [شت پیاوەکە] ، [شت کتێبەکە] ، [شوێن سەرمێزەکە] )]

/لە/ سەری PPیەو وەچەپۆلەڕەگەزی (NP) <سەرمێزەکە> کردووە، واتە دەربڕی یەک- گۆکردنی جێکەوتەییە کە یەکانگیرە لەگەڵ {شت}. کەرەستەی فەرهەنگی (پیاو، کتێب) وەچەپۆلەڕەگەزی هیچ شتێکی نەکردووە. یەکەم دوو- ئارگومێنت دروستەی گۆکردنی ناوەکیان نییە /پیاو، کتێب/. وەها مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت وەک سفر- گۆکردنی جێکەوتەیی- سفر، کە یەکیگرتووە لەگەڵ پۆلەڕەگەزی ئۆنتۆلۆژی سەرەکیی {شت}دا. سێهەم ئارگومێنت دروستەی گۆکردنی ناوەکی هەیە، واتە /لە/ وەک (١٩).

١٩-أ) [شوێن
لە ( [شت سەر مێزەکە] )]

ب) [ ڕوداو
خستن ( [ شت / پیاوەکە ] ، [ شت / کتێبەکە ] ، [ شوێن ( له ( [ شت / سەر مێزەکە ] ) ) ] ) ]

بەم شێوەیە، پۆلەڕەگەزەکانی ئۆنتۆلۆژی بەهۆی پێکهاتەی فریزی سەرەکیەوەو بە پشت بەستن بە سیمانتیکی سەرە دەردەبڕێت[٢٠٤]. هەندێك لە کردارەکان وەك /خست/ لەگەڵ {ڕوداو}دا یەکدەگرێت، هەندێکی تریش وەك کردارەکانی حاڵەت {زانین، بڕوا، دەبێت} لەگەڵ {حاڵەت}دا. ناوەکان وەك (مێز)، (ماڵ) لەگەڵ {شت}دا ، ئاوەڵناوەکان لەگەڵ {تایبەتێتی}داو (میل، کاتژمێر...) لەگەڵ {بڕ}داو پێشناوەکان لەگەڵ (شوێن)و (ڕێڕەو) یەکدەگرن.

٣٨- کتێبەکە لەسەر مێزەکەیە.

لە (٣٨)دا، دوو جێکەوتەی پەیوەندیکردن لەنێوان {شت}و {شوێن}دا هەیە. بە کرداری ناتەواوی (ــە)و بە ئەنەلۆژی بڵێی >کتێبەکە لێرەیە<، /لێرە/ نیشانەی فریزی گۆکردنی جێکەوتەیی- سفرەو بەهای ئەمە بە پراگماتیکی دیاریدەکرێت. ئەمەیش هەروەك /ئەمە، ئەوە/ وایەو ئارگومێنت- داواکەری یەك جێکەوتەیین.

لێرەدا پێویستە پەیوەندیی نێوان کردەو ڕوداو دیاریبکرێت. (({کردە Action} کە پۆلەڕەگەزێکی سەرەکیی ئۆنتۆلۆژییەو پەیکاڵە یان یەکیگرتووە لەگەڵ پۆلەڕەگەزی سینتاکسی دووباڕدا (VP) بەهۆی ئەوەوە دەردەبڕێتو ئەو ڕستەیەی {کردە} دەردەبڕێت وەچەپۆلێکی ئەوانەن کە {ڕوداو} دەردەبڕن))[٢٠٥]، بەواتا (چی ڕویداوە) دیاریکەری {ڕوداو}ەو (X چیکردووە) دیاریکەری {کردە}یە، وەك (٣٩) ڕستەی کردەیی پێکهاتەی {کردە}و {ڕوداو}ی تێدایە.

٣٩-أ- چی ڕویداوە؟ کچەکە کتێبەکەی خستۆتە سەر مێزەکە. {ڕودان}

ب- ڤالان چیکردووە؟کتێبەکەی خستۆتە سەر مێزەکە. {کردە}

{ڕوداو} لە هەمان کاتدا {کردە}یەکە: کارەکتەری ئەو ڕۆڵە تایبەتیە لەخۆدەگرێت- کەسێك کە {کردەکە} جێبەجێدەکات. بەو کارەکتەرە (کەسە) گوتراوە (ڕۆڵگێڕ/actor)، وەك:

٤٠- کچەکە گوڵدانەکەی لەسەر مێزەکە دانا. بۆ دروستەی چەمکی بڕوانە (٢٠)

---

[204] R. Jackendoff (1999:68).
[205] R. Jackendoff (1991:181).

٢٠) {ڕووداو ( پۆلگێڕ / کچ / شت )$_i$ ، {کردە هۆکاری (i، {ڕووداو چوو ({شت گوڵدان}،{ڕێڕەو لەسەر مێزەکە)}}}}

لەنێو یاساکانی پەیکاڵبووندا، دەبێت یاسای پەیوەندی نێوان پێکهاتەی VP لەگەڵ پێکهاتەی {کردە}دا، لە دروستەی چەمکییدا هەبێت (٢١): یاسای پەیکاڵبوونی (VP)یە بۆ {کردە}.

٢١) (VP)یەك دەکرێت وەك {کردەیەك} ڕاڤە بکرێت، گۆڕاوێکی بەستراوەی {کردەکە} کۆنترۆڵی جێکەوتەی ئارگومێنتی کردارەکە دەکات، کە هەماهەنگە لەگەڵ بکەردا. وەك (٤١):

٤١-أ- بەردەکە شوشەکەی شکاند.

ب- ڤالان شوشەکەی شکاند.

VP لە ڕستەی (٤١)دا دەربڕی کردەیە. هەرچەندە لە (٤١-ب)دا لێڵی تێدایە لەوەدا هەیە، ئایا بەمەبەست شکاندویێتی یان نا. لەمەوە وەچەپۆلی {کردە} بریتیە لە کردەی {بەمەبەست } واتە بە (مەبەست/ئەنقەست کارێك بکرێت) و نموونەکانی (٤٢) زیاتر ئەمە دەسەلمێنێن.

٤٢-أ- ناردنی ناو. ب) زانینی وەڵام. پ) شتنی کەلوپەل.

## ٥/٢) دروستەی سیمانتیکی

### ٥/٢-١) فرێزی سیمانتیکی

واتاکان بەهۆی ئاستی فۆڕمەلی پەسنکردنی زمانەوانیەوە دەردەبڕێن، کە جیاوازە لە دروستەی سینتاکسییوبە نواندنی سیمانتیکیی یان دروستەی سیمانتیکیی ناوبراوە[٢٠٦]. ئەم ئاستەی دروستەی زمانەوانیی بەهۆی دەستەیەك لە یاساکان بە دروستەی سینتاکسیەوە پەیوەستە، کە (Fodor & Katz) بە یاساکانی پرۆژەسازدان ناویان بردووەو (R.Jackendoff)یش بە یاساکانی پەیکاڵبوون ناوزەدی کردووە، بۆ پەسنکردنی زمانیی، دیاریکردنی دروستەی زمانەکە بنەماو یاساو ڕێساو کۆتوبەندەکانی بە پێوەری سەرەکی دانراون، بڕوانە(٢٣)ونموونەی(٤٣):

$$23.\quad X = Y + Z$$

$$X_F \quad \left[(\{Y..\} \text{ و } \{Z..\})\right]$$


[206] R. Jackendoff (1999:8).

لەم هاوکێشەیەدا هەر جووتێك لە کەوانەکان دەوری پێکهاتەیەکی سیمانتیکییان داوە، کە سەر بە چەمکە سەرەکیەکانن. جۆری چەمکە** سەرەکیەکان بریتین بوون لە (هەڵوێست، ڕوداو، حاڵەت، شت، شوێن، ئەدگار).


دوو جۆر پەیوەندی لەنێوان پێکهاتە چەمکیەکاندا دەردەکەون[207]: یەکەم گۆکردنی دروستەی ئارگومێنتە، وەك لە (٢٣)دا. (F) هاوکێشەیەکە گۆکردنی پەیوەندی ئەو دوو پێکهاتەیە دیاریدەکات. دووهەم دیاریخەرییە، کە پێکهاتە چەمکیەکان یان بەهۆی دیاریخەرەکانەوە یان بەهۆی ئەدگارەکانەوە یان بەهۆی دەوروبەرو... دیاریدەکرێن (بڕوانە (٤/٢)). بۆ ئەمە بڕوانە دروستەی سینتاکسی و سیمانتیکی ڕستەی (٤٣) لە هێڵکاری (٢-١٩) دا ڕونکراوەتەوە.

٤٣) ماسیە بچووکەکە لە تەنیشت ماسیە گەورەکەدایە.

دروستەی سینتاکسی




دروستەی سیمانتیکی




هێڵکاری (٢-١٩)

** چەمك/ بیر (گرنگیدان و توێژینەوەیە لە فۆڕم و پێکهاتەی زانین).

207 بڕوانە: R. Jackendoff (1991: 63).

سـیمانتیك كارلێكێكـەو پەیوەنـدیی و ئـەو پێكهاتانـەی پەیوەنـدی دەگـرن دیاریـدەكات. بەوپێیەی ((واتا بە كرۆك و گیانی هەموو شتێكی مرۆڤ دانـراوە))[٢٠٨]، لـە هـەموو زانستەكانی تری وەك فەلسەفەو دەرونزانی و دەمارزانی و تەنانەت لە بواری كلتووری و ئەدەبیشدابایەخ و گرنگـی خـۆی هەیـە[٢٠٩]. واتـە بابـەت ودۆزی سـەرەكیی و بنەڕەتیـە لـە توێژینەوەكانیانـدا، بەڕاستی و دروستی زانینی واتایە تا بەهۆیـەوە لـە مـرۆڤ بگـەن. پەیوەسـت بـە دیـاریكردنی واتاوە لە زمانەوانیدا، پێویستە بۆ قوڵایی سینتاكس بگەڕێینـەوە. سینتاكس(بڕوانە بەشی یەكـەم) پێـوەری بنـەڕەتی دەستنیـشانكردنێتی و لەمەشـەوە بـەو واتایـەی لـە زمانەوانیـدا لێیدەكۆڵرێتـەوە گـوتراوە سـیمانتیكی زمانـەوانی، كـە بریتیـە لـە دیـاریكردنی پێـڕەوی لێكـدراوەكان و پەیوەندییـەكانیان، لەسـەر بنـەمای هەماهـەنگی ئـەم دوو پێـڕەوەو دەستنیـشانكردنی لـە دەربـڕاوە زمانیەكانـدا سـیمانتیكی زمانـەوانی دەستنیـشانكراوە. لـە سـیمانتیكی زمانەوانیـدا پێـنج ڕێبـاز بـۆ لێكۆڵینـەوە لـە واتـا دیـاریكراوە[٢١٠]: (ا) واتـا وەك ئاماژەبەنـدی.(ب) واتـا وەك فـۆڕمی لـۆژیكی.(پ) واتـا وەك بـەكارهێنانی چـێوەبەندیانە contextand.(ت) واتـا وەك چـەمك.(ج) واتـا وەك كلتـور. دروسـتەی سـیمانتیكی كـە بـە دروستەی چەمك[*] یان دروستەی بیریش ناوبراوەو تـەنها وابەسـتەی زمـان نییـە، بەواتا ((بیر سەربەخۆیە لـە زمـان و دەتوانرێت بیربكەینـەوە یـان بیر دەربـڕین بـەبێ زمـان))[٢١١]. ئەمـە ئـەوە دەبەخـشێت، كـە جگـە لـە زمـان هۆكـاری تـریش بـۆ دەربـڕینی بـیر هەیـە،وەك (پەیكەرتاشـی، وێنەكێشان، ...).

هەموو تیۆرە ڕێزمانییەكان بۆ دیاریكردنی واتای فرێز لە ڕستەو چۆنێتی پێكهاتنی، ئامـاژە بە بوونی ڕێزمان وەك پێڕەوێكی گرنگ بۆ سیمانتیك دەكەن، یاخود دروسـتەی سینتاكسیی هەمیـشە بـۆ لێكدانـەوەی سـیمانتیكی[٢١٢] بـە بنـەڕەت دانـراوە، چـونكە هەریەكەیـەك لـەو پێڕەوەدا، لـە كۆتاییـدا ڕۆڵێك دەگێڕێـت، كـە پێكهێنـەری خـودی واتایـە. هـەر لەبەرئەوەشـە واتـای وشـەو دروسـتەی سینتاكـسی بنـەمان بـۆ دیـاریكردنی ئـەو لایـەن و ڕوكارانـەی پەیوەنـدیان بـە واتـای فرێـزەوە یـان دەربڕاوەكـانی تـرەوە هەیـە. لەمـەوە دەتـوانین سـادەترین دۆخـی لێكـدراوی فرێزیـی لـە سـیمانتیكدا دیاریبكـەین، كـە سـێ جـۆرە[٢١٣]:(١) تێركردنـی

---

[208] R. Jackendoff (2009:267).

[209] بڕوانە: عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١٠: ٢١).

[210] W.Frawley (1992).


[*] لە تیۆری ئاوەزداریدا ئەم ئاماژەیەی پێدراوە ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: S.Pinker (1991) & M.Haiden (2005)

[211] R. Jackendoff (2009:271).

[212] بڕوانە: .R. Jackendoff (2005:107)


[213] بڕوانە:.R. Jackendoff (2009:378)

ئارگومێنتەکان (satisfaction)، تێرکردنی ئارگومێنت، وەك کردارەکان، بە نموونە داوای چ ئارگومێنتێك دەکەن، وەك /حەزلێکردن/ دوو ئارگومێنت داوادەکات (گیانلەبەرێك، شتێك). دەروازەی فەرهەنگی ئەم کردارە بە هەردوو دروستەی سینتاکسی و سیمانتیکی لە هێڵکاری (٢-٢٠)دا نوێنراوە.





هێڵکاری (٢-٢٠)

(٢)دیاریخەرێتی (modification): هەموو کاتێك تەنیا واتا بەهۆی تێرکردنی گۆڕاوەکانەوە بەرجەستە نابێت، حاڵەتی دیاریخراوێتیش چەشنێکی تری واتا دەردەخات، وەك دەرخستنی ناو، بەهۆی ئاوەڵناوەوە، وەك (گوڵی سور) کە لە (٢-٢١)دا هێڵکاری کراوە.




هێڵکاری (٢-٢١)

جگە لە ئاوەڵناو، بەهۆی دیارخەرەکانیشەوە، دیاریکردنی واتای فرێز دەستنیشاندەکرێت، وەك <جوانی گوڵەکە>.





---

* (.............) ئاماژە بە بوونی پەیوەندی دیاریخەریی دەدات.

هێڵکاری(٢_٢٢)


(٣) دەرخستنی پەیوەندی لامبدا (λ)(Lambda extraction)[*]: تەکنیکێکی تری دیاریکردنی واتای پێکهاتەکانە، وەك واتای ڕستیلەی سەرجێناویی(relative)، وەك >ئەو پیاوەی کە تۆ خۆشت دەوێت<. لێرەدا ئارگومێنتی دووهەمی کرداری /خۆشەویستن/ ئاسایی بە بەرکاری ڕاستەوخۆ تێر نەکراوە، بگرە بەهۆی /کە/ەوە، کە ڕستیلەیەکی پەیوەندی بەدوای خۆیدا هێناوە، پڕکراوەتەوەو ئەم ڕستیلەیەش وەك دەرخەرێك بۆ (پیاو)ەکەیە، بەڵام ئەگەر وەك دەرخەر پەیوەستی بکەین‌و وەك هێڵکاری (٢–٢٣) و (٢–٢٤) پێکەوەبەستراو دەبێت، لەبەرئەوەی ڕووداوێك خۆی بۆ خۆی ناتوانێت لە دیاریکردن زیاتر، هیچ تایبەتمەندی زیاتر دەربارەی /پیاو/ دەرببڕێت. بەهۆی بەشداریکردنی کەسەکە لە هەڵوێستەکەدا (حاڵەت یان ڕووداو)، کە لەلایەن ڕستیلەکەوە ئاماژەیپێدراوە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە دەرهێنانی یان دەرخستنی تایبەتمەندیی‌و واتای دووهەم لە واتای یەکەمەوە بەرجەستە دەبێت، یان لە واتای یەکەمدا ئاماژەو نیشانە هەیە، کە بە هۆیەوە واتای دووهەمی لێهەڵبگوێزرێت، بڕوانە هێڵکاری (٢–٢٤).




[*] ئەم زاراوەیە لە ماتماتیکدا بەکارهێنراوە. هێمای(λ) بۆ بەکارهێنراوە. ئاماژە بە گۆڕاوێکی واتایی یان پەیوەندی نێوان گۆڕاوە واتاییەکان دەدات‌و هەر هەمان ڕۆڵی گۆکردنی هەیە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە G.Trauth&K.Kazzazi (1996:341).

[**] (X) هێمایە بۆ پێکهاتەی گۆڕاوی بەند لە دروستەی سیمانتیکدا، کە بە تەواوی پەیوەستەو گونجاوە لەگەڵ پێکهاتەی سینتاکسیدا، وەك ڕستیلەی پەیوەندی‌و wh پرسیاری کە شوێنکەوتەی ماوەی دووریی long-distance dependencies لەخۆدەگرێت، ئەمەش لە سینتاکسدا دەربڕی دەرخستنی پەیوەندی لامدایە. بەپێی واتای لۆژیکی بەندێتی بەستنەوەی واتای دوهەمە بە واتای یەکەمەوە، یەکەم ئازادەو دوهەم شوێنکەوتووە، چونکە بەهۆی یەکەمەوە ڕونکراوەتەوەو دەربڕاوە.

هێڵکاری (٢-٢٣)




هێڵکاری(٢_٢٤)

نموونە بۆ دەرخستنی لامبدا، وەك وشەی /بەکرێگیراو/ (واتە کەسێك بەکرێ کارێك بۆ کەسێك بکات)، بەپێی چۆنێتی تیلیك(بڕوانە پارەکانی پێشوو) ئەگەر هاتوو بەهۆی جیاوازی گۆڕاوێکەوە بگۆڕین بۆ خزمەتی بوارێکی تر، ئەوا لەوێدا (بەکرێگیراو) واتای (سیخوڕ) دەگەیەنێت و ئەمەیش کارکردنی دەرخستنی لامبدایە لە وشەدا.

دەبێت ئەوەمان لا ڕوون بێت، هەمیشە (پێکهاتەبوونی سادە)مان نابێت پڕاوپڕ پەیوەندی ڕێکخستنی کەرەستە فەرهەنگیەکان و دروستە سیمانتیکیەکانی پەیکاڵبن. حاڵەتی جیا هەیە، کە بە پێچەوانەوە دەبێت. یەکێك لەوانە بە (گواستنەوەی ئاماژەبەندیی (reference transfer) ناوبراوە، وەك سفرەچیەك بە هاوڕێیەکەی لە چێشتخانەدا دەڵێت:

٤٤-أ- قەلەکەی سوچەکە داوای چا دەکات.


ب- دوو چا بۆ قەلەکەی سوچەکە.

لێرەدا پێکهاتەبوونی سادە بۆ دیاریکردنی پێکهاتەی واتا بەکاردەهێنرێت ، بەڵام خودی ڕستەکە کۆمەڵێك ئاماژەبەندی تیایە، کە لەڕوی واتاوە دروست دەرناچێت و پێویستە ئەو ڕستەیە بەم شێوەیە بە ئاوەڵفرێزبکرێتەوە:

٤٥) ئەو پیاوەی کە لە سوچەکەدایە، داوای چا دەکات. (بە خواردنەکەیەوە، کە قەلە، بەستراوەتەوە).

لێرەدا سێ ڕێباز بۆ ئەم نموونەیە هەیە: یەکەم /قەل/ لەڕوی فەرهەنگیەوە فرەواتایەو واتایەکی بارکراوی هەیە (کەسێك پەیوەستکراوە بە خواردنی قەلەوە). لەوانەیە بەپێی یاسا فەرهەنگیەکان لە واتای ئاساییەوە هەڵگوێزرێت، بەڵام بەپێی بنەماکانی یاسا فەرهەنگیەکان، ئەگەر کەسێك ئەمەی لە بیرەوەریدا خەزن نەکردبێت، ئەوا ئەم گواستنەوەی ئاماژەبەندییەی لەنێوان (پیاو و

خـواردنی قـەل) دا بـۆ ناكرێـت. لەمـەوە تێنەگەیـشتن یـان سەرسـوڕمانی بـۆ دروسـتدەبێت تـا بـۆی ڕوندەبێتەوە كە وشەی /قەل/ لێرەدا بۆ /پیاو/ خوازراوە. (بڕوانە(٢_٢٥)).




هێڵكاری(٢_٢٥)

دەربڕاوە ئیدیەمیی* و پراگماتیكییەكان لەو ڕستانەن، كە لەڕوی سینتاكس‌و سیمانتیكییەوە پەیكاڵی یەكتر نیین‌و پێكهاتـەبوونی سادەی پڕاوپڕییـان نیـە بە گواستنەوەی ئاماژەبەندیی لێكدەدرێنەوە.

(٤) هاوتـەریبی لـە سـیمانتیكی فەرهەنگیـدا** : ((سـیمانتیكی فەرهـەنگی بەوپێیـەی، كـە كەرەسـتە فەرهەنگیـەكان لـە فەرهەنگـدا بـە تـەواوی نیـشانەو تایبەتێتیانـەوە تۆمـاركراون، ئەوەی گرنگترە بەشداریكردنی سیمانتیكی فەرهەنگیی كەرەستەكانە لە پێكهاتەی ڕستەدا))[٢١٤]، ئـەم بەشـداریكردنە بـۆ ئـەم سەرچـاوانە دەگەڕێتـەوە، ئـەویش جگـە لـە واتـای وشـەكانی(سـیمانتیكی فەرهـەنگیی) ڕسـتەكە، گواسـتنەوەی دروسـتەی سـیمانتیكی بەهـۆی دروسـتە ڕێزمانیەكانـەوە لـە ڕسـتەداو دروسـتە سـیمانتیكییەكان لـە دەوروبـەرەوە هەڵدەگوێزرێن. هەموو ئەو مەرجانەی لەسەر پێكهێنانی دروستەی سیمانتیكی دیاریكراون

---

* ئەم هێڵە(...) كە بە خاڵ نەخشێنراوە، بەواتا پەیوەندی سیمانتیكی لای وەرگر نیشاندەدات.

* بڕوانە بەشی سێهەم.

** سیمانتیكیی فەرهەنگی هەموو ئەو ڕەهەندانەی بە هۆیەوە واتای وشەیەكی پێدیاریدەكرێت(نیشانە(+،−)، بوار(ئاژەڵ، مرۆڤ،..)، سیماجیاكەرەوەكان، پەیوەندی سیمانتیكیی(هاوواتایی، هاوبێژی،..)،...هەموو ئەوانەی لە خستنەڕوی واتای وشەیەكدا ڕۆڵدەگێڕن، لە خۆدەگرێت. بڕوانە(٢/٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە(R. & K.Malmkjaer(1995:401) (M.Haiden (2005) & Jackendoff (2009:386).

[214] R.Lieber(2004: 12).

بەپێی ئەو دروستە فۆڕمدروستانەن، کە قسەکەران دەریاندەبڕن، کاریگەرییان لە بەرهەمهێنانیدا هەیە. بۆ جێبەجێکردنی ئەمەیش گۆکردنی ڕوداو(کردار، حاڵەت) بە پێوەر دانراوە.

## ٢-٥/٢) چینەکانی دروستەی سیمانتیکی

هەرچەندە سیمانتیك وەك سینتاکس و فۆنۆلۆژیی دیاریکردنی سانا نییەو زمانەوانانیش بەتەواوی کۆك نین لەسەر نواندن و داڕشتنی دروستەی سیمانتیکی، بەلام بەگشتی بۆ سنوردارکردن و تاڕادەیەکیش بۆ بەرتەسککردنەوەی فراوانی ئەم بابەتە چەند چینێك دیاریکراوە، تا بەهۆیەوە بتوانین دروستەی سیمانتیکی بخەینەڕوو.

دابەشکردنی چینەکانی (tier) دروستەی سیمانتیکیی، لە سەر بنەمای ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکانی پۆلێنکراوە[٢١٥] کە بریتین لە: (ا) چینی پەسنکردن (descriptive tier)، کە دروستەی سیمانتیکییەو ڕێکخراوەی گۆکردنە چەمکیەکانەو ئارگومێنتەکان و دیاریخەرەکان لەخۆدەگرێت. (ب) چینی ئاماژەبەندێتی/چەمکی (referential) دروستەی چەمکیی لە ڕێکخراوەی داواکاریی ئاماژەبەندیی دەربارەی یەکەکان لە ڕستەدا دەگرێتەوە، دەگونجێت هەردوو چەشنی ڕێکخراوەییەکان لە دەربڕینی ئاساییدا هاوبەش بن. ئەم چینە ڕێبازی پەیوەندکردنی بە تیۆری نواندنی ئاخاوتنەوە هەیە[*] و لەسەر بنەمای کارەکانی ( piroska Cusri 1996) دانراوە. (Cusri) پێی وەهایە، هەروەك فۆنۆلۆژی دروستەی چەمکیش بەهەمان شێوە بەجۆرێکی ئاسایی بۆ چەند ئاستێکی نیمچە سەربەخۆ دابەشدەبێت[٢١٦]، وەك:

٤٦- پشیلەیەك مشکێکی گرتبوو.

٢٤-ا) سینتاکس: {$_S${NP پشیلەیەك}$_١$ {$_{VP}$ {$_{NP}$ مشکێکی} گرتبوو}$_٢$}$_٣$

ب) چینی پەسنکردنی: {ڕوداو $^{گرتن}$ ({بابەت $^{پشیلە}$)$_١$، {بابەت $^{مشك}$}$_٢$)}$_٣$

پ) چینی چەمکی: 1 2 3

---

[٢١٥] بڕوانە: R. Jackendoff (2009:134).

[*] بە سیمانتیکی بزواو (داینەمیکی) و تیۆری (Fauconnier 1985) دەربارەی (فەزای هۆشەکی) لە ڕێزمانی ئاوەزداریدا ناسراوە. بڕوانە (R. Jackendoff(2009:394 .

[٢١٦] بڕوانە: R. Jackendoff (2009:394).

**چینی چەمکیی لە سێ ئامارژە پێکهاتووەو بریتیین لە پەیوەندیی یان گونجان لەگەڵ دوو پێکهاتەی بابەت و پێکهاتەی ڕووداوی چینی پەسنکردن. بوونی ئەمانە لەگەڵ چینی چەمکییدا مەرجی پێکەوەهاتنی هەردوو دروستەکەیە لەگەڵ ڕستەکەدا.**

**دروستەی سیمانتیکی بریتیە لە پێکهێنی ئاستی پەسنکردنی، کە ڕێکخەری گۆکردنە چەمکیەکان، ئارگومێنتەکان و دیاریخەرەکانە. لەگەڵ ئەوەیشدا دروستەی سیمانتیکی چینی ئامارژەبەندیش لەخۆدەگرێت، کە ڕێکخەری بانگەشە ئامارژەبەندییەکانە دەربارەی هەبووەکان. لەمەوە ڕستە لە ڕێبازێکی پێوانەییتردا هەردوو جۆرە ڕێکخستنەکە لەیەك دەربڕینی فۆرمەڵدا هاوبەشییپێدەکات.**

**٤٧– ڕێوییەك کەروێشکێکی خواردبوو.**

**٢٥) ∃ X ڕێوی ∃[*] X کەروێشك Y (خواردن X، Y).**

**کەرەستە پەسنکراوەکان لە ئارگومێنتە داواکەرەکانی /ڕێوی، کەروێشك ، خواردن/ لەگەڵ ڕێکخستنە گۆکردنەکاندا پێکدێت، کەرەستە ئامارژەبەندییەکە لە دوو ڕادەی هەبوویی پێکدێت. لە ئەنجامدا ئەوە دێنێتە ئاراوە کە دوو شت بونیان هەیە. بڕوانە (٢٦):**

**٢٦–ا) سینتاکس/فۆنۆلۆژیی:** {ڕ {ف ن **ڕێوییەك**}$_1$ {ف ك **خواردبوو** {ف ن **کەروێشکێك** }$_2$}}$_3$

**ب) چینی پەسنکردنی:** {ڕوداو **خوارد** ({بابەت **ڕێوی**}$_1$، {بابەت **کەروێشك** }$_2$)}$_3$

**پ) چینی ئامارژەبەندی:** 1 2 3

**لەو دارشتەیەی (٢٦) دا، جگە لە دروستەی سینتاکسی و فۆنۆلۆژیی، ئەو بەشە نوێیەی لێرەدایە (چینی ئامارژەبەندییە)، کە لە سێ ژمارەی زنجیرەیی پێکدێت و لەگەڵ هەردوو یەکەی (بابەت)یی و ڕووداویی لە چینی پەسنکردنیدا پەیوەندیدارن. بوونی ئەم ژمارە زنجیرەییانە لە چینی ئامارژەبەندیدا، ئەو بانگەشەی هەبووانە لەگەڵ ڕستەدا دەگونجێن، بە جفرە دەکات. ژمارەی زنجیرەیی (1، 2) دەگاتەوە بە (∃ X، ∃ Y) لە (١) دا، ژمارەی پێوانەیی (3) ئەو بانگەشەیەیە کە ڕووداوی <ڕێوییەك کەروێشکێك دەخوات> ڕوویداوە، ئەمە دەگاتەوە بەبڕ. بەپێی تیۆری ئامارژەبەندیی ئەو ژمارانە بریتین لە (تایبەتمەندی ئیندیکسی)، کە لەلایەن ڕستەکەوە پەنایان بۆ براوە، ئەمانە ئەوە هەڵدەبژێرن، کە چ یەکەیەکی ڕستە نیازوایە بگاتەوە بەو چەمکەی لەلایەن قسەکەرانەوە دیاریدەکرێن.**

**چینی ئامارژەبەندیی لە لیستی یان تایبەتمەندییە ئیندێکسیانەن، کە ئامارژەبەندە چالاکەکان تۆماردەکەن، کە لە ئاخاوتندا دێن. بڕوانە ڕووداوێکی وەك (٤٨).**

---

[*] ئەم هێمایە ڕادەی هەندێك دەگەیەنێت.


٤٨- ژنێك ئۆتۆمبیلێك دەكڕێت.

بۆئەوەی ئەم ڕوداوە بە چەمكبكرێت، پێویستە ژنێكی بەچەمككراو هەبێت، كە كڕینەكە بەئەنجامبگەیەنێت و ئۆتۆمبیلێكی بەچەمككراویش كە ئەو ژنە دەیكڕێت، بەدڵنیاییەوە دەبێت ئەم /ژن، ئۆتۆمبیل/ە لە لیستی ئەو ئاماژەبەندانەدا بن، كە لەئارادان، ئەگەرچی ڕوداوی >كڕینی ئۆتۆمبیل< لەلایەن ژنەكەوە لە ئاراشدا نەبێت. بەواتایەكی تر،/ژن وئۆتۆمبیل/وەك ئاماژەبەندییەك بوونیان هەیە، ئەگەرچی (كڕین)ەكەی ڕوینەدابێت، لەبەرئەمەیە واتایەك یان پەیبردنێك هەیە لەوەدا،كە ڕوداوەكە لەڕوی ئاماژەبەندییەوە بە كارەكتەرەكانیەوە پەیوەستەو سەربەست نیە، لەكاتێكدا كارەكتەرەكان خۆیان لەڕوی ئاماژەبەندبوونیەوە بە ڕوداوەكەوە پەیوەست نابن[217]. (بڕوانە (٢٧)).

(٢٧ S/P: {ژنێك}$_1$ دەكڕێت {ئۆتۆمبیلێك}$_2$}$_3$

DT: {كڕین (ژن$_1$، ئۆتۆمبیل$_2$)}$_3$

RT:




ئەم تیرەسەرەوخوارە (⇓) لەڕوی ئاماژەبەندییەوە مۆڵەتی فەرمی بە ڕوداوەكە دەدات و ئەویش بە كارەكتەرەكانی دەبەخشێت.

(پ) سێهەم چین، دروستەی زانیاریە (تۆپیك/فۆكس). تیۆری دروستەی زانیاریی، كە لەلایەن (Lambrecht1986,1987,1994,2000)* بنەماكانی داڕێژراوە، ئەو تۆپیك و فۆكسەی وەك دوو حاڵەتی زانیاری سەرەكیی پێناسەكردووە ، كە ئاماژەی دەربڕینەكانەو دەگونجێت لە ئاخاوتنەكاندا هەبێت. لە(١/٤-٣)دا ئەوە خرایەڕوو كە پێكهاتەكانی دروستەی زانیاری بریتین لە: (ا) سەرتۆپ (Topic) ئەو بابەتەیە، كە قسەی لە سەر دەكرێت و سەرتۆپ ئاماژەبەندی بە چالاكیەك لە ئاخاوتندا دەكات. لە كەرەستەیەكی ناواخنی واتایی پڕاگماتیكی پێكهاتووە.

تۆپیك و كۆمێنت بەم شێوەیە ڕونكراونەتەوە: هەبوویەك كە (E)ە، تۆپیكی ڕستەیەكە، كە (S)ە، ئەگەر بەكارهێنانی (S) لەلایەن قسەكەرەوە بەمەبەستی زیادكردنی زانیاریی یان بۆ ئەوە بێت كە زانینە ئاڕاستەكراوەكە دەربارەی زانیارییەكە زیادبكرێت و زەقبكرێتەوە، كە داوای زانیاریی دەربارەی ئەو كردەو چالاكیە كە پەیوەستە بە هەبووەكەوە دەكرێت، ئەوا ئارگومێنت داواكەری

[217] بڕوانە: R. Jackendoff (2009:398).

* لێكۆڵینەوە دەربارەی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ قوتابخانەی زمانەوانی پڕاگ لە (١٩٢٠) دا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە R.V.Valin (2005:68).

(P) کۆمێنتی (S)ە، ئەگەر لە بەکارهێنانی (S)دا قسەکەر مەبەستی نرخاندنو چەسپاندنی (P) بووبێتو (P)یەکەش بەسترابێتەوە بە تۆپیکی (S)ەوە[٢١٨].

حاڵەتی تۆپیك ئاماژە بە کرۆکی ئەو بابەتە یان ڕووداوە دەدات، کە لە ڕستەکەدا گفتوگۆی لەبارەوە کراوە. ئاماژەبەندی تۆپیكو چالاکیەکەیان لە دەقەکەدا دەستت پێیدەگات. تۆپیك لە ناواخنی واتایی پراگماتیکیدایە یان توخمێکی ناواخنی واتایی پراگماتیکە. ناواخنی واتایی پراگماتیکیی کۆی/کۆمەڵە چەمکەکانی (ڕستە ناوەڕۆکە)، کە ڕێزمانیی و فەرهەنگیین و لە دەربڕاوێکدا دەگوترێن/دەردەخرێن.

دروستەی فۆکس: ئەو پێکەوەبوونەی واتای فۆکسە، کە ڕێکەوتنی لەسەرە {دابەشبوونی زانیاری} لەگەڵ فۆڕمێکی ڕستەدا[٢١٩].پێکهاتە سەرەکیەکانی تیۆری دروستەی فۆکس بریتیە لە جۆرەکانی فۆکس. جیاوازی بنەمایی لەنێوانیاندا بریتیە لە فۆکسی فراوانو تەسك، لە فۆکسی تەسکدا تەنها یەك وەچەپێکهاتە لە ڕکێفی فۆکسدایە، کە (NP)ە. لە فۆکسی فراواندا پتر لە وەچەپێکهاتەیەك دەبێت بە فۆکسو ئەم جۆرەیان دوو چەشنی لێدیاریکراوە:


(أ) فۆکسی ئارگومێنت- داواکەر: دروستەی ئەم چەشنە پێکهاتووی ڕستە ناوەڕۆکێکی بە پراگماتیك دروست بوو دەردەبڕێت، کە تیایدا (بابەتەکە) تۆپیکەکە لەناو ڕستە ناوەڕۆکەکەدایەو ئارگومێنت-داواکەرەکە زانیاری تازە دەربارەی ئەو تۆپیکە دەردەبڕێت، وەك کرداره لێکدراوەکان. یان پێکهاتووی ڕستە ناوەڕۆکێکی دروستەدار بە پراگماتیکی دەردەبڕێت، کە تیایدا بکەر تۆپیکێکە {کەواتە لە ناواخنی واتاییدایە}و ئارگومێنت- داواکەرەکە زانیاریی نوێ دەربارەی ئەو تۆپیکە دەردەبڕێت، ڕکێفی فۆکسەکەش فرێزی ئارگومێنت- داواکەرەکەیە یان بەشێکە لێی، (بڕوانە هێڵکاری(٢-٢٦)).

---

[٢١٨] بڕوانە: V. Valin (2005:68).

[219] V. Valin (2005:69). &I.Comorovski & K.V.Heusinger (2007: 134)

**نواندنی دروستەی فۆکسی ئارگومێنت داواکەریی**




**هێڵکاری(٢-٢٦)**

بۆ یەکپێگرتنی دروستەی فۆکس و نواندنی دروستەی ڕستیلە، هەرچەندە دروستەی فۆکس تایبەتمەندیی خۆی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەچاوی یەکەی زانیاریی بنەڕەتی وەك ئارگومێنت-داواکەرو ئارگومێنتەکان و..لە دروستەی زانیاریدا دەکات. بچوکترین ڕکێفی فۆکسی نی بریتییە لە فرێزی کرداریی/ ئارگومێنت-داواکەرو ئارگومێنتەکانی، ((Lambrecht) پێشنیازی ئەوەی کردووە، کە بچوکترین یەکەی زانیاریی پەیکاڵە لەگەڵ بچوکترین پۆلە ڕەگەزی فرێزیی لە سینتاکسدا))[220]. ڕکێفی فۆکسی ناواخنیی گشت ڕستیلەکە دەگرێتەوەو ڕکێفی فۆکسی کارەکیی تەنها جێکەوتەی فۆکس (کردارێك+ ئارگومێنتە ڕاستەوخۆکەی)دەگرێتەوە.وەك نمونەی (٤٩):

٤٩- ڕستە: **منداڵەکەم** نەخۆشە.

ناواخنی واتایی: منداڵی قسەکەر، کە گۆڕاوێکە وەك تۆپیك بۆ کۆمێنتی X.

شەرعیەتپێدانASSERTION : X - نەخۆشکەوتن.

---

[220] V. Valin (2005:75).

فۆکس: نەخۆشکەوت.

ڕکێفی فۆکس: کردارە لەگەڵ ئەو بەشەی لەدوای کردار* یان لەپێشەوە دێت.

(ب) پێکهاتووی فۆکسی ڕستەیی: جیاوازی ئەم چەشنە لەوەی (أ) لەوەدایە، کە لێرەدا بابەتی تۆپیکی نیە. ڕکێفی فۆکس هەموو ڕستەکەیە، وەك لەوەڵامی پرسیارێك لە چەشنی (٥٠) دا دەردەکەوێت (بڕوانە هێڵکاری(٢-٢٧)).

٥٠-ا)- چی ڕویداوە؟ (چشتێك) ڕویداوە؟

ب- منداڵەکەم نەخۆشکەوتووە.

لێرەدا ڕکێفی فۆکسەکە هەموو ڕستەکەیە، لەمەوە دروستەی فۆکسی ڕستەیی پێکهاتووی ڕستەیە بە فۆڕمی نیشانەکراوەو وەك دەربڕاوێك بە پراگماتیك دروست بووە، کە تیایدا هەردوو بکەرو ئارگومێنت داواکەر لە فۆکسدان. ڕکێفی فۆکسەکە ڕستەکەیە.

٥١- ا -چی ڕویداوە؟

ب- ڕستە: **ملوانکەکەم پچڕا**.

ناواخنی واتایی: نیە.

شەرعیەتدان: ملوانکەی قسەکەر پچڕاوە.


فۆکس: ملوانکەی قسەکەر پچڕاوە.

ڕکێفی فۆکس: ڕستەکەیە.

---

* ئەو بەشەی دەکەوێت دوای کردارەوەبۆ نمونە:

ئەو بۆ قوتابخانە چوو. DS ، ئەو چوو بۆ قوتابخانە.SS . ئەو بەشەش دەکەوێتە پێش کردارەوە، وەك خستیە ئاوو خوێوە. کەوتە حەوزەکەوە.




هێڵکاری(٢–٢٧)

جۆری دووهەمی فۆکس، کە فۆکسی تەسکە، تێیدا ڕکێفی فۆکس وەچەپێکهاتەیەکە، لەوانەیە بکەر، بەرکار یان بەرکاری ناڕاستەوخۆ یاخود ڕوداوی کردار بێت. لە (٥٢) دا هێز خراوەتە سەر (ملوانکەکە). بڕوانە هێڵکاری(٢–٢٨).


٥٢– ڕستە: **ملوانکەکەم پچڕا.**

ناواخنی واتایی: گۆڕاوێکی قسەکەر پچڕاوە.

شەرعیەتدان: X= ملوانکە.

فۆکس: ملوانکە.

ڕکێفی فۆکسی: NP




**هێڵکاری(٢–٢٨) دوو چەشنی فۆکسی تەسك**

**لە هێڵکاری(٢–٢٨) دادوو چەشنی فۆکس جیاکراونەتەوە، (ا) فۆکسی تەواوکاریی بریتیە لە وەڵامی (بەڵێ/نا) یان وەڵامدانەوەی پرسیار بە شوێنکەوتوی پرسیارەکە (بڕوانە نمونەی(٥٠)) (ب) فۆکسی هەمبەریی، یەك هەڵبژێراوی ئاشکرا لە ناو هەڵبژاردەکاندا لەخۆدەگرێت، وە> ڤالان کتێبەکەوگۆڤارەکەی بە کێ دا؟<، >کتێبەکەی بە ڤاریۆ گۆڤارەکەی بەشەندا<. لێرەدا/کتێب، گۆڤار/فۆکسی هەمبەرییە، /ڤاریۆ، شەن/ فۆکسی تەواوکارییە.**

**(پ) باسمەند(Topicalization)[221]: یاساکانی گواستنەوەوجۆری ئەو ڕستەیەی، لە ئاکامی ئەو یاسایانەوە بەرهەمدەهێنرێن، دەگەیەنێت.گرنگ لێرەدا ئەوەیە: (ا) مەرج نیە هەموو دەربڕاوێك تۆپیکی هەبێت. (ب)تۆپیك کەرەستەیەکە پێویست ناکات هەر لە سەرەتای ڕستەوە بێت.**

**نواندنی سیمانتیکی فۆکس لە یاسای (٢٩) دا داڕێژراوە.**

**٢٩–ا)** $\lambda$ x [ **کە** [ **پەیوەندی نێوان** $x_1$ **و** $x_2$ / **هەڵوێستی** $x_1$ **بەرامبەر** $x_2$ ] **ئەگەر** *x ] **باش ناسێنرابێت.**

---

221 **بڕوانە: کاروان عومەر قادر(٢٠٠٨: ١٥).**

x* **گۆڕاوێکی سیمانتیکیە.**

ب) کردار ∍ X λ ( پەیوەندی نێوان X1و X2 / هەڵوێستی X1 بەرامبەر X2 ) کە ( ئەگەر X ) باش ناسێنرابێت.


بەگشتی یاسای فۆڕمداڕشتنی چینی دروستەی زانیاری لە (٣٠) نوێنراوە[٢٢٢]:

٣٠)(تۆپیك) (زانیاریو بنەمای هاوبەش) (فۆکسی یەکەم) فۆکسەکان. وەك(٥٣)و لە هێڵکاری (٢-٢٩) ڕونکراوەتەوە.

٥٣- ڤاریێ ڤالانی بۆ شاری یاری برد.

S/P : [ S ڤاریێ1 [VP برد 2 ڤالان 3 [ بۆ 4 شاری یاری 5 ] 6 ] ] 7

DT:




Inf.Str : زانیاریو بنەمای هاوبەش7 فۆکسی یەکەم 1 فۆکس3

هێڵکاری (٢-٢٩)

بۆ چۆنێتی بە جفرەکردنی فۆکس لە دروستەی چەمکیدا، وەها دانراوە لە دروستەی ئارگومێنتدا هەر ڕۆڵێکی ئارگومێنتی دەتوانرێت فۆکس بێت، ئەو پێکهاتە نائاماژەبەندانەی وەك فرێزی ئاوەڵناویو ئارگومێنت- داواکەری ناویین دەتوانرێن فۆکس بکرێن.

لە نموونەی (٥٣) دا، کەرەستەی فۆکسەکە لەگەڵ پێکهاتەی چینی پەسنی لە سیمانتیکدا هاونیشانە کراوە، بەکورتی پێکهاتەی فۆنۆلۆژیی/سینتاکسیی ، لەگەڵ فۆکسدا لە چینی دروستەی زانیاریدا هاونیشانەکراوە، تۆپیك ئەوە بەرهەمدەهێنێت، کە قسەکەر دەربارەی

---

[222] بڕوانە:.R.Jackendoff (2009: 414)

چی قسە دەکات، کۆمێنت پێماندەڵێت چی دەتوانرێت دەربارەی ئەو شتە بگوترێت وەك (٥٤).

| | | |
|---|---|---|
| ٥٤- | نالی برام | دوێنێ ئۆتۆمبیلێکی نوێی کڕی. |
| سەرو سەگمێنتی | | |
| سینتاکسی | NP | VP |
| Inf. str | تۆپیك | کۆمێنت |

### ٢/٥-٣) دروستەی ئارگومێنت[223] و ڕۆڵی بابەتانە

بۆ دیاریکردن و ڕونکردنەوەی لایەنە ئاڵۆزەکانی پەیوەست بە پەیوەندی نێوان سینتاکس و سیمانتیك، پێویست بە ئاماژەدان بە ئارگومێنت و دروستەکانی دەکات. زاراوەی >>ئارگومێنت<< بەو کەرەستانە دەگوترێت، کە لەلایەن ئارگومێنت داواکەرەکانەوە (predicate)[224] داواکراون. لە لۆژیکی فۆرمەڵدا ئارگومێنت ئەو جێکەوتە بۆشانەی ئارگومێنت داواکەر یان گۆکردنەکەی دەگرێتەوەو دەکەوێتە سەر چەندێتی و چۆنێتی ئەو ئارگومێنتانەی ئارگومێنت- داواکەر داوایاندەکات و بەپێی ژمارەیان بە یەك جێکەوتەیی یان دوو جێکەوتەیی یان... ناوبراوە، ئەمەیش پەیەکاڵە لەگەڵ بە بڕشتیی سینتاکسییدا[225].

لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا، بە جێکەوتەی فرێزی ناویی و فرێزی پێشناویی خورتیی ڕستە دەگوترێت ئارگومێنت، کە گۆکردنی بکەر، بەرکارو...تادی هەیە. لە تیۆری حوکمکردن و بەستنەوەدا ڕۆڵی بابەتانەو ئەو جێکەوتەیە دەگرێتەوە، کە کەرەستە زمانییەکان ڕۆڵی بابەتانەی تیادا وەردەگرن[226].

ئارگومێنت- داواکەر بەو توخمە زمانییە دەگوترێت، کە زانیاری دەربارەی یەکەیەك و پەیوەندییەکانی ئەو یەکەیەی تێدایە[227]. هەرچی دروستەی ئارگومێنتیشە زاراوەیەکە تایبەتمەندیی و ڕوکارو پەیوەندیی نێوان سیمانتیکی وشەو ئارگومێنتە سینتاکسییەکانی دەگەیەنێت[228] یان بە کردەی دیاریکردنی تایبەتێتی کردارەکان لە وەچەپۆلەڕەگەزە جیاوازەکاندا بەهۆی دەروازەی فەرهەنگییەوە، لە دروستەی داتاکاندا بە (دروستەکانی

[223] بڕوانە: .J. Pustejovsky (1996:62)
[224] بڕوانە:.V. Cook & M. New son (1997:164)
[225] بڕوانە: .G.Trauth&K.Kazzazi (1996:33)
[226] بڕوانە: محەمەدی مەحوی و کاروان عومەر و شیلان عومەر (٢٠١٠: ٧٦).
[227] بڕوانە:.V. Cook & M. New son (1997:164)
[228] بڕوانە:.R. Jackendoff (2009:134)

**ئارگومێنت) ناوبراوە[*]. لە بواری فەرهەنگدا دروستەی ئارگومێنت بۆ دیاریکردنی تایبەتێتی هەریەك لە ئارگومێنت– داواکەرەکان زۆر گرنگە، بۆنموونە کردارێکی وەك /کێڵا/، بۆئەوەی کردەی ئەم کردارە جێبەجێبێت یان تێربکرێت و گۆکردنەکەی بەئاکام بگەیەنێت، پێویستە کەسێك کردەی کێڵانەکە بەئەنجام بگەیەنێت و شتێکیش هەبێت، کە ئەم کردەیەی بەسەردا جێبەجێبکرێت. بە نەبوونی هەریەك لەمانە کردەی کرداری /کێڵا/ ناتەواو دەبێت (بڕوانە (٥٥)).**

**٥٥–أ– جوتیارەکە زەوییەکەی کێڵا.**

**ب– جوتیارەکە کێڵا*.**

**پ– زەوییەکە کێڵا*.**

**بە هەریەك لەو ئارگۆمێنتانەی وەك /جوتیار، زەوی/ی کرداری /کێڵا/ دەگوترێت (ئارگومێنتی سیمانتیکی)ی کردار، بەم شێوەیە دەتوانین لە دروستەی چەمکی کرداری /کێڵا/ دوو ئارگومێنتی سیمانتیکی دیاریبکەین، وەك لە (٣١)دا دیارە.**

**٣١) کێڵا { X، Y}.**

**هەریەك لە {X، Y} ئەو ئارگومێنتانەن، کە جۆرو چەشنیان بەپێی دیاریکردنی ئەوەی، چ جۆرە گیانلەبەرێك دەتوانێت ئەم کردەیە بتوانێت بکات و کام چەشنە لە شت دەتوانرێت بکێڵرێت، دەگۆڕێت. ئەم چەشنانەی دیاریکردن یان تایبەتمەندیی بە (کۆت و بەندی هەڵاوێرکردن) ی ئارگومێنتەکان ناونراون و بەشێك لە واتای بنەڕەتیی کرداری /کێڵا/ دیاریدەکەن[٢٢٩]. ئەو ڕۆڵانەیش، کە ئارگومێنتەکان لە ڕودانی کردەیەکدا یان ئارگومێنت– داواکەردا دەیگێڕن بە (ڕۆڵی بابەتانە یا ڕۆڵی سێتا– Θ)[*] ناوبراوە[٢٣٠].**

**ئارگومێنتی سینتاکسیش بریتییە لە دیاریکردنی ئارگومێنتەکانی (کارا وەك بکەر) و (کارتێکراو وەك بەرکار...). بەمەیش کرداری /کێڵا/ هەروەك /خوارد، نوسی،.../ دوو ئارگومێنتی سیمانتیکیی و دوو ئارگومێنتی سینتاکسیی هەیە. (بڕوانە (٥٥)).**

**پەیوەست بە ڕێککەوتنی ئارگومێنتی سیمانتیکیی لەگەڵ ئارگومێنتی سینتاکسییەوە، هەمیشە یەکێك لە ئارگومێنتە سیمانتیکییەکە لەگەڵ ئارگومێنتی سینتاکسیدا گونجاوە،**

---

[*] هەروەها بە زاراوەکانی{دروستەی ئارگومێنت و ئارگومێنت– داواکەر، وەچە پۆلەڕەگەزکردن، فۆرمە فەرهەنگییەکان، چوارچێوەکانی دۆخ، تۆڕی بابەتانە)ش ناوبراوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە(S.Pinker 1996:4).

[229] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (محەمەدی مەحوی و کاروان عومەرو شیلان عومەر) (٢٠١٠: ٧٨) و R. Jackendoff (2009:132) & V. Cook & M. New son (1997:163).

[*]بۆچۆنێتی جێبەجێبوونی کردەی ڕۆڵی بابەتانەو ڕێساکانی بڕوانە پارەکانی پێشوو.

[230] بڕوانە: V. Cook & M. New son (1997:164).&D. Steinberg (1999:45).

بەڵام ئەویتریان لەوانەیە نادیار بێت، بەمەیش دەگوترێت (ئارگومێنتی سەرپشکی ڕێپێدراو *)و ڕێکنەکەوتنی ئارگومێنتی سیمانتیکیی سینتاکسیی دەگەیەنێت.
بۆنموونە لەم ڕووەوە جیاوازیی لەنێوان /خواردن/ و /قوتدان/ دەردەکەوێت: لە /خواردن/ دا ئارگومێنتی سینتاکسیی (واتە دیاریکردنی جێکەوتەکان) بە خورتیە، لەبەرئەوەی کردەی /خواردن/ بەبێ خواردنی شتێك جێبەجێناکرێت، بەڵام لە / قوتدان / دا کەسێك دەتوانێت خۆبەخۆ کردەکە بە ئاکام بگەیەنێت. لێرەدا ئارگومێنتی سیمانتیکیی سەرپشکییە. لەمەوە دەردەکەوێت، کە ئارگومێنتەکان (سیمانتیکیی یان سینتاکسیی) بە خورتیی و بە سەرپشکی دێن.

پەیوەست بە داواکردنی ئارگومێنتە سیمانتیکییەکانەوە، بەپێی جۆرو ژمارەو سروشتی ئارگومێنت –داواکەرەوە ژمارەیان دەگۆڕێت. لەمەوە چەشنەکانی بکەر دێنە ئاراوە، وەك:
(ا)بکەری لۆژیکی (سایکۆلۆژی/سیمانتیکی) فۆڕمی فریزی چەمکیە، لەو ڕستانەدا، کە دەربڕی چەمکەو پەسنکەری هەڵوێستی دەربڕینێکە کە ئاماژە بە کارا دەدات، بە بکەری لۆژیکی ناوبراوە ، یان دەربڕینێکە ئاماژە بە کارا(یەکەیەکە کە کردەی کردارەکە چالاك دەکات) دەدات و لە ئاستی قووڵدایە(بۆ زمانێك کە گواستنەوەی تێدابێت)و بەشێوەیەکی فەرهەنگیی یان بۆش هەیە. ئەم چەشنە لە جێکەوتەی بکەری ڕێزمانیدایەو، بڕوانە(٥٦).

٥٦– ڕەشەباکە دارەکەی خست.

(ب) بکەری ڕێزمانیی لەو ڕستانەدا، کە شکاندنەوەی پۆلەڕەگەزی دۆخی ڕێزمانی تێدا بەرجەستە دەبێت، لە ئاستی ڕوکەشدا ڕودەدەن[231]، وەك جێناوەکان. بە واتایەکی تر، ئەو کەرەستە سەرەتایەی کەس لەگەڵ کەرەستەیەکی تردا هاونیشانەیە، کە ئەدگاری (+دۆخی ڕێزمانی بکەریی) هەڵگرتووە[232]و چۆنێتی جێبەجێبوونی داواکارییەکانی کردار دیاریدەکەن. یان ئەو فریزە ناوییەیە، کە دەکەوێتە جێکەوتەی بکەرەوەو کردەی کردارەکە بەجێناهێنێت، بە تایبەت لە بکەرنادیاریدا ڕوونتر دەردەکەون، وەك(٥٧).

٥٧– <u>شوشەکە</u> لەلایەن <u>کوڕەکەوە</u> شکێنرا.

بکەری ڕێزمانی   بکەریی لۆژیکی

لەم ڕوانگەیەوە چەشنەکانی ئارگومێنت– داواکەر دیاریکراون بە: (ا) کردار، لە کردارەکانی پەیوەست بە (کەش‌وهەوا) بچوکترین ژمارەی ئارگومێنتە سیمانتیکییەکانی (سفرە)[233]،

* ئەم چەشنە ئاوەڵکردارانەیان ئاوەڵکرداری چۆنیەتیی و ئامێریین و ئەدگارو ئاکاری ڕوودانەکە دیارییدەکەن.
231 بڕوانە:.(J.Lyons (1994: 502
232 بڕوانە: محەمەدی مەحوی (٢٠٠١: ١٤٨).
233 بڕوانە:.(R. Jackendoff (2009:134

چونکە ئەمانە ئاسایی بکەرەکانیان لۆژیکیەو ئامازەبەندیی بەرجەستەییە، بەڵام جەستەیی نین، وەك (باران بارین، بەفر، نمەباران،...).

زۆرترین ژمارەی ئارگومێنتە سیمانتیکییەکان، وەهادیارە (چوار) بن‌و ئەمەیش بەهۆی مامەڵەی پەسنکردنی کردارەکانەوە ڕونکراوەتەوە. ئەو کردارانە یەك ئارگومێنت داوادەکەن، کە گۆکردنی جەستەییان هەیە، وەك /پژمین، گریان، قووتدان، خەوتن/، واتە خودی جەستە جێبەجێیدەکات، هەروەها لە گۆڕینی قەبارە /گەورەبوون، هاتنەوەیەك، پەرەسەندن/و ئەو کردارانەی بکەری جەستەییان نییەو کردارەکانی، کە چەمکی تێپەڕبوونی کات دەگەیەنن /بەسەرچوون، تێپەڕین/، هەموو ئەمانە یەك ئارگومێنت داوادەکەن.

لەنێوان کردارە دوو ئارگومێنتەکاندا، وەچەپۆلێکی سەرەکیی تیایاندا کردارە تێپەڕەکانە وئارگومێنتە سیمانتیکییەکانی وەك فرێزی ناوی دەریدەبڕن.

بەگشتیی ئارگومێنتە بە خورتیەکان لە سیمانتیکەوە پێشبینی دەکرێن‌و ئارگومێنتە سینتاکسیەکانیش شیکراونەتەوە، وەکو دیاریکراو یان دیارینەکراو لەڕێی پێشبینی سیمانتیکی یان پۆلی سیمانتیکی کردارەوە دیاریدەکرێن.

(ب) ناویش دروستەی ئارگومێنتی هەیە، وەك دەربڕینی پەیوەندی خزمایەتی /باوك، زاوا.../. (پ) ئاوەڵناو(ت) ئاوەڵکردار (ج) پێشناوەکانیش بەهەمان شێوە دروستەی ئارگومێنتیان هەیە، بۆنموونە /هەڵ، دا، ڕۆ/ بەبێ بوونی بەرکار واتا دەگەیەنن، وەك:

٥٨-أ- داڕما، ڕۆچوو.

یاخود پێشناوی /لە+ دەرەوە، لە+سەر/ لەگەڵ بەرکار بن یان بەبێ بەرکار ڕودەدەن. وەك:

٥٩-أ- لە دەرەوەی (ماڵەکە).

ب- لەسەر (قادرمەکە).

جگە لەو چەشنانەی ئارگومێنت-داواکەر، کە لەسەرەوە ئامازەی پێدرا، چوار چەشنی ئارگومێنت بۆ کەرەستە فەرهەنگیەکان دیاریکراون‌و بریتین لە:[٢٣٤]

یەکەم/ ئارگومێنتی ڕاستەقینە (true arguments): بەرجەستەبووی سینتاکسیی پارامەتەرەکانی کەرەستە فەرهەنگییەکانە، ئەو ئارگومێنتانەن بە سینتاکسیی دەردەبردرێن، ڕۆڵی بابەتانەو مەرجەکانی دروستەی ئارگومێنت لە ئاستی ڕوکەشدا جێبەجێدەکەن. ئەوانەی لە ئەنجامی دەربڕینی ئارگومێنتی ڕاستەقینەوە دێن ئەڵتەرناسیۆنی هۆییان تێدایە، وەك /ڤالان/ لە (٦٠)دا.

٦٠- ڤالان درەنگ گەیشت.

---

[234] بڕوانە: J. Pustejovsk (2001:63-64).

**دووهەم/ ئارگومێنتی ئاسایی (Default arguments): پارامەتەرەکانی، کە لە دەربڕینی لۆژیکیدا بەشداریدەکەن، بەڵام مەرجیش نییە بە سینتاکسیی دەربڕدرێن، وەك >لەخشت دروستکراو< لە(٦١)دا.**

**٦١– ڤالان خانووەکەی لە خشت دروستکرد.**

**/ڤالان/، /خشتەکەی/ دروست نەکردووەو /خانووە/کەی دروست کردووە. کەواتە لە >خشت دروستکراو< بکەرێکی هەیە. بەگشتیی ئەو حاڵەتانەی، کە ئەڵتەرناسیۆنی مادیی و بەرهەمهێنانی تێدایە بەم چەشنەی ئارگومێنت دیاریکراوەو بە ئەڵتەرناسیۆنی فرێزی سەرپشکیی جیاکراونەتەوە، لەبەرئەوەی دەربڕینی (مادیی و بەرهەمهێنان) حاڵەتەکەی جیاوازە. ئەمانەیش بۆ فۆڕمدروستی لۆژیکی ڕستەیەك پێویستن، هەرچەندە لە دروستەی ڕوکەشی سینتاکسیدا دەرنابڕێن.**

**سێهەم/ ئارگومێنتە– سێبەر (Shadow arguments): ئەوانەن، کە لەڕوی سیمانتیکەوە لەناو خودی کەرەستە فەرهەنگیەکەدان. یاخود ئاماژەدانە بە ناوەڕۆکێکی سیمانتیکی، کە مەرج نییە لە سینتاکسدا دەربڕێت.**

**٦٢–أ– ڤالان نانەکەی چەورکرد.**

**ب– ئالان لە دەرگاکەی دا.**

**دەوروبەری دەقەکە ڕونیدەکاتەوە، وەك ئایا /نانەکەی/ بە (کەرەیەکی گرانبەها بێت یان کەرەیەکی ئاسایی) یان بە ڕۆن (چ جۆرە ڕۆنێك) چەور کردووە، لە (٦٢–ب)دا ئایا بە /شەق، دەست، قاچ، بە ئامێرێك.../ لە دەرگاکەی داوە.**

**چوارهەم/ هەڵواسینی ڕاستەقینە (True adjuncts): ئەمانە دەربڕاوی لۆژیکیی دیاریدەکەن، بەڵام بەشێك نین لە لێکدانەوەی هەڵوێستەکەو نەبەستراونەتەوە بە هیچ کەرەستەیەکی فەرهەنگیەوە لە نواندنە سیمانتیکییەکاندا. ئەمانە تافیی و وێنەی چەمکیی دەگرنەوە، وەك:**

**٦٣–أ– ڤالان ژن دەهێنێت.**

**ب– ڤالان هەینی ژن دەهێنێت.**

**بۆ ڕستەی (٦٣–أ) کۆمەڵێك شت هەیە، پێیدا هەڵواسین، وەك /کاژێر، لەگەڵ،.../.**

**ئەمانە بەکورتی و بەگشتی واتای شاراوەن و لەناو خودی ئارگومێنتەکانە پۆلێنکراون و ڕۆڵی بابەتانەو دروستەی ئارگومێنت نەیهێناونەتە ئاراوە.**

**خاڵی بنەڕەتیی ئاڵوگۆڕکردنی گۆکردنی چەمکی ئارگومێنتەکان و پەیوەندیانە بە ڕۆڵی بابەتانەوە. کە ڕۆڵی بابەتانە بەشێکە لە ئاستی دروستەی چەمکی نەك بەشێك بێت لە**

سینتاکسەکەی[٢٣٥]. لێرەدا ڕۆڵە بابەتانەکان بەکورتی پەیوەست بە دروستەی سیمانتیکەوە (بەشەکانی ئاخاوتنی سیمانتیکی) دەناسێنین.

(ا)بابەت: ئەو شتەیە، کە لە جوڵەدایە یان دەکەوێتە شوێنێکەوەو دەتوانرێت وەك یەکەم ئارگومێنتی دیاریبکرێت.(ب) سەرچاوە: ئەو شتە یان بابەتەیە، کە بۆ جوڵە دەگەڕێتەوەو دەردەکەوێت، وەك ئارگومێنتی گۆکردنی ڕێڕەو، لەبەرئەوەی سەرچاوە ئارگومێنتێکی ڕاستەوخۆی گۆکردنی ڕوداو نییەو بەڵکو لەناو ڕێڕەودایە (لە).(پ) ئامانج: ئەو بابەت/ شتەی بەرەنجامی جوڵەیەکە (ئارگومێنتی گۆکردنی ڕێڕەو (بۆ).(ت) کارا یەکەم ئارگومێنتی گۆکردنی ڕوداو (هۆیی)یە، (ج) ئەزمونیی (Experience) لەوانەیە ئارگومێنتێکی گۆکردنی- حاڵەت بێت.

بەگشتیی ڕۆڵی بابەتانەکان دروستەی ڕێکخراوی تایبەتن لە دروستەی چەمکیدا. ئەمەش دەکەوێتە سەر دروستەی ئارگومێنت و دەرهێنانی نیشانەکان لە دروستەی چەمکی فەرهەنگیی کردارەکانەوە (یان هەبووەکانی تر) ڕۆڵی بابەتانەی پەیوەستدار بەهۆی هەموو ئاماژەکانی دروستەی سیمانتیکییەوە دیاریدەکرێت. کەواتە دروستەی ئارگومێنت دەتوانرێت وەك کورتکراوەی بەشێك لە دروستەی سیمانتیکی(چەمکی) کە (ڕون)ە بۆ سینتاکس بیری لێبکرێتەوە[٢٣٦].

تێکەڵکردنی ئارگومێنت و کۆت و بەندی هەڵاوێرکردن، کە کۆت و بەندی هەڵاوێرکردن بەشێکە لە دەروازەی فەرهەنگی کردار[*]. کۆت و بەندی هەڵاوێرکردن بە تونـدی وەچەفەرهەنگیەکانی دروستەی چەمکی پێکەوە گرێداوە. ئەمە بە هەڵبژاردنی دەستەیەك لە کۆت و بەندی سەرپشکیی لە ڕیزبەندیی و بنەمای لێکدراوێتی دروستەی چەمکیدا دەبێت، لەگەڵ ئەوەی ئەم کردەیە تەنها پێکنەهاتووە لە پۆلەڕەگەزی چەمکە سەرەکیەکان، بەڵکو جیاوازەکانیش لەخۆدەگرێت، وەك (ڕەقی بەرامبەر بە شلی)[٢٣٧]. کۆت و بەندی هەڵاوێرکردن بە مەرجێکی بنەمایی فەرهەنگی دانراوە، بەشێوەیەك کردار ناتوانرێت لە ڕستەیەکدا بێت، ئەگەر ئارگومێنتەکانی ئەو ڕێسایانەو کۆت و بەندانە ببەزێنن. بۆ نموونەوەك لە پێشەوە خرایەڕوو، دیاریخەرەکان گۆکردنێکی تر یان جۆرێکی تری ڕاڤەکردنی چەمکین و ئەم ڕۆڵانەیان هەیە وەك:

---

[٢٣٥] بڕوانە:.R. Jackendoff (1991:46)

[٢٣٦] بڕوانە: .R. Jackendoff (1991:98)

[*] بڕوانە پارەکانی پێشوو.

[٢٣٧] بڕوانە:.R. Jackendoff (1991:52)

أ. (AP دیاریخەری NP)ە:

٣٢-گوڵی سور [ گوڵ ; شت {سور ئەدگار} ]

ب. (Advp دیاریخەری VP): ڤالان بەپەلە چووە ماڵەوە.

٣٣- [ جووڵە ({ڤالان شت}، {بە ڕێڕەو} {ماڵەوە شوێن})}) ; چوو {بەپەلە ئەدگار/ manner} ; ڕوداو ]

پ. (PP دیاریخەری PP)ە: لێرە لەناو ماڵەکە..

٣٤- [ لێرە ; شوێن {لەناو شوێن ({ماڵەکە شت})} ]

لەمانەوە دەتوانین یاسای کۆتوبەندی دیاریخەری دەستنیشانبکەین، کە بریتیە لە: ئەگەر (YP) خوشکی (X) بێت لە (XP)داو دروستەی چەمکی (YP) بریتی بێت لە {Cy} ئەوکاتە دروستەی چەمکی (XP) بریتی دەبێت لە:

[ ... ; {Cy} ]

ت)(PP دیاریخەری VP)یە. ڤالان گەیشتە ماڵەوە لە ٦:٠٠ دا.

٣٥) [ گەیشتن ({ڤالان شت}، {بە ڕێڕەو ({ماڵەوە شوێن})}) ; {ڕوداو {لە شوێن تاف ({٦:٠٠ کات})}) ]

لەلایەکی ترەوە، لە پێکهاتەی چەمکییدا ڕۆڵی بابەتانە بە ڕۆڵە چەمکیەکان دانراوە، هەر وەك چۆن بەشەکانی ئاخاوتنی سیمانتیکی و X-باری سیمانتیکیی و پۆلەڕەگەزە سیمانتیکیەکان دیاریکراون. هەموو گۆکردنە چەمکیەکان ژمارەیەکی چەسپاوی ئارگومێنتییان هەیە. ڕۆڵە چەمکیەکان دابەشکراون بۆ[٢٣٨]: (١) (چینی بابەتانە thematic tier) (مامەڵە لەگەڵ جوڵە و شوێن دەکات)، (٢) چینی کردەیی (action tier)، مامەڵە لەگەڵ پەیوەندیەکانی ڕۆڵگێڕ- کارتێکراو دەکات. لێرەدا گرنگە چینی کردەو چینی بابەتانە لە یەك جیابکرێنەوە، چینی کردەیی (کارتێکراو، ڕۆڵگێڕ) دەگرێتەوەو چینی بابەتانەش (بابەت، ئامانج، سەرچاوە، کارا...) دەگرێتەوە، بڕوانە (٦٤). ڕۆڵگێڕ (کارکەر (بکەر)ی کردەیەکە).

---

[238] بڕوانە:.R.Jackendoff (1991:126)

٦٤-أ- ڤاریێ ڤالانی خۆشدەوێت.

| | | |
|---|---|---|
| بابەت | ئامانج | (چینی بابەتانە) |
| ڕۆڵگێڕ | کارتێکراو | (چینی کردەیی) |

ب- ئالان لە تۆپەکەی هەڵدا.

| | | |
|---|---|---|
| سەرچاوە | بابەت | (چینی بابەتانە) |
| ڕۆڵگێڕ | کارتێکراو | (چینی کردەیی) |

لەگەڵ ئەوەیشدا لێکدراوێتی نێوان چینی بابەتانەو چینی کردەیی مەرج نییە پێکەوەهاتنیان هەبێت، هەندێك کردار هەن، کە چینی بابەتانەی هەیەو چینی کردەیی نییە. بۆ نموونە بڕوانە (٦٥).

٦٥- شەن نامەکەی وەرگرت.

| | | |
|---|---|---|
| ئامانج | بابەت | (چینی بابەتانە) |
| ئامانج | بابەت | (چینی کردەیی) |

بەهۆی چینی کردەییەوە چەمکی تەقلیدی (کارا) کە بریتی بوو لە (بزوێنەری دەرەکی کردەیەك) کە یەکەم ئارگومێنتی هۆکارییە کەرەستەیەکەیە لە چینی بابەتانە، بوو بە ڕۆڵگێڕ.

٦٦- کوڕەکە بەرەنگاری هاوڕێیەکەی بووە.

(٣٣) [ Ca ({هاوڕێ}،{ڕوداو }) <br> REACT ({کوڕ}،{هاوڕێ}) ]

چینەکانی بابەتانە لە (٦٦)دا ئاشکرایە کە: /هاوڕێ/ هەوڵی تەواو دەدات بۆ بەرجەستەکردنی هەندێك ڕوداوی ناواخنی چینەکانی کردەیش، کە بەهۆی هێزی داینامیکەوە دەنوێنرێت. پەیوەستکردنی نێوان /هاوڕێ/ و /کوڕ/ و لەگەڵ پەیوەندکردنیان بە ڕوداوی ناواخنییەوە، بەپێی چینە کردەییەکان کارتێکراوە، بە جۆرێکی کاریگەریی(AFF) دانراوە.

ڕۆڵی تاقیکەرەوەیی کەسێکە بەهۆی حاڵەت یان ڕودانەوە کارتێکراوبێت. ئەمەش وەك جۆرێکی کارتێکراوەو دەروازەیەکی باشە بۆ شیکردنەوەی مەرجەکانی چینی کردەیی. کردارەکان، لەگەڵ تاقیکەرەوەیدا لە بەرکاری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ گۆکردنی کاریگەری(AFF)یان هەیە، کە لەناو جێکەوتەی بەرکاردا بە یاسای کارتێکراو پەیوەندکراوە. بکەریش دەتوانرێت وەك کارتێکەر (بزوێنەری کردەکە) دابنرێت، ئەمەیش

ئەو چینانەی کردەیی کە پێکهاتووە لە کارتێکراو، کە بە یاسای کارتێکراو لەناو جێکەوتە بکەردا. پەیوەستە، بڕوانە (٦٧).

٦٧-أ- هەورە بروسکە ئالانی ترساند.

ب- ڤالان (بەدەستی ئەنقەست) ئالانی ترساند.

لەلایەکی ترەوە پەیوەندییەکانی بەستنەوە (Binding) پەیوەست بە ڕۆڵەکانەوە لەنێوان هۆکاریی و کاریگەرییدا لە (٣٦) نوێنراوە.

٣٦- هۆکاری ({α}*، AFF ({β}**، ) ({)
AFF ({ }α، { }β)

بڕوانە (٦٨).

٦٨- ڤالان زۆری لە ڤاریێ کرد بڕواتە دەرێ.

٣٧- هۆکاری ({α}، چوون ({β}، {دەرەوە})
AFF ({β} α )
AFF ({ڤالان}α، {ڤاریێ}β j)

لێرەدا ڕۆڵگێڕ بزوێنەرەو کارتێکراوە یان سودمەندی ڕۆڵگێڕیی کاریگەریی(AFF)ی سەرپشکین، بەڵام لە (٣٨) دا، لەبەرئەوەی کارتێکراو لەئارادا نییە، هەر خودی ڕۆڵگێڕ ڕۆڵگێڕی (AFF)ی سەرپشکیە، بڕوانە لە (٦٩)دا ڕوونکراوەتەوە:

٣٨- هۆکاری ({α}، AFF ({β} ) ({)
AFF ({ }α، )

٦٩- یادە هەوڵیدا دور بڕوات.

٣٩- هۆکاری ({α}، چوون ({α}، {دور})
AFF ({α}، )
AFF ({یادە}α i، )

سێهەم ڕیزبەندکردنی ئەم چەشنە لە (٤٠)دا دیاریکراوە:

٤٠- هۆکاری ({β}، AFF ({α}، ) ({)
کارتێکراو ({ }α، { }β)

---

* ئارگومێنتی بەستنەوە(binding argument). ئەدگاری یەکگرتوویی لە دروستەی چەمکیدا دەنوێنێت.

** ئارگومێنتی بەندێتی (bound argument).

لەم حاڵەتەدا، بزوێنەر بە دووهەم ئارگومێنتی کارتێکراو بەستراوەتەوە و ڕۆڵگێڕی (AFF)ی سەرپشکیی بە یەکەم ئارگومێنتی کارتێکراو (REACT) بەستراوەتەوە، کە ئەمەش ($\beta$) بزوێنەرەکەیەو هەوڵدەدات کە ($\alpha$) کارێك بکاتو ($\alpha$) کاردانەوەی پێچەوانەی ($\beta$) بەرجەستە دەکات. ئەمە لە (٧٠) ڕونکراوەتەوە:

٧٠- یادە بەرگریکرد لە چوونە دەرەوەی.

٤١- هۆکاری ({$\beta$}، چوون ({$\alpha$}،{دەرەوە})
AFF ({$\alpha$}، )
کارتێکراو ({یادە}$^{\alpha}_{i}$، { }$^{\beta}$)

لێرەدا بزوێنەر بە تەواویی ناواخنیەو نادیارە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بە ڕۆڵە جۆراوجۆرەکان دەداتو بەهۆی ئارگومێنتی بەستنەوەوە دیارە.

لێرەدا تۆماری فەرهەنگی (LCS)ی کرداری بریتیە لە (٤٢).

٤٢- بەرگریکردن
V
NP $_j$ ---
هۆکاری ({$\beta$}، {هۆکاری ({$\alpha$}،{ڕووداو}$_j$ )} )
AFF ({$\alpha$}، ) {$_j$}
کارتێکراو ({ }$^{\alpha}_{i}$، { }$^{\beta}$$_{\{j\}}$)

٧١- ناز ڕقی لە ڕازە.

دەتوانین نواندنی گۆکردنی کاراو کارتێکراو بەپێی ڕوداوەکان لە چینی کردەییەکان لە (٤٣)دا دیاریبکەین.

٤٣) {ڕووداو} ...
AFF (< {شت} >، <{شت}> )

لەبەرئەوەی (AFF) وەك گۆکردنی تر دیاریکراوە، یەکەم ئارگومێنتی کارایەو دووهەمی کارتێکراوە.

٧٢- ئۆتۆمبیلەکە خۆی کێشا بە دارەکەدا. دروستەی چەمکی لە (٤٤)دا داڕێژراوە.

٤٤) تەواونەبوویی Incho {دەبێت ({ئۆتۆمبیل}،{بە {دار}})}
ڕوداو AFF ({ئۆتۆمبیل}،{دار})

بۆ ڕۆڵی ئامێری بڕوانە (٧٣):

٧٣-أ- ڤالان دەرگاکەی بە کلیل کردەوە.

ب- کوڕەکە پەنجەرەکەی بە بەرد شکاند.

تایبەتێتی و ئەدگاری ئامێر لەمانەدا خراوەتەڕوو: (أ) دەتوانێت ئەو ڕۆڵانە بگێڕێت، کە ڕۆڵگێڕ لە کردەکە جێبەجێدەکات (هەندێ جار دەتوانرێت بە ئاوەڵفرێزبکرێت لەگەڵ (NP)دا. (ب) ڕۆڵگێڕ کردەکە لەسەر ئامێر جێبەجێدەکات. (پ) کردەی ئامێری لەسەر کارتێکراوە (کردەی ڕۆڵگێڕ لەسەر ئامێرەکە دەرەنجامی کردەی ئامێرییە لەسەر کارتێکراو)، بڕوانە دروستەی چەمکی نموونەی (٧٣) لە (٤٥)دا.

٤٥-أ) هۆکاری ({ڤالان}،{تەواونەبوویی {دەبێت ({دەرگاکە}،{کردەوە})}})
AFF⁻* ({ڤالان}،{دەرگاکە}).
{بەهۆی هۆکاری({ڤالان}،{AFF⁻ ({کلیل}،{دەرگا}
AFF⁻ ({ڤالان}،{کلیل}

ب) هۆکاری ({کوڕە}،{چوون ({پەنجەرە} {بە بەرد {شکاند}})})
AFF⁻ ({کوڕ}،{پەنجەرە}
{بەهۆی هۆکاری ({کوڕ}،{AFF⁻ ({بەرد}،{پەنجەرە})}})}
AFF⁻ ({کوڕ}،{بەرد})

دروستەی چەمکی ڕستەیەکی وەك >ئۆتۆمبیلەکە خۆی بە دارەکەدا کێشا< لە (٤٦) دا ڕونکراوەتەوە:

٤٦) تەواونەبوویی {دەبێت ({ئۆتۆمبیل}،{بە (دار}})}
AFF⁻ ڕوداو ({ئۆتۆمبیل}،{دار})

لەلایەکی ترەوە، بەپێی کێڵگە سیمانتیکیەکان ڕۆڵی بابەتانەی بەشە ئاخاوتنە سیمانتیکیەکان دیاریکراوە، لە هەر کێڵگەیەکی سیمانتیکی {ڕوداو} و {حاڵەت} بنەماکانی گۆکردنی (ڕوداو، حاڵەت، ڕێڕەو، شوێن) وەچەپۆلێکن بۆ شیکردنەوەی چەمکی (شوێنی) و (جوڵەیی) بەکاردەهێنرێن. ئەم پێنج کێڵگەیە لە لێکۆڵینەوەی سایکۆلۆژی ئاوەزداریدا زۆر گرنگن. کێڵگەکان جیاوازن لە سێ ڕێگەی ڕێپێدراوەوە: (أ) کام چەشنەی یەکەیەك دەکرێت وەك (بابەت- them) دەربکەوێت؟ (ب) کام چەشنانەی یەکەکان دەکرێت

---

* AFF (affect) گۆکردنێکی ترە لەپاڵ گۆکردنە بابەتیەکانی تردا، یەکەم ئارگومێنتی ئەم گۆکردنە ڕۆڵگێڕەو کارتێکراو دووەم ئارگومێنتێتی.بڕوانە دروستەکەی:
ڕوداو {AFF (<شت>، <شت>)}. (AFF⁻) کاریگەری نەرێیەو (AFF⁺) کاریگەری ئەرێ دەگەیەنێت.

وەك بابـەتی ئامـاژەبۆكراو (reference object) دەربكـەون؟ (پ) جـۆری ئـەو پەیوەندییـە كامەیـە، كـە وەهـادانراوە ڕۆڵببینێـت، بەهۆی شـوێنەوە لـە كێڵگـەی دەربـڕینی چـەمكیدا؟ بـۆ ئەمـە، بـەپێی چەشـنی كێڵگـە سـیمانتیكیەكانو پەیوەنـدی بابەتانـەو دروسـتەی چـەمكی[239] تاووتوێی دەكەین :

١- كێڵگەی تافی: پێشناوی تافیی هەروەك شوێنی یەكەیەكە لە دەربڕینی چەمكیدا (٨٢).

٧٤-أ- كـاژێر ٦:٠٠ی سـێ شـەممە لەسـەر چوارشـەممە لەسـاڵی ١٩٩٩ یـادی لەدایكبوونمە.

ب- ڤالان نانی نیوەڕۆی لە ژورەكەی خوارد.

پ- چاوپێكەوتنەكە لە كاژێر ٧:٠٠ دایە. (دەبێت)

ت- چاوپێكەوتنەكەمان گۆڕی لە هەینیەوە بۆ دووشەممە. (چوون)

دروستە چەمكیەكەی لە (٤٧)دا نوێنراوە.

٤٧-أ- {حاڵەت دەبێت تاف ({ڕوداو چاوپێكەوتن}، {شوێن لە تاف ({كات ٧:٠٠})})}

ب- {ڕوداو هۆكاری ({شت ئێمە}، {ڕوداو چوون تاف ({ڕوداو چاوپێكەوتن}، [لە تاف ({كات هەینی}) ) / ڕێڕەو بۆ تاف ({كات دوشەمە})])})}

لێرەدا: (ا){ڕوداو} و {حاڵەت} وەك بابەت دەردەكەون.(ب) {كات} وەك بابەتی ئاماژەبۆكراو دەردەكەوێت.(پ) كاتی ڕودان ڕۆڵی وەك شوێن دەگێڕن.

٢- كێڵگـەی خـاوەنێتی تایبـەتێتی، وەك: (أ) {شـت} وەك بابـەت دەردەكـەوێت. (ب) {شـت} وەك بابەتی ئامازەبۆكراو دەردەكەوێت. (پ) ئەمان ڕۆڵی شـوێن دەبیـنن، كـە: (Y) خـاوەنێتی (X) بكات. وەك (٧٥).

٧٥-أ- ئالان كلیلەكەی ونكرد.

ب- لالە دیارییەكەی وەرگرت.

پ- ڤالان نانەكەی بەركەوت.

٤٨-ا-{ڕوداو چوون خاوەنێتیposs ({كلیل}، {ڕێڕەو لە خاوەنێتی ({ئالان})})}.

ب-{ڕوداو چوون خاوەنێتی ({دیاری}، {ڕێڕەو بۆ خاوەنێتی ({لالە})})}.

پ- {چوون خاوەنێتی ({نان}، { بە خاوەنێتی ({ڤالان})})}.

٣- كێڵگەی سیمانتیكی دیاریكراوێتی (identificational) تایبەتیەكانی:(أ) {شتەكان} وەك بابـەت دەردەكـەون. (ب) {چەشـنەكانی شـت} و {تایبەتێتیـەكان} وەك بابـەتی ئامـاژە بۆكراو دەردەكەون. (پ) وەك نموونەیەك پۆلەڕەگەزی تایبەتێتی هەیە ڕۆڵی شوێن دەگێڕێت، وەك (٧٦).

---

[239] بڕوانە: R.Jackendoff (1999:198).

٧٦-أ- شەن مۆسیقاژەنە. {حاڵەت دەبێت Iden دیاریکراوێتیt ({شت شەن}،{شوێن ە دیاریکراوێتیIdent ({جۆری شت مۆسیقاژەن})})}.

ب- نالی دەبێتە باوك. {ڕوداو چوون Idenدیاریکراوێتیt ({شت نالی}،{ڕێڕەو ە Idenدیاریکراوێتیt ({جۆری شت باوك})})}.

پ- تەرزەکە توایەوە. {t چوودیاریکراوێتی ({بەفر}، لە دیاریکراوێتی ({ڕەقی}) بۆ دیاریکراوێتی ({شلی}) )}

٤- کێڵگەی ژینگەیی (هەلومەرجی Circumstantial): (أ) {شتەکان} وەك بابەت دەردەکەون. (ب) {ڕوداو} و {حاڵەت} وەك بابەتی ئاماژەبۆکراو دەردەکەون. (پ) "X تایبەتێتی Y"ە، ڕۆڵی چەمکی "X لە Y"دا دەگێڕێت.

بە سینتاکسی کرداری لەم چەشنە هەمیشە وەچەپۆلەڕەگەزی ڕستیلەی شوێنکەوتووە. ئەم ڕستیلەی شوێنکەوتووە بکەری نییەو بابەتی ڕستیلەی سەرەکی، کە ئەرکی گەیاندنی ئەم ڕۆڵەیە پەیپێدەبرێت ، وەك (٧٧).

٧٧- ڤالان بەردەوام بوو لەسەر ڕێکخستنی میکانۆکان.

٤٩- {ڕوداو مانەوە ژینگەییcirc ({ڤالان}i، {شوێن لەسەر ژینگەییcirc ({ڕوداو ڕێکخستنی میکانۆکان})})}.

٥- کێڵگەی بوونگەری (existential): (أ) {شت} و {حاڵەت} دەتوانن بابەت بن. (ب) یەك هەرێمی ئامارژەبەندی بە {X} ناوبراوەو بەهۆی هەبوویەکەوە دەردەبڕێت. هێنانەبوون و هاتەبوون و خۆڕسکی، نمونەن بۆی.

# بەشی سێهەم:

# پەیوەندیی سینتاکس و سیمانتیک

## ١/٣) مۆدێلەکانی پەسنکردنی پەیوەندی سینتاکس‌و سیمانتیك

دیاریکردنی پەیوەندیی نێوان سینتاکس‌و سیمانتیك* لەلایەن زمانەوانانەوە لە زانستی زماندا، بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە[٢٤٠]: قۆناغی یەکەم بە قۆناغی بەر لە دروستەی سینتاکسی دانراوە، لەبەرئەوەی بەگشتی لە زمانەوانی ئەوروپیدا (لایەنی فیلۆلۆژی) و (ئەنسرۆپۆلۆجی + ماتماتیك)و بەتایبەت لای ئەمریکییەکان‌و خودی زمانەوانیش وەك زانستی (دەروونناسی و ئاوەزداری) کاری لەسەر دەکرا. هەڵوێستی نەرێی لە سیمانتیك لە زمانەوانی ئەمریکیی لە سەدەی (٢٠)دا لەژێر کاریگەریی ئەرێی لۆژیکیی (وەك ڕەفتارگەریی لە دەروونناسیدا) بوو، لەبەرئەوە تاڕادەیەکی کەم گرنگی بە سیمانتیك دەدرا.

لە قۆناغی دووهەم لە دروستەی سینتاکسدا هیچ دەربارەی سیمانتیك نەزانراوە، بەڵام دروستەی قووڵ بەشێوەیەکی سیمانتیکی دروستەیەك دەخاتەڕوو، لە چاو دروستەی ڕوکەشدا کە شاراوەیە ، وەهایشدانراوە، ((هەندێك جار گواستنەوەکان لە نێوان ئەم دوو دروستەیەدا واتا بگۆڕن))[٢٤١].

دواتر ڕەوتی کارکردن لە دروستەی سینتاکسیەوە بۆ ڕوکارەکان گۆڕا، لە سەرەتای (١٩٦٠)دا لای (Katz, Fodor, Postal)، گەشەیاندا بەوەی ئاخۆ دەبێت تیۆرییەکی سیمانتیکی لە چوارچێوەیەکی ڕێزمانی بەرهەمهێنەریدا پەرەی پێبدرێت. هەروەها گرنگیشیان دەدا بە پێکهێنەریی (Compositionality)[٢٤٢] و لەوکاتەدا پێیاندەگوت کێشەی پڕۆژەسازدان (projection)**.

لەلایەکی ترەوە(Katz 1963) & (Fodor) واتایان بە تەواوی بە مێژووی گواستنەوەکانی ڕستە بەستەوەو واتا بەپێی نیشانەدانی گواستنەوەیی (T. Markers) ئەژماری بۆ دەکرا[٢٤٣]. ئەم زمانەوانانە کاریان لەسەر نیشانە سیمانتیکییەکان دەکردو زیاتر هەوڵیاندا سێ بابەتی سەرەکیی لێکبدەنەوە: (ا) لێڵی(زیاتر لە خوێندنەوەیەکی هەبێت)، (ب)

---

* سیمانتیك یان واتای پیتی دەربڕینە زمانەوانیەکان، بایەخ بە شیکردنەوەو ڕاڤەکردن‌و پەسنکردنی واتای زمانەوانی دەدات (بڕوانە K.Malmkjaer (1995: 522)).

240 بڕوانە: B. H. partee (2007:1:10) & (Jackendoff: 2009).

241 لە سەرەتادا لەو بڕوایەدا بوون، کە گواستنەوەکان لە نێوان ئاستەکاندا دەبنە هۆی گۆڕان لە واتادا. بەڵام لەدواتردا ئەم بۆچونە بە تیۆرەکانی وەك تیۆری شوێنپێی‌و ...وەلاەمدرایەوە ( بڕوانە (D. & (CHOMSKY:1993) & (Steinberg:1999)).

** پەیوەست بەمەوە بڕوانە پاری داهاتوو، بۆ زانیاری زیاتریش بڕوانە K.Malmkjaer (1995: 663) G.Trauth&K.Kazzazi (1996:385) & C.Rystal(2003)

243 بڕوانە: محمد حماسة عبد الطيف(١٩٨٤ :٣٦).

**نـــاوازەبوونی ســـیمانتیکی (هــــیچ خوێندنەوەیـــەکی نـــەبێت)،(پ) هاوواتاکـــان (هـــەمان خوێندنـــەوەیان هـــەبێت)**[٢٤٤]. (Katz & fodor) **بـۆ لێکدانـەوەکانیان چـوار پێکهاتـەیان دیـاریکردووە، کـە فەرهـەنگ‌و ڕێـساکانی پڕۆژەسـازدان‌و دروسـتەی قـوول‌و کۆت‌وبەنـدی هەڵاویێرکردن***، **دەروازەی فەرهەنگی هەر کەرەستەیەك پێکدێت لە: (ا) ڕێژەی ڕێزمانیی، کە دیاریکـەری پۆلەڕەگـەزی سینتاکسیە بـۆ ئـەو کەرەسـتەیەی دەگەڕێتـەوە بـۆی.(ب) ڕێـژەی ســـیمانتیکیی، کـــە ئەمانـــە لـــەخۆدەگرێت: نیـــشانە ســـیمانتیکییەکان، جیاکـــەرەوەکان، سنوربەندی هەڵاوێرکردن. یەکەم‌و دووهەمیان هەندێك ڕوکار لەواتای کەرەستەیەك دەنوێنن، کە دەگاتەوە بە ڕوکارە سیمانتیکییەکان. سنوردانانی هـەڵاوێرکردنیش بەشێك لـە دەروازەی فەرهـــەنگیی پێکـــدەهێنێت‌و دوو چەشـــنی لێـــدیاریکراوە: هـــەڵاوێرکردنی پۆلەڕەگـــەزی‌و هەڵاوێرکردنی سیمانتیکی**[٢٤٥].

**لـە سـاڵی** ((1964 )( Katz & Postal)) **بانگەشـەی ئـەوەیانکرد، کـە واتـا دەکرێـت تـەنها بەپێی دروستەی قووڵ دیاریبکرێت‌و دروستەی ڕوکەشیش وەك تێکردەیەکە بۆی.**

**لێرەدا لەجیاتی پرسیار لە تایبەتمەندیی ڕۆڵە سیمانتیکییەکان بکرێت، پرسیار لـەو ئاسـتە سینتاکسییە دەکرێـت، کە لـە جێبـەجێکردنی ئاسـتی سیمانتیکیدا زۆر پەیوەندیـدارە ، ئـەم زمانەوانانـــە پێیـــانوابوو، کـــە هـــەموو ئـــەو زانیارییانـــەی بـــۆ جێبـــەجێکردنی ڕێـــساکانی پڕۆژەسـازدان پێویـستە لـە دروسـتەی قووڵـدا ئامـادەیی هەیـە، یـان لـەوەدا کـە ڕێـساکانی گواستنەوە کاریگەرییان لەسەر واتا نییە**[٢٤٦] **( بڕوانە (١)):**

**١) سیمانتیك ⟵ دروستەی قووڵ ⟵ دروستەی ڕوکەش ⟵ فۆنۆلۆژی**

**لێرەدا سینتاکس دەکەوێتە ناوەندەوەو نێوانگـەرە لـەنێوان سیمانتیك‌و فۆنۆلۆژیـدا. بەمـەش ئـــەو بانگەشـــەیەی، کـــە گواســـتنەوەکان پێویـــستە واتـــا پـــارێزبن، کاردانەوەیـــەکی گـــەورەی وروژێنەری هەبوو لەو کاتەدا.**

**لـــە قۆنـــاغی ســـێهەمدا** (Chomsky) **ی پـــەرەی بـــە دیـــدەکانی لـــە دروســـتەی سینتاکـسی (١٩٥٧)ەوە بـــۆ (ئەســـپێکتەکان– ١٩٦٥) دا، لەســـەر بنـــەمای پێـــشنیازەکانی** (postal) **و** (Katz) **دەربـــارەی پەیوەنـــدیی پێڕەوبەنـــدی نێـــوان ســـینتاکس‌و ســـیمانتیك لـــە ئاســـتی**

---

[244] بڕوانە: .Katz & Fodor (1963:181) & (D. Steinberg:1999)

* بۆ پێکهاتەکانی سیمانتیك بەگشتی بڕوانە پارەکانی داهاتوو.

[245] بڕوانە: سەباح رشید قادر (٢٠٠٧: ) و .V. cook (1996:163), INS (2007:304)

[246] بڕوانە: .INS (2007:304)

دروستەی قووڵدا. تا کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان زمانەوانەکان بڕوایان بە گریمانەو تیۆرەکانی ئەمان هێنابوو، کە دیارترینیان بە سیمانتیکی لێکدەرەوەیی یان بە تیۆری ستانداردی فراوانکراوەیش ناسرابوو. خودی ئەمەیش ڕێزمانێکە لەسەر بنەمای چاکسازیی و لە تیۆری ستانداردا بنیاتنراوەو لەلایەن (Chomsky) و (Jackendoff ١٩٧٢، پەرەی پێدراوە. بەپێی ئەم ڕێزمانە دروستەی ڕوکەش وەك تێکردەیەك ڕۆڵ دەبینێت بۆ پێکهاتەی سیمانتیکی و فۆنۆلۆژیی(بڕوانە هێڵکاری(١-١-ب).

بەپێی ئەم تیۆرییە ڕێساکانی لێکدانەوەی سیمانتیکی بەسەر ئەو دروستە سینتاکسیانەدا جێبەجێدەبن، کە بەرهەمهێنراون. واتە، دروستەی سینتاکسی بەرهەمهێنراو لێکدانەوەی سیمانتیکی بۆ دەکرێت. بەپێی تیۆری ستانداردی ڕێزمانی (Chomsky) ڕستەی واتا جیاواز دەبێت دروستەی قووڵی جیاوازی پێبدرێت و یەکێك لە گۆکردنەکانی ڕێساکانی گواستنەوە ئەوەیە، واتای ڕستە لە دروستەی قووڵەوە بەرەو ڕوکەش بە جێگیریی بهێڵێتەوە*. ئەگەر هاتوو ڕستەیەك لە دروستەی قووڵدا واتای جیاجیای گەیاند، ئەوا سەرچاوەی ئەو جیابوونە ڕێساکانی بنەڕەتن کە دروستەی قووڵ پێکدەهێنن.

بەپێی ئەم ڕێزمانەی Chomsky خستویەتیە ڕوو[٢٤٧]، ژمارەیەك دروستەی سینتاکسیی بۆ چۆنێتی دیاریکردنی واتای هەر ڕستەیەك و لێکدانەوەی بەرهەمدەهێنرێت، کە ئایا لەکام دروستەوە واتا هەڵهێنجین، یان واتاکەی بۆ هەموو دروستەکان دەگەڕێتەوە یان بۆ یەکێکیان؟ هاتنە ئارای تیۆرییەکانی ڕێزمانی سیمانتیکیی بۆ وەڵامدانەوەی ئەم چەشنە پرسیارانە بوو. تیۆری سیمانتیکی لێکدەرەوەیی لە چوارچێوەی کارکردنیدا بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە[٢٤٨]. لە قۆناغی یەکەمدا تیۆری ستانداری سیمانتیکی لێکدەرەوەییە، کە سیمانتیکی لەسەر ئاستی قووڵ دەکرێت (لەسەر ئاستی قووڵ واتا دەبەخشرێت)، بۆ نموونە ڕستەکانی (١-أ،ب) لەبەرئەوەی هەمان دروستەی قووڵیان هەیە، دەبێت هەمان لێکدانەوەی واتاییان بۆ بکرێت و هەمان واتاشیان هەبێت.

١- أ- ڤالان گوڵدانەکەی شکاند.

ب- گوڵدانەکە لەلایەن ڤالانەوە شکێنرا**.

---

* پەیوەست بە ڕێساکانی گواستنەوە بڕوانە پاری (١/١).

247 بڕوانە: .(CHOMSKY:1993) & B. H. partee (2007).

248 بڕوانە: محەمەدی مەحوی (٢٠٠٩: ٢٠٠-٢٠٤).

** لێرەدا بکەرنادیارە، بەڵام هەمان لێکدانەوەی سیمانتیکی هەیە، هەرچەندە هەندێك حاڵەتیش هەن، کە تیایاندا بەهۆی گواستنەوەی بکەرنادیارەوە، واتا گۆڕاوە( بڕوانە پارەکانی داهاتوو)).

**قۆناغی دووهەم تیۆری ستانداردی فراوانکراوەی سیمانتیکی لێکدەرەوەیی جیاکراوەتەوە، گریمانەکەیشی، بۆ لێکدانەوەی سیمانتیکی دەبێت و بۆ دیاریکردنی واتاکەی وابەستەی هەردوو دروستەی قووڵو ڕوکەشی هەندێك چەشنی ڕستە بن ، چونکە واتا لەنێوان ئەم دوو دروستەیەدا جیاوازەو گۆڕاوە( بڕوانە (٢-أ،ب)).**

**٢- أ- بە درەختەکەیشدا سەردەکەوم. ( واتە (+ شوێنی تر) بە شوێنی تریشدا سەردەکەوم).**

**ب- بە درەختەکەدا سەریشدەکەوم. (واتە (+ کردەی تر) وەك ڕاکردن ...).**

**تیۆری ستانداردی فراوانکراوی دەستپێداهێنراوی سیمانتیکی، کە تیایدا گواستنەوەکانو جووڵاندنو کرتاندن، شوێنپێو شوێنەواری خۆیان بەجێدەهێڵنو بونەتە بنەمای ئەوەی، کە لێکدانەوەی سیمانتیکی بەسەر دروستەی ڕوکەشدا جێبەجێبکەن. ئەمەش بە قۆناغی سێهەم دانراوە، لە (٣-أ-ب)دا خراوەتەڕوو:**


**٣- أ- ڤالان دەیەوێت، pro سێوەکان بخوات.**

**ب- سێوەکان، ڤالان دەیەوێت t بیانخوات.**

**ئەم تیۆریە بە (ڕێزمانی شوێنپێ- Trace grammar) یش ناسراوە[٢٤٩]. بەپێی ئەم ڕێزمانە دروستەی ڕوکەش بڕیاردەری چۆنێتی لێکدانەوەی واتایی ڕستەکانە. چونکە (شونپێی)کان لەنێو ئەو دروستە ڕوکەشەدانو دەتوانرێت واتای سەرتاپای ڕستەکە لێیانەوە هەڵبگوێزرێت. شوێنپێکان (Traces) ئەو نیشانانەی ڕێساکانی گواستنەوە دیاریدەکەن، کە بەسەر دروستەی قووڵیشدا جێبەجێکراون( بڕوانە هێڵکاری (٣_١) کە نەخشەڕێژی ڕێزمانی شوێنپێ دەنوێنێت!).**

---

[249] بڕوانە: D. Steinberg (1999:44) & K.Malmkjaer (1995:664).



هێڵکاری (٣_١)

وەك لە (٣_١)دا دیارە، (Chomsky) پێکهاتەی سیمانتیکی بنەڕەتیی بۆ دوو ڕێسا دابەشکردووە: یاسا سیمانتیکییەکانی (١) وەك تایبەتمەندییەکی زمانەوانی (ڕێزمانی ڕستە) دانراوەو لە هێنانە ئارای دەرکردەیەکدا ڕۆڵ دەبینێت، کە (Chomsky) بە (فۆڕمی لۆژیکی) ناویدەبات. ئەم دروستەی دەرکردەیە وەك تێکردەیەك بۆ پێکهاتەی سیمانتیکی (٢) ڕۆڵ دەبینێت، کە وەك بەشێك لە توانا دانراوە. دەرکردەی ئەم کۆمەڵە یاسایەیش بریتییە لە نواندنی سیمانتیکی.

وەها دانراوە، کە یاسا سیمانتیکییەکانی (٢) لە دوو بەش پێکهاتبێت. یەکێکیان لە بنەڕەتدا سروشتێکی زمانەوانی هەیەو ئەویتریان نیەتی. ڕێسا زمانەوانیەکان گرنگی بە دەرخستنی سەرچاوە یان ئاماژەبەندی لە حاڵەتی (دۆخ)ی ئاستی ڕستەدا لە ئانافۆرای* نەبەستراوەدا دەدەن. ڕێسا نازمانەوانیەکان بریتین لە ڕێساکانی پێڕەوی ئاوەزداریی زیاتر لەوەی زمانیی بن، واتە بیروباوەڕی قسەکەرو پێشبینیەکانی. بەگشتی، یاسا سیمانتیکییەکانی (٢) بریتیین لە کارلێکردنی دوو جۆر ڕێسا: زمانەوانیی و نازمانەوانیی، کە تەواوی واتای ڕستەیەك دەخاتەوە، کە نواندنە سیمانتیکییەکەیەتی.

* بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (هۆگر مەحمود فەرەج: ٢٠٠٠).

ئەم ڕەوتی لێکدانەوەی واتاییە لای (Chomsky) بە ڕێزمانی شوێنپێ ناسرا، کە لە سالانی ١٩٨٠ دایگەشەی پێدراو بووە بنەما بۆ هێنانەئارای تیۆری (GB). پەیوەست بە تیۆری حوکمکردنو بەستنەوە[٢٥٠] (Government and Binding (GB))ەوە، کە لەلایەن (Chomsky-1981)ەوە خراوەتەڕوو. چەند وەچەتیۆرییەك* ئەم تیۆرییە پێکدەهێنن. ئەم تیۆرە چەشنێکی گۆڕاوی ڕێزمانی بەرهەمهێنانەو خاڵی جیاواز تیایدا ئەوەیە، کە ئەم تیۆرە مۆدولارێتی سینتاکسەو بە کۆتو بەندی هەلاوێرکردن سنوربەندی کردە سینتاکسیەکان دەکات. ئامانج لە هاتنە ئارای ئەم تیۆرە بۆ لێکدانەوەو تاڕادەیەك دیاریکردنی بەهای واتایی فۆرمی ڕستەیە.

لەلایەکی ترەوە (Fillmore) بە یەکێك لە ڕێزماننوسە داهێنەرەکانی بواری دیاریکردنی پەیوەندییە سیمانتیکییەکان، لەنێو پێکهاتە بنەڕەتیەکانی ڕستەدا، ناسراوە. بنەمای بیرۆکەی کارەکەی (ڕێزمانی دۆخی سیمانتیکی– Semantic case grammar)[٢٥٢]ە، کە بریتییە لەوەی هۆکاری بنەڕەتی دیاریکەری پەیوەندیی تایبەتێتی سینتاکسی کە پێکهاتووە لە فرێزی ناویی و پەیوەندیی بە پەیوەندییە سیمانتیکییەکان (ڕۆڵە سیمانتیکیە/ دۆخی قوول) کە لەو ڕستەیەدا دەردەکەون هەیە. زاراوەی ڕۆڵە بابەتانەکان بۆ پەیوەندییە سیمانتیکیەکان بەکاردەهێنرێت، کە بە پەیوەندیەکانی دۆخ (ئەبستراکت) یان پەیوەندیی بابەتانەکان ناوبراون[٢٥٣]. بۆ نمونە وەك (ا) <کارا/کارایی> agent**: ئەو یەکەیەی کردەی کردارەکە چالاکدەکات (ب) <ئامێر/ئامێریی> instrument، کە پەیوەندی نێوان هۆکاری نەجوڵاوو نازیندووی کردەیەکەو (پ) <کارتێکراو> patient یاخود <ڕووداو_بەسەرداهاتوو> dative، ئەو یەکەیەی، کە کردەی کردارەکەی دەکەوێتە سەرو (ت) <ئامانج/ئامانجیی> (goal)، کە شوێن یان بوونەوەرێکە لە ئاراستەدا شتێك بۆی

---

[250] بڕوانە:
V. J. Cook (1997) & G.Trauth&K.Kazzazi(1996: 193-194) & K.Malmkjaer (1995:662) & B.Latif (2008) و محەمەدی مەحوی (٢٠٠١) و (٢٠١٠)

* وەك {تیۆریی ئێکس– بار (X-bar theory)، تیۆری سێتا (Theta theory)، تیۆریی دۆخی ڕێزمانیی (Case theory)، تیۆریی دەستەلات/ کۆنترۆڵ (Control theory)، تیۆریی بەستنەوە (binding theory) و تیۆریی بەندێتی (bounding theory). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە V. J. Cook (1997) & B.Latif(2008) ومحەمەد مەحویو کاروان عومەرو شیلان عومەر (٢٠١٠)، لەوێدا بە درێژییو بەوردی خراوەتەڕوو.

[252] بڕوانە: D. Steinberg (1999:54) & K.Malmkjaer (1995: 522) & V. Cook (1996: 163).

[253] بڕوانە: F. Katamb (1993:256).

*** جگە لەوانە ڕۆڵی تری وە ك (هەولدان، باس، شوێن، سودمەند، کات، هاوڕێیەتی، ڕێڕەو، هێز، ئەزمونکار، وەرگر، پێوانە، ...) دیاریکراوە،( بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە(ا) V. J. Cook (1997) (ب) K.Malmkjaer (1995 ) (پ) Martin Haiden(2005) (ت) .Muhedeen (2008) B.Latif (ج) یوسف شەریف سەعید (٢٠٠٩: ٢٥) (ح) سەباح ڕەشید قادر(٢٠٠٩: ١٢٦). (خ) محەمەدی مەحویوکاروان عومەروشیلان عومەر(٢٠١٠: ٩٥)!).

دەڕوات و دەگوێزرێتەوە. هەروەها ئامانج بریتییشە لە ئامانجی کردەی کرداری چالاککراو لەنێوان بکەرو کردارەکەداو (ج) <شوێن/شوێنیی> location/locative: ئەو شوێنەیە، کە کردەی کردارەکەی تیادا ڕودەدات، یان ئەو جێگەیە، کە بێت شتەکەی بۆ ئاڕاستە کراوە.
(ح) <سەرچاوە/سەرچاوەیی> Source سەرچاوەی کردەی کردارەکەیە.

ئەگەر لە ڕستەیەکدا ڕۆڵەکانی (کارایی و ئامێریی و کارتێکراویی...) هەبێت، ئەوا ڕۆڵی کارایی پشکی پێشینەی بوون بە بکەری بەردەکەوێ (جگە لە دۆخی نادیاری)، لەکاتێکدا ڕۆڵی کارتێکراویی دەبێتە بەرکاری ڕاستەوخۆو ڕۆڵی ئامێریی بە ئەدڤێربڵ دیاریدەکرێت. ئەگەر هاتوو ڕستە ڕۆڵی کارایی تیادا نەبوو، ئەوا هەریەك لە ڕۆڵەکانی کارتێکراویی و ئامێری دەتوانن ئەم جێگەوتەیە پڕبکەنەوە. بەپێی پێشنیازەکەی (fillmore) دروستەی قووڵی هەر ڕستەیەك لە مۆدالیتی (Modality) و ڕستەناوەڕۆك (چەمك) (proposition) پێکهاتووە[254]. مۆدالیتی لە هۆکارەکانی (نەرێی، پرسیاریی، ڕێژە، ڕادە، سەرسوڕمان و بانگکردن) کە بەگشتی باسی ڕستەکەن دەدوێت. هەرچی ڕستەناوەڕۆکیشە، لە ئارگومێنت- داواکەر(predicate) و ئارگومێنتەکانی (بە زاراوەی تەقلیدی لە کردارو فرێزی ناویی) پێکهاتووە[255]. بەلایانەوە دەبێت سیمانتیك سەرەکی بێت و سینتاکس لاوەکیی و پێیانوایە سینتاکس بە دابڕاوی لە سیمانتیك ناتوانێت ڕۆڵ ببینێت. لەلایەکی ترەوە ئەمان دەڵێن، کە پێویست بە دوو ئاستی سینتاکسی ناکات و بەرگری لەوەدەکەن کە ئاستی قووڵ و ڕێساکانی بنەڕەت لابرێن و ئەرکی ڕێزمان بەستنەوەی نواندنی سیمانتیکییە بە ئاستی سینتاکسی دروستەیەکەوە، کە بە ئاستی ڕووکەش ناسراوەو پێشنیاز دەکەن، کە یاساکانی گواستنەوەو فەرهەنگ دەتوانرێت بە پێکهێنەری پێکهاتەی سینتاکسی ڕێزمان دابنرێت.

لەم دروستەیەدا (سیمانتیکی بەرهەمهێنان) هەندێك زاراوەی نوێ وەك (ڕستە ناوەڕۆك_ چەمك) proposition)، (ئارگومێنت- داواکەر predicate)، (ئارگومێنت- Argument) خراونەتەڕوو[256]. ڕستە- ناوەڕۆك، بریتییە لەو بیرۆکەیەی، کە کەرەستەکان دەریاندەبڕن و لە دوو بەش پێکهاتووە:(ا) ئارگومێنت- داواکەر، بە پێی سروشت و جۆرو داواکارییەکانیان، یان یەك جێگەوتەیی یان دوو جێگەوتەیی یان سێ جێگەوتەییان لێدیاریکراوە. چەشنەکانی ئارگومێنت- داواکەریش: (ا)کردار (ب)ئاوەڵناو(پ) ناو (ت) پێشناو (ج) ئەدڤێربڵی


---

[254] بڕوانە: G.Trauth&K.Kazzazi(1996: 63) & K.Malmkjaer (1995:86)

[255] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (یوسف شەریف سەعید: ٢٠٠٩: ١٢)، کە تیایدا ڕۆڵە سیمانتیکیەکان لە زمانی کوردیدا جێبەجێکراون. لێرەدا زاراوەی (بار) بۆ مۆدالیتی و (بنە) بۆ ڕستەناوەڕۆك دانراوە. هەروەها بیشڕوانە سەباح ڕەشید قادر(٢٠٠٩: ١٢٣).

[256] بڕوانە: D. Steinberg (1999:49) & V. Cook (1996: 165)، یوسف شریف سعید (١٩٩١: ٢).

لێدەستنیشانکراوە. (ب) ئارگومێنت، بە فرێزی ناویی ناوبراوە[257]. بۆ ناسینەوەی چۆنێتی پەیوەندی ئارگومێنتێکی دیاریکراو لەگەڵ ئارگومێنت–داواکەرێکدا، زمانەوانان دوو ڕێگایان بەکارهێناوە، کە ڕیزبەندی وشەکانو ئاماژەدەری مۆرفێمن، وەك /لەلایەن، بەهۆی،.../. بەم شێوەیە، دروستەی سیمانتیکی هەر ڕستەیەك لای (fillmore) لەم هێڵکارییەدا ڕونکراوەتەوە (٣-٢):




هێڵکاری (٣-٢)

هێڵە جووتەکان دروستەی سیمانتیکی ڕستەکە لە هێڵکاری درەختەکەدا دەنوێنن. هێڵە تاکەکان دیاریکەری پێکهاتە سینتاکسیەکانن، کە ڕاستەوخۆ بە پێکهاتە سیمانتیکییەکانەوە پەیوەستن. ئەمەش لەسەر بنەمای دروستەی ناوەکیی هەر ڕستەیەکە، کە دروستەی ڕوکەشی هەر ڕستەیەك بۆ بکەرو بەرکارو ئەدڤێربڵ...تادپۆلێنکراوە، بە نیشانەپێدانی (K) هەڵدەگوازرێن، کە لەگەڵ هەر فرێزێکی ناویدا پەیوەستە.

بەگشتی ئارگومێنت– داواکەرەکان ئەوەمان پێدەبەخشن، کە ئەو ڕۆڵانەی لەلایەن ئارگومێنتەکانەوە نمایشدەکرێن، لە ئەژمارکردنی چەشنی ڕۆڵە چەسپاوەکانی بەهۆی تیۆرە ڕێزمانیەکانەوە دیاریکراوە وەردەگیرێن، هەر ئەمانەشە، کە ( fillmore ) ((بە پەیوەندییەکانی دۆخی سیمانتیکی ناویبردوون))[258].

---

[257] بڕوانە: V. Cook (1996: 161).

K * وەچە پێکهاتەی سینتاکسی بە وەچەپێکهاتەیەکی چەمکی بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

[258] D. Steinberg (1999:57) & G.Trauth&K.Kazzazi(1996:64).

**کاریگـەری ئـەم تیۆرانـە لـەو سـاتەوەختەدا بیرۆکـەی ئـەوەی (واتـا) لـە ئاسـتی قووڵـدا دیاریـدەکرێت، بیرۆکـەی ((زمـان وەك پەنجەرەیـەك بـەڕووی هـۆش دا))[259]ی لای زانایـانی زانستەکانی تر هێنایە ئاراوە.**

**لـە ڕاسـتیدا ئـەدگاری دیاریخـەرە ڕادەییـەکانو جیـاوازی نێـوان فرێـزی نـاویی ڕادەو ناوەپڕاوپڕەکـان (content noun)، ململانێونـاکۆکی لـە نێوان سینتاکسو سیمانتیکدا هێنایەئاراوە، تا ئەو ڕادەیەی وای لە زمانەوانان کرد سەرلەنوێ بە کارەکانیاندا بچنەوە.**

**لـە قۆنـاغی چـوارەمدا دۆزینـەوەی ئاسـتێکی سـیمانتیکی بـۆ دروسـتەی قـووڵ لەلایـەن (postal, McCavley, Ross, Lakoff/1972)، کـە بـە سـیمانتیکی بەرهـەمهێنان ناسـرا[260]، بـووە هـۆی قووڵترکردنـەوەی دروسـتەی قـووڵو بەمـەیش ئـەم دروسـتەیە بـووە ئەبستراکتو هەمیشە وەك لۆژیکی ڕیزبەندیی_ یەکەم دەردەکەوت. ئەو دروستانەیش لەگەڵ ڕێساکانی سینتاکسدا، کە دێنە دروستەی ڕوکەش، وەك نامۆ دەردەکەوتن، لەلایەکی ترەوە، کاریگەری فەلسەفەو لۆژیك لەسەر سیمانتیك لە کاری زمانەوانانـدا لە سەرەتادا هەرچەندە سنوردار بوو، هەندێك لە زمانەوانان ئەو لۆژیکە سنوردارەیان هێنایە ناو زمانەوانی (نواندنە سیمانتیکییەکان) وەو لەمەوە لە(١٩٦٨-١٩٧٢) گرنگییو بایەخی زۆر بە فۆڕمی لۆژیکی* لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ ڕێزمانـدا دەدرا. مەبەسـت پێـی پێشنیازکردنی نوانـدنی ژێربـەژێر یـان قـوڵتری ئەبـستراکتی زیـاتربوو وهەوڵیانـدا نوانـدنی سـیمانتیکی ڕون وەك تێکردەیـەك بـۆ یەکگرتنی (Mapping) گواستنەوەکان لە واتاوە بەرەو ڕوکەش ڕۆڵ ببینێتو دیاریبکەن.**

**دوابــەدوای ئەوانــە، ســیمانتیکی لێکــدەرەوەیی لای (Chomsky & Jackendoff)، سینتاکسیان نزیـك ڕێزمـانی گواسـتنەوەی کلاسـیکی هێـشتەوە[261]. دەیانویـست بـزانن چ بەشـێك لـە لێکدانـەوەی سـیمانتیکی دەبێـت لەسـەر دروسـتەی قـووڵ و کامـەیان لەسـەر**

---

[259] B. H. partee (2007: 5).

[260] بڕوانە: K.Malmkjaer (1995:229).

* فۆڕمی لۆژیکی، ئاستێکی نواندنی سینتاکسیە لە (GB) دا، دیاریکەری کردەکانی نێوان دروستەی ڕوکەشو لێکدانەوەی سیمانتیکیەکانە. فۆڕمی لۆژیکیی لابەری لێڵیو تەمومژیی سیمانتیکیی دەربڕاوو ڕستەکانە(G.Trauth&K.Kazzazi (1996:289)) یان فۆڕمی لۆژیکیی، دروستەیەکی فرێزە، کە لە (دروستەی ڕوکەش) ەوە بەهۆی جێبەجێکردنی یاساکانی گواستنەوەوە هەڵدەهێنجرێتو دەشبێتە تێکردەیەك بۆ ڕێساکانی لێکدانەوە. ئاستی فۆڕمی لۆژیکی وەك ئاستێکی زمانەوانی نواندن، کە دەربڕی پەیوەندییەکانی نێوان فۆڕمو واتایەو ڕاستەوخۆ لە ئاستی دروستەی ڕوکەشو ناڕاستەوخۆ لە ئاستی دروستەی قوڵ هەڵگوێزراوەو پێڕەوی زمان بە پێڕەوە ئاوەزییەکانی تری مێشکی مرۆڤەوە وەك پێڕەوی درکپێکردنو پراگماتیکەوە دەبەستێتەوە( بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (کاروان عومەر قادر(٢٠١٠: ٢٤)و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا ئاماژەیان پێدراوە) بۆ دیاریکردنی ئەم ئاستە لە درەختی زمانیدا، بڕوانە هێڵکاری (٢_١).

[261] بڕوانە: Jackendoff (2009) & D. Steinberg (1999).

**دروستەی ڕوکەش‌و کامەشیان لەسەر پەیوەندییەکی سیفەت گۆڕاو لەنێوان سینتاکس‌و سیمانتیکدا بنیاتبنرێت.**

**قۆناغی پێنجەمی ڕەوتی مێژوویی ئەم بابەتە، (R. Montague) ، کە لۆژیکگەرو ژیربێژ بووەو بە کارەکانی ئەم قۆناغەی هێنایە ئاراوە[262]. ئەویش پێیوابوو، هەر یاسایەکی سینتاکس یاوەری یاسایەکی سیمانتیکی دەکات‌و بەپێی پێڕەوێکی لۆژیکی لێکدانەوەیەکی سیمانتیکی بۆ دەربڕینەکان دەکات[263]. یەکێك لە خاڵە دەستپێکە سەرەکیەکانی لە بواری سیمانتیکی فۆڕمەلدا بریتییە لە دیاریکردنی بنەمای پێکهێنەری (Compositionality):**

**واتای هەر دەربڕینێکی ئاڵۆز بریتییە لە هاوکێشەی واتاکانی یەکە پێکهێنەرەکانی ئەو دەربڕینەو ئەو ڕێگەیەش، کە بەشێوەیەکی سینتاکسیی ئەو یەکانەی پێکەوە بەستراوەتەوە. بەلای ئەم زانایەوە، سروشتی ڕەگەزەکانی هەردوو هاوکێشەی(جەبری) سینتاکس‌و سیمانتیك دەگۆڕێت. ئەوەی لەلای پێکهێنەری بە چەسپاوی دەهێڵرێتەوە بریتییە لە پەیوەندی نێوان سینتاکس‌و سیمانتیك. بە بۆچوونی ئەم زانایە سینتاکس بریتییە لە جەبری (هاوکێشەی گۆڕاو و نەگۆڕەکانی) کۆمەڵێك فۆڕم. سیمانتیك بریتییە لە جەبری کۆمەڵێك واتا. بەلایەوە، سینتاکس بناغەیەکی پێویستە بۆ دروستەی سیمانتیکی ((سینتاکس پێویستە دروستەی پەیوەندیداریی (بەش- گشت) دەستەبەر بکات بۆ پێکهێنەری تاوەکو کاربکات))[264].**

**قۆناغی شەشەم، کە بە قۆناغی بەرەو یەکپێگرتنی (Chomsky) و (Montague) ناسراوە، دەربارەی ڕێساکانی لابردنی (Deleting) ڕێزمانی گواستنەوەو ڕێزمانی پێکهێنەریی ئەوەیان پێشنیازکردبوو، کە بکەری (ژێربەژێری) بریتییە لە گۆڕاوێك، کە دەکرێت بە ئەبستراکتی ( lambda*)وە بۆ پێکهێنانی جۆری فرێزی کرداریی ببەسترێتەوە. لە سینتاکسی چۆمسکیدا ئەمە بە (pro)[266] کە ڕەگەزێکی تایبەتی بەتاڵەو لەجێی فرێزی ناوی ئاسایی وەك گۆڕاوێکی بەستراوە بە دیاریکەری ڕادە دادەنرێت.**

**دەربارەی سروشتی پەیوەندی سینتاکس- سیمانتیك، بەلای (Montague)ەوە، ڕێسا سینتاکسیەکان، کە یەکەکان لە گشتێکی گەورەتردا کۆدەکەنەوە، دەشێت یەکەی لە شێوەی**

---

[262] G.Trauth&K.Kazzazi(1996:311-312).

[263] **عەبدوالواحید موشیر (٢٠١٠: ١٥٦).**

[264] B. H. partee (2007: 6).

*λλ **لامبدا لە بنەڕەتدا یانزەهەمین پیتی ئەلفوبێی زمانی لاتینیەو لە زانستەکانی وەك ماتماتیکدا بۆدیاریکردنی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان بەکارهێنراوەو گەشەی سەندووە. هێمای (λ ) بۆ دانراوەو گۆڕاوێکی واتای دەگەیەنێت( بڕوانە بەشی دووهەمو((D.Crystal (2003: 254) ).**

[266] **بۆ چەشنەکانیی بڕوانە بەشی یەکەم‌و بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:** G.Trauth&K.Kazzazi(1996)، B.H. partee (2007)، Jackendoff (2009).

**دروســـــتەی فرێزیـــــی و گواستنەوەکانیـــــشی[٢٦٧] لــــەخۆگرتبێت. ڕێـــسا ســـــیمانتیکیە پەیوەندیدارەکان واتای یەکەکان پێڕەوبەندانە پێکەوە کۆدەکەنەوە، تاوەکو واتای گشت بدات. دەکرێت گواستنەوەیەك هەبێت تەنها یەك یەکە (بەش) بگرێتەوەو بیگۆڕێت بۆ چەند فۆڕمێکی تر. لە ڕێزمانی Montague ئەو ڕێسایە دەشێت واتا بگۆڕێت، بەوپێیەی ئەو ڕێسایە واتاکەی بەشێوەیەکی پێڕەوبەندی گۆڕیوەو لەمەیشەوە دەتوانین واتای دەرکردە بەپێی هاوکێشەی واتای تێکردە پەسنبکەین.**

**بەلای (Chomsky) وە، پەیوەستە بەوەوە، کە گواستنەوەکان دەبنە هۆی گۆڕینی واتا. سەرەتا (Chomsky)ی وەڵامی (نەخێر)ی (Katz) و (postal)ی قبوڵکرد، بەڵام دواتر ئەمەی ڕەتکردەوە، هەرچەندە بەبێ وێنایەکی ڕون ئەم وەڵامە وەکو خۆی مایەوە.**

**بەرهەڵستکاری (Chomsky) بەرامبەر سیمانتیکی فۆڕمەڵ سەرەتای قۆناغێکی تر بوو، کە بە قۆناغی حەوتەم جیاکراوەتەوە[٢٦٨]. لە ڕێزمانی (Montague) دا، سینتاکس بەشێوەیەکی شیکارییانە سەربەخۆ نییەو سیمانتیك بەشێوەیەکی پەسنیانە سەربەخۆیە. (Chomsky) دژ بە سەربەخۆیی سیمانتیك وەستاوەتەوە، بە پێی بۆچوونی ئەو منداڵ فێری سینتاکس و سیمانتیك لەیەك کاتدا پێکەوە دەبێت، زۆر گرانە سینتاکسی زمانێك فێرببێت بەبێ ئەوەی سیمانتیکی نەزانیت. هەڵبژاردنی شیکارکردنی هەریەکەیان کار لە هەڵبژاردنی ئەویتریان دەکات.**

**بەپێی ڕێزمانی (Montague)، هەرچەندە سینتاکس لەو ڕێزمانەدا ((بە شێوەیەکی پەسنیانە سەربەخۆیە، بە شێوەیەکی شیکارییانە سەربەخۆ نیە))[٢٦٩]. بیرۆکەیەکی نوێ هاتە ئاراوە لە شیکردنەوەی ڕستەکان، کە بریتییە لەوەی، پێویست ناکات ڕستەیەك هەموو یەکەکانی بە پڕاوپڕی تەواو لە سینتاکسدا هەبێت. دەکرێت تەنها (فرێزی کرداریی) ناسنامەو ناسێنەرەو، سیمانتیکی فەرهەنگی[٢٧٠] ئەو زانیارییانە لەخۆبگرێت.**

**یەکێك لە بنەما میتۆدۆلۆژییە شاراوەکانی ڕێزمانی گواستنەوە ئەوەبوو، کە (وەك یەك بوون) لەواتادا دەبێت بگەڕێتەوە بۆ (وەك یەك بوون) لە دروستەی قووڵدا، بەڵام ئەگەر سیمانتیکی ڕاستەقینەمان هەبێت، ئەوا نە پێویستمان بە (وەك یەك بوون) هەیەو لە هیچ ئاستێکدا تەنانەت فۆڕمی لۆژیکی، نە سینتاکسیش بکرێتە چەمکی لێکدانەوەکان بۆی.**

---

[267] بۆ دیاریکردنی چەشنەکانی گواستنەوە بڕوانە، پاری پێشوو، بۆ زانیاری زیاتریش پەیوەست بەم بابەتەوە بڕوانە (D. Steinberg:1999).

[268] بڕوانە: .K.Malmkjaer (1995: 182)

[269] . H. partee (2007: 7).

[270] بۆ زانیاریی سیمانتیکی فەرهەنگی(Lexical Semantic) بڕوانە .R. Jackendoff & R.Lieber(2004) K.Malmkjaer(1995:401) & (2009,1992). هەروەها بڕوانە بەشی دووهەم.

سەبارەت بە واتا بە گومان بوو لەوەی ئایا بەتەواوی سەر بە زمانەوانیە یاخود Chomsky نا. هێنانە کایەی ئاستی لۆژیکی* ئەو بابەتەی ڕەنگە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ سیمانتیکدا هەبێت، بەڵام هێشتا ئەو لە فۆڕمدا سینتاکسیە بۆ ڕەواندنەوەی ئەم گومانە بووە. بەپێی بۆچوونەکانی(Heim and Kratzer 1998) ، نەخشەڕێژی پەیوەندی سینتاکس‌و سیمانتیک لە بەرهەمەکانی ئەم دوو زمانەوانەدا ئەوەیە، کە ڕێسای سینتاکسیی حوکمی ئاستی لۆژیکی هەر ڕستەیەك دەکات‌و دواتریش ڕێساکانی لێکدانەوەی سیمانتیکی پێکهێنەریی ڕاستەوخۆ لەسەر دروستەکە دەکەونە کار[٢٧١].

دوایین– قۆناغ بە چەمکگەلە جێگیرەوەکانی سینتاکس‌و سیمانتیك‌و پەیوەندیی نێوانیان دانراوە. لە زۆرێك لە تیۆرەکانی سینتاکس‌و سیمانتیکدا پرسی پەیوەندیی نێوانیان جیاواز دەردەکەوێت: (Jackendoff-2002/ 1991) بۆ نمونە پێشنیازی دیدگەیەك دەکات، کە تیایدا دروستەی سیمانتیکی‌و دروستەی سینتاکسی بە سەربەخۆیی بەرهەمدەهێنرێن.

(Barker and Jacobson-2007, Jacobson-1999) پێیان وابوو، کە بەکارهێنانی تیۆری سینتاکسی ڕاستەوخۆ بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی ڕوکەشەو بەشێوەیەکی پێکهێنەری لێکدانەوەی واتایی بۆ بکرێت. (Bittner-2006) بە کارکردنی زۆری لەسەر جۆرو ناسینی سیمانتیك لەسەر پێکهێنەری ڕوکەش ناسراوە.

ئەوەی گرنگە لە ئێستادا زۆرینەی تیۆرەکان* لە سینتاکس‌و سیمانتیك پێکەوە دەکۆڵنەوەو ئەرك‌و ڕۆڵیان لە دیاریکردنی سروشتی پەیوەندیی نێوانیان‌و دواتریش لە پێڕەوی پێکڕاگەیاندندا دەستنیشاندەکەن.

## ٢/٣) نواندنی فەرهەنگی و ڕۆڵە سیمانتیکیەکان

لە دیاریکردن‌و پەسنکردنی پەیوەندی‌و کارلێکی سینتاکس‌و سیمانتیکدا، دوای دەستنیشانکردنی دروستەکان**، هەنگاوی دووهەم بریتیە لە ناساندنی تایبەتێتی نواندنی سیمانتیکی دەربڕاووئاخاوتنەکان، کە لە ڕستەکاندا دەبینرێنەوە.

---

* بۆ زانیاری دەربارەی فۆڕمی لۆژیکیی‌و مۆدێلی لۆژیکی لە زماندا بە گشتی بڕوانە G.Trauth&K.Kazzazi (1996:289)& K.Malmkjaer(1995:171) بۆ چۆنێتی دیاریکردن‌و جێبەجێبوونی ئەم ئاستە لە زمانی کوردیدا بڕوانە، کاروان عومەر قادر(٢٠١٠). ئەوە سەرچاوانەی لەوێدا هێنراونەتەوەو تاوتوێکراون.

271 بڕوانە: .R.Lieber(2004: 9)

* بۆ نموونە بڕوانە(R.Jackendoff 2009 & V.Valin 2007 & Kaplan and Bresnsn 1982 ) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە M. Darlym ple & K.Malmkjaer(1995:382) & R.Jackendoff(1992,2009) (2003).

** بڕوانە بەشی یەکەم‌ودووهەم‌و ئەوسەچاوانەی لەوێدا سودیان لێوەرگیراوە.

نواندنی سیمانتیکی لەسەر بنەمای نواندنی سیمانتیکی کەرەستەکانی ئارگومێنت– داواکەر (بە نموونە کردار)[***] دادەرێژرێت[٢٧٢]. گرنگترین ڕوکاری نواندنی سیمانتیکیی ڕستە خۆی لە پەیوەندییە سیمانتیکیەکاندا دەبینێتەوە، کە بریتیە لە ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان کردار یان ئارگومێنت– داواکەرو ئارگومێنتەکانی.

وەك لە پێشەوە ئاماژەی پێدرا، فەرهەنگ لە زۆرینەی تیۆرە زمانەوانیەکاندا بە سەرەکیترین پێکهاتە دانراوە. لە ئێستادا هەموو بنەما ڕێزمانیەکان لە سینتاکس و فەرهەنگەوە دیاریدەکرێن و وەردەگیرێن[٢٧٣]. هەموو کەرەستەیەکی فەرهەنگی بنەماکانی پەیکاڵبوونی لەخۆگرتووە ، ئەم کەرەستە فەرهەنگیانە چوار ئارگومێنتی چەمکی وەردەگرن، کە نیشانە کراون بە: (ا) نیشانەی (i) ئارگومێنتی دەرەکی دەنوێنێت.(ب) نیشانەی(j) بە سینتاکسی دەربڕی فرێزی ناوی خاوەندارێتیە.(پ) نیشانەی(k) بە سینتاکسی دەربڕی فرێزی پێشناویە.(ت) نیشانەی (h) کرداری ڕستەکەیە[٢٧٤].

بۆ دیاریکردنی پێڕەوی نواندنی فەرهەنگی کردار یان ئارگومێنت داواکەر، دواتر لەمانەیشەوە بۆ دەستنیشانکردنی نواندنی سیمانتیکییان پێویست بە ئاماژەدان دەکات بە: یەکەم، دیاریکردنی پۆلی جۆریی کردەیی (Aktionsart)کردارەکان: لە کۆی گشت ئەو دابەشبوون و پۆل پۆلکردنەی، کە لە ڕوی سیمانتیکیەوە بۆ چەشنی کردارەکان کراوە، سیمانتیکی کردار بەپێی چوارئەدگار (نیشانە) دیاریکراوە[٢٧٥]، ئەوانیش: {± جێگیر/حاڵەت static}، {± جوڵاو/داینامیکی}، {± دوامەبەست/مەبەست دەربڕ/تیلیك telic}، {± چرکەیی punctual}. بەم پێوەرانە پۆلی جۆریی کردەیی کردارەکان جیاکراونەتەوەو بریتین لە: (١) حاڵەت (state)[٢٧٦]: پۆلە ڕەگەزێکە لە پۆلێنکردنی ڕوکاری کردەی ڕوداوی ئارگومێنت داواکەردا دیاریکراوە. ئەم چەشنە کردەیە ئەو ڕوداوانەن، کە بۆ ماوەیەك بەردەوام دەبن، بێ ئەوەی هیچ گۆڕانێکی ڕون ڕوبدات تیایاندا. ڕوکاری حاڵەتیش، چەشنێکی کردارەکانە، بە سیمانتیکی و سینتاکسی ناسێنراوەو بە هاوبەشی نیشانە سیمانتیکییەکانی {+ جێگیر}، {– داینامیکی}، {– تیلیك}، {– چرکەیی} جیادەکرێنەوە، وەك /زانین، گریان، تێگەیشتن، ترسان.../. تایبەتێتی کردارەکانی حاڵەت

---

[***] زۆرینەی گفتوگۆکان و شیکارییەکان جەخت لەسەر نواندنی فەرهەنگی کردارەکان دەکەنەوە.

[272] a. R. V. Valin (2005:31). b. R. Jackendoff (2009:138).

[273] بڕوانە:ا. شیلان عومەر حسەین (٢٠٠٩: ١٢٨) وهەروەها b. ( F.Katamba(2003: 297 و c . . E.Williams (1994:8) و .d S.Gramly&Patzold(2004:27).

[274] بڕوانە: .R. Jackendoff (1991:222).

[275] بڕوانە: .a. R. V. Valin (2005). b. R. Lieber (2004). c. R. Jackendoff (1991, 2009).

[276] بڕوانە: .D.Crystal (2003:432).

ئەمانــەن: (أ) ئاســایی لــە ڕێــژەی داخوازیــدا بــەکارناهێنرێن. (ب) نــاتوانن بکــەرنادیاری ڕاســتەقینە دروســتبکەن <*کتێبەکــە خاوەنــداری دەکرێــت لەلایــەن ئــەوەوە>. (پ) وەکــو ئارگومێنــت– داواکــەر لــە ڕســتیلەی شــوێنکەوتوودا لــەدوای کردارەکــانی گەیانــدن نایــەن. بەگشتی کرداری حاڵەت هەلاوێری هەڵوێستە جێگیرەکان دەکەن، کە بەشێوەیەکی زگماکی بــە کاتــەوە نەبەســتراونەتەوە. (٢) چــالاکی (activity): ڕوکــارێکی کردارییــە، یــان پۆلــە ڕەگەزێکــە لــە پــۆلێنکردنی ئارگومێنــت– داواکــەردا، لەلایــەن (Z.Vendeler 1900) بــۆ دیــاریکردنی ڕوکــاری تایبــەتێتی کــردەی ڕووداوەکــان داهێنــراوە[٢٧٧]. ئارگومێنــت داواکــەری چــالاکی ئــەو چەشــنە کردەیــەی ڕوداو دەنوێنێــت، کــە ناگاتــە خــاڵی کۆتــایی وەك /ڕۆشــتن، هــاتن/. تایبەتیــەکانیان لــە نەخــشەی (٣–١) دا دەستنیــشانکراوە. (٣) بەئەنجامگەیــەنراو (achievement): پۆلــە ڕەگــەزی چەشــنێکی ئارگومێنــت– داواکــەرەو ڕوکــاری کــردار دەردەخات. ئەمان ئەو چەشنەی کردەی ڕوداو دەنوێنن، کە یەکسەرو خێرا ڕودەدەن و ساتە وەختین. /گەیاندن، بردن، ناردن، گەیشتن، هێنان/ نموونەی ئەم چەشنەن و بۆ تایبەتیەکانی بڕوانــە نەخــشەی (٣–٣). (٤) هەنووکــەیی semelfactive/ســاتەوەختین ، ئــەو ڕوداوە چرکەییانەن، کە حاڵەتێکی جێگیریان نیەوپۆلێکە لە ڕووکاری فەرهەنگی ئەو کردارانــەی ســاتەوەختین و دەســتبەجێ ڕوودەدەن، بــەوەی چــۆن کاتــدەگوزەرێت لــە ڕوودانیانــدا، کــە بەفەرهەنگی لە دروستەی کرداردایەو مۆرفیمی شکاندنەوەو پۆلەداخراوەکان(بڕوانە ٢/١) دەربڕی ئەم چەشنەن.(٥) تەواوکاریی (accomplishment): ئەم پۆلەڕەگەزە ئەو چەشنە کردانــەی ڕوداو دەستنیــشاندەکەن (بڕوانــە نەخــشەکە)، کــە خایانــدنیان تێدایــەو درێــژە دەکێــشن وکاتیان دەوێــت تادەگەنــە خــاڵی کۆتــایی. وەك (دروســتکردن، بنیاتنــان، پــەروەردەکردن، پێکهێنــان).(٦) تــەواوکاری چــالاکیی (active accomplishment) کۆکراوەی هەردوو چەشنەکەی تێدا کۆکراوەتەوە[٢٧٨]، بەپێی تایبەتێتیان لە نەخشەی (٣–٣) دەستنیشانکراون:

---

[277] بڕوانە: D.Crystal(2003:9).

[278] بڕوانە: a. G. Trauth & K. Kazzazi (1996: 452). b. G. Finch (2000: 86).

| پۆلەکانی جۆریی کردەیی کردار لە ڕوی سیمانتیکیەوە | نیشانە جیاکەرەوەکانیان |
|---|---|
| ١. حاڵەت: | {+وەستاو- static}، {-داینامیکی}، {-دوامەبەست/تیلیك-telic}، {-چرکەیی-punctual}. |
| ٢. چالاکی (activity) | {-وەستاو}، {+ داینامیکی}، {- دوامەبەست/تیلیك}، {-چرکەیی}. |
| ٣. بەئەنجامگەیەنراو (achievement) | {-وەستاو}، {- داینامیکی}، {+ دوامەبەست/تیلیك}، {+چرکەیی}. |
| ٤. هەنووکەیی semelfactive | {-وەستاو}، {+ داینامیکی}، {- دوامەبەست/تیلیك}، {+چرکەیی}. |
| ٥. تەواوکاری (accomplishment) | {-وەستاو}، {- داینامیکی}، {+ دوامەبەست/ تیلیك}، {-چرکەیی}. |
| ٦. تەواوکاری چالاکی (active accomplishment) | {-وەستاو}، {+ داینامیکی}، {+ دوامەبەست/تیلیك}، {-چرکەیی}. |

**(٣-٣) نەخشەی سیمانتیکیی پۆلەکانی جۆریی کردەیی کردار**

**پەیوەست بە نیشانە جیاکەرەوەکانی(٣-٣)، کە بۆتە پێوەر بۆ پۆلێنکردنی جۆریی کردەیی کردار لەڕوی سیمانتیکیەوەو بریتین لە: (ا) وەستاو، حاڵەتی جیاکاری لەنێوان (ڕودان)، (ڕونەدان)ی کردارەکاندا دێنێتە ئاراوە، بەوەی >ڤالان ڕایکرد<، لێرەدا /ڕاکردن/{-وەستاو}ە، واتە داینامیکیە، لە (ڤالان دەزانێت)، (زانین) {+وەستاو-static}ە.**

**(ب) داینامیکی،جیاکاریی بنەڕەتی لە ڕوکاری کردەی ڕوداوەکاندا لەسەر بنەمای حاڵەتوداینامیکی بنیاتنراوە، لە بەکارهێنانی کرداردا بە ڕوکارێکی سەرەکیی دانراوە.**

**(پ) نیشانەی مەبەست- دەربڕ یان (دوامەبەست- telic) پێماندەڵێت ئاخۆ کردارێك لە سروشتیدا خاڵی کۆتایی هاتنی زگماکی کردەیەك دەگرێتەخۆ. بەواتایەکی تر لە ناواخنیدا هەڵگری ئەم واتایەیە، (بۆ زیاتر ڕونکردنەوە بە شیکارکردنی نموونەکانی (٤، ٥) لێکدانەوەکە دەسەلمێنن):**

**٤- بەفری سەر شەقامەکان دەتوێتەوە.**

**٥- زەوی بەدەوری خۆردا دەخولێتەوە.**

**لە (٤)دا کرداری /تواندنەوە/ لە ناواخنیدا سنوورێك بۆ تەواوبوونی کردەکەو خاڵێکی کۆتایی هەن، کە تیایدا (بەفرەکە) تەواو دەبێت. لە (٥) دا ئاماژ بە چالاکیەك دراوە، لەگەڵ**

ئەوەی (خولانەوە لەسەر خولگە) هیچ پێویست بە دواخاڵی کۆتایی کردەکە ناکات، لەبەرئەوە (خولاندنەوە) {− دوامەبەست telic} و (تواندنەوە) {+ دوامەبەست telic}ە، لە کرداری چالاکی تەواوکاریشدا کردارەکە لە سروشتیدا خاڵی کۆتایی هاتنی زگماکی هەیە، وەك (٦):

٦− ڤالان ساردەمەنیەکەی خوارد.

لێرەدا کرداری چالاکی تەواوکاریش {+ دوامەبەست} و بریتیە لەو خاڵەی کە تیایدا {ساردەمەنی} بە تەواوی بەکارهێنراوە. کردارەکانی/هەناسەدان، شەپۆلدان، .../ هەروەك /خولانەوە/ ڕوندەکرێنەوە.

(ت) نیشانەی چرکەیی (punctual): ڕوکارێکی کردارییەو ناخایاندن دەگرێتەوە، ئەو کردارانەی {+ چرکەیین}/کرداری چرکەیین و ئاماژە بە لەپڕ گۆڕان لە هەڵوێستێکدا دەدەن. بەم شێوەیە ناتوانرێت لەگەڵ دەرخەری تافیی یەکبگرن و ئاماژە بە خایاندنێك بدەن و هەر لەو سات و چرکەیەدا ڕودەدەن[٢٧٩]. ئەو جۆرە ڕوداوانەیشە، کە خایاندنێکی نێوخۆی تێدایە، لەچاو ئەوانی تردا کە ئەمەیان نییە. بۆ دروستی ئەم لێکدانەوەیە کردارەکانی /تواندنەوە/ و /تەقین/ لە (٧، ٨) دا هێنراونەتەوە.

٧− سەهۆڵەکە توایەوە.

٨− باڵۆنەکە تەقی.

لە (٧) دا کردەی کرداری /تواندنەوە/ لە خایاندنی کاتێکدا بەئاکام دەگەیەنرێت، بەڵام لە (٨)دا کردەی کرداری /تەقین/ ساتەوەختیەو دەستبەجێ ڕودەدات و خایاندنی کاتی تیادا نییە. بەم شێوەیە کردارەکانی بەئەنجامگەیەنراو {+ چرکەیین}، بەڵام کردارە تەواوکراوەکان {− چرکەیی} و هەنووکەیی {+ چرکەیین}. کردارەکانی /مردن، گرگرتن، بەریەککەوتن،پێکدادان، کەوتن، خواردن،.../ نموونەی لەم چەشنەن.

بەگشتی کردار وەك پێڕەوێکی لیکهەلوەشاوەی فەرهەنگی شیکراوەتەوە، حاڵەت و چالاکی* و ئارگومێنت− داواکەر وەك بنەڕەت و بنەما وەرگیراون و هەرچی پۆلەکانی تری کردارە لەمانەوە هەڵگوێزراون.

---

[279] بڕوانە: G. Trauth & K. Kazzazi (1996:391).

* بڕوانە بەشی دووهەم، هەروەها بڕوانە:

**دووهەم: دیاریکردنی دروستەی لۆژیکیی: خودی دروستەی لۆژیکیی لە جیاکردنەوەی چەمكو بەشەکردار( ئارگومێنت-داواکەریی) پێکهاتووە[281]. دروستە لۆژیکیەکان لە کرۆكو ناواخنی دەروازەی فەرهەنگیی کردارەکانەوە بەرهەمهێنراونو ئەوان لەگەڵ لیستی پەیوەندیە بابەتانەکاندا ڕێکەوتونو گونجاون. دروستەی لۆژیك لە سێ پێکهاتە/یەکەی سەربەخۆ پێکهاتووە[282]: سەربەخۆیی سینتاکسیی، سەربەخۆیی سیمانتیکیی و یاساکانی پەیکاڵبوون. پەیوەندیە بابەتانەکان** لە زاراوەی جێکەوتەی ئارگومێنتەکان لە نواندنی دروستەی لۆژیکی پێکهێنەریدا ناسێنراون. بۆ نواندنی سیمانتیکی ئارگومێنت داواکەر بەتایبەتیو دەربڕاوو کەرەستەکانی تر بە گشتیی، دەبێت لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی چەمكو بەشەکردار دروستەی لۆژیکی پۆلەکانی جۆریی کردەیی کردار ڕونبکرێنەوە، وەك لە نەخشەی(٣-٤) خراوەتەڕوو. نموونەکانی (٩) بۆ حاڵەتەو (١٠) بۆ چالاکی،(١١) بۆ بەئەنجامگەیەنراو ،(١٢) بۆ هەنووکەیی، (١٣) بۆ تەواوکاریی،(١٤) بۆ چالاکی تەواوکاری،(١٥) بۆ هۆکاریی هێنراونەتەوە.**

**٩- ئالان زیرەکە.** **دەبێتَ** (ئالان، {**زیرەكَ**}).

**١٠- ڤاریێ سێوەکەی خوارد. خواردَ** (**ڤاریێ**، {**خواردَ** (**ڤاریێ**، **سێوەکە**)}).

**١١- باڵۆنەکە تەقی.** INGR **تەقیَ** (**باڵۆنەکە**).

**١٢- ڤالان کۆکی بوو.** SEML **کردنَ** (**ڤالان**، {**کۆکەَ** (**ڤالان**)}).

**١٣- بەفرەکە توایەوە.** **دەبێت** (**تواندنەوە**{ (**بەفرەکە**)}).

**١٤- شەن بۆ ناو باخەکە ڕایکرد. کردنَ** (**شەن**، {**ڕاکردنَ** (**شەن**)}) & INGR **بۆ ناو** (**باخەکە**، **شەن**).

**١٥- سەگەکە مناڵەکەی ترساند.** {**کردنَ** (**سەگ**)} CAUSE {**هەستکردنَ** (**مناڵەکە**، {**ترساند**})}.

---

a. R. Jackendoff (1990:120, 2009: 363). b. G.Trauth&K.Kazzazi (1996:222). c. R.V.Valin(2005: 51). d. K.Schwabe & S.Winkler (2007:6).

281 بڕوانە: کاروان عومەر قادر (٢٠١٠: ٣٠)، ئەو سەرچاوانەی لەوێدا پێشکەشکراون.

282 بڕوانە: .Jackendoff (1991:286)

** ڕۆڵی بابەتانە (theta role): بریتییە لە گۆکردنی بابەتانە (thematic functions) و پەیوەندیی بابەتانە (thematic relation). (بڕوانە بەشی دووهەمو بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:.(D.Crystal (2003:463

| دروستەی لۆژیکی | پۆلەکانی جۆریی کردەیی کردار[٢٨٣] |
|---|---|
| **ئارگومێنت داواکەرَ** (X) یان (X، Y) | حاڵەت |
| کردن (X، {**ئارگومێنت داواکەرَ** (X) یان (X، Y)}) | چالاکی |
| INGR **ئارگومێنت داواکەرَ** (X) یان (X، Y)، یان،<br>کردنَ (X) INGR {**ئارگومێنت داواکەرَ** (X) یان (X، Y)}) | بەئەنجامگەیەنراو |
| SEML **ئارگومێنت داواکەرَ** (X) یان (X، Y) | هەنووکەیی |
| BECOME **ئارگومێنت داواکەرَ** (X) یان (X، Y) یان<br>BECOME **کردنَ** (X {**ئارگومێنت داواکەرَ** (X) یان (X، Y)}) | تەواوکاری |
| **کردنَ** (X {**ئارگومێنت داواکەرَ**$_1$ (X، Y)}) & INGR ئارگومێنت **داواکەرَ**$_2$ (Z، X) یان (Y). | چالاکی تەواوکاری |
| & هۆیی β، کاتێك، &، β دروستەی لۆژیکی هەر چەشنێك بن . | هۆکاریی (بوونە هۆیی) |

**نەخشەی(٣-٤) دروستەی لۆژیکیی پۆلەکانی جۆریی کردەیی کردار**

**پەیوەست بە نواندنی فەرهەنگی و ڕۆڵە سیمانتیکییەکانەوە لەم ڕوانەوە تێڕوانراوە**[٢٨٤]: (أ) **ڕۆڵە سیمانتیکیەکانی کردار دیاریکەر، وەك /کوژەر، ڕاکەر، بیسەر،.../. (ب)**[*] **پەیوەندی بابەتانە بەپێی ڕۆڵەکانی کردار دیاریکەر دەبێت، وەك {کارا، ئامێریی، تاقیکەرەوەیی...}. (پ) شاڕۆڵی سیمانتیکی، کە دابەشکراوە بۆ هەریەك لە:**(ا) Actor **{ڕۆڵگیر- کارا}.**(ب) undergoer (**کارتێکراو) یاخود ڕۆڵ بەسەردا جێبەجێکراو. بڕوانە هێڵکاری (٣-٥).**

---


283 **بڕوانە:** R. V. Valin (2005:45).

284 **بۆ دیاریکردنی ڕۆڵە سیمانتیکیەکان بڕوانە (ا) یوسف شەریف سەعید(٢٠٠). (ب) سەباح ڕشید قادر (٢٠٠٩). هەروەها**

a. R. V. Valin (2005). b. V.Cook(1996). c. H.Martin(2005).

* **لە تیۆری (RRG)دا دوو جۆری ڕۆڵی سیمانتیکی دیاریکراوە: (أ) پەیوەندی بابەتانە. (ب) شاڕۆڵی سیمانتیکی.**

نواندنی فەرهەنگی و ڕۆڵە سیمانتیکییەکان




هێڵکاری (٣–٥)

بۆ دیاریکردنی بنەڕەتی شاڕۆڵەکان (ڕۆڵگێڕو کارتێکراو) دوو بنەما دیاریکراوە، ئەوانیش:

**ا. ژمـارە: ژمـارەی شـاڕۆڵەکان، کـە کـردار داوایـدەکات کـەمترە یـان یەکـسانە بـە ژمـارەی ئارگومێنتەکان لە ناو دروستە لۆژیکیەکەیدا: (١) ئەگەر کردارێك دوو یان زیـاتر ئـارگومێنتی لـە نـاو دروسـتەی لۆژیکیـدا هـەبوو، ئـەوا دوو شـاڕۆڵ داوادەکـات.(٢) ئەگـەر کردارێـك یـەك ئارگومێنتی لە دروستەی لۆژیکیدا هەبوو، ئەوا یەك شاڕۆڵ داوادەکات.**

**ب.سروشـتی کـردار: بـۆ کردارەکـان کـە یـەك شـاڕۆڵ داوادەکـەن: (١) ئەگـەر کردارەکـە ئارگومێنـت داواکـەری چـالاکی لـە دروسـتەی لۆژیکیـدا هـەبوو، ئـەوا شـاڕۆڵەکە ڕۆڵگێـڕە.(٢) ئەگەر کردارەکە ئارگومێنت داواکەری چالاکی لە دروستەی لۆژیکیدا نەبوو، ئەوا شاڕۆڵەکە کارتێکراوە. هەرلەسەر ئەم بنەمایانە بەپێی شاڕۆڵەکان، بنیـاتی بنـەڕەتی چـەمکی تێپـەڕیی (بڕوانـــە(٢))و سینتاکـــسی ناســـاندنی تێپـــەڕیی بـــەپێی ئارگومێنتـــەکان لـــە (٣) دا دەستنیشانکراوە[٢٨٥].**

(٢)

| سروشتی کردار | بنەمای شاڕۆڵەکان |
| --- | --- |
| تێپەڕ | ٢ شاڕۆڵ (ڕۆڵگێڕو کارتێکراو) |
| تێنەپەڕ | ١ شاڕۆڵ (ڕۆڵگێڕ یان کارتێکراو) |
| Atransitive | 0 شاڕۆڵ |

(٣)

| سروشتی کردار | ئارگومێنتەکان |
| --- | --- |
| کرداری دووبەرکاریی | ٣ ئارگومێنت |
| تێپەڕ | ٢ ئارگومێنت |
| تێنەپەڕ | ١ ئارگومێنت |

## ٣/٢-١) پەیوەندی نواندنی دروستەی ئارگومێنتی* سینتاکسیو سیمانتیکی

**دروســتەی ئارگومێنــت لــە دەســتەی نیــشانەکان پێکهــاتووە ، کــە ((پەیوەنــدی ئــارگومێنتی سینتاکـسییو چـەمکیی لەسـەردا جێبەجێـدەکات))[٢٨٦]. هەمیـشەو هـەردەم دروسـتەی ئـارگومێنتی سینتاکسیی پـەیکاڵو پەیوەسـت نابێـت بـە دروسـتەی ئـارگومێنتی**

---

285 R.V.Valin (2008: 104).

* – دروستەی ئارگومێنت ڕونکردنەوەیەکی تێروتەسەل لەنێوان پێڕەوی یاسا فۆڕمداڕێژەرە سینتاکسییەکانو سیمانتیکییەکان دەکاتو بنەماو وردەکاریی پەیوەندیی نێوان سینتاکسو سیمانتیك ڕوندەکاتەوەو بەڵگەی گرنگ بۆ نەخشەڕێژی هاوتەریب لەنێوان هەردوو پێڕەودا دەستەبەردەکات بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

a. H.Martin(2005). B Pustejovskey (2005). c. G. Trauth & K. Kazzazi (1996).

286 R. Jackendoff (1991:55).

**سیمانتیکییەوە[*]، هەرچەندە زۆرێك ئەدگاری (ڕەفتاری) سینتاکسیی لە سیمانتیکییەوە دەکرێت پێشبینی لێبکرێت و بەپێچەوانەیشەوە. لەمەوە پەیوەندی نواندنە سینتاکسیەکان- بۆ نواندنە سیمانتیکیەکان، تا ئاستێکی بەرز بەپێی، پێڕەووبنەماویاساکۆت و بەندکراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا بابەتێکی چەسپاوو چەقبەستوو نییەو بواری گۆڕان تیایدا کراوەیە.**
**وەك لە بەشی دووهەمدا ئاماژەی پێدرا، بۆ دیاریکردنی دروستەی ئارگومێنتی سیمانتیکیی پێویستە بزانین وشەیەك چەند ئارگومێنتی سینتاکسیی هەیە[٢٨٧]. ئارگومێنتە سینتاکسیەکان دەربڕی ئارگومێنتە سیمانتیکیەکانن و بەهۆی داواکارییەکانی کردارەوە ئارگومێنتەکان دەردەبڕدرێن[٢٨٨]. بۆ دیاریکردنی پەیوەندی دروستەی ئارگومێنتی سینتاکس وسیمانتیك دەبێت: (ا) ژمارەی ئارگومێنتی سینتاکسیی وشەیەك بزانین، بە بەراوردکردنی ژمارەی ئارگومێنتە سینتاکسیەکان کە کردارێك وەریاندەگرێت، وادانراوە کە یەکسانە یان کەمترە لە ژمارەی ئارگومێنتە سیمانتیکیەکان. بۆ سەلماندنی ئەمە با بڕوانینە نموونەکانی** (١٦، ١٧، ١٨).

**١٦- ناز (خودی خۆی) سوێندی درۆی خوارد.**
**١٧- کراسەکە تەسکە / کراسەکە کورتە.**
**١٨- ڤالان خەوێکی قووڵی لێکەوت / ئالان کۆکەیەکی توند کۆکی.**

**لە (١٦) دەرنەبڕینی یان لابردنی (خودی خۆی) هیچ جیاوازیەك لە چەمکی واتاییدا دروستناکات، (ناز سوێندی درۆی خوارد)، ئەمەیش بەواتای ئەوە دێت، کە جێناوی خۆیی وەك زیادە لە ژمارەی دووبارەبۆوە لە ئارگومێنتی سینتاکسیدا دەردەکەوێت.**
**لە (١٧) دا، ئەگەر هاتوو ئاوەڵناوێکی تر بۆ(کراس) ەکە بەکارهێنرا، وەك(کراسەکە کورتە)، لە دەربڕینی هەردوو ئاوەڵناوەکەدا پێکەوە دەربڕینی زیاتر لە بکەرێك زیادە دەبێت، واتە**

---

[*] ئەگەر ئەمە وەهانەبوایە، ئەوا لە زمانپێژاندنی مناڵدا تایبەتێتی فەرهەنگیی لای منداڵ زۆر کەمتر دەبوو، لەلایەکی تریشەوە بوونی دەربڕاوە ئیدیەمی وخوازەیی،...لای مرۆڤ بۆ دەربڕینی چڕترین وزۆرترین واتا بەکەمترین کەرەستەی زمانی و بە ناڕاستەوخۆیی نەدەهاتە ئاراوەو پەنای بۆ نەدەبرا. بۆ ئەم بابەتەش بڕوانە :ا. بەکر عومەر عەلی(٢٠٠٠). ب. شیلان عومەر حسەین(٢٠٠٩).

[287] بڕوانە: .R. Jackendoff (2009:138)

[288] بڕوانە بەشی دوهەمو بۆ زانیاری دەربارەی چۆنێتی بەرجەستە بوونی ئارگومێنتەکان لەسەر بنەمای سروشت وجۆروژمارەی داواکارییەکانی کردار بڕوانە:

a. A.Radford(1996,2007). b. V.Cook(1996). c. R. M. Dixon (2005). d. H.Martin(2005). E. . V. Valin (2005).
f. M. Darlym ple (2003).

(کراسەکە تەسکە) و (کراسەکە کورتە)، دەگوترێت (کراسەکە تەسكوکورتە) و ئەمە هیچ نادروستەیەك یان گۆڕانێك لەواتادا دروستناكاتو لێرەدا ئارگومێنتێكی سینتاكسی كە (بکەرە) زیادەیە.

لە (١٨) دا دەکرێت بەرکار لابرێت بەبێ ئەوەی گۆڕینێك لەواتادا ڕوبدات، لەبەرئەوەی دەرخەرەکانی بەرکار دەکرێت بگۆڕینە سەر شێوەی ئاوەڵکردارییی، وەك (ڤالان خەوت بەقووڵی/ ئالان بەتوندی کۆکی). ئەم بەرکارە پێکهاتەی بەرکاری ئاوەزیشدا پێیدەگوترێت. لێرەدا وەك زیادە لە ئارگومێنتی سینتاكسی دەبینرێت. لەگەڵ ئەو ناوازانەشدا هێشتا گشتاندنێك دەکرێت بکرێت وەك یاسای(١):

یاسای(١): ژمارەی ئارگومێنتە سینتاکسیەکان هەمیشە یەکسانە یان بچوکترە لە ژمارەی ئارگومێنتە سیمانتیکیەکان.

(ب) پێویستە پۆلەڕەگەزی ئارگومێنتە سینتاكسیەكان دیاریبکرێن، لەبەرئەوەی ئارگومێنتە سینتاکسیەکان دەتوانرێن دەربڕدرێن، ئاخۆ ئارگومێنتە سیمانتیکیەکان وەك ئارگومێنتە سینتاکسیەکان (NP، AP، PP...) دەردەبردرێن؟ تاڕادەیەك دەتوانرێت پێشبینی ئەوە بکرێت لە ئارگومێنتە سیمانتیکیەکانەوە. وەهادابنێ، کە ئارگومێنتە سیمانتیکیەکان* ئاماژە بە شتێکی کۆنکرێتی (بەرجەستە) دەکەن. تەنها (NP)یەکان دەتوانن شتە بەرجەستەکان دەربڕن، بۆیە ئارگومێنتە سینتاکسیە پەیوەندیدارەکەی پێویستە بریتی بێت لە (NP)یەك. لەلایەکی تریشەوە دەتوانرێت تایبەتێتی بە (AP) یان بە ئارگومێنت داواکەری (NP) یەکانو ڕاستەوخۆ بە ڕستیلەکان بە بەکارهێنانی (NP)یەکان دەربڕێنو ئاماژەیان پێبدرێت. (V) بەڕوداو دانراوە.

١٩-أ- تاڤی بۆ ئێرە هات.
ب- ڤاریێ گوتی، شەن لە ماڵەوە نیە.

دەکرێت هەمان ئارگومێنتی سیمانتیکی بە پۆلەڕەگەزی سینتاكسیی جۆراوجۆر دەربڕدرێت. بەم شێوەیە کردار تایبەتمەندیە سیمانتیکیەکانی ئارگومێنتەکەی دیاریدەکات. دەربارەی سینتاکسی ئارگومێنتە سینتاکسیە پەیوەندیدارەکەی هیچ دیاریناکات. یان هەندێك لە کردارەکان ڕێگە بە یەکێك لەم ئارگومێنتە سینتاکسیانەی (٢٠) دەدەن.

---

* پەیوەست بە ناساندنو دیاریکردنی ئارگومێنتی سیمانتیکییو سینتاکسیی، پۆلەڕەگەزەکانی ئارگومێنتی سیمانتیکیەوە، بڕوانە بەشی دووهەمو بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
a. R. Jackendoff (2009, 1992). b. Steinberg (1999) . c. Pestursty (2005).

**٢٠-أ- ڤالان ئازا دەردەکەوێت.**

**ب- ژیار وا دەردەکەوێت، کە بێ تاوان بێت.**

**لەمەوە دەبێت کرداره پەیوەندیداره سیمانتیکیەکان هەمیشه لە ئەدگاری سینتاکسیاندا نزیکبن، لەبەرئەوه کردارەکان کۆتوبەندی جۆری ئارگومێنته سینتاکسیەکەی خۆیان دەکەن (هەرچەندە ئەمه ڕەها نییه). یاسای(٢) دەرەنجامەکەیەتی:**

**یاسای(٢)**[٢٨٩]**: دیاریکردنی پۆلەڕەگەزه سینتاکسیەکان لە ئارگومێنته سیمانتیکیەکانەوه بەرجەسته دەبێت.**

**(پ) جێکەوتەکانی ئارگومێنته سینتاکسیەکان دەبێت دیاریکراوبن. بنەمای ئەمه دەگەڕێتەوه بۆ چۆنێتی سەرەو ڕیزبوونی ئارگومێنته سینتاکسیەکان لە ڕستیلەی سادەی بکەردیاردا، کە بۆ دوو چەشن پۆلێنکراوه: یەکەم، کاتێک پۆلەڕەگەزی سینتاکسیی ئارگومێنتەکان جیاوازبن، ئەم حاڵەته به شێوەی یاسای(٣) دانراوه:**

**یاسای(٣): یاسای کۆتوبەندی مەرجی سەرەو ڕیزبوونی ئارگومێنتی سینتاکسی:**

NP < AP < PP <* **ڕستیله.**

**ئەو کردارانەی دەرکەوتنی سینتاکسیی جیاوازیان هەیه، کە سەر به هەمان ئارگومێنتی سیمانتیکین، جێبەجێی جێگرەوەکانی سەرەوڕیزبوون دەکەن( وەك (٢١) که چوونیەك دەبێت لەگەڵ یاسای (١) دا):**

**٢١-أ- شەن باسی نەخۆشیەکەی خۆی بۆ ڤاریێ کرد.**

**ب- شەن باسی ئەوەی بۆ ڤاریێ کرد، که نەخۆش بووه.**

**تاکە ناوازە بریتیه لە بکەری ڕستیلەکان، کە پێش (NP، PP)یەکان دەکەوێت. ئارگومێنتی (PP) جۆراوجۆرەکان، هەمیشه بە شێوەیەکی ئازادانه ڕیز دەکرێن، لە هەردوو فرێزی ناویی یان کرداریدا.**

**٢٢-أ- ئێمه قسەمان لەگەڵ شەندا کرد، دەربارەی ڤاریێ.**

**ئێمه قسەمان دەربارەی ڤاریێ، لەگەڵ شەندا کرد.**

---

[289] **جێبەجێکردنی ئەم یاسایانه لە پارەکانی داهاتوودا بە دروسته بەرجەستەبووه. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانه:**
a. R. Jackendoff (2009, 1992). b.V.Valin (2005).

* **هێمای "<" واته لەپێش ئەوەوه دێت.**

**ب- ئالان وەك بلیمەت دەردەکەوێت، بەلای ڤالانەوە.**

**ئالان بەلای ڤالانەوە وەك بلیمەت دەردەکەوێت.**

**پ- لەگەڵ ئەودا، قسەکردن هیچ سوودێکی نییە.**

**قسەکردن لەگەڵ ئەودا هیچ سودێکی نییە.**

**دووهەم، بریتیە لە ئارگومێنتی (NP) یە جۆراوجۆرەکان. هاوڕایی و کۆکبوون لەو بوارەدا ئەوەیە، کە سەرەوڕیزبوون بەهۆی ڕۆڵە بابەتانەکانی ئارگومێنتە سیمانتیکیە پەیوەندیدارەکانەوە دیاریدەکرێن[290]، هەموویان ڕەزامەندن لەسەر ئەوەی، ئەگەر ئارگومێنتێك بریتی بێت لە (کارا) (ئەو کەسەی کردارێك جێبەجێدەکات) ئەوا لە یەکەمدا دێت. بۆ ئەم سەرەوڕیزبوونە بڕوانە (٤):**

(٤) **یاسای هەڕەمی پێکەوە گرێدانی ئارگومێنتی** NP:

**کارا > وەرگر (بۆ نموونە، بەرکاری ناڕاستەوخۆی پێدان، ناردن،...تاد). > بابەت (ئەو شتەی دەکەوێتە بەر گۆڕان یان دانراویی لە شوێنێکدا) > شوێن (وەك بەرکاری هاتنە ژوورەوە، جێهێشتن، دەورەدان) > ئارگومێنت داواکەری** NP.

**بنەمای یاسای(٤) نە بە تەواوی سینتاکسیە، نەبە پوختیش سیمانیتیکیە: ئەو بریتیە لە مەرجداری/ کۆتوبەندی پێکەوەبەستن، کە ڕۆڵە سیمانتیکیەکان بە جێکەوتە سینتاکسیەکان دەگەیەنێت.**

**لەگەڵ ئەو کۆت وبەندانەی شوێندا، دەبێت دروستەی ئارگومێنتی کردارەکان دیاریبکرێت: لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەوەی پێویستە ئەوەیە، کە تەنها ئارگومێنتە سیمانتیکیەکان ڕیزبکرێن، لەگەڵ ئەوەی ئاخۆ ئەوانە بەخورتی یان بە سەرپشکی وەك ئارگومێنتە سینتاکسیەکان دەردەبڕدرێن. بۆنموونە /قوتدان/ یان /خواردن/ دەکرێت جیاوازی لەنێوانیاندا بکرێت، وەك لە (٤)دا.**

٤-أ) {**قوتدان** (X **خورتی،** Y **سەرپشکی**) }.

ب) {**خواردن** (X **خورتی،** Y **خورتی**) }.

**لە (٤-أ) دا جێکەوتەو پۆلەڕەگەزە سینتاکسیی ئارگومێنتە سینتاکسیەکان بە زۆری ڕەچاوی ئەمانە دەکەن: (١) مەرجەکان لەسەر دەربڕینە سینتاکسیەکانی پۆلەڕەگەزە سیمانتیکییەکانە. (٢) لە مەرجی یاسای (٢) دا، لەسەر سەرەوڕیزبوونی پۆلەڕەگەزە سینتاکسیەکانە. (٣) مەرجی یاسای (٣) لەسەر ڕۆڵە بابەتانەکانی (NP)یەکانە. بۆ نموونە، لەبەرئەوەی /قوتدراو و قوتدەر/ هەردووکیان (مادەن) ئەمانە بە شێوەیەکی خۆبەخۆ**

---


[290] R. M. Dixon (2005:9).

(ئۆتۆماتیکی) وەك فرێزی ناویی دەردەبڕدرێن. لەبەرئەوەی (قوتدەر) بریتیە لە (کارا)و لە جێکەوتەی بکەردا دەردەبڕێت.

(ت) شوێنیی (Locality) ئارگومێنتە سینتاکسیەکان‌و لە یاسابەدەرەکان: بۆ ڕونکردنەوەی ئەم بابەتە، با لە نموونەی (٢٣) و هێڵکاری (٣–٦) وردبینەوە.

٢٣–ا) شەن بەبراکەی تاڤی گوت، کە ڤاریێ دەربارەی کتێبەکەی سانا قسەی لەگەڵ شایەن کردووە. (DS)

ب) شەن بەبراکەی تاڤی گوت، کە ڤاریێ قسەی لەگەڵ شایەن کردووە، دەربارەی کتێبەکەی سانا. (SS)




هێڵکاری (٣–٦)

لەم درەختەدا ئارگومێنتەکانی کردار (شوێنین)، بەو واتایەی هەموویان کەوتوونەتە ڕستیلەی خودی کردارەوە، بۆنموونە، هیچ ئارگومێنتێك نییە بۆ /گوتن/ لە ($NP_2$) و ($S_3$) داو هیچ ئارگومێنتێك نییە بۆ /قسەکردن/ لەناو $NP_4$ و دەرەوەی $S_3$ دا. ئەمەش بە (کۆتوبەندی سەرە) دانراوە، وەك لە یاسای (٥)دا.

یاسای(٥) کۆتوبەندی سەرە: ئارگومێنتە سینتاکسیەکان و هەڵواسین[٢٩١](Adjunct) لە فرێزێکدا، بریتین لە دەربڕی ئارگومێنتە سیمانتیکیەکان و دەرخەری سەر فرێزێکە.

یەکێك لەو دیاردانەی، کە ڕێزمانی بەرهەمهێنان جەختی سەرەکیی لەسەر دەکاتەوە، ئەو حاڵەتانەن، کە ئارگومێنتە سینتاکسیەکانی کردارێك لە جێکەوتەی بەرزتردا، وەك لە جێکەوتەی بکەری کردارەکاندا دەبینرێنەوە. با بڕوانینە (٢٤).

٢٤- وەها دەردەکەوێت، شەن {حەز لە میوە بکات}.

بەپێی ئەو ڕێزمانە* /شەن/ بە بکەری >حەز بکات< دادەنرێت و لە فۆرمولەیەکدا لە چوونیەکبوونی لەگەڵ مەرجداری سەرداو لە ڕێڕەوی هەڵگواستندا دەبێتە بکەری >وا دەردەکەوێت<. لێرەدا پێشێلکاریی ڕون و ئاشکرای مەرجداری سەر بەهۆی ڕێسایەکی بەرزکردنەوە بەرهەمدەهێنرێت، کە فرێزێك بەرەو دەرەوەی ئەو ژینگەیە دەجوڵێنێت، کە لە سەرەتاوە خزمەتی دەکرد وەك ئارگومێنتێك. ئەمەش پەیوەندی سادەی سیمانتیکی لە ژێرەوەی دروستەی سینتاکسدا دەهێڵێتەوە. دروستەی ئارگومێنت، پارێزگاری لەو بیرۆکەیە دەکات، کە دروستەی سینتاکسیی ژێربەژێری تاڕادەیەك لە واتاوە نزیکە.

لە پێشەوە یاساکانی دروستەی سینتاکسیی و سیمانتیکیی و پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی پەسنکردنی دروستەی ڕێزمانی خرانەڕوو، کە نوێنراون لە**: {دروستەی ڕستیلە، نواندنی فەرهەنگی و ڕۆڵە سیمانتیکییەکان، گۆکردنە سینتاکسیەکان، دروستەی زانیاری (فۆکس)}. پەیوەندیی و کارلێکی هەریەك لەمانە بەپێی یاساو بنەماو مەرجە تەواوکارییەکانی زمان بە ئەنجام دەگەیەنرێت، لەوانە[٢٩٢]: (أ) مەرجی تەواوکاریی: هەموو ئارگومێنتەکان بە ڕوونیی* لە نواندنی

---

[291] هەڵواسین دیاردەیەکی دروستەی زمانیەو بە نائارگومێنتەکان (non-argument) جیاکراونەتەوە، دوو چەشنی لێدیاریکراوە: (ا) هەڵواسراوی فرێزی وەك فرێزی پێشناوی(دەرخەری کردارن بە دەربڕینی شوێن‌وکاتن).(ب) نا هەڵواسراوی فرێزی، وەك ئەدڤێربەکان بەپێی چەشنیان دەبڕینیان دەگۆڕێت. بۆ زانیاری ورد دەربارەی ئاوەڵکردارو چەشن‌و گۆکردنیان بڕوانە، ئازاد ئەحمد حسەین (٢٠٠٥). هەروەها بۆ زانیاری دەربارەی هەڵواسین بڕوانە، V.Valin (2005)

* ڕێزمانە بەرهەمهێنەرەکانی تری، وەك (LFG، HPSG، RRG...) بەشێوەیەکی جیاواز دەڕواننە جۆری یەکانگیر بوونی سینتاکسی- سیمانتیکی لە ڕستەی (٢٤) دا، ئەم ڕێبازانە خۆیان بە نەهێشتنی ڕێساکانی جووڵەی ڕێزمانەوە پابەند کردووە. لای ئەمان یاساکانی فۆڕمداڕشتنی سینتاکسیی ڕاستەوخۆ فۆڕمی ڕوکەشی پێکدەهێنێت. ئەمان بنەمای پەیوەندیان لەجیاتی ڕێسای هەڵگواستن بەدیهێناوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

a. V. Valin (2005).& (2008).
b. M. Darlymple (2003).
c. R. Jackendoff (1991,1999, 2009).

** دەربارەی ئەمە بڕوانە بەشی یەکەم‌ودووهەم.

[292] بڕوانە: R. V. Valin (2005:130).

سیمانتیکیی ڕستەدا دیاریکراون، دەبێت بە سینتاکسی بەرجەستەکراو بن لە ڕستەدا. هەموو دەربڕینە ئاماژەبەندییەکان لە نواندنی سینتاکسیی ڕستەدا دەبێت پەیوەندی بە جێکەوتەی ئارگومێنتێکەوە لە دروستەی لۆژیکی نواندنە سیمانتیکییەکانی ڕستەدا هەبێت.

نواندنی سیمانتیکی ڕستەیەك لە دەوروبەری دروستەی لۆژیکی ئارگومێنت– داواکەر (کردار) بنیاتدەنرێت و دەخرێنە فەرهەنگەوە، بۆ پەیوەندی سیمانتیك بۆ سینتاکس. زانیارییەکە لە نواندنی سیمانتیکییەوە گرنگە بۆ هەڵاوێرکردنی پێکهاتە سینتاکسیەکان لە نواندنی سینتاکسیدا.

(ب) بنەماکانی هەڵاوێرکردنی چێوەی سینتاکسی: ژمارەی جێکەوتە سینتاکسییەکانی ئارگومێنتەکان لەناو دروستەی ئارگومێنتدا (ئارگومێنت داواکەر– ئارگومێنتەکانی) یەکسانە بە ژمارەی دیاریکراوە ئاشکراکانی جێکەوتەی ئارگومێنت لە نواندنی سیمانتیکی لە دروستەی ئارگومێنتدا بڕوانە یاسای(١). وەك هێڵکاری (٣–٧).

گۆکردنە سینتاکسیەکان: ئارگومێنتی بکەریی. بەرکاریی...

↕

زمان– دیاریکەر

شاڕۆڵی سیمانتیکیی: کارا. کارتێکراو

↕

جێکەوتەی ئارگومێنتەکان لە دروستەی لۆژیکدا

↕

پۆلەکانی جۆریی کردەیی کردار — دروستەی لۆژیکی

جیهانیی

حاڵەت — ئارگومێنت داواکەرَ (X) یان (X، Y)

چالاکی — کردن (X، {ئارگومێنت داواکەرَ (X) یان (X، Y)})

بەئەنجامگەیەنراو — INGR ئارگومێنت داواکەرَ (X) یان (X، Y)، یان،
کردنَ INGR (X {ئارگومێنت داواکەرَ (X) یان (X، Y)})

چالاکی چوونیەکی — SEML ئارگومێنت داواکەرَ (X) یان (X، Y)

تەواوکاری — BECOME ئارگومێنت داواکەرَ (X) یان (X، Y) یان BECOME
کردنَ (X {ئارگومێنت داواکەرَ (X) یان (X، Y)})

چالاکی تەواوکاری — کردنَ (X {ئارگومێنت داواکەرَ$_1$ (X، Y)}) & INGR ئارگومێنت داواکەرَ$_2$ (Z، X) یان (Y).

هۆکاریی (بوونە هۆیی) — & هۆیی β، کاتێك، &، β دروستەی لۆژیکی هەر چەشنێك بن .

**هێڵکاری(٣–٧) پەیوەندی جێکەوتەی ئارگومێنتی سینتاکسیی و سیمانتیکیی**

---

* بە ڕوونی بەواتای ئەوەی، کە جێکەوتەی ئارگومێنت لە دروستەی لۆژیکیدا بە گۆڕاوێك یان شتێکی چەسپاو دیاریبکرێت، بۆئەوەی نادیاریکراو نەبێت. دەکرێت ئەو بەهۆی "Ø" پڕبکرێتەوە، بڕوانە پارەکانی داهاتوو.

### ٢-٢/٣) دەروازەی فەرهەنگیو دروستەی چەمکی

**فۆڕمی ناوەکیی نواندنی ئاوەزیی، کە لە دروستەی چەمکییو پەیوەندییە فۆڕمولەییەکانی نێوان ئەم ئاستەو ئاستەکانی تری نواندندا پێکهاتووە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە سیمانتیکەوە پەیوەستە. دروستەی چەمکیی بواری نواندنی ئاوەزیە، کە دەتوانرێت تیایدا واتای هەڵهێنجراو دیاریبکرێت. یەکەی فەرهەنگی بنیادی پەیوەندی پێکگەیاندنی فۆڕمدروستی فۆنۆلۆژیو سینتاکسییو چەمکیی دەکات، ئەمەش بەوەی، کە فەرهەنگ(بڕوانە(٢/٢) بەشێکە لە پێکهاتەی سیمانتیکییو لەمیشەوە دەبێتە پێکهاتەو بنەمای یاساکانی پێکگەیاندن.**

**پرسیاری دیارو پێویست لێرەدا ئەوەیە، ئاخۆ چۆن دەروازەی فەرهەنگی وەك (٦) دروستەی چەمکی پێ بنیاتدەنرێت. وەڵامدانەوەکەمان بە (یاسای یەکەم) دادەڕێژرێن.**

(٦-أ)

**لە**
P
NP $_j$ –
{ڕێڕەو **لە** ({شوێن} N ({شت} $_j$)})}

(٦-ب)

**ڕاکردن**
V
– PP $_j$
{ڕوداو **چوون** ({شت} $_i$، {ڕێڕەو} $_j$)})}

### ١-٢-٢/٣) لەبریدانانی ئارگومێنت (Argument Substitution)

**یاسای یەکەم: لەبریدانانی ئارگومێنت** (Argument Substitution)، **ئەم ڕێسایانە لەخۆدەگرێت:**

**ڕێسای(١): بۆ پێکهێنانی دروستەی چەمکیی لە فرێزی سینتاکسیی** (XP)**ییەوە ، کە کەرەستەیەکی فەرهەنگی(کردار)** (H) **سەرەکەیەتی، دوو پێڕەو دێتە ئاراوە:**

(أ) بــۆ هــەر پێکهاتەیــەکی نیــشانەکراوی (C)(واتــە بــە جێکەوتــە بەرجەســتە کرابێــت) لــە دروســـتەی چـــەمکی فەرهـــەنگی (LCS)ی (H) دا. دروســـتەی چـــەمکی فرێـــزی (YP)، کـــە دیاریکـــــەرو تێرکـــــەری هاونیـــــشانەکردنی جێکەوتەیـــــە لـــــە نیـــــشانەکانی وەچەپۆلەڕەگەزدیاریکردنی (H)دا لەبریدادەنرێتوجێگەی دەگرێتەوە.

(ب) ئەگەر (H) کردارێك بێت، دروستەی چەمکی بکەر بۆ پێکهاتەیەکی بە (i) نیشانەکراوە، کە (ئارگومێنتی دەرەکی)یەو لە (LCS)ی (H)دا جێیدەگرێتەوە.

لەسەر نمونەی(٢٥) ڕێسای (١) لە (٧) دا جێبەجێکراوە.

٢٥- ڤالان ڕایکردە ناو یاریگاکە.

(٧-أ) دروستەی سینتاکسی:

{S {NP ڤالان} {VP ڕایکردە {PP {NP ناو یاریگاکە}}}}.

(٧-ب) دروستەی چەمکیی:

{ڕوداو چوون ({شت ڤالان}، {ڕێڕەو ناو ({شوێن بەرەو ({شت یاریگاکە})})})}.

ڕستەکە لەگەڵ ڕوداوی دەرچوونەکەدا لە دروستەی چەمکیدا پەیکاڵە، بەوەی کردارەکە لەگەڵ گۆکردنی ڕوداوی-چووندا پەیکاڵە، بۆیە ڕستەکە دەربڕی جوڵەیەکە. بکەری ڕستەکە لەگەڵ یەکەم ئارگومێنتی /چوون/ دا ڕێککەوتووە. فرێزی پێشناویش پەیکاڵی ئارگومێنتی دووهەمە. پێشناو وەچەپۆلەڕەگەزی NP یەکی بەرکاری دەکات، کە هاونیشانەکراوە لەگەڵ جێکەوتەی ئارگومێنتی کراوەی ئاماژەیی دروستەی چەمکیی بەرکاریدا. /ڕاکردن/ دەربڕی گۆکردنی-/چوون/ە، داوای دوو ئارگومێنت دەکات، بۆ نمونە یەکەم شتێك بجوڵێت، کە هاونیشانە کراوە بە (i) کە ڕێککەوتووە لەگەڵ جێکەوتەی بکەریی/ئارگومێنتی دەرەکی. دووهەم ڕێڕەوێك کە دیاریکەری ستراتیژی جوڵەکەیە. لەجێبجێکردنی ڕێسای(١) بەسەر (٢٥) دا، بۆ بەشی(ا) لەبریدانانی خوێندنەوەی /ژورەکە/ بۆ گۆڕاوێکی (LCS)ی /لەناو/، ئەوە لەبریدانانی خوێندنەوەی >لەناو ژورەکە<بۆ گۆڕاو -ڕێڕەو لە (LCS) ی/ڕاکردن/ دەهێنێتە ئاراوە. لە بەشی (ب) دا، لە بریدانانی خوێندنەوەی /ڤالان/ لەجیاتی گۆڕاوی-شت لە (LCS)ی /ڕاکردن/دا.

ڕێسای(٢): بۆ پێکهێنانی دروستەی چەمکیی لە فرێزی سینتاکسیی (XP) دا، کە کەرەستەیەکی فەرهەنگی(کردار) سەریەتی (H)، دوو پێڕەو لە ئارادایە:

(أ) بۆ هەر پێکهاتەیەکی نیشانەکراوی (C) (واتە بە جێکەوتە بەرجەستە کرابێت) لە دروستەی چەمکیی فەرهەنگی (LCS)ی (H)دا. دروستەی چەمکی فرێزی (YP)، کە دیاریکەرو تێرکەری هاونیشانەکردنی جێکەوتەیە لە نیشانەکانی (ئەدگاری) وەچەپۆلەڕەگەزدیاریکردنی (H)دا، لەبریدادەنرێت وجێگەی دەگرێتەوە، ئەگەر ئەو پۆلەڕەگەزە چەمکیە یەکبگرێت و پەیکاڵبێت لەگەڵ (C)دا.

(ب) ئەگەر (H) کردارێك بێت، دروستەی چەمکیی بکەر بۆ پێکهاتەیەکی نیشانەکراوە بە (i) (ئارگومێنتی دەرەکی) ی لە (LCS) ی (H) دا جێیدەگرێتەوەو لەبری دادەنرێت، ئەگەر ئەو پۆلەڕەگەزە چەمکیە یەکبگرێت لەگەڵ (C)دا[٢٩٣].

ئەوەمان بیرنەچێت، کە کۆت وبەندی هەڵاوێرکردن بەشێکە لە دەروازەی فەرهەنگی کەرەستە فەرهەنگیەکان. بۆنموونە، لە کردارەکانی /خواردنەوە، پێدان/ دەبێت بەرکاری /خواردنەوە/ شلەمەنی بێت و بەرکاری ڕاستەوخۆی (پێدان) بابەتی ژمێراو بێت. واتە لێرەدا کۆت وبەندی هەڵاوێرکردن ڕێگە نادات، کە بگوترێت /سێو خواردنەوە/ یان /پێدانی پێنج پشیلە بۆ کڕینی کتێبێك/. بەمەش ئەدگاری وەچەپۆلەڕەگەزدیاریکردنەکە یەکناگرێت لەگەڵ (C)دا.بۆ ئەمەش کۆت وبەندی هەڵاوێرکردن بە چەشنەکانیەوە[*] بە تەواوی وەچەی وشە فەرهەنگیەکانی دروستەی چەمکیی پێکدەهێنێت، کە دەستەیەکە لە کۆت وبەندی هەڵاوێرکردنی شیاو کە هەڵدەبژێردرێن بەپێی بایەخبەندیی بنەماکانی لێکدراوێتی دروستەی چەمکی. ئەمان تەنها پۆلەڕەگەزە چەمکییە سەرەکیەکان پێکناهێنێن، بەڵکو جیاکارییەکانیش وەك (ڕەق بەرامبەر شل، مرۆڤ بەرامبەر گیانلەبەر...) لەخۆدەگرن. لەبەرئەوە ڕستەیەکی وەك>بە دڵسۆزییەوە ڕایکردە ناو ژوورەکە[?]< لەبریدانانی خوێندنەوەی نا–دروست بەرهەمدەهێنێت.

(Chomsky)[٢٩٤] هەر لەم ڕوانگەیەوە کۆت وبەندی هەڵاوێرکردنی بە شامەرجی بنەڕەتی هێنانەناوەی فەرهەنگیی (دامەزراندنی کەرەستەی فەرهەنگی) داناوە، بەشێوەیەك، کە کردار ناتوانێت لە ڕستەیەکدا بێت ئەگەر ئارگومێنتەکانی ئەو کۆت و بەندانە ببەزێنێت، کە بۆی هەڵاوێرکراوە. وەك:

٢٦– ڤالان خواردیەوە.

[293] بڕوانە: R. Jackendoff (1991:51).

[*] بڕوانە بەشی دووهەم.

[?] بەواتای نادروستی واتایی دێت.

[294] بڕوانە: محەمەدی مەحوی (٢٠٠٩: ١).

٢٧- شەن داوێتی.

لێرەدا ئەگەر ئارگومێنتەکان دەرنەبڕابن، ئەوا زانیاریی بەهۆی کردارەکەوە دەستدەکەوێت، بەڵام ئەگەر ئارگومێنت لەلایەن (NP) ەوە دەربڕابێت، ئەوا کردارەکەو (NP)یەکە زانیارییەکە دەگەیەنن، لە کۆتاییدا کاتێك کۆتوبەندی هەڵاوێرکردن پێشێل دەکرێت و دەبەزێنرێت، ئەگەر هاتوو نیشانەکانی کردار لەگەڵ ئارگومێنتی NP یەکانیدا دژبێت و بەیەکنەخۆن، واتە بەرەنگاری بێتەوە. لەبەرئەوەیە کۆتوبەندی هەڵاوێرکردن بە بەشێك لە واتای کردار دانراوەو پێویستە پڕاوپڕ تەواوکراو بێت لە دروستەی ئارگومێنتی کرداردا[٢٩٥]. لە پراکتیزەکردنی ئەم بۆچوونەدا، دەتوانین وا مامەڵە لەگەڵ کەرەستەو پێکهاتەکانی سیمانتیکدا وەك کۆتوبەندی هەڵاوێرکردن بکەین. بەوەی وەك بنەڕەتی دروستەی چەمکی ڕودەدەن لەناو نیشانەیەکی پێکهاتەیەکی چەمکیدا، وەك دەروازەی فەرهەنگی /خواردنەوە/، کە لە (٨)دا نوێنراوەو دەتوانین وا دابنێین (هۆکاری شلەمەنییەکە وادەکات بە سانایی بچێتە ناو دەمەوە).

٨-
خواردنەوە
V
NP j-
{ڕوداو هۆکاریی ({شت }i، {ڕوداو چوون ({شت شلەمەنی}j،
{ڕێڕەو ناو ({شوێن دەم ({شت}i)})})})}

لەم دەروازەی فەرهەنگییەدا کۆتوبەندی هەڵاوێرکردن لەسەر بەرکاری ڕاستەوخۆ دەردەکەوێت، وەك زانیاری چەمکیی (شلەمەنیی) لەناو پێکهاتەکەدا کە نیشانە کراوە بە (j).

## ٢/٣-٢-٢) تواندنەوە یان یەکگرتنی ئارگومێنت (Argument Fusion)

یاسای دووهەم: یاسای تواندنەوە یان یەکگرتنی ئارگومێنت (Argument Fusion)، لەم ڕێسایە پێکهاتووە:

ڕێسای(١): بۆ پێکهێنانی دروستەی چەمکیی لە فرێزێکی سینتاکسیی (XP)، کە کەرەستەیەکی فەرهەنگی (H) سەری بێت ئەوا:

---

[٢٩٥] بڕوانە: R. Jackendoff (1991:53).

(أ) لـە هـەر پێکهاتەیـەکی نیـشانەکراو لـە دروسـتەی چـەمکیی فەرهـەنگیی (LCS) (H)دا، دروسـتەی چـەمکیی فرێـزی (YP) ، کـە دیاریکـەری هاونیـشانەکردنی جێکەوتەیـە لـەناو نیشانەکانی وەچەپۆلەڕەگەزدیاریکردنی (H)دا یەکپێبگرە.

(ب) ئەگەر (H) کردارێك بێت، دروستەی چەمکی بکەرەکە لەناو پێکهاتەکەی نیشانە کراوە بە (i) لە (LCS)ی (H)دا دەتوێتەوەویەکدەگرێت.

یەکگرتنی ئارگومێنت لە ڕستەی >ڤالان چاکەی خواردەوە<، لە خوێندنەوەی /چا/ لەگەڵ پێکهاتـەی ({شت شـلەمەنی}j) دا بەرجەسـتە دەبێـت، دوبارەبوونـەوەی نیـشانەی (شـلەمەنی) کـەم بـەها دەبێـت لەبەرئـەوە لابـراوە، بڕوانـە (٢٨)، ئەگـەر بگوترێـت >ڤـالان کێکەکـەی خـواردەوە[?]<، لێـرەدا یەکگرتنەکـە لەگـەڵ /کێـك/دا لێکـدراوەو هـەڵگری نیـشانەکانی {-شـلەمەنی} لەگـەڵ {+شـلەمەنیدا}، پێکـدادانی کۆتوبەنـدی هـەڵاوێرکردن دێنێتـە بەرهـەم بەمەش نادروست دەبێت.

٢٨- ڤالان نانەکەی چەورکرد.

کرداری (٢٨)، دروستەی چەمکیەکەی لە (٩) دا نوێنراوە.

٩- {ڕووداو هۆکاری ({شت }i، {ڕووداو چوون ({شت چەور}، {ڕێڕەو بە ({شوێن ({شت }j)}{)}{)}.

لە (٢٨) دا بابەتەکە(شت) هیچ نیشانەیەکی هەڵنەگرتووە، بەم شێوەیە کارلێك‌و پەیوەندیی بە جێکەوتەی وەچەپۆلەڕەگەزەکەوە نەکردووە، پڕکراوەتەوە بە زانیاری، کە لە کردارەکەوە درکی پێدەکرێت‌و هیچ کەرەستەیەکی /چەورکردن/ دیارینەکراوە.

گەر لەنێوان کردارەکانی /خواردنەوە/ و /چەورکردندا/ بەراوردێك بکەین، جیاوازی نێوانیـان لــەڕوی سینتاکــسیەوە بریتیــە لــەوەی /چــەورکردن/ کردارێکــی تێنەپــەڕی بەخورتیــە، /خواردنـەوە/ کردارێکـی تێپـەڕی سەرپـشکیە. لـەڕوی سـیمانتیکیەوە یـەکێکیان لـە (بابـەت) دەدوێت‌و ئـەویتریان لـە (ڕێـڕەو). بـەرکاری ڕاسـتەوخۆی /چـەورکردن/ بریتیـە لـە (ئـامانج) و (بابەت)، بە پێچەوانەوە بەرکاری ڕاستەوخۆی /خواردنەوە/ (بابەت) و (ڕێڕەو) ە.

خــاڵی گــرنگ لــەم بــەراوردەدا ئەوەیــە، کــە دیــاریکردنی دروســتەی چــەمکیی لــەناو ئارگومێنتــەکانی بەشــەکرداری واتــای کــرداردا، دەتوانرێــت ڕێنموییبکرێــت وەك بەشـێکی گەورەی پشتبەستوو بە جێکەوتـەی نیشانەی سەرئارگومێنتەکان لـەو ڕێگایـەی، کە کـردارو ئارگومێنتـەکانی پەیوەندیان لەگـەڵ دروسـتەی سینتاکسیدا هەیـە، ئەگـەر پێکهاتـەی واتـایی

[?] بەواتای نادروستی واتایی دێت.

کـردار نیـشانەکراوبێت وەك(شـلەمەنی ) لـە (٦) دا، ئـەوا نیـشانە سـیمانتیکییەکانی وەك کۆتوبەندی هەڵاوێرکردن دەردەکەون. ئەگەر پێکهاتەیەك نیشانە نەکراوبێت وەك (چەور) لە (٨) دا، ئەوا نیشانەکانی (ئەدگار) وەك ناواخنی ئارگومێنتی ناواخنیی بەرجەستە دەبێت. هەرچـی ئـارگومێنتی ناواخنیـە، ئـەو ئارگومێنتـە چـەمکیانەن، کـە بـە سینتاکـسیی دەرنـەبڕدراون[٢٩٦].، هـەر ئەمـە وەهـایکردووە، کـە بیرو چـەمکی کۆتوبەنـدی هـەڵاوێرکردن فەرامۆشـبکرێتو تیـۆرە زمانەوانیـەکان لـەجیاتی ئـەوە زاراوەی یـەکگرتنی/تواندنـەوەی ئارگومێنت(Argument Fusion) بۆ ئەم کاریگەریە بە لەبارتر دابنێنو بەکاربهێنن. کەواتە یـەکگرتنی/تواندنـەوەی ئارگومێنـت بریتیـە لـەو نیـشانانەی، کـە لـە کـردەی کۆتوبەنـدی هەڵاوێرکردندا تاووتوێدەکرێن، لەگەڵ ئەو نیشانە ناواخنیانەی لە ناواخنی ئارگومێنتەکاندا هـەن، وەك (چـەور) لـە (٩) دا نیـشانە نـەکراوەو ئاشـکرایە خـودی /چـەورکردن/ هـەر بـەهۆی شتێکەوە (ڕۆن، کەرە، ..) کردەکە جێبەجێدەکرێت.

لەمـەوە میکـانیزمی بنـەڕەتیی بـۆ پەیوەنـدیی نێـوان ئارگومێنتـەکان لـە دروسـتەی چـەمکیو سینتاکـسدا زانـرا، هـەر کەرەسـتەیەکی فەرهـەنگی لـە ڕسـتەدا، دیاریکـەری چـۆنێتی کارلێکردنی ئارگومێنتە چەمکیەکانو جێکەوتە سینتاکسیەکان، کە (سەرە)کانن. یاساکانی یـەکگرتنی/تواندنـەوەی[٢٩٧] ئارگومێنـت بەکارهێنـەری ئـەو زانیارییـە فەرهەنگیانەیـە، کـە بـۆ یـەکگرتنی خوێندنـەوەکانی تەواوکاریـە سینتاکسیەکانو بکـەرەکانن، لەگـەڵ نیـشانەکردنی جێکەوتەی ئارگومێنتەکان لەناو دروستەی چەمکی سەرەکەدا.

پەیوەسـت بـە کۆتوبەنـدکردنی دیاریخەرەکانیـشەوە (Modification)[٢٩٨](بڕوانـە١/٣) لـە دروستەی چەمکیدا، حاڵەتی نموونـەیی دیاریخـەرەکان بریتیـە لـەوەی (AP)یەك دیاریخـەری (NP)یـەك بێـت. لەگـەڵ ئەوەیـشدا دیاریخـەری لەگـەڵ پۆلوجـۆری بـەرفراوانی دیاریخـەریو پۆلەڕەگـەزی دیاریخـەری ڕودەدەن. لێـرەدا بـەپێی دروسـتەی چـەمکی شـیدەکرێنەوە، وەك (١٠)و دروستەکەشی لە یاسای سێهەمدا دیاریکراوە:

١٠) أ- گوڵی سور (AP دیاریخەری NP)

[ گوڵ
شت {تایبەتێتی سور} ]

---

[٢٩٦] بڕوانە: .R. Jackendoff (1991:55)

[٢٩٧] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[٢٩٨] بڕوانە: .R. Jackendoff ( (1999: 73)

ب- خانوویەك لە (دار)                (NP دیاریخەری PP)

[ خانوو
شت {شوێن لە ({شت دار})} ]

پ- ڤالان بەخێرایی چووەماڵەوە.            (VP دیاریخەری Advp)

[ چوون ({شت ڤالان}، {ڕێڕەو وە ({شوێن ماڵ})})
ڕوداو {تایبەتێتی خێرایی} ]

ت- ئالان لە کاژێر ٦:٠٠ دا چووە ماڵەوە.       (VP دیاریخەری PP)

[ چوون ({شت ئالان}، {ڕێڕەو وە ({شوێن ماڵەوە})})
ڕوداو {شوێن وە تاف لە ({کات ٦:٠٠})} ]

ج- لەسەر گردە بەرزەکە.                (PP دیاریخەری AP)

[ لەسەر ({شت گرد})
شوێن {تایبەتێتی بەرز} ]

### ٣-٢-٢/٣ دیاریخەری کۆتوبەندکردن (Restrictive Modifier Rule)

یاسای سێهەم: یاسای دیاریخەری کۆتوبەندکردن (Restrictive Modifier Rule)، بریتیە لە:

ڕێسای (١): ئەگەر (YP) دەستەخوشکی (X) بێت لە (XP) دا و دروستەی چەمکیی (YP) بریتی بێت لە {Cy}، کەواتە دروستەی چەمکیی (XP) بریتیە لە فۆڕمی [ .... {Cy} ]

بە بەکارهێنانی یاسای سێهەم بۆ بەرجەستەکردنی هەڵگواستنی دروستەی چەمکی لە (١٠-ت)دا:

لە ڕستەی >ڤالان لە کاژێر ٦:٠٠ دا چووە ماڵەوە<دا، سەری ڕستەکە بریتیە لە /چوو/، کە دەروازە فەرهەنگیەکەی لە (١١)دا نوێنراوە.

١١- [ چوون
V
$- PP_j$
ڕوداو چوون ({شت                {i ، {شوێن                {j)} ]

بەهۆی کردەی یەکگرتنی ئارگومێنتیەوە خوێندنەوەی /ڤالان/ و /ماڵ/ لەگەڵ /چوو/ دا یەکیانگرتووەو گۆکردنی دروستەی ئارگومێنتی ڕستەکە لە فۆڕمی (١٢)دا نیشاندراوە.

١٢- {ڕووداو **چوون** ({شت **ڤالان**} ، {ڕێڕەو **وە** ({شوێن **ماڵ**})})}.

**دروستەی چەمکی (PP- لە٦:٠٠ ) دا بەهۆی یەکگرتنی ئارگومێنتیەوە، بریتیە لە (١٣).**

١٣- {شوێن **لە** .. **دا** تاف ({کات ٦:٠٠})}.

**دواتر (PP) خوشکی (V)یە، کەواتە یاسای دیاریخەری کۆتوبەندکراو جێبەجێدەبێت، بەوەی خوێندنەوەی >ڤالان لە کاژێر ٦:٠٠ دا چووە ماڵەوە< لە (١٤)دا دیاریکراوە.**

١٤- [ ...
{شوێن **لە** .. تاف ({کات ٦:٠٠ })} ]

**خوێندنەوەی ڕستەکە بەگشتی لە یەکگرتنی (١٣، ١٤) دا خۆی دەبینێتەوە، کە لە (١٥) دا خراوەتەڕوو.**

١٥- [ **چوون** ({شت **ڤالان**} ، {ڕێڕەو **لە** ({شوێن **ماڵ**})})
{شوێن **لە..دا** تاف ({کات ٦:٠٠ })} ڕوداو ]

**جگە لە کۆتوبەندی هەڵاوێرکردن، کەرەستەیەکی تری سیمانتیکی پڕۆژەسازدانە، ڕۆڵی بابەتانە یان ڕۆڵی سێتا* بە بنەڕەتی یاساکانیی دانراوەو زاراوەیەکە بۆ جێکەوتەی ئارگومێنتێك لەناو دروستەی چەمکیدا بەکارهێنراوە. تایبەتێتی پێدانی ڕۆڵی بابەتانەکان وەك (کارایی، بابەتی،...) تایبەتێتی جێکەوتە دروستەییەکانە، لەگەڵ ناواخنی چەمکیدا. نیشانە پێدانی ڕۆڵی بابەتانە لە بنیاتنانی پەیکاڵبوونە لەنێوان ئارگومێنتی سینتاکسیی و چەمکیی کرداردا، وەك هاونیشانەکراوی ڕێککەوتن داڕێژراوە. لەگەڵ ئەوەی کۆتوبەندی هەڵاوێرکردن وەك زانیاری چەمکی داڕێژراوە، کە سەر لەناو پێکهاتەی چەمکی نیشانەکراودا دەیبەخشێت. کۆبەندی ئەمانە دروستەی ئارگومێنت بەرهەمدێنێت و بریتیە لە دەستەی نیشانەکانی پەیوەستکردنی ئارگومێنتی سینتاکسیو چەمکی لەسەردا. لێرەیشەوە (ئارگومێنتی چەمکیی ئەو ئارگومێنتە ناواخنیانەی بە سینتاکسی دەرنەبڕاون، لەخۆدەگرێت)[299].**

---

* **بڕوانە بەشی دووهەم.**

[299] **بڕوانە:** R. Jackendoff (1991:55)

**هەر پەیوەست بە دەروازەی فەرهەنگیەوە بۆ دیاریکردنی دروستەی چەمکی، تیشکی زیاتر دەخەینە سەر تیۆری ڕۆڵی بابەتانەو پێوەرو پێوەرو مەرج و کۆتوبەندەکانی[٣٠٠]، کە (R. Jackendoff) سەرلەنوێ پێوەری ڕۆڵی بابەتانەی پەیوەست بە دروستەی ئارگومێنت و پەیکاڵبوونی سینتاکس‌وسیمانتیك بەم شێوەیە داڕشتۆتەوە[٣٠١]:**

**(١) هەر وەچەپۆلەڕەگەزکردنێك (NP لەگەڵ بکەردا)، بەتەواوی لەگەڵ یەك-جێکەوتەیی ئارگومێنتیدا[٣٠٢] لە دروستەی چەمکیدا پەیکاڵ دەبن.**

**(٢) هەر جێکەوتەی ئارگومێنتێکی کراوە لە دروستەی چەمکیدا، بەتەواوی لەلایەن یەك (NP)یەوە دەردەبڕێت.**

**لەگەڵ ئەوەی زۆرینەی کردارەکان پێوەرەکانی ڕۆڵی بابەتانە ($\Theta$) جێبەجێدەکەن، بەڵام ئەمەش ناکاتە ئەوەی، کە کردارمان نییە ئەم مەرجانە ببەزێنێت و لە یاسا گشتییەکەی پێوەری ڕۆڵی بابەتانە ($\Theta$) دەربچێت، واتە دەگونجێت (NP)یەك زیاتر لە یەك ڕۆڵی بابەتانە ($\Theta$)ی لە چەشنی جیاواز هەبێت، بۆ دروستی ئەمە پێویستە کردارەکانی (کڕی، فرۆشت، گۆڕی) ڕاڤە بکەین، بۆ ئەم مەبەستەش بڕوانە (١٦).**

**١٦- (X)، (Y)ی لە (Z) کڕی.**
**أ- (Y) گۆڕینی خاوەندارێتی (هۆکاریی) لە (Z)ەوە بۆ (X).**
**ب- گۆڕینی خاوەندارێتی پارە لە (X)ەوە بۆ (Z).**

**بەم شێوەیە (X، Z) هەریەکەیان دوو ڕۆڵی سیمانتیکییان هەیە. لێرەدا ناتوانرێت پێوەرەکانی ڕۆڵی بابەتانە ($\Theta$) بپارێزرێت، بەوەی کە ڕۆڵەکانی گواستنەوەی پێچەوانەیی لە (١٦-ب) دا ئەژمار نەکرێت.**

**بە پێچەوانەی ئەمەوە[٣٠٣] دەگونجێت (NP)ی جۆراوجۆر یەك ڕۆڵی بابەتانە ($\Theta$)ی هەبێت. وەك لە (٢٩)دا دیارە.**

---

300 بڕوانە بەشی (٢) و بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: a. H. Martin (2005) b. R. Radford (2006) c. V. Cook (1997) d. B. Latif (2008)

301 بڕوانە: R. Jackendoff (1991:59).

302 چەشنەکانی ئارگومێنت داواکەر بەپێی داواکارییەکانی دەستنیشانکراون، ئەوانیش یەك-جێکەوتەیی، دوو-جێکەوتەیی،...تاد، ئەمەش بە دیاردەی بە بڕشتی کردار( VALENCE) ناسێنراوە. وەك کرداری (کردنەوە، لێکردنەوە، پێلێکردنەوە) بە بڕشتی هەریەك لەمانە جیاوازە، بڕوانە: محەمەدی مەحویو کاروان عومەرو شیلان عومەر (٢٠١٠)، هەروەها G.Trauth&K.Kazzazi (1996:33).

303 بۆ وردەکاری زیاتر دەربارەی بەزاندنی پێوەرەکانی ڕۆڵی بابەتانە بڕوانە:

٢٩- أ- ئینجانەکە گوڵەکانی لەناودایە.

ب- یادە خۆی هەندێك خواردنی هەڵگرت.

پ- لیستەکە ناوی منی لەخۆدا لەخۆگرتووە.

**لە (٢٩) دا (NP)یەکانی /سندوق، لەناو، یادە، خۆی، لیست، لەخۆدا/ وەها دەرناکەوێت، کە ڕۆڵی بابەتانە (Θ)ی جیاوازیان هەبێت. دەتوانرێت لابرێن یان بکرتێنرێن، بەبێ ئەوەی هیچ لە واتای ڕستەکە بگۆڕێت. لەبەرئەوە وەهادانراوە، کە ئەم (NP) جیاوازانە هەمان ڕۆڵی بابەتانە (Θ)یان هەبێت. ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کە پێوەری ڕۆڵی بابەتانە (Θ) ئاسایی لەسەر بنەمای ڕۆڵی بابەتانە (Θ)، کە وەك ڕاڤەکردنێکی دروستی سینتاکسیە دانراوە.**

## ٣/٢-٢-٤) بەستنەوەی ئارگومێنت (Argument Binding)

**یاسای چوارهەم: بەستنەوەی ئارگومێنت (Argument Binding)، وەك لەسەرەوە بینرا، لە یاسای یەکگرتنی ئارگومێنتەکاندا هیچ ڕێگرییەك بۆ دوو جێکەوتەی هاونیشانە لە دروستەی چەمکیدا نییە، کە هەڵگری هەمان نیشانەو زانیاری سینتاکسی بن، لەبەرئەوە نموونەکانی وەك (٣٠) ڕێگەیان پێدەدرێت، دەروازەی فەرهەنگی/کڕین/، وەك لە (١٧)دا خراوەتەڕوو. لە دروستەی چەمکی فەرهەنگیی (١٧) دا ئەندامی گواستنەوەی پێچەوانەیی (counter transfer) بریتیە لە (گۆڕینی خاوەندارێتی پارە) وەك ئارگومێنتێکی گۆکردنی دەرخەری (گۆڕان- EXCH) مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. (بابەتی) گواستنەوەی پێچەوانەیی /پارە/ بەتەواوی ئارگومێنتی تێکئاخنراوە. بڕوانە (١٧).**

١٧- کڕی
V
– < NP $_k$ بۆ > NP $_j$
{چوون $_{خاوەندارێتی}$ ({ }$_j$، لە { } ({ }$_k$)
بۆ { }$_i$
{گۆڕین چوون $_{خاوەندارێتی}$ ({پارە}، لە { }$_i$
بۆ { }$_k$)

٣٠- شەن کتێبەکەی لە ڤاریێ کڕی.

a. H. Martin (2005) b. R. Jackendoff (1991). &(1999) & (2006) & (2009).

لێرەدا نەك هەر تەنها گواستنەوەی پێچەوانەیی ئارگومێنتیی نادیارە، ئەو کردەیەش ناواخنییە، کە /شەن/ دەبێت /کتێب/ بکڕێتو لەبەرامبەریدا پێویستە /پارە/ بدات بە کەسێك /ڤاریێ/ یە. لێرەدا (ئامانج) بە گوازراوەو (سەرچاوە) بە گواستنەوەی پێچەوانەیی دانراوە.

پەیوەست بە هاونیشانەکردنەوە، چەشنی زۆری لێدیاریکراوە، لێرەدا پەیوەندی نێوان بەستنەوەی ئارگومێنت (Argument Binding)[٣٠٤]، کە لەنێوان ئارگومێنتی بەستنەوە/ بەستەر (binder) و ئارگومێنتی بەستێنەر (bound Arguments) یان ئەو دوو شتەی دەبەسترێنەوە (bindees) وەدەستدەخرێت، هەریەك لەم دووانە تایبەتێتی یەکفۆڕمی لە دروستەی چەمکیدا دەنوێنن. تایبەتیەکانیشیان لە یەکگرتنو تواندنەوەی تایبەتێتیە زگماکیەکان لە جێکەوتەی بەستێنەرو بەستەر لە گشتێکدا پێکهاتووە. ئارگومێنتی بەستەر هێمای (&)و ئارگومێنتی بەستێنەر هێمای (β) بۆ دانراوە، لەمەوە دەتوانین پەیوەندی ئارگومێنتی بەستنەوە، کە بە ڕاستەوخۆیی تێکئاخنراوەتە ناو دەروازەی فەرهەنگی /کڕین/ لە (١٨) بنوێنین.

١٨- کڕی
V
NP j < بۆ NP k > –
چوون خاوەندارێتی ({ }j، لە { }k&)
بۆ { }jβ
گۆڕین {چوو خاوەندارێتی ({پارە}، لە { β })
بۆ { & }

لە دەروازەی فەرهەنگیدا تەنها نیشانەکانی (i، k) هەنو ڕۆڵەکانی تر تایبەتێتی ئارگومێنتی بەستێنەرنو لە ئەنجامی یەکگرتنەوە دێنە ئاراوە. ئەمە بۆ چارەسەرکردنی هاونیشانەکردنی نێوان پێکهاتە سینتاکسییو چەمکیەکانەو هەرکات هەر ئارگومێنتێك بە سینتاکسی دەرنەکەوت، ئەوا بە چەمکی بەهۆی هاونیشانەکردنەوە دەردەکەوێتو ناواخنی واتایی دیاریدەکات. بۆ ئەم مەبەستە مەرجی پەیوەندیکردنی پێوەری ڕۆڵی بابەتانە Θ ی سینتاکسو سیمانتیك، کە بە (Neo- Θ Criterion) ناسراوە، بریتیە لە : (أ) هەر نیشانەیەك پەیوەندی و کارلێکی دروستەی سینتاکسییو چەمکیی لە دەروازەی فەرهەنگیدا دیاریدەکات، پێویستە تەنها یەکجار لە دەروازەی (LCS) دا دەرکەوێت، (ب) هەموو ڕۆڵی

---

[304] بڕوانە: محەمەدی مەحوی (٢٠٠١: ١٨٨ ).

بابەتانەکانی Θ کە هاونیشانەکردنی (NP) دەگرێتەوە، دەبێت دەربڕێت بەهۆی ئارگومێنتەکانەوە ببەسترێنەوە بە نیشانەکردنی پێکهاتە چەمکییەکانەوە.
ئارگومێنتی بەستنەوە (Binding) وەهادەکات، کە (NP) یەك ڕۆڵی جۆراوجۆری هەبێت، ئەمەش زانین و زانیاری زیاتر دەبەخشێت[٣٠٥].
لە تیۆری (GB) دا نیشانەکردن و هاوئامازەبەندی، کە بەهۆی تیۆری بەستنەوە نیشانە دەکراو لە فۆڕمی لۆژیکدا جێبەجێدەکراو وەك بەشێك لە دروستەی سینتاکسی وەردەگیرا[٣٠٦]. سیمانتیك و لۆژیك لە ناو هزرو زەینی مرۆڤدا کاردەکەن و پشت دەبەستن بە ڕاستییە زمانی وفۆڕمییەکان و ڕاستی هەر یەکێکیان پابەندە بە مامەڵەی عەقڵ و لێکدانەوە عەقڵییەکان و ئەم هۆکارەشە کەوا دەکات پەیوەندی توند هەبێت لە نێوان سیمانتیك و لۆژیك لە سینتاکسدا[٣٠٧]. لە دروستەی چەمکیدا هاوئامازەبەندیی (coreference) بە بنەمایەکی چەمکی سیمانتیکی دادەنرێت[٣٠٨]، تۆمارکردنی و بەرهەمهێنانی لە سینتاکس و دروستەی چەمکیەوە هێشتا پێویستی بە هەندێك چەشنی میکانیزمی فۆڕمەڵی هەیە، کە مەبەست پێی دوو پێکهاتەی چەمکی بە نیازی پەسنکردنی هەمان یەکەن، کە بەشێکە لە واتا. هەروەها، ئەگەر سینتاکس لە چەمکی هاونیشانەکردن پێکهاتبێت، کە بەجفرەکردنی هاوئامازەبەندیی یان پشت بەستن بە ئەنافۆڕیك بێت، ئەوا پێکهاتەی یاساکانی پەیکاڵبوون پێویستە لە بنەماکان- کە یەکگرتنی هاونیشانەکردنی سینتاکس بۆ نیشانە فۆڕمەلیەکان، کە بە هاوئامازەبەندی بەجفرەکراوە لە دروستەی چەمکیدا- پێکهاتبێت.
هەر لێرەداو پەیوەست بە ئەنافۆڕو هاوئامازەبەندییەوە*، پەیوەندی نێوان ئەنافۆڕو هاوئامازەبەندییەکەی پێش خۆی نابێت وەك هاونیشانەکردن لە دروستەی سینتاکسدا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. زیاتر لەوەیش ئەنافۆڕ پەیوەندی و کارلێکی بە ئارگومێنتی بەستێنەرەوە هەیە لە دروستەی چەمکیداو هاوئامازەبەندییەکەی پێش خۆی پەیوەندی و کارلێکی بە ئارگومێنتی بەستنەوە (binder) هەیە، بڕوانە (١٩).

١٩- أ- چەمکی تیۆری GB

NP، بەستەر [NP / ئەنافۆڕ $_i$]

---

[٣٠٥] بڕوانە: R. Jackendoff (1991:64).

[٣٠٦] بڕوانە: V. Cook (1997), R. Radford (2006) .

[٣٠٧] بڕوانە: بەکر عومەر عەلی- ئاڤێستا کەمال مەحموود(٢٠٠٩: ٢٩).

[٣٠٨] بڕوانە: K.Malmkjaer (1995: 522)

* بۆ ئەنافۆڕو هاوئامازەبەندی بڕوانە بەشی دووهەم.

**ب- دارِشتنی سیمانتیکی چەمکی**

NP (ئەنافۆڕ j)          $NP_i$

بەستەر{شت}$_i^{\&}$          بەستێنەر { شت $^{\&}$ }$_j$

بــۆ نموونــه هەریــەك لــه کــرداری /لەبــەرکردن، کردنەبــەر، پۆشــین، خۆگــۆڕین/ چــوار وەچەپۆلەرەگەزی جیاوازیان هەیە، با لە (٣١) وردبینەوە.

٣١-أ- ڤاریێ جله نوێیەکەی لەبەری ڤالان کرد.

(لەبەرکردن، جلی تری لەبەردایە دایدەکەنێت و هی تری لەبەردەکات).

ب- ڤاریێ جلەکەی کردە بەری ڤالان.

(کردنەبەر، واتە هیچی لەبەردا نییەو ڕووتەو جلی لەبەردەکرێت).

پ- ڤــاریێ بالاپۆشــی پۆشــیوە/ دایکەکــە جلــی ڕەشــی پۆشــیوە. (پۆشــین: ســەرتاپای دادەپۆشێت).

ت) ڤاریێ خۆی گۆڕیوە. (خۆگۆڕین، تەنها جلوبەرگ ناگرێتەوە، بەڵکو سەروقژ چاککردن، دەموچاو، یان هەڵسوکەوت وشێوازی قسەکردن... ئەمانە دەچنە ناو خۆگۆڕینەوە).

دەروازەی فەرهەنگی کرداری لێکدراوی/لەبەرکردن/ وەك کرداری تێپەڕ لە (٢٠-أ) و وەك کرداری تێنەپەڕ لە (٢٠-ب)دا، خراوەتەڕوو:

٢٠-أ-
لەبەرکردن
V
--- < $PP_k$ > $NP_j$
{هۆکاری ({ }$_i$ ، چوون ({ }$_j$ ، {لەبەر { {جلوبەرگ}$_k$}})})}

٢٠-ب-
لەبەرکردن
--- < $PP_k$ >
{هۆکاری ({ }$_i^{\&}$ ، {چوون ({&}، {لەبەر { { جلوبەرگ }$_k$})})}

---

**لەمانــەوە بــە گــشتی گــرنگترین هۆکــاری یەکخــستنی دەروازەی فەرهــەنگیی کەرەســتە فەرهەنگیـەکان دیـاریکراوەو بریتیـە لـە: (أ) گـۆکردنی دەرەکیـی سەرپـشکیی کەرەسـتەکان بـەوەی هـەر کەرەسـتەیەکی فەرهـەنگی لەگـەڵ چـەند دیاریخەرێکـدا، دێـت، وەك (شـوێن، کـات...). (ب) دروسـتەی ئـارگومێنتی جۆراوجـۆر، کاتێك کەرەستەیەکی فەرهـەنگیی لەگـەڵ دیاریخـەریی جۆراوجـۆردا بێـت، بەڵگەنەویـستە، کـە دروسـتەی ئـارگومێنتی جۆراوجـۆری هەیە، بڕوانە پارەکانی پێشوو.**

### ٣/٣) تیۆری یاسای پەیوەندکردن (Theory of Linking Rules)

**لە شیکردنەوەکانی پێشودا ئەوە ڕونکرایەوە، کە بۆ هـەر پێکهاتەیـەکی سینتاکسیی پێکهاتەیـەکی سیمانتیکیی (چەمکیی) هەیـە. هـەر یـەك لـەو پێکهاتانـە، چ سینتاکسیی بێـت یان سیمانتیکیی، دروستەو یاساو پێڕەوی ناوەکیی و دەرەکییان هەیە. بە واتایـەکی تـر، بۆ هەر یاسایەکی سینتاکسیی هاوتایەکی سیمانتیکیی لەبەرامبەریدا هەیە.**

**لە زمانەوانی نوێدا لەگەڵ کێشەی واتادا، زمانەوانان لـە کێشەیەکی تـر دواون، کە بریتیـە لـە چـۆنێتی پـەیوەنکردن و کـارلێکردن و پـەیکاڵبوونی سـینتاکس و سـیمانتیك. بـۆ دۆزینـەوەی پەیوەندی نێوان تیۆرەکانی دروستەی چەمکیی و دروستەی سینتاکسیی، تاکە ڕێگا بریتیـە لە دەروازەی فەرهەنگی و ئەو یاسایانەی لەوێدا بۆ پەیکاڵبوونیان کاریان پێدەکرێت.**

**پـەیکاڵبوونی دروستە چەمکیەکان ئاسانە، چونکە یاساکانی دەروازەی فەرهـەنگی تێدایـە. ئـەوەیش لـە فەرهەنگەکەدایـە، کـە دروسـتەی چـەمکیی جیهـانی لەگـەڵ سینتاکسی زمـانێکی دیاریکراودا پەیکاڵ دەبێت. ئەمە زیاتر یاساکانی پەیکاڵبوونە (ئەوەی ئاستی قووڵ لەگەڵ ئەوەی لە فەرهەنگدا تۆمارکراوە)[٣٠٩]. ئـەوەی فەرهـەنگەکەش بـەجۆرێکی پـەیکاڵی دروسـتەی چـەمکی جیهـانی دانـراوە. تیـۆری فـۆڕمی لـۆژیکی، کـە تیایـدا ڕادەکـان لـەناو سینتاکسدان و وێنـە ئـاوێنـەی دروسـتەی چـەمکیە، تیـۆری ڕۆڵـی بابەتانـەی (GB) بـە ڕێـسای یـەکبوونی فۆڕمی لۆژیکی داناوە.**

**بەشێوەیەکی ساکارکراوە، دەروازە فەرهەنگیـەکان یەکێکـە لـەو پێکهاتانـەی، کـە پەیوەندییـە چـەمکیەکان و پەیوەندیـە سینتاکسیەکان تیایـدا وێنـە دەدەنـەوە. ئەمـەش ڕێگـەمان دەدات دەروازە فەرهەنگیــەکان لــە شــێوەی پۆلەڕەگــەزی سینتاکــسیی و دروســتەی چــەمکییدا**

---

٣٠٩ بڕوانە: ( R.V.Valin (2005:18

دابڕێژین*. چونکە نیشانەکانی وەچەپۆلێندیاریکردن و جێکەوتە سینتاکسیەکان پەیکاڵی هەریەك لە ئارگومێنتە چەمکیەکانەو دەتوانرێت لێیانەوە یاساورێسای گشتی پێشبینیبکرێت، ئەم دیاریکردن و بە نموونەییکردنە لە ڕێزمانی (Filmor) و (GB) وەك پێدانی ڕۆڵی بابەتانە دیارە. لەگەڵ ئەمانەشدا لە تیۆرەکاندا بەگشتی دیاریکردنی یاسای پەیکاڵبوونی دروستەی سینتاکسیی و چەمکیی ئاوا ڕێكوڕەوان و سانا نییە. حاڵەتیش هەیە، پەیکاڵبوونی ئارگومێنتە چەمکیەکان لەگەڵ جێکەوتەی ئارگومێنتە سینتاکسیەکان وەك چەمك یەکناگرنەوە، بکەرنادیاری لە دەربڕاوە ئاساییەکاندا /داڕشتەییەکان/و میتافۆڕ، پڕاگماتیك، ئیدیەم...لە دەربڕاوە ناداڕشتەییەکاندا بەگشتی لەم چەشنەن[٣١٠].

سێ ستراتیژ بۆ پەسنکردنی ئەم حاڵەتە هەیە. لەناو ئەمانیشدا ستراتیژی وردتر هەن، وەك[٣١١]: (ا)ستراتیژی سینتاکسیی، بۆدیاریکردنی ئەم چەشنە ڕۆڵی(بابەت) هەمیشە جێکەوتەی سینتاکسیی قووڵی خۆی هەیە، بۆ پەیکاڵبوونەکە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ دەستنیشانکردنی پەیوەندیی نێوان سینتاکسی قووڵ و ڕوکەش، کە ستراتیژی سینتاکسیەو لە ڕێزمانی بارو حاڵەتدایە[٣١٢]، (بابەت) هەمیشە دۆخی بابەتی ژێرەوەی هەیە، وەك (٣٢).

٣٢- ڤالان دەرگاکەی کردەوە.

(ب)هەرچی ستراتیژی یاساکانی پەیکاڵبوونە، ئەمان لە دەرەوەی کەرەستە فەرهەنگیەکانن و بەپێی ئەمانە دەروازە فەرهەنگیەکە بەتەواوی ئەو چێوە سینتاکسیە دیاریو دەستنیشان ناکات، کە چۆن ئەو چێوانە لەگەڵ دروستە چەمکیەکاندا پەیکاڵدەبن، زۆرتر جیاوازی یاسا فەرهەنگیە زیادەکان یارمەتی بنیاتنانی ئەم یەکگرتنە دەدات. بۆنموونە بەپێی (یاسای بابەت)، ئەگەر (کارایەك) هەبوو، ئەوا لە جێکەوتەی (بکەر) دا دێت، ئەگەر (بابەت) هەبوو لە جێکەوتەی (بەرکار) دەردەکەوێت (بەمەرجێك جێکەوتەی بکەر پڕکرابێتەوە). پەیوەست بە کرداری /کردنەوە/ەوە، ئەگەر کارایەك هەبێت ئەوا لە جێکەوتەی بکەردا دێت و ئەگەر بابەت هەبێت لە جێکەوتەی بەرکار دێت.

---

* بۆ چۆنێتی داڕشتنی پۆلەڕەگەزی سینتاکسی و سیمانتیکی، بڕوانە بەشی دووهەم.

310 بڕوانە : (ا) بەکر عومەر قادر (٢٠٠٠). (ب) هۆگر مەحمود فەرەج (٢٠٠٠).(پ) شیلان عومەر حسەین (٢٠٠٩)). پەیوەست بەم بابەتەوە لەپارەکانی داهاتوودا بە وردیی شیکراوەتەوە.

311 بڕوانە: .R.Jackendoff (1991:156)

312 بڕوانە: (ا) یوسف شەریف سەعید(١٩٩١و٢٠١٠).(ب) سەباح ڕەشید قادر(٢٠٠٧و٢٠١٠).

٣٣-أ- دەرگاکە کرایەوە.

ب- ڤالان دەرگاکەی کردەوە.

کەواتە چەشنی کردارەکە پێماندەڵێت کارابییە، یان بابەتیە، وەك (٣٤).

٣٤-أ- بەردەکە خلبوویەوە. (بابەتیە).

ب- من بەردەکەم خلکردەوە. (کارابییە).

(پ) ستراتیژی فەرهەنگی، پەیوەست بە فەرهەنگەوە هەموو ئەو یاساودروستەوزانیارییانەی لە خۆگرتووە(بڕوانە٢/٢)، کە دەتوانرێت پەیکاڵبوونێتی سیناکسیو سیمانتیکی کەرەستەکانی پێدیاریبکرێت. بۆ نموونە/کردنەوە/ دوو فۆڕمی فەرهەنگی هەیە، یەکێکیان تێپەڕو ئەویتریان تێنەپەڕە وەك (٣٣). واتە لە ستراتیژی فەرهەنگیدا کردارەکانی (+هۆکاریی) (کردنەوە، گەشاندنەوە، پێداپۆشین...) کاراییو (- هۆکاریی) (گەشانەوە، کرانەوە، خستن، بوون) بابەتین. با بڕوانینە ئەم ڕستەیەیش:

٣٥- ژنێکت بۆ دەهێنم.

لە (٣٥)دا ئەگەر (بۆ خۆم ژن بهێنم) ئەوا (بابەتیە)و ئەگەر (بۆ تۆ بهێنم) ئەوا (کارابییە)، لێرەدا ئامانج جیاوازە، هەروەها بڕوانە: (٣٦)و (٢١).

٣٦-أ- ئاوەکە تەنکیەکەی پڕکرد. (بابەتیە).

ب- ڤاریێ تەنکیەکەی بە ئاو پڕکرد. (کارابییە).

٢١-أ-

پێداپۆشین

V

--- <{ NP$_k$ پێ PP} > NP$_j$

{+هۆکاریی ({ }i، {گۆڕین {دەبێت ({ }k، {لەسەر { }j{ })}}}

ب-

داپۆشین

V

--- NP$_j$

{-هۆکاریی ({ }i، {گۆڕین {دەبێت ({ }، {لەسەر { }j( )}}}

ئەو کردارانەی پەسنی شوێن و جوڵە دەکەن، یاساکانی پەیکاڵبوونی سینتاکس و سیمانتیك لە {NP، VP، PP} لەو ڕێیەوە ڕونە (NP) شتێك ئاماژە پێدەدات، PP شوێن و ڕێڕەو، ڕستەکەش بەگشتی ئاماژە بە هەڵوێستێك دەدات و (V) بەتەواوی دیاریکەری کردەی شتێکە لە شوێنێکدا. گۆکردنی سیمانتیکی ئەو شتەی، کە جووڵەو پێگەی هەیەو ڕۆڵی بابەتی (theme) دەگێڕێت، بە (NP) دانراوە.

پەیکاڵبوونی ئارگومێنتی چەمکیی لەگەڵ جێکەوتەی سینتاکسیی بە تەواوی کۆت و بەندکراوە، تەنانەت لە دەربڕاوە نادارِشتەییەکانیشدا. پێشبینی لەو بوارانە کراوە، کە پەیوەندی نێوان ڕۆڵە سینتاکسیی و سیمانتیکیەکان، کە زۆر بەتوندی پێکەوە پەیوەستن، زیاتر لەو کۆت و بەندو مەرجانەی، کە تا ئێستا لە ئارادان. (Chomsky) تێبینی پەیوەندی توندوتۆڵی نێوانیانی کردووە. تیۆری پەیوەندی نێوان ئارگومێنتە سیمانتیکی و سینتاکسیەکان لە ئێستادا بەگشتی بە تیۆری پەیوەندکردن ناوبراوە (linking theory)[٣١٣]. بەهێزترین گریمانە لە پەیوەندکردندا بریتیە لە گریمانەکەی (Baker-1988) ، کە بە (UTAH) ناسراوەو تیایدا بانگەشەی ئەوەی کردووە کە پەیوەندییە بابەتانە لەیەکچووەکانی نێوان کەرەستەکان بەهۆی پەیوەندییە دروستەییە لەیەکچووەکانی نێوان ئەو کەرەستانەی لە ئاستی دروستەی قووڵدان، دەنوێنرێن[٣١٤].

کۆمەڵە تیۆرییەکی تری جیاواز هەن[*]، لە کارەکانیاندا لەباتی دیاریکردنی هەر ڕۆڵێکی بابەتانە لە جێکەوتەی سینتاکسی تایبەتدا، ئەم تیۆرانە بانگەشەی دیاریکردنی یەکگرتنی نێوان لیستی ڕێساکانی ڕۆڵی بابەتانە (نەخشەی ئەندازەیی (هەرەمی) بابەتانە)و لیستی ڕێساکانی ڕۆڵە سینتاکسیەکان دەکەن. فۆڕمی گشتی ئەم یەکگرتنە/پەیکاڵبوونە لە (٣٣)دا دیاریکراوە. پەیوەستکردنی نەخشەی ئەندازیاری ئارگومێنتەکان و ئەم فۆڕمی گشتیە لەسەر بنەمای ئەو یاسایانە ڕێکخراوە، کە (R.Jackendoff -1991) دیاریکردووەو خستویەتەڕوو، هەر یەك لەو یاسایانەش لەسەر بنەمای کۆمەڵێك ڕێسا بنیادنراون.

### ٣/٣–١) یاساکانی پەیوەندکردن

**یاسای یەکەم: یاسای هەڵواسینی بابەت(Theme):**

ڕێسای(١)): ڕستەیەك لە فرێزێکی پێشناویی (NP + P) لە (VP) دا پێکدێت، ئەگەر جێکەوتەی بابەت لە دەروازەی فەرهەنگی کردارەکەدا نیشانەکرابوو، کەواتە بەرکاری (P)

---

[٣١٣] بڕوانە: .R. Jackendoff (1991:246)

[٣١٤] بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[*] وەك: ( Van Valin (1984)، Carter (1976)، Marantz (1984)...

دەتوانرێت وەك بابەت لێکبدرێتەوە. بۆ ئەمە لە نمونەی (٢٨) دا گەر بڵێین>نانەکەمان بە شتێك چەورکرد< نادروستە.

ڕێسای(٢): ئەگەر V پەیکاڵی {... دەبێت ({X}...)..}بێت، P {X} نیشانەکراوبێت و (NP) پەیکاڵی {Y} بێت، ئەوا {s... {vp V...}pp لەگەڵ NP{..}..} دەکرێت پەیکاڵبێت، لەگەڵ{... دەبێت ({$^{X}_{Y}$}...)...}، کاتێك {$^{X}_{Y}$ } لە یەکگرتنی {X} و {Y} وە هاتبێت.

بۆ ڕونکردنەوەی ئەمەش بڕوانە (٣٧).

٣٧-ا- ئاوەکە تەنکیەکەی پڕکرد.

ب- ئالان تەنکیەکەی پڕکرد لە ئاو.

لە(٣٧-ا) دا /ئاو، تەنکی/ ئارگومێنتن. خوێندنەوەی یەکگرتنی ئارگومێنتیی بکەریی لەگەڵ ئامازەبەندیی ئارگومێنتی بەرکاردا لە (ب) دا یەکیانگرتووە لەگەڵ پەسەنکردنی دروستەیەکی هەڵواسراو بە یاسای هەڵواسین، بایەخی ئەمە لەوەدایە، کە دەتوانین لەگەڵ یەکگرتنی ئارگومێنت و وەچەپۆلەڕەگەزدیاریکردن، بەهۆی یاسای دیاریکردنی پێکهاتەشەوە واتای پێکهێنراوەکە بدۆزینەوە.

ڕێسای(٣): ئەگەر V پەیکاڵی {... دەبێت ({X}..)..}، P {X} نیشانە نەکراو بێت و NP پەیکاڵی {Y} بێت، ئەوا {s..{vp V...}pp P NP}..{...} دەکرێت پەیکاڵبێت لەگەڵ {... دەبێت ({$^{X}_{Y}$}...)...} کاتێك {$^{X}_{Y}$ } لە یەکگرتنی {X} و {Y} جیاواز بێت لە {X}دا.

زانیاری سیمانتیکی کردار مەرج دادەنێت بۆ ئارگومێنتەکانی، ئارگومێنتی ناواخنی و ئاشکرا دەردەکەون (بڕوانە نمونەکانی(٥٥)/پێدان، خواردن/).

یاسای دووهەم: نەخشەی ئەندازەیی پەیوەندکردنی ئارگومێنتیی:

ڕێسای (١): نەخشەی ئەندازەیی بابەتانە: ڕێسای ڕۆڵی بابەتانە $\Theta$ لە دروستەی چەمکیی فەرهەنگی (LCS) ی کردارێکدا (V)، لە یەکەمەوە تا ناکۆتا (nth)، بۆ هەڵگواستنی دروستەی ئارگومێنتی سینتاکسی کردار (V)، دەبێت ئەوڕێسای ڕۆڵی بابەتانەیە لە یەکەمەوە تا ناکۆتا ڕۆڵ، لەگەڵ نەخشەی ئەندازەیی سینتاکسیدا یەکبگرن/پەیکاڵبن.

بە واتا ئەو ڕۆڵانەی کردار دیارییاندەکات دەگۆڕێن، ئەم ڕێسای (١) لە تاوتوێکردنی هۆکاری سەرپشکی کرداری (کردنەوە)دا ڕونکراوەتەوە:

٣٨-أ- دەرگاکە {بابەت} کراوەتەوە.
ب- ڤالان {کارا} دەرگاکەی {بابەت} کردەوە.

بەپێی تیۆری چەسپاوی (UTAH)، (بابەت) پێویستە لەهەمان جێکەوتەی دروستەی قووڵی (٣٨-أ، ب) دا دەربکەوێت. پێویستە جیاوازییەکان لە جێکەوتەی ڕوکەشدا بێت. ئەمەیش دەرەنجامی گواستنەوەو جێگۆڕکێ و جوڵاندنە سینتاکسیەکانە لە ڕێبازی نەخشەی ئەندازەییدا. جێکەوتەی ڕوکەشی (NP) ەکان، دەتوانرێن بە ڕاستەوخۆیی بەهۆی ئەم تیۆرییە پەیکەرییانەوە دیاریبکرێن [٣١٥]، (بڕوانە ڕێسای (٢)):

ڕێسای(٢): نەخشەی ئەندازەیی بابەتانە (thematic)
کارا > بابەت
ب) نەخشەی ئەندازەیی سینتاکسی
بکەر > بەرکار
پ) بنەماکانی پەیوەندکردن

یەکگرتنی ڕێساکانی ڕۆڵی بابەتانە لە (LCS) داو لە نەخشەی ئەندازەیی سینتاکسیدا لە ڕاستەوە بۆ چەپە. ئەگەر (LCS) تەنها لە (بابەت) پێکهاتبێت، ئەوا ئەو ڕۆڵە لەگەڵ جێکەوتەی بکەردا یەکدەگرێت، ئەگەر (LCS) لە (کارایەك و بابەتێك) پێکهاتبێت، ئەوا یەکەمیان لەگەڵ جێکەوتەی بکەرو دووهەمیان لەگەڵ جێکەوتەی بەرکاردا یەکدەگرێت. وەك ڕونکرایەوە ڕێسای (٢) وەچەبەشێکی ڕێبازی نەخشەی ئەندازەیی پێکدەهێنێت.
چەمکی بنەڕەتی پێڕەوی کارکردن لای (R. Jackendoff) لەو خاڵەوە سەرچاوەی گرتووە، کە بریتیە لە خودی پەیکاڵبوون و یەکگرتنی ڕۆڵی بابەتانە لەگەڵ سینتاکسدا [*]. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە ئەوە بەدیاربخرێت، کە سیمانتیکی چەمکیی چی دەتوانێت بەئاکام بگەیەنێت بۆ تیۆری پەیوەندکردن و چۆن ئەم پرۆسەیە جێبەجێدەکات. بۆ لێکدانەوەی ئەمە

---

[315] بڕوانە: .R. Jackendoff (1991:247)

[*] ئەم بۆچوونەی ئەم جیاوازە لە چۆنێتی دیاریکردنی نەخشەی ئەندازەیی سینتاکسی لای (Foley & Marantz 1984 & Van. Valin 1984) ئەمان یەکگرتنی ڕاستەوخۆی سینتاکسی دەگەڕێنەوە بۆ ڕیزبەندی دروستەی فرێز (Bresman & Kanerva 1989) یەکگرتنی ڕۆڵەکانی گۆکردنی لە (LFG)دا کە بکەرو بەرکار دیاریکەرێتی ( Carrier-Dun can 1985) لە یەکگرتنی نیشانەپێدانی- دۆخ (بکەریی، بەرکاریی، خستنەسەر...) دەدوێن لە کارەکانیاندا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

a. R. Jackendoff.(1991&1999&2005&2009) & b. V.Valin (2005).

دەبێت ئەم دوو خاڵە تاوتوێبکەین: (١) چۆن سیمانتیکی چەمکیی دەتوانێت دەمەزەردی دارشتنەوەی تیۆری پەیوەندکردن بکات؟ (٢) بەپێچەوانەوە، ئەی چۆن تیۆری پەیوەندکردن دەمەزەردی سیمانتیکی چەمکیی دەکاتەوە؟

با لە بەشداری سیمانتیکی چەمکیی لەگەڵ تیۆری پەیوەندکردندا دەستپێبکەین. لێرەدا جێکەوتەکان سەنگی مەحەکن، لەبەرئەوەی هەم ڕۆڵە بابەتانەکان و هەم نیشانە فەرهەنگیەکان دەتوانرێن بەرجەستە بکرێن. بە واتایەکی تر خاڵی بەیەکگەیشتن و یەکگرتنی هەردوو چەشنی پۆلەڕەگەزی چەمکیی وسینتاکسییە. ڕۆڵە بابەتانەکان بە فەرمی وەك جێکەوتەی ئارگومێنتی تایبەت لە دروستەی چەمکیدا ناسێنراون[٣١٦]. دیاریکردنی جێکەوتەکان دەبنە بنەما بۆ نەخشاندنی نەخشەی ئەندازەیی هاوشێوەی دروستەی سینتاکسی بۆ دروستەی چەمکیی. بەمەش تا ڕادەیەك دەتوانرێت سنورێك بۆ بەرفراوانی چەمك دابنرێت. بۆ نمونە (کارا (بزوێنەر)) بە فۆرمەلی وەك یەکەم ئارگومێنتی دروستەی چەمکیی ناسێنراوە، کاریگەری لەسەر ئارگومێنتی دووهەمی دروستەی چەمکیی هەیە، (بابەت)، ئەمیش بە فۆرمەلی وەك یەکەم ئارگومێنتی هەریەك لە پۆلەکانی گۆکردنی (شوێن، جوڵە) (چوو، دەبێت، مانەوە، گۆڕین، جووڵە...) ناسێنراوە.

(ئامانج) وەك ئارگومێنتی (بۆ)، (سەرچاوە) وەك ئارگومێنتی (لە) ناسێنراوە، (ڕۆڵگێڕ) یەکەم ئارگومێنتی کاریگەرییە (AFF)، (کارتێکراوو سوودمەندیی) دووهەم ئارگومێنتی کاریگەرییە (AFF)، بەم شێوە زاراوەکان و مەرجەکان لە نەخشەی ئەندازەیی بابەتانەدا دەتوانرێت دیاریبکرێن، وەك یەکگرتنێکی فۆرمەلی هەروەك ئەوانەی لە نەخشەی ئەندازەیی سینتاکسیدایە. زیاتر لەوەیش سیمانتیکی چەمکی تەکنیکی زیاتری بۆ هاندان و بەهانە هێنانەوەی بە ڕۆڵە بابەتانەکان بەخشیوە وپێشکەشکردووە. دواتریش دیاریکردنی نەخشەی ئەندازەیی بابەتانە دەکەوێتە سەر بنەما چەسپاوەکان و جەختکردنەوەیان. وەك (٣٩).

٣٩-أ- خۆڵی بارکردە ناو لۆرییەکە.

ب- لۆرییەکەی بارکرد بە خۆڵ.

لەپێشەوە ئەوە خرایەڕوو، کە ڕۆڵی بابەتانە $\Theta$ بەهۆی (NP) تایبەتەکانەوە دەردەبڕدرێن و بە بەستنەوەیان بە دروستەی چەمکیەوە پێکەوە پەیوەستدەکرێن.

---

316 بڕوانە: R. Jackendoff(1991: 250)

**ڕێسای(٣): نەخشەی ئەندازەیی بابەتانە: ڕۆڵی بابەتانەی Θ زاڵکراو لە (LCS)ی کردارێکدا لە یەکەمەوە تا ناکۆتا، بۆ هەڵگواستنی دروستەی ئارگومێنتی سینتاکسی کردار ڕێکبخە. دەبێت ئەو ڕێسایانەی ڕۆڵەکانی Θ لە یەکەمەوە تا ناکۆتا ڕۆڵ، لەگەڵ نەخشەی ئەندازەیی سینتاکسیدا یەکبگرن.**

بۆ ئەمە، ئەگەر سەیری کردارەکانی /فرۆشت، گۆڕی، کڕی، برد.../ بکەین، دەبینین کە ئارگومێنتە NPییەکانی ڕۆڵی بابەتانەی جۆراوجۆر وەردەگرن. ئەگەر پەیوەندکردن مەرجدار بێت، ئەوکات زۆر گرنگ نییە، کە ڕۆڵەکانی Θ وەك زاڵکراو هەڵبژێرێت. بۆنموونە بکەری کرداری /کڕی/ دەتوانرێت بە ڕاستەوخۆیی بە (ڕۆڵگێڕەوە) پەیوەست بکرێت یان لە گواستنەوەی پێچەوانەیدا بە (ئامانجەوە) یان تەنانەت بە (سەرچاوەشەوە). لێرەدا پێویستە ئاماژە بە بنەماکانی زاڵکردنی ڕۆڵی بابەتانە Θ بدرێت ((بڕوانە ڕێسای (٤)).

**ڕێسای(٤): بنەمای ڕۆڵی بابەتانە Θ ی زاڵکراو: ڕۆڵی بابەتانە Θ ی زاڵکراو لە پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی بەندی ڕۆڵی بابەتانە Θ لە (LCS)ی کردارێکدا، ئەو ڕۆڵەیە کە بریتی دەبێت لە بەرزترین ڕۆڵیان لە نەخشەی ئەندازەیی بابەتانەداو لە نەخشەکەدا بە هێمای (A) دیاریکراوە.**[317]

بۆ ئەمەیش لێکدراوێتی ڕۆڵی بابەتانە Θ پێکهاتووە لە ڕۆڵگێڕو هەر شتێکی تر بێت، کە هەمیشە وەك ڕۆڵگێڕ ڕۆڵدەگێڕێت. هۆکەی ئەوەیە، کە ڕۆڵگێڕ بەرزترین ڕۆڵە لەسەر نەخشەی ئەندازەیی بابەتانە. لەبەرئەوە ڕۆڵی بابەتانە Θ ی زاڵکراوی بۆنموونە بکەری کرداری /کڕی/ بریتیە لە ڕۆڵگێڕ.

تیۆری پەیوەندکردن چی دەتوانێت بکات بۆ سیمانتیکی چەمکی؟ وەك لەپێشەوە تێبینی کرا، هۆهاندەرو پاڵنەر لەپشت تیۆری پەیوەندکردنەوە بریتیە لە دەستبەسەراگرتنی مەرجدانانی هاونیشانەکردن لەنێوان ئارگومێنتە چەمکیەکان و سینتاکسیەکاندا. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، چۆن دەتوانین هەوڵبدەین دەروازەی فەرهەنگی ساکارو سانا بکەینەوە؟ بۆ نموونە کرداری تێپەڕی /کردەوە/ لە (٢٢) دا نوێنراوە.

٢٢- [ کردنەوە
V
{هۆکاری ({شت}، {چوون دیاریکراو} ({شت}، {لە {کردەوە}})})} ]

[317] بڕوانە: R. Jackendoff(1991: 250)

لە (٢٢) دا یاساکانی پەیوەندکردن دەتوانن بە سینتاکسی ئارگومێنتەکانی /کردنەوە/ کە دوو پێکهاتەی (شت) دەربڕن و دیاریبکەن. (شت) ەکان دەبێت بەهۆی (NP)یەکانەوە دەربڕێن. دروستەی ئارگومێنتی سینتاکسی دەبێت لە دوو NP پێکهاتبێت: یەکێك لەو شتانە (کارایە)و ئەویتریان (بابەت). بنەماکانی پەیوەندکردن دیاریکەری جێکەوتە سینتاکسیەکانە: (کارا) دەگەڕێتەوە بۆ جێکەوتەی (بکەریی)و (بابەت) بۆ جێکەوتەی (بەرکار)یی.

لە (LCS) دا نیشانەی (A) دیاریکراوە. لێرەدا بنەمای ڕۆڵی بابەتانەی Θ زاڵکراو دیاریکەری ئەو جێکەوتەو پێکهاتە چەمکییەیە کە بە (A) نیشانەکراوە.

٢٣) دەروازەی فەرهەنگی (کردنەوە)

٢٣- 
کردنەوە
V
{هۆکاری ({شت}A، {چوو ({شت}A، {لە {کردەوە}}})})}

هەروەهانموونەکانی وەك (خواردن) و (قوتدان) کە لە (٢٤)دا دیاریکراوە.

٢٤ -أ-
قوتدان
V
هۆکاری ({شت}A&، {چوون ({شت}<A>، {لە {ناو {دەم-ی &}}}})})}

ب-
خواردن
V
{هۆکاری ({شت}A&، {چوون ({شت}A، {لە {ناو {دەم-ی {&}}}})})}

تەنها جیاوازی نێوانیان ئەوەیە کە نیشانەی (A) لە / قوتدان /دا لەنێوان (<>)دایە. ئەمە واتای ئەوەیە، کە سەرپشکیەو بەپێچەوانەشەوە /خواردن/ نیشانەی (A) بەخورتی لەسەر ئارگومێنتی دووهەمە، لەبەرئەوە هەمیشە تێپەڕە.

**بەکورتیی، دەروازەی فەرهەنگی ئارگومێنتی چەمکیی مەرجدار دەکات بە(نیشانەپێدانی A)، بەڵام جێکەوتەی سینتاکسیی کۆتوبەند ناکات بەوەی بۆ کام ئارگومێنت پەیوەستدەکرێت.**

**بۆ زانینی ناواخنی یاساکانی پەیوەندکردن، پێویستە ئاماژە بە بنەما بنەڕەتیەکانی نەخشەی ئەندازەیی بابەتانە بدەین کە بریتین لە:**

**ڕێسای(٥): نەخشەی ئەندازەیی بابەتانە، ئارگومێنتی نیشانەکراوی (A) لە چینی کردەکەدا لە ڕاستەوە بۆ چەپ دابنێ، بەدوایدا ئارگومێنتەکانی نیشانەکراوی A لە ڕستیلەی چەمکی سەرەکیدا چینی بابەتانەدا لە کەمترین (بچوکترین) بەش تا قوڵترین بەش ڕێکبخە.**

**بۆ وردکردنەوەی زیاتر نەخشەی ئەندازەیی دەتوانین لەم لیستەی خوارەوەدا، کە پێکهاتەی پەیوەستکراو بە (*) نیشانەکراوە بخەینەڕوو((بڕوانە ڕێسای (٦)و ڕێسای(٧)):**

**ڕێسای(٦): ڕیزبەندی نەخشەی ئەندازەیی بابەتانە.**

أ. {AFF (X*، <Y>)} **(ڕۆڵگێڕ)**[318]

**ب.** {AFF (<X>، Y*)} **(کارتێکراو** (AFF) **یان سودمەند** (+AFF)

**پ.** {**ڕوداو/حاڵەت** F (X*، <Y>)} **(بابەت)**

**ت.** {**ڕوداو/شوێن** F (X*)} **(شوێن، سەرچاوە، ئامانج)**

**ڕێسای(٧): نەخشەی ئەندازیاری سینتاکسی**

أ) {...*NP S}

**ب)** {...*NP V VP}

**پ)** {...*NP ...V VP}

**لەسەر بنەمای ئەو ڕێسایانەی سەرەوە لێکدراوێتی ڕۆڵی بابەتانەو دروستەی ئارگومێنتی NP لەگەڵ ڕۆڵەکانی بابەتانەی زاڵکراو (هێڵی بە ژێردا هاتووە) لە (٢٥)دا خراوەتە ڕوو**[319]**:**

**٢٥- تێنەپەڕ:**

**أ. <u>ڕۆڵگێڕ</u>/ بابەت: سارا (بۆ کاتژمێرێك) ڕۆیشت.**

**ب. <u>ڕۆڵگێڕ</u>/ سەرچاوە: دوکەڵکێشەکە دوکەڵی لێهاتە دەرەوە.**

---

[318] **خودی ڕۆڵی (کارا) هەمیشە بەندە بە ڕۆڵگێڕەوە، لەبەرئەوە ئاماژەی پێنەدراوە.**

[319] **بڕوانە:** R. Jackendoff (1991:259).

پ. ڕۆڵگێڕ یان کارتێکراو/ بابەت: تۆپەکە خلبویەوە.

ت. کارتێکراو/ ئامانج: ئۆتۆمبیلەکە کاری پێکرا. (کەوتە ئیش).

ج. سودمەند/؟: تەنها ڤالان سودی لە ئامۆژگاریەکە وەرگرت.

٢٦- تێپەڕ:

أ. ڕۆڵگێڕ/ کارا، کارتێکراو/ بابەت: سانا تۆپەکەی فڕێدا.

ب. ڕۆڵگێڕ/ کارا، کارتێکراو/ ئامانج: ئالان لە تۆپەکەی دا.

پ. ڕۆڵگێڕ/ کارا، کارتێکراو/ سەرچاوە: دزەکە پارەکەی دزی.

ت. ڕۆڵگێڕ/ کارا، سودمەندی: کچەکە یارمەتی کوڕەکەی دا.

ج. ڕۆڵگێڕ/ کارا، سودمەندی/ ئامانج: دۆڵابەکە پێویستیەکانی خوێندکارانی تێدایە لەگەڵ کتێبەکاندا.

ح. ڕۆڵگێڕ/ بابەت، کارتێکراو/ ئامانج: بەفر کێڵگەکەی داپۆشیوە، ئۆتۆمبیلەکە خۆی بە دارەکەدا کێشا.

چ. ڕۆڵگێڕ/ بابەت، سەرچاوە: ڤالان لەماڵەوە مایەوە.

د. ڕۆڵگێڕ/ بابەت، ئامانج: دوکەڵەکە هاتە ژوورەکەوە.

ر. ڕۆڵگێڕ/ بابەت، بابەتی ئاماژەبەندی: فڕۆکەکە بەسەر شاخەکەدا بەرزبویەوە. ئۆتۆمبیلەکە بە بەردەم ماڵەکەدا تێپەڕی.

ز. ڕۆڵگێڕ/ سەرچاوە، بابەت: ئاو سەرچاوەی ژیانی زیندەوەرانە.

ژ. ڕۆڵگێڕ/ ئامانج، بابەت: ڤاریێ دیارییەکی وەرگرت.

ڕ. ڕۆڵگێڕ یان سودمەند/ ئامانج، بابەت: شەن کارێکی بەدەستهێنا.

س. کارتێکراو/ سەرچاوە، بابەت: شەن پارەکەی لێکەوت.

ش. بابەت، شوێن: شێر لە ئەفەریقا دەژی، کەنگەر لە ئوستورالیا دەژی.

ع. بابەت، *دیاریکردنی* ئاماژەبەندی بابەت: یادە نوێنەرە.

غ. کارتێکراو/؟: ڤاریێ گوێرایەڵی مامۆستاکەی بوو.

تێبینی/ ڕۆڵی سایکۆی کردار "psych-verbs" بە تاقیکەرەوەی ناوبراوەو بریتیە لە (شوێن، ئامانج) لە چینی بابەتانەدا.

٢٧- شیکردنەوە سەرەتاییەکانی (سایکۆ- کردار) پەرچەکردار یان کاردانەوەی کردار ئەم ئەگەرانە لەخۆدەگرێت:

أ) ڕۆڵگێڕ/ کارا، کارتێکراو/ ئامانج: ڤالان ئالانی ترساند.

ب) (Re) ڕۆڵگێڕ/ ؟، بزوێنەر[*]/: یادە ڕقی لە باکۆیە.

٢٨- ئەو کردارانەی داوای دوو بەرکار دەکەن ( Diatrasitives):

أ) ڕۆڵگێڕ/ کارا، کارتێکراو/ سەرچاوە: ڤالان یارییەکەی لە سانا تێکدا.

ب) ڕۆڵگێڕ/ کارا، کارتێکراو/ بابەت، ئامانج دیاریکردن: زانکۆ نازی کرد بە زمانەوان.

پ) ڕۆڵگێڕ/ کارا، سەرچاوە، سودمەند/ ئامانج: تاڤی کتێبەکەی بە شایەن دا.

لیستی ئەگەرەکانی پەیوەندکردن پەیوەست بە سینتاکس و سیمانتیکەوە لە تۆڕی (٢٩)دا دیاریکراوە.

٢٩)


ڕۆڵگێڕ

کارتێکراو/ سودمەند — بکەر (ئارگومێنتی دەرەکیی)

بابەت — بەرکاری یەکەم

سەرچاوە/ ئامانج/ ئاماژەبەندی بابەتیی — بەرکاری دووهەم

ئامانج دیاریکردن/ ئاماژەبەندی بابەتیی



بۆ تەواوکردنی تیۆری پەیوەندکردن و پڕاوپڕبوونی دەبێت چۆنێتی یەکگرتنی ئارگومێنتەکان و هۆکارەکانی دیاریبکرێن. یاسای یەکگرتنی ئارگومێنتیش خۆی لەم ڕێسایانەدا دەبینێتەوە:

ڕێسای(٨): هۆکاری یەکگرتنی ئارگومێنتەکان: بۆ پێکهێنانی دروستەی چەمکیی بۆ فرێزێکی سینتاکسیی XP ، کە سەرەکەی کەرەستەیەکی فەرهەنگیی (H) بێت ئەوا:(أ) بۆ هەر پێکهاتەیەکی نیشانەکراو لە (LCS)ی (H) دا، دروستەی چەمکیی فرێزی(p) جێکەوتەی هاونیشانەکراو تێردەکات، ئەمە، لە نیشانەی وەچەپۆلەڕەگەز دیاریکردنی (H)دا یەکیپێبگرە .(ب) ئەگەر (H) کردارێك بێت، دروستەی چەمکیی بکەرەکە لەناو پێکهاتەی نیشانەکراوی (i) لە (LCS)ی (H) دا، یەکیپێبگرە.

ڕێسای(٩): هۆکاری یەکگرتنی ئارگومێنت لەسەر بنەمای: (١) بنیاتنانی پەیوەندی نێوان ئارگومێنتەکان.(٢) یەکپێگرتنی خوێندنەوەکانی ئارگومێنتەکان لەگەڵ جێکەوتەی ئارگومێنتەکاندا، جێبەجێدەکرێت.

---

[*] بزوێنەر (stimulus) دووهەم ئارگومێنتی (React) ە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: R. Jackendoff (1991:260).

**یاسای سێهەم: بۆپەیوەندکردنی ئارگومێنتەکان:**

**ڕێسای(١): (أ) پێکهاتەکانی نیشانەکراوی (A) لە (LCS) کرداردا بەپێی نەخشەی ئەندازەیی بابەتانەی (ڕێسای(٦)) ڕێکبخە.(ب) پێکهاتەی NP لە دروستەی سینتاکسیدا بەپێی نەخشەی ئەندازەیی (ڕێسای(٧)) ڕێکبخە.(پ) لە یەکەمەوە تا ناکۆتای NPکان، لەگەڵ یەکەم پێکهاتەی نیشانەکراوی (A) تا ناکۆتای بەدوای یەکدا هاونیشانە بکە.**

**هەڵبژاردنی هاونیشانەکردنەکە لەنێوان ئەگەرەکانی تۆڕی (٢٩) دایە.**

**ئەم ڕێسایە دروستەی سینتاکسیی کرداری /کردەوە/ی (٣٠) مان دەداتێ کە لەگەڵ (٣١-أ)دا یەکیگرتووە، کە لە شێوازی (٣٢-أ)دا دیارخراوە، لەگەڵ (٣١-ب) یەکیگرتووە وەك لە (٣٢-ب) دا دیارە.**

**٣٠- {S {NP قالان} {NP دەرگاکەی} {VP کردەوە}}.**

**٣١-أ- {هۆکاری ({شت قالان}A، {چوون ({شت دەرگاکە}A، {کردەوە}})})}.**

**٣١-ب- {چوون ({شت قالان}A، {To {کردەوە}})}.**

**٣٢-أ- {{قالان}i {کردیەوە {دەرگاکە}j }} پەیکاڵی**

**{هۆکاریی ({شت}i {چوون ({شت}j ، {To {کردەوە}})})}.**

**٣٢-ب- {{قالان}i {کردیەوە {دەرگاکە}}} پەیکاڵی**

**{چوون ({شت}i ، {To {کردەوە}})}.**

**ڕێسای (٢) بۆ یەکگرتنی ئارگومێنت: بۆ پێکهێنانی دروستەی چەمکیی فرێزێکی سینتاکسی، کە دەکرێت، لەگەڵ (LCS)ێکدا پەیوەندبکرێت، دروستەی چەمکیی هەر جێکەوتەیەکی سینتاکسی نیشانەکراو لە پێکهاتەی چەمکی هاونیشانەکراودا لە (LCS)ەکەدا یەکیپێبگرە.**

**ئەم ڕێسایە بەسەر هاونیشانەکردنی دروستەی سینتاکسیی و چەمکیی لە (٣٢-أ) جێبەجێدەکەین و دەرکردەکەیش، ڕستەی (٣٣) دەبێت.**

**٣٣- {قالان}i {دەرگاکەی}j {کردەوە}}} پەیکاڵە لەگەڵ**

**{هۆکاریی ({شت قالان}i، {چوون ({شت دەرگاکە}j، (To {کردەوە}})})}.**

ئەوەی گومانی تێدا نییە، ئەوەیە کە ئارگومێنتی سینتاکسی تر هەن، کە دەگەڕێنەوە بۆ پۆلەڕەگەزەکانی (PP، AP...). ئەمانە جێگرەوەن و لەگەڵ ئارگومێنتە (NP)یەکاندا دێن و بە پەیوەندکردنی نائارگومێنتی (NP) یەکان ناسراون[320] (بڕوانە (٤٠)):

٤٠-أ- ڤالان کوڕەکەی بە گێل/ ژیر دەزانێ. {لەبریدانانی AP/NP}

ب- شەن بە ئێمەی گوت، چیرۆکەکە/ کە ئەو تەزیوە. {لەبریدانانی S/NP}

وادیارە بە دیاریکردنی ڕێساکانی ئارگومێنتی NP، کە هاندەربوون لە تیۆری پەیوەندکردندا، ڕێگە بە هاونیشانەکردنی نێوان ئارگومێنتە چەمکیەکان و ئارگومێنتە سینتاکسییەکان (NPیەکان) بدرێت. لێرەدا هیچ گرفتێك نابێت، گەر هەمان ڕێسای پەیوەندی ئارگومێنتی (AP، PP، S) بۆ لێکدانەوەیان بەرجەستە بکرێت. ڕێسا پەیوەندییەکان لەلایەن بنەماکانی دروستەی فرێزەوە پێشبینی لێدەکرێت: (NP) لە ($\bar{V}$)دا یەك بەدوای یەکدا لەلایەن APs، PPs، Ss جێگەی دەگرنەوە. پەیوەست بە پەیوەندی ئارگومێنتی NP و نائارگومێنتی NP (AP، PP)، بڕوانە(٤١).

٤١-أ- ئایا هیچت دەربارەی ڤالان لە شەنەوە بیست؟/ئایا هیچت دەربارەی شەن لە ڤالانەوە بیست؟

ب- ئێمە هەمیشە دەربارەی ئەم کێشانە/ لەگەڵ منداڵەکانمان/ قسە ناکەین، ئێمە هەمیشە قسە ناکەین/ لەگەڵ منداڵەکانمان/ دەربارەی ئەم کێشانە.

پ- وەها دەردەکەوێت، کە کوڕەکە تاوانبار نەبێت.

یاسای چوارهەم: پەیوەندکردنی ئارگومێنت:

ڕێسای(١):(أ) پێکهاتە نیشانەکراوەکانی (A) لە (LCS)ی (V)دا بەپێی نەخشەی ئەندازەیی (ڕێسای(٦) ) ڕێکبخە. (ب) پێکهاتە NPیەکان لە دروستەی سینتاکسیدا بەپێی نەخشەی ئەندازیاری سینتاکسی ( ڕێسای (٧)) ڕێکبخە. (پ) بە سەرپشکیانە PPs، Apsی هاونیشانەکراو، لەگەڵ بە سەربەخۆیی Ss بۆ پێکهاتە نیشانەکراوەکانی (A) لە (LCS)دا هاونیشانە بکە. (ت) لە یەکەمەوە تا ناکۆتای (NPs) هاونیشانە بکە، لەگەڵ پاشماوەی پێکهاتە نیشانەکراوەکانی (A) لە ڕێسای بابەتانەدا، بە هەڵبژاردنی هاونیشانەکردنی لەنێوان ئەگەرەکانی لە تۆڕی (٢٩)دا ئاماژەی پێدراوە. بڕوانە (٤٢).

---

[320] بڕوانە: R. Jackendoff (1991:260).

٤٢-أ- ڤارێ هەندێ شتی سەیری بە شەن وت.

ب- ڤارێ بە شەنی وت کە ئاسمان سور بووە.

ئارگومێنتی بابەتی /گوتن/، دەتوانرێت بەهۆی (NP)یەکەوە وەك (٤٢-أ) دەربڕێت، یان بەهۆی (S)ێکەوە وەك (٤٢-ب).

ڕێسای(٢): بۆ پەیوەندکردنی ئارگومێنتی دەرەکیی:(أ) ئەگەر سەر (V) بێت و بکەرێکمان هەبێت، ئەوا ئارگومێنتی دەرەکیی لەگەڵ بکەردا هاونیشانە بکە (ب) ئەگەر سەر (V)ێك بێت و بکەرێك لەئارادا نەبێت، ئەوا ئارگومێنتە دەرەکیەکە لەگەڵ گۆڕاوی بەندێتی (S) تێر بکە (پ) ئەگەر سەر (N)ێك بێت، ئەوا نیشانەکردنی (A) لەسەر ئارگومێنتی دەرەکیی لابەرە. ئارگومێنتی دەرەکیی لەگەڵ (تۆ) تێردەکەن[321]. ئارگومێنتی دەرەکیی بە سادەیی بەرزترین ڕۆڵی Θ ی زاڵکراوی (LCS)ی (V) ە (بڕوانە ڕێسای(٣)).

پەیوەست بە بکەرو ئارگومێنتی دەرەکییەوە، بایەخدان بە ڕۆڵەکانی جێکەوتەی بکەر لە نەخشەی ئەندازەیی سینتاکسیداو بە جێکەوتەی ئارگومێنتی دەرەکیی لە (LCS) دا دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری جۆراوجۆر، چۆن کەسێك بیەوێت بەپێی ئەو بەشانە مامەڵەی جیاواز بکات؟ بکەر لەلایەن کردارەوە حوکمناکرێت، وەك هەموو ئارگومێنتە سینتاکسیەکانی تر. بەم شێوەیە ئارگومێنتی دەرەکیی دەتوانێت بە ڕێگای جۆراوجۆر بەکاربهێنرێت ( بڕوانە ڕێسای(٢)).

ڕێسای(٣):بۆ پەیوەندکردنی ئارگومێنت: (أ) پێکهاتە نیشانەکراوەکانی (A) لە (LCS)ی (V)دا بەپێی نەخشەی ئەندازەیی بابەتانە ( ڕێسای(٦)) ڕێکبخە.ب) پێکهاتەکانی NP لە (V)دا بەپێی نەخشەی ئەندازەیی سینتاکسی ( ڕێسای(٧) ) ڕێکبخە.(پ) یەکەم پێکهاتەی نیشانەکراوی (A) لەگەڵ ئارگومێنتی دەرەکیدا پەیوەست بکە.(ت) بە سەرپشکی PPs، APs و Ss بە سەربەخۆیی لەگەڵ پێکهاتەکانی نیشانەکراوی (A) لە (LCS)دا هاونیشانە بکە.(ج) NPs لە (V)دا لەگەڵ پاشماوەی پێکهاتەکانی نیشانەکراوی (A) لە ڕێساکانی بابەتانەدا هاونیشانە بکە، بە هەڵبژاردنی هاونیشانەکردنەکان لەنێوان ئەگەرەکانی تۆڕی (٢٩)دا.

یاسای پێنجەم: یاسای هەڵواسینی تێئاخنراوەکان:

ئەوەی گرنگە بگوترێت، ئەوەیە کە یاسای هەڵواسین لە دیاریکردن و هەڵگواستنی پەیکاڵبوونێتی سیمانتیك و سینتاکسی ڕستەدا بنەمایەکی چالاکە. لێرەدا ئالۆزییەکی

---

[321] بڕوانە: R. Jackendoff (1991:260).

بنەڕەتی لەوانی تر ئەوەیە، کە کردارەکان لە پێکهاتەی وەك (٤٣)، نابنە سەرەی دروستەی چەمکیەکان لە ڕستەکانیاندا، زیاتر لەوەش (LCS)ی کردارەکە وەك بەشێك لە هەڵواسراو یان دەرخەری هاوڕێیەتی کردن دێت.

٤٣- ئێمە بە ناشرینی بە خۆمان پێکەنین.

تەنها (LCS)ی (V) دیاریکەری دروستەی سینتاکسی ڕستەکان نین، بەڵکو دروستەی (VP) بنیاتدەنرێ بەهۆی پێکهاتەی هەڵواسراوەکانەوە.

ڕێسای(١): هەڵواسین لەگەڵ-بابەت.

ئەگەر V پەیکاڵبێت لەگەڵ {... {دەبێت ({X}،{F ({شت})}...}، لەگەڵ {X}ی نیشانەنەکراو و NP پەیکاڵبێت لەگەڵ {Y}، ئەوا {s...{vp...{pp لەگەڵ NP}...}...} دەکرێت پەیکاڵبێت لەگەڵ {...{دەبێت ({$_Y{}^X$}،{ئەگەر ({شت})}...}، کاتێك {$_Y{}^X$} جیاواز بێت لە {X}.

ڕێسای(٢): یەکگرتنی هەڵواسراوەکان، بۆ دیاریکردنی دروستەی چەمکیی (VP)یەك پێکهاتبێت لە کردارێك‌و هەڵواسراوێك، (LCS)ی کردارەکە لەگەڵ پێکهاتەی نیشانەکراوی (h) لە هەڵواسراوەکەدا یەکپێبگرە ( وەك ڕێسای(٣)).

ڕێسای(٣) هەڵواسراوی لەگەڵ- بابەت:

(i) {Vp $V_h$...{pp لەگەڵ $NP_k$}...} دەکرێت پەیکاڵبێت لەگەڵ

(ii) {...{دەبێت/کردن({ $_k$، {F ({شت})}...}$_h$.

هاونیشانەکراوی (h) لەنێوان کرداری (i) و دەربڕینی چەمکی (ii) دا، ئەوە دەگەیەنێت، کە (LCS)ی کردار دەبێت لەگەڵ (ii) دا یەکبگرێت، بۆ ئەمەش بڕوانە (٤٤)و (LCS)ی کردارەکە لە (٣٦)دا.

٤٤- تەنکیەکە پڕکرا لە ئاو.

٣٤-أ) {تەواونەبوویی {کردن ({شت}، {دیاریکراو {شت}$_A$})}}.

٣٤-ب) { تەواونەبوویی { کردن ({شت}$_A$، { دیاریکراو {شت}$_A$})}}.

هاونیشانکردنی نێوان بەرکاری/لە/و /شت/ی گۆکردنی-کردن، ئاماژە بە پەیوەندکردنێکی دەرەکیی، کە لەلایەن (LCS)ی کردارەکە دەیبەخشێت‌و لەلایەن پەیوەندکردنی ئارگومێنتەوە بەرجەستە دەبێت. لێکدراوێتی یەکگرتنی هەڵواسراوی (٤-أ) و (٢) لە فۆڕمی (٣٥)دا ڕێکخراوە.

٣٥) {VP {V پڕکردن}...{PP لەگەڵ NP $_k$}...} دەکرێت پەیکاڵبێت لەگەڵ

{ **تەواونەبوویی** {**کردن** ({**شت**}k، { **دیاریکراو** {**شت**}A}){}}.

**ئەمە هەڵگواستنی ڕستیلەی چەمکیی سەرەکییە، کە لە بەرکار/ لەگەڵ – لە/ پێکهاتووە، بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕیزبەندییە، پەیوەندکردنی ئارگومێنت یەکێك لە ئارگومێنتی نیشانەکراوی** (A) **دیاریدەکات بۆ ئارگومێنتی دەرەکیی، لە کۆتاییدا یەکگرتنی ئارگومێنت یەکپێگرتنی خوێندنەوەی /تەنکی و ئاو: بە دوو شوێنی ئارگومێنتی پەیوەستدەکات.**

**ئەگەر لێکدراوێتی یەکگرتنی ئارگومێنتەکانی (٣–ب) لەگەڵ (٢)دا بێت، ئەوا** >**ئاوەکە تەنکیەکەی پڕکرد**< **بەرهەمدەهێنێت و دەرەنجامی یەکگرتنی هەڵواسراویش دوو نیشانەی بابەتە** (k)، **کە لە یاسای هەڵواسراوەکەوەیەو نیشانەی** (A) **کە لە** (LCS)**ەوەیە.**

**لە (١)دا مەرجدارکردنی** {X} (**کۆت وبەندی هەڵاوێرکردنی کردارەکەیە لەسەر بابەت) و** {Y} (**خوێندنەوەی لەگەڵ بەرکارە) کە جیاوازە لە** {X}. **بۆ ئەمەش بڕوانە** >**نانەکەی چەورکرد بە کەرەی توركی هەرزان**<.

**ڕێسای**(٣): **یاسای هەڵواسینی بابەتی** (of-Theme adjunct)

**ئەگەر** V **پەیکاڵبێت لەگەڵ** {... **نابێت/نەکردن** ({x}،...)...} **لەگەڵ** {x} **نیشانە نەکراوە، ئەگەر**

NP **پەیکاڵ بێت لەگەڵ** {Y}، **ئەوا** {...s{...vp{...pp of NP}...}...} **دەکرێت پەیکاڵبێت لەگەڵ** {...**نابێت**

( $\begin{bmatrix} X \\ Y \end{bmatrix}$،...)...} **کاتێك** $\begin{bmatrix} X \\ Y \end{bmatrix}$ **جیاوازو سەربەخۆ بێت لە** {x}.

**وەك کرداری خاڵییکردن لە (٣٦) دا نوێنراوە.**

٣٦) $\left[\begin{array}{l} \text{خاڵییکردن} \\ V \\ \text{---}\ NP_j \\ \{\text{هۆکاریی} (\{\ \ \}i، \{\text{تەواوبوویی} \{\text{نابێتە} (\{\ \ \}، \{\ \text{دیاریکراو}\ \ \{\ \ \}j \}) \}\}\} \end{array}\right]$.

**بۆ کرداری پێچەوانەکان ڕێسای**(٤) **خراوەتە ڕوو.**

**ڕێسای(٤): ڕێسای هەڵواسین /لەگەڵ/بابەت.**

**ئەگەر V بە پەیکاڵ بێت لەگەڵ {...{دەبێت/کردن ({X}، {F ({شت})}){...}،**

**لەگەڵ {X} نیشانەکراوداو NP پەیکاڵ بێت لەگەڵ {X}، ئەوا {s...{vp...{pp لەگەڵ**

**{NP.{.} دەکرێ پەیکاڵ بێت لەگەڵ{.{دەبێت/کردن (X/Y، {F ({شت})}}}...{، کاتێک X/Y**

**جیاواز بێت لە {X}.**

**پۆلێکی تری کردارەکان بریتین لە /قوتونان، خستنەگیرفان، پێچانەوە/ ئەم پۆلە زیاتر ناوو ئامانجی تێئاخنراوە (بڕوانە (٤٥)).**

**٤٥-أ- کارگەکە دۆشاوەکانی لەقوتونا.**

**ب- ڤالان پارەکانی بە ڕێکی خستە گیرفانیەوە.**

**پ- ئێمە یاپراخمان پێچایەوە.**

**دروستەی چەمکیی کرداری /قوتونان/ بەشێوەی (٣٧-أ) (ئەگەر ئەو گۆکردنی کرداری- چوون) بێت یان (٣٧-ب) ئەگەر کردارەکە گۆکردنی (INCH BE) بێت.**

**٣٧- لەقوتونان**

{VN}

--- j NP

أ. {هۆکاری ({ }، i{چوون ({ }j، {To {IN {لەقوتونان S }}})})}

ب. {هۆکاری ({ }، i{تەواونەبوویی{کردن/دەبێت ({ }j، {IN {لەقوتونان S }})}}}

**لێرەدا دیارە، کە کردارەکانی (٤٥) ڕێگە دەدەن بەو تەواوکەرە (PP) یانەی، کە زانیاری زیاتر دەربارەی شوێنی کۆتایی بابەتەکەی لەخۆگرتووە (بڕوانە (٤٦)).**

**٤٦-أ- کارگەکە دۆشاوەکانی لەقوتوی باریکی سورنا.**

**ب- ڤالان پارەکانی بە ڕێکی خستە گیرفانی ڕاستی کراسەکەیەوە.**

**ڕێسای(٥): هەڵواسراوی وەرگریی NP.**

{vp Vh $_k$ NP...}دەکرێت پەیکاڵبێت لەگەڵ هۆکاریی({ }، چوون({ }$^\alpha$، {بۆ} {$_k$}$^\beta${ })}) h

بۆ {چوونخاوەنێتی ({α}،{بۆ {β}})}}

**با ڕێسای(٥) لە دروستەی چەمکیی (ڤالان تۆپەکەی بۆ ئالان هەڵدا) هەڵبگوێزین، کە (LCS) ی (هەڵدان) لە (٣٨) دیارخراوە.**

٣٨- **هۆکاری**({شت $^{\alpha}$}،{**چوون** ({شت $^{\beta}$}،{ڕێڕەو})})
AFF ({ $\quad$ }$_{A}^{\alpha}$، { $\quad$ }$_{A}^{\beta}$)

**تێبینیدەکەین،، کە /هەڵدان/ دوو ئارگومێنتی نیشانەکراوی (A)ی هەیە، کە (ڕۆڵگێڕ/کاراو کارتێکراو/بابەت)ن، لێکدانی ڕێساکانی(٧) و (٦)، دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی (٣٩).**

٣٩- **دەکرێت پەیکاڵبێت لەگەڵ** {...NP k {هەڵدان v} VP}
**هۆکاری** ({**شت** $^{\alpha}$}، {**چوون** ({**شت**$^{\beta}$}$^{\gamma}$، {**ڕێڕەو بۆ/لە** { }$_{k}^{\infty}$})})
AFF ({ $\quad$ }$_{A}^{\alpha}$، { $\quad$ }$_{A}^{\beta}$)
{**بۆ** {**چوون** $_{خاوەنێتی}$ ({$\gamma$}، {**بۆ/لە** {{$\infty$}})}}

**کەواتە (٣٩) پەیوەندکردنی ئارگومێنتە کارتێکراوەکانە، جێکەوتەی ڕۆڵگێڕ، وەك هەمیشە لەگەڵ جێکەوتەی بکەردا پەیوەستکراوە. ئارگومێنتی دواتری سەر نەخشەی ئەندازەیی بابەتانە بریتیە لە کارتێکراو، کە ئاسایی پەیوەندکراوە لەگەڵ یەکەم جێکەوتەی بەرکاریدا. هەڵواسینی ڕستەی سەرەکیە، ڕێسای (٦) بە نموونە وەردەگرین.**

**ڕێسای(٦): هەڵواسینی- چوون**
**دەکرێت پەیکاڵبێت لەگەڵ** {...pp...Vh vp}
**چوون** ({$\alpha$}،{**ڕێڕەو** })
AFF ({ }$_{i}^{\alpha}$،)
{**لەگەڵ/ لەلایەن** {**جووڵان** ({$\alpha$})}$_{h}$}

**بەهۆی پەیوەندکردنەوە نیشانەی (A)ی جێگەی نیشانەی (i) دەگرێتەوەو لە (٤٠)دا دیارە.**

٤٠-أ- **جولان** ({ }$_{A}$)
{**جۆریی/ڕەوت**) X}

٤٠–ب– (چوون ({α}،{ڕێڕەو})
AFF ({ }$^{\alpha}$$_{A}$،)
جوولان ({α}$_{A}$)
لەگەڵ/ لەلایەن {ڕەوت X }h

لەمەشەوە پێشنیازی یەکگرتنی هەڵواسین کراوە ، کە لە یاسای حەوتدا ڕونکراوەتەوە.

**یاسای حەوتەم: یاسای یەکگرتنی هەڵواسین:**

**ڕێسای(١): بۆ دیاریکردنی دروستەی چەمکیی (VP)یەك، پێکهاتبێت لە کردارێك و هەڵواسراوێك، LCSی کردارەکە لە پێکهاتەی نیشانەکراوی (h)ی هەڵواسراوەکە یەکپێبگرە، هەر نیشانەیەکی (A) لە (LCS) لابەرە، کە نیشانەی پێکهاتەی چەمکی بەستراوەتەوە بە هەڵواسراوەکەوە.**

**دەرەنجامی جێبەجێکردنی بریتی دەبێت لە (٤١).**

٤١= {VP{V...}...PP...} دەکرێت پەیکالبێت لەگەڵ
چوون ({α}،{ڕێڕەو})
AFF ({ }$^{\alpha}$$_{A}$،)
جوولان ({α})
لەگەڵ/ لەلایەن {ڕەوتX}

**بۆ یاسای پەسنکردنی هەڵواسینی ئارگومێنت– داواکەریی (بڕوانە ڕێسای(٢)).**

**ڕێسای(٢): هەڵواسینی ئارگومێنت= داواکەریی:**

{s..$_{j1}$ NP... $_{k1}$ Ap...} دەکرێت پەیکالبێت لەگەڵ (i)

F (...{ }$^{\alpha}$..)
ڕوداو {لەگەڵ {کردن ({α}،{لە{ }$_{k}$})}}} (ii)

**بۆ چۆنێتی کارکردنی ڕێسای (٢) با دروستەی چەمکیی بۆ دوو چەشنە خوێندنەوەی >ئازاد نەوزادی بە سەرخۆشی بەجێهێشت< لە (٤٢–أ)دا هەڵگوێزین.**

٤٢–أ– {S {NP ئازاد} { VP} {NP نەوزاد} {AP بە سەرخۆشی}.

له جێبەجێکردنی پەیوەندکردنی ئارگومێنتدا (٤٣) بەرهەمدێت.

٤٣-{S {NP ئازاد}i، {VP بەجێهێشت {NP نەوزاد} {AP بە سەرخۆشی} پەیکاڵە لەگەڵ

{ڕوداو چوون ({ }i، {ڕێڕەو لە { }j})}.

لەلایەکی ترەوە پۆلێکی هەڵواسراوەکان بە ئارگومێنت- داواکەری دووهەمی* ناوبراون. ڕوونترین حاڵەتی ئەم هەڵواسراوانە بریتیە لە (APs) کان، کە: (أ) لە (VPs) دا دەردەکەون. (ب) لەلایەن کردارەوە پۆلەڕەگەز نەکراوە. (پ) ئارگومێنت داواکەری یەك (NPs) لە ڕستیلەیەکدا. وەك:

٤٧-أ- لاله گۆشتەکەی بە ڕووتی جووی.

ب-لاله گۆشتەکەی بە کاڵی جووی.

پ- ئەو دەستی خۆی جووی.

لە (٤٧-ب) دا وەهادانراوە کە /گۆشتەکە/ کاڵ بوو بێت کە ئەو دەستی کردووە بە جووینی، بەڵام لە (٤٧-پ)دا >گۆشتە کاڵەکە< لە ئەنجامی جووین و کرۆژاندنی ئەوەوە دەردەکەوێت. بە چەشنی (٤٧-ب) دەگوترێت پەسنکردنی ئارگومێنت- داواکەری و بە چەشنی (٤٧-پ) دەرەنجامی ئارگومێنت- داواکەریی[٣٢٢].

با بڕوانینە نموونەیەکی تری وەك (٤٨).

٤٨- ڤاریێ چاوی بە ڤالان کەوت، کە ژوورەکەی جێهێشت.

{S ڤاریێ {$\bar{V}$ {$\bar{\bar{V}}$ چاوی کەوت ڤالان} {S PRO لە جێهێشتنی ژورەکە}.

دروستەی چەمکیەکەش بریتیە لە(٤٤):

٤٩) PRO** لە جێهێشتنی ژوورەکە.

٤٤) {ڕوداو چوون ({ζ}، {From {لە {ژوورەکە}}})}.

بۆ پەسنکردنی PRO وجۆرەکانی بڕوانە(٢/١) ڕێسای(٣) دیاریکراوە.

---

* ئارگومێنت داواکەری یەکەمی بریتیە لە پەیوەندی نێوان بکەرو فرێز کردارییەکەی.

322 بڕوانە: .R.Jackendoff (1991:200)

** دروستەی چەمکی PRO وەك ئارگومێنتی بەندێتی هێمای {ζ} بۆدانراوە.

**ڕێسای(٣): ئەگەر (H) کردارێك بێت، یەکێك لە پێکهاتەی نیشانەکراوی (i) لە (LCS)ی (H) بوو، دروستەی چەمکی بکەر یەکپێبگرە، بەپێچەوانەی ئەوەوە، ئارگومێنتی بەندێتی {ζ} لەناو ئەو جێکەوتەیەدا دابنێ و یەکپێبگرە لەگەڵ ئارگومێنتەکانی تردا.**


**دەرەنجامی ئەم یاسایەش دروستەی چەمکی (٤٨)ی بۆ (لە جێهێشتنی ژوورەکە) بەرهەمدەهێنرێت. لەمەوە دەتوانین لە دروستەی چەمکیدا ئارگومێنتە نادیارەکانی وەك (PRO)بنیاتبنێن.**

**یەکێك لە گریمانە نوێیەکانی تیۆری سینتاکسیی ئەوەیە، کە دروستەی تەواوکەری سینتاکسیی فرێزێك بەهۆی دروستەی ئارگومێنتی چەمکیی سەری فرێزەکەوە دیاریدەکرێت (بڕوانە هەڵاوێرکردنی پۆلەڕەگەزیی). ئەم کردەیەش ئەوهەڵواسراوانەی کە دەربڕی ئارگومێنتەکانی ڕستیلەی چەمکین/سەرەکین، جێبەجێیدەکەن. لەگەڵ ئەمەیشدا دروستەی سینتاکسیی تەواوکەری دەرەنجامی کارلێکردنی دروستەی فەرهەنگی سەرو چەشنە بەرفراوانەکانی یاساکانی هەڵواسیندان. بە واتایەکی تر دروستەی سینتاکسی کە کردارەکە دیاریکردووە، ناگۆڕن، چونکە بەوەوە هەڵواسراون. لە چوارچێوەی ئەم یاسای هەڵواسینەدا، ئارگومێنتە شاراوەکان دەتوانرێت نیشانبدرێن، ئارگومێنتی نوێ دەتوانرێت زیادبکرێت و (pro) ئارگومێنتە دیارەکانیش دەتوانرێن بە ئارگومێنتە نوێیەکانەوە ببەسترێنەوە، (بڕوانە (٥٠). هێڵکاری(٣-٨)).**

**٥٠-أ- هێڤار نان دەخوات.**

**ب- هێڤار بە دەست نان دەخوات.**

**پ- بە دەست، هێڤار نان دەخوات.**




هێڵکاری(٣-٨)

٥١-ا- ڤالان بە درێژایی ڕێگەکە بۆڵەی هاتووە.

ب- بە پێکەنینەوە میوانەکانی تا دەرەوە بەڕێکرد.

ڕێسای(٤) ی (٥١) بۆ ڕونکردنەوەی ئەمە دیاریکراوە:

ڕێسای(٤): یاسای هەڵواسینی- ڕێگا: ئەگەر (V) (هاوپەیوەند)پەیکاڵ بێت لەگەڵ

(i) AFF ({X}$_i$، )
- بەستێنەری/دیاریکەری ،
Y

(ii) ئەوا {$_{vp}$ V {NP $_j$ NP ڕێگە} $_k$ PP} دەکرێت پەیکاڵ بێت لەگەڵ

(iii)
چوون ({α}$_j$، {ڕێڕەو}$_k$)
AFF ({ }$_i^α$، )
{لەگەڵ/ بەهۆی} AFF ({ $_x^α$}،) {
- بەستێنەری Y
ڕوداو

بۆ جێبەجێکردنی پێویستە، یەکەم: لە (٥١) دا (بۆڵەی هاتووە)، کردەی کردارەکەیە وەك (i)ی یاساکە. دووهەم، دەتوانرێت وەها ڕاڤەبکرێت (بۆڵەی هاتووە)، کە کردەیەکی دووبارەبووەی بەدەم خۆوە دابنرێت. مەرجی ئەم کردەیەش دیاریکردنە، کردەی ڕوداوی نادیارە، لەکاتێکدا تەواوکاریی و بەئەنجامگەیەنراو ڕوداوی دیاریکراون. سێهەم: $\{Y\}$ تەنها گۆڕاوێکە ئاماژە بە واتای ماوەی کردارەکە دەدات. (ii)ی ڕێسای (٤)، فۆڕمی سینتاکسیی دیاریکراوی (VP) مەرجداردەکات، کە ڕێگە دەدات لە (٥١) دا جێبەجێبکرێت. بەم شێوەیەش کۆت‌وبەندی سینتاکسی لەسەر پێکهاتەی- ڕێگا- لە ڕێساکەدا دیارە (بڕوانە (٥٢)).

٥٢-أ- خۆپیشاندەران بە ڕێگاوە هوتافیان کێشاوە.

ب- خۆپیشاندەران بە ڕێگاوە مانگرتنیان کێشاوە?

دەکرێت (VP) ی (٥١) شوێنی پەیکاڵبوونی لەگەڵ دروستەی چەمکی (iii)ی یاساکەدا هەبێت. هاونیشانەکردنی دروستەی چەمکیی و سینتاکس لە (ii) و (iii) ئاماژە بەو خوێندنەوەیەدەدات، کە (PP) (بە درێژایی ڕێگە) گۆڕاوی- ڕێڕەو تێردەکات و لەهەمان کاتیشدا بکەری (ڤالان) ئارگومێنتی دەرەکیی تێردەکات.

## ٢-٣/٣) بنەماکانی یاسای پەیوەندکردن

دەتوانین پوختەی ئەوانەی سەرەوە لەوەدا کۆبکەینەوە، کە پێکهاتەی یاساکانی (هاوپەیوەند)پەیکاڵبوون لە پۆلی جیاوازی جۆراوجۆری یاساکان پێکهاتووە. بەکورتیی، بۆ دیاریکردنی فۆڕمی گشتیی تیۆری پەیوەندکردن، ڕێگەی جۆراوجۆر لەئارادایە، کە دەتوانرێت پەیوەندکردنی کەرەستەی فەرهەنگیی و هەڵواسراوەکان دیاریبکات. ئەم تایبەتمەندیی و دیاریکردنانە کارلێك لەگەڵ ئەو یاسای پێکهێنانی پەیوەندیە دەکەن ، کە ڕاڤەی پەیکاڵبوونەکان، بەپێی ئەم مەرجانەی بنەمای پەیوەندکردن: (١) هەر چەشنێکی پێکهاتەی سینتاکسیی (NP، PP، AP، S) بەشێوەیەکی ناوازە/تەنیا بە یەکێك لە پێکهاتەی چەمکیەوە پەیوەستدەکرێت، کە ڕۆڵی بابەتانە $\Theta$ ی زاڵکراوی لە بەستنەوەی کۆکراوەی یەك یان زیاتر لە ڕۆڵێکی بابەتانەی $\Theta$ هەڵگرتووە. (٢) هەر پێکهاتەیەکی چەمکیی، کە داوای پەیوەندکردن دەکات، لەڕاستیدا پەیوەستکراوە. ئەوەیش هاوتای

تیۆری پێوەری ڕۆڵی بابەتانە $\Theta$یە، کە چەشنە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندکردن لیستکراوە لە (٤٥)دا[٣٢٣].

٤٥-أ) کەرەستەکان، کە پێکهاتوون لە کەرەستەی فەرهەنگی نیشانەکراوی (A)، هەڵواسینی سەرەوڕیزبوونی سەرەوەی ڕستەی سەرەکین. (ب) کەرەستەکان، کە پێکهاتوون لە پەیوەندکردنی چەسپاو، هەڵواسراوەکانن.(پ) کەرەستەکان کە پێکهاتوون لە پەیوەندکردنی چەسپاو بۆ سەرەی سینتاکسی ($V_h$ لە یاساکاندا)، زۆرینەیان هەڵواسراوەکانن.(ت) کەرەستەکان، کە لە پەیوەندکردنی گۆڕاو پێکهاتوون، پێکهاتەی هەڵواسراوی پەسنکردنین، تەواوکەری ڕستەی شکاوەن- S .

ئەو ڕۆڵانە، کە ئەو جۆرانەی پەیوەندکردن جێبەجێدەکەن، لە بنیاتنانی پەیکاڵبوونی تەواودا لە (٤٦)دا کورتکراوەتەوە (أ) جێبەجێکردنی یەکگرتنی هەڵواسین لە لێکدانی LCSی سەرە، لەگەڵ کەرەستەکان کە پێکهاتنی جۆری پەیوەندکردنی- $V_h$یان هەیە. (ب) گواستنەوەی پەیوەندکردن-A لەناو پەیوەندکردنی چەسپاودا، جێبەجێکردنی پەیوەندکردنی ئارگومێنتو پەیوەندکردنی ئارگومێنتی دەرەکیی لە دەرکردەی (أ) (بە بەکارهێنانی نەخشەی ئەندازیاری سینتاکسو بابەتانە بۆ ئارگومێنتی NP). (پ) جێبەجێکردنی یاسا پێکهاتووەکانی پەیوەندکردنی گۆڕاو، بە پشتبەستن بە پەیوەندکردنە چەسپاوەکان لە (أ، ب) دا بنیاتنراوە.(ت) یەکگرتنی خوێندنەوەکانی پەیوەندکردنی ئارگومێنتەکان بۆ هەموو خوێندنەوەکانی تر (سەرتاپا): جێبەجێکردنی یەکگرتنی ئارگومێنتەکان، بەدوایدا بنیاتنانی پەیوەندکردنە چەسپاوەکان لە (أ، ب، پ)دا.(ج) یەکگرتنی (تەواوکردنی) خوێندنەوەکانی دەرخەرەکان: بە جێبەجێکردنی یاسای دەرخەری کۆتوبەند کراو.

جێبەجێکردنو کاریگەری تیۆری پەیوەندکردنو دیاریکردنی یاساو بنەماکانی پەیکاڵبوون بۆ تیۆری سیمانتیكو زمانیش بە گشتی گرنگو پڕبایەخە. بە کورتیو پوختی یاساکان لە (٤٧)دا خراونەتەڕوو[٣٢٤].

٤٧-أ) ڕێسای هەڵواسینی (لە-بابەت):

٥٣- کچەکە ژورەکەی لە پیسی پاککردەوە.

$\{VP\ V_h\ldots\{PP$ ی $NP_k\}\ldots\}$ دەکرێت پەیکاڵبێت لەگەڵ $\{\ldots$نابێتە $(\{\quad\}_k\ldots(\ldots\}_h$.

(ب) ڕێسای هەڵواسینی- پێشناو:

---

[323] R.Jackendoff (1991:200).

[324] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٥٤- منداڵەکە تۆپەکەی بۆ ئاسمان هەڵدا.

١.{VP $V_h$...$PP_k$...} دەکرێت پەیکاڵبێت لەگەڵ {...چوون/کردن (...} {k)...}h.

ڕێسای هەڵواسین- PP بریتیە لە:

٢.ئەگەر V پەیکاڵ بێت لەگەڵ {... چوون/کردن (...،{X})...}، لەگەڵ {X} نیشانەکراو، و PP پەیکاڵە لەگەڵ {Y}، ئەوا {s...{vp V..PP..}...} دەکرێت پەیکاڵ بێت لەگەڵ {..چوون/کردن (.. (X/Y) ...)}، کاتێك (X/Y) جیاواز بێت لە {X}.

دروستەی چەمکیی /لەقوتونان/ و یاساکەی لە (١٩، ٢١) ڕونکراونەتەوە، یاسای (٢١) ڕێگە بە چەشنە جیاوازەکانی (ڕێڕەو، شوێن) دەدات، کە بەم یاسایە شیکردنەوەی بۆ دەکرێت، (بڕوانە نموونەی (٥٥)).

٥٥- ڤالان لە دەرگاکەی پشتەوە چووە ژوورەوە.

(PP) دەتوانرێت بە سانایی، لە دیاریکردنی ڕێڕەودا زیادبکرێتە سەر یاسای (٢١)، هەر وەك لە (٤٨) دا خراوەتەڕوو:

٤٨- {چوون ({ڤالان}، [لە {پشت { }}دەرگا { } / ڕێڕەو {لە ناو{ ژوورەوە { }}])

کرداری بارکردن لە چوارچێوەی NP- لەگەڵ-NP ئەم داڕشتەیەی (٤٩)ی هەیەو بڕوانە(٥٦).

٤٩- [بارکردن
---NP j
{هۆکاریی ({ }i، {تەواونەبوویی {دەبێت ({ }، {لە {سەر { }j {)}}})]

[٥٦- شۆفێرەکە ماڵەکەی بارکردە سەر بارهەڵگرەکە.
٥٧- شۆفێرەکە بارهەڵگرەکەی بارکرد (بە ماڵەکە).]

بۆ دیاریکردنی پەیوەندی نێوان چێوەی (-NPلەگەڵNP-) داو چێوەی (PP-NP) لە (٥٦) دا. دوو دروستەی چەمکیی جیاواز لەنێوان بابەتەکەدا هەن: (١) لە دابەشبوون- دابەشنەبووندا جیاوازی لە زۆرێکی کردارەکاندا هەیە. (٢) لە چێوەی (PP-NP) دا، ئەو کردارانە وەك کرداری جوڵە دەردەکەون، زیاتر تەواوبوویین. ئەوان لەگەڵ ڕێژەیەکی بەرفراوان لە /لە-ناو/و/لە-سەر/ پێشگری ڕێڕەو ڕوودەدەن.

(پ) ڕێسای هەڵواسین بۆ- سودوەرگر.

٥٨- شایەن گۆرانی بۆ سانا وت.

{VP $V_h$...{pp بۆ $_k$ NP}...} دەکرێت پەیکاڵبێت لەگەڵ AFF ( { } $^{\alpha}$،...)
{بۆ $AFF^{+}$ ({α}،{ }$_k$)}}$_h$

(ت) هەڵواسینی- لەلایەن نادیاری.

٥٩- ئالان لەلایەن ڤالانەوە لێیدرابوو.

١.{VP $V_h$-en ...{by pp $_k$ NP}...} دەکرێــت پــەیکاڵبێت لەگــەڵ {AFF (> ، <) {
.$_h${(...$_k${

لە تیۆریەکانی دروستەی ئارگومێنتدا، یەکێك لە گۆڕانە بنەڕەتیەکانی بکەرنادیار بریتیە لە لابردنی ئارگومێنتی دەرەکیی کردارەکە. واتە لابردنی نیشانەکردنی (i) کە پەیوەستکردنی ئـارگومێنتی چـەمکیی بـە جێکەوتـەی بکەرییـەوە بـەهۆی ئەمـەوە بـوو، لەمـەوە بکـەرنادیاری ئارگومێنتی (ناواخنیی) نیشانەکراوی هەیەو کرداری چالاك جێکەوتەی نیشانەکراوی هەیە، بۆ نموونە کرداری /نوقم بوون/ (LCS) هکەی لە (٥٠) دا ڕونکراوەتەوە.

٦٠- پاپۆڕەکە نوقم بوو.

٥٠-أ- {هۆکاریی ({ }$_i$، {چوون { }$_j$،
{لەسەر ڕوی ئاوەکەوە بۆ ناو ئاوەکە}.

ب- {هۆکاریی ({ }، {چوون ({ }$_j$،
{لەسەر ڕوی ئاوەکەوە بۆ ناو ئاوەکە}.

لە (٥٩)دا لە دروستەی چەمکیدا کارایەکی ناواخنی هەیە، بڕوانە (٥٠).

٢.ئەگـەر V-en پـەیکاڵبێت لەگـەڵ {$AFF^{+}$ ({X}...)}، لەگـەڵ {X} نیـشانەکراوەو NP پـەیکاڵبێت لەگـەڵ {Y}، کاتێك {s...{vp V-en... {pp لەلایـەن NP}...}...} لەوانەیـە پەیکاڵبێت

$AFF^{+}$ (...[X Y]) کاتێك [X Y] یەکگرتنی X و Y بێت.

(ج) ڕێسای هەڵواسینی بۆ- سودمەند.

٦١- شایەن گۆرانی بۆ خۆشی وت.

١.{VP $V_h$..{PP بۆ $NP_k$...}} دەشێت پەیکاڵبێت لەگەڵ

$$
\left\{
\begin{array}{l}
(\ldots،^{\alpha}\{\quad\})\ \text{AFF} \\
\{\{\{(\{\{\alpha\}\text{AT}\}\ ،_k\{\quad\}\ (\text{خاوەنێتی کردن}\}\text{تەواونەبووی}\ \text{بۆ}\} \\
{}_h\ (\{\alpha\}\ ،\quad)\ \text{AFF}^{+}
\end{array}
\right\}
$$

٢. ئەگەر V پەیکاڵبێت لەگەڵ {AFF ({X}،...) } و NP پەیکاڵ بێت لەگەڵ {Y}،

کاتێك {s...{V VP...{PP بۆ NP}...}...} لەوانەیە پەیکاڵبێت لەگەڵ

$$
\left\{
\begin{array}{l}
(\ldots،^{\alpha}\{X\})\ \text{AFF}^{+} \\
\{\{\{\{\alpha\}\ \text{AT}\}\ ،\{Y\}\ (\text{خاوەنێتی کردن}\ \}\ \text{تەواونەبووی}\ \text{بۆ}\} \\
(\{\alpha\}،\quad)\ \text{AFF}^{+}
\end{array}
\right\}
$$

پەیوەست بە هەڵواسراوەکانەوە، کە دەربڕی ئارگومێنتی دەرخەری ڕستیلەی چەمکین، سێ چەشن جیاکراونەتەوە. لە هەڵواسراوەکانی /بۆ/، هەروەك لەپێشەوە ئاماژەمان دا بە کردارەکانی کە گۆڕانیان تیایە وەك /کڕین، فرۆشتن، پێدان، بەکرێدان، بازرگانی، ئاڵوگۆڕکردن.../ بەرکارەکانی /بۆ/ ئاماژە بە بابەتی گواستنەوەی پێچەوانەیی دەدەن.

لە هەریەك لەو نموونانەدا (٦٢) بەرکاری ڕاستەوخۆ گۆڕانی خاوەنێتیە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر، بەرکاری /بۆ/ گۆڕانی خاوەنێتی بە ڕاستەوخۆیی، ئەم چەشنەی /بۆ/ ناونراوە بە /بۆ/ی گۆڕان. چەشنی دووهەم کە بە/بۆ/ی سودمەند کە لە (٦٣)دا دیارە، ئەمەش جیاوازە لە چەشنی سێهەم کە /بۆ/ێکە بۆ سودبەخشین وەك (٦٤).

٦٢- ڤالان خانووەکەی بۆ من بە ٥٠٠٠٠$ کڕی.

٦٣- شەن کتێبەکەی لە ڤاریێ کڕی بۆ شایەن.

(بەرکاری (بۆ) سود لە کردەکە وەردەگرێت، کە بکەرەکە جێبەجێی کردووە).

٦٤) سانا گۆرانی بۆ خۆشی دەڵێت.

(لێرەدا بەرکاری (بۆ) سودمەندە کە بکەرەکە بەنیازە وەریبگرێت، بەهۆی جێبەجێکردنی کردەکەوە).

دەروازەی فەرهەنگی (بۆ)ی سودمەندی لە (٥١)دا نوێنراوە.

٥١-

$$
\left\{
\begin{array}{r}
\text{بۆ} \\
\text{P} \\
\text{NP j---} \\
\{\{(\ j\{\quad\}،\quad)\ \text{AFF+}\ \text{ڕوداو}\}\text{بۆ}\}
\end{array}
\right\}
$$

دەروازەی فەرهەنگی (بۆ) وەك پێشگر دەئاخنرێتە ناو گۆكردنی– ڕوداوە وە هەروەك چۆن ڕێڕەو لە گۆكردنی– شوێندایە. بۆ (٦٣) بڕوانە دروستەی چەمك لە (٥٢) دا دیارخراوە.

٥٢) كڕی ({شەن}،{كتێب}
AFF+ ({شەن}، )
{بۆ {AFF+ ( ، شایەن})}}

نواندنی كردارێكی وەك (كڕی) بۆ نمونە پێویستە زانیارییەكانی وەك (٥٣) لەخۆگرتبێت.

(X) (Y)ی لە (Z) كڕی بۆ (W).

٥٣–أ) {چوون خاوەنێتی ({Y}، لە {Z} بۆ {X}) } (گواستنەوەیی– transfer)

٥٣–ب) {چوون خاوەنێتی ( W پارە) {(لە {X} بۆ {Z}) (گواستنەوەیی پێچەوانەیی– counter transfer)

جیاوازی نێوان كردارەكانی (كڕین، پێدان) لە (٥٤) دا.

٥٤–أ) (X) (Y)ی (Z) كڕی بۆ (W).
چوون خاوەنێتی ({Y} لە {Z} بۆ {X})
{EXCH {چوون خاوەنێتی ( W پارە، (لە {Z} بۆ {X}) }}

٥٤–ب) (X) (W)دا بە (Z) بۆ (Y).
چوون خاوەنێتی ( W پارە، (لە {X} بۆ {Z})
تەواونەبووی چوون خاوەنێتی ({Y}، (لە {Z} بۆ {X}) }}

بەكارهێنانی بەستنەوەی ئارگومێنتی دەروازەی فەرهەنگی /كڕین، پێدان/ لە (٥٥) دا داڕێژراوە.

٥٥–أ–

کڕین

V

---- <NP بۆ > < NP $_k$ لة > NP $_j$

چوون خاوەنێتی ( { }$_j$، { } له { }$^{\alpha}_{\beta}$ )

{ } بۆ { }$^{\beta}$

{تەواونەبووی { چوون خاوەنێتی ({پارە}$_m$، {β} له

{α} بۆ )}}

٥٥–ب–

پێدان

V

---- < NP بۆ > < to NP $_k$ > NP $_j$

چوون خاوەنێتی ({پارە}$_j$، { } له { }$^{\alpha}_i$

{ } بۆ { }$^{\beta}_k$

{تەواونەبووی { چوون خاوەنێتی ({ }، {β} له

{α} بۆ )}}

له (٥٥)دا دروستەی فەرهەنگی /کڕین، پێدان/ و جیاوازییەکانیان خراوەتە ڕوو.

لەلایەکی ترەوە جیاوازیی نێوان کرداری /کڕین، فرۆشتن/ خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە بکەری /کڕین/ (ئامانج)ەو، بکەری /فرۆشتن/ (سەرچاوەیە).

سەلماندنی یاسای هەڵواسینی گۆڕان– بۆ، کردارەکانی /دەستخستن، وەرگرتن/، وەك له (٦٥) دا تاقیکراوەتەوە.

٦٥– شەن دە هەزاری بۆ نرخی کتێبەکەی له ڤاریێ وەرگرت.

له (٦٥)دا بکەر ئامانجی گواستنەوەی سەرەتاییە، ئەمەش ئەوە نیشاندەدات، کە فرێزی (بۆ)ەو (بۆ)ی سودمەندی نییە، (ڤاریێ) له (٦٥)دا سەرچاوەی گواستنەوەی سەرەتاییە، وەك (ح).

(ح) ڕێسای هەڵواسینی بۆ– گۆڕان:

ئەگەر V پەیکاڵ بێت لەگەڵ {...{چوون خاوەنێتیی (...)...}...} و NP پەیکاڵ بێت لەگەڵ {Y}، ئەوا

{...{...{ NP بۆ pp}...V vp}...s} دەکرێت بە پەیکاڵبێت لەگەڵ یەکگرتنی خوێندنەوەی (V) لەگەڵ

{... (چوون خاوەنێتی(...  له { }$^{\alpha}$ بۆ { }$^{\beta}$ )
{گۆڕان {چوون خاوەنێتی ({Y}، {{ له {β} بۆ {α} )} ...}

بۆ چۆنێتی کارکردنی ئەم یاسایە، سەرەتا دروستەی دەروازەی فەرهەنگی کرداری (وەرگرتن) له (٥٦) دا دەخەینە ڕوو:

٥٦- وەرگرتن
V
--- $NP_j$
{هۆکاری ({ }$^{\alpha}{}_{i}$، {چوون خاوەنێتی ({ }$_j$، {To {α}}})})}

له (٦٥) دا کردارەکە تەنها بۆ پۆلەڕەگەزی بەرکارە ڕاستەوخۆکە دەکات، لەگەڵ ئەوەیشدا کردارەکە پەسنی دروستەی یاسای (٤٦) دەکات، ئەوەیش لەوڕێیەوە، کە یاساکە تۆماری هەموو وردەکارییە زیادەکان لە گۆڕانی خوێندنەوەی ڕستەکەدا بەدەستدەخات، وەك (٦٦)، لێرەدا تێبینی ئەوە بکەین، کە هێمای (β)، (γ) گۆڕانیان بەسەردا هاتووە(بڕوانە(٥٧)):

٦٦- شەن دیارییەکی وەرگرت بۆ ڕۆژی لەدایکبوونی.

٥٧- {هۆکاری ({ڤاریَ}$^{\alpha}$، {چوون خاوەنێتی ({١٠ هەزار}، (له { }$^{\beta}$ بۆ {α}$^{\gamma}$)
{(
{گۆڕان {چوون خاوەنێتی ({کتێب}، {{ له {γ} بۆ {β} )}}

لەمەوە ڕێسای هەڵواسینی بۆ- سودوەرگر وەك:

ئەگەر V پەیکاڵ بێت لەگەڵ {AFF$^{+}$ ({X}...)}و NP پەیکاڵبێت لەگەڵ {Y} ئەوا {s... {vp V...{pp بۆ NP}...}...} دەکرێت پەیکاڵبێت لەگەڵ
(...$^{\alpha}${X}) AFF$^{+}$
{بۆ {AFF ({ }$^{\alpha}$، {Y})}}

ئەمە دروستەی چەمکیی (٦٣)، کاتێك (شەن) ئارگومێنتێکی بەستێنەری جێکەوتەی ڕۆڵگێڕ بێت. دروستەی چەمکی (٦٤) له (٥٨)دا دیاریکراوە.

٥٨- گۆرانی وتن ({X}، {گۆرانی})
AFF+ ({سانا}$^{\alpha}$، )
{بۆ تەواونەبووی {کردن خاوەنێتی ({خۆشی}،{لە {α}}}({
AFF+ ( ، {α})

(د) هەڵواسینی بۆ- گۆڕان
٦٧- ڤاریَ کتێبێکی بۆ من بە $5 دەستکەوت.

{VP V$_h$...{PP بۆ NP$_k$}...} دەکرێت پەیکاڵبێت لەگەڵ
چوون خاوەنێتی...(...لە { }$^{\alpha}$ )...
بۆ { }$^{\beta}$
{گۆڕان {چوون خاوەنێتی ({ }$_k$، لە {β} ){{
بۆ {α}
h

(ر) هەڵواسینی NPی سودوەرگر
٦٨- شەن وەهای لە شایەن کرد دڵخۆش بێت.
{VP V$_h$ NP$_k$...} دەکرێت پەیکاڵبێت لەگەڵ دروستکردن/ ئامادەکردن ({ }، { }{ }$^{\alpha}$)
h {بۆ {AFF+ ({α}، { }$_k$)}}

توانیمان تایبەتێتی سیمانتیکی سێ چەشنی هەڵواسین-بۆ یاریبکەین. ئەم میکانیزمە ڕێگەمانەدات بەهەمان شێوە فریَزی ئامێری لێکبدەینەوە، بۆ ئەمەیش بڕوانە (٦٩)و یاساکانی لێکدانەوەی و دروستەی چەمکیی لە (٥٩)دا.

٦٩- ڤالان دەرگاکەی بە کلیل کردەوە.

٥٩- هۆکاری ({ڤالان}،{تەواونەبووی{کردن ({دەرگاکە}،{کردەوە})}})
AFF‾ ({ڤالان}،{دەرگا})})
{By هۆکاری ({ڤالان}،{AFF ({کلیل}،{دەرگا})})} }
AFF‾ ({ڤالان}،{کلیل})

لێرەدا ڕوونە، کە (ڤالان) بەهۆی ئەو کردەی(کلیل)ەوە، (کلیلەکە) دەبێتە هۆی (کردنەوەی) (دەرگاکە). بەستنەوەی ڕودانی ئارگومێنتەکان پێکەوە، دەبێتە (٦٠).

٦٠- {{(کردنەوە}،{β}) کردن{تەواونەبووی}، {α}) هۆکاری

(β{دەرگا}،α{ڤالان}) AFF⁻

{ (({β}،{Y}) AFF⁻} ،{α}) هۆکاری By}

(Y{کلیل}،{α}) AFF⁻

ئـــەم ڕیزبەندکردنـــە چـــونیەکە لەگـــەڵ (هەڵواســـینەکانی-بـــۆ) دا: بـــەرکاری پێـــشگر (p) ئـارگومێنتێکی دەرخـەری مەبەسـتی ڕسـتیلەکەیەو هـەموو ئارگومێنتـەکانی تـری مەبەسـتی ڕستیلەکە بەستراوەتەوە بە ئارگومێنتەکانی ناو ڕستیلەی چەمکیی سـەرەکییەوە. بەگوێرەی ئەمـە، دەتـوانین حاڵـەتی یاسـای هەڵواسـینی ئـامێری، کـە بـە فۆڕمـەڵی هاوتـەریبی ئـەو یاسایانەی (هەڵواسینەکانی-بۆ) یە، وەك (٤١).

ڕێسای هەڵواسینی ئامێریی

ئەگەر V پەیکاڵبێت لەگەڵ {AFF⁻ ({X}،{Y})} و NP پەیکاڵبێت لەگەڵ {Z}، کاتێك {s...{vp V...{pp لەگەڵ NP}...}...} لەوانەیە پەیکاڵبێت لەگەڵ

(β{Y} ،α{X}) AFF⁻

{ (({β}،{Y}) AFF⁻}،{α}) هۆکاری By}

(Y{Z}،{α}) AFF⁻

(خ) هەڵواسینی ئامێریی.

٧٠- شەن دەرگاکەی بە کلیلەکە کردەوە.

{VP $V_h$...{PP لەگەڵ NP $_k$}...} دەکرێت پەیکاڵبێت لەگەڵ

(β{ } ،α{ }) AFF⁻

{(({β} ،{Y}) AFF⁻} ،α{ }) هۆکاری لەلایەن}

h (y$_k${ } ،{α}) AFF⁻

ڕۆڵی ئامێری: بڕوانە (٧١)

٧١-أ- ڤالان دەرگاکەی بە کلیل کردەوە.

ب- کوڕەکە پەنجەرەکەی بە بەرد شکاند.

تایبـەتێتی و ئـەدگاری ئـامێر لەمانـەدا خراوەتـەڕوو: (أ) دەتوانێـت ئـەو ڕۆڵانـە بگێڕێـت، کـە ڕۆڵگێڕ لە کردەکە جێبەجێدەکات (هەندێك جار دەتوانرێت ئاوەڵفرێز بکرێت لەگەڵ (NP)دا.

(ب) ڕۆڵگێڕ کردەکە لەسەر ئامێر جێبەجێدەکات. (پ) کردەی ئامێری لەسەر کارتێکراوە (کردەی ڕۆڵگێڕ لەسەر ئامێرەکە دەرەنجامی کردەی ئامێرییە لەسەر کارتێکراو)، بڕوانە دروستەی چەمکی نموونەی (١) لە (٦١)دا.

٦١-أ- [هۆکاری ({ڤالان}،{تەواوبوویی {دەبێت ({دەرگاکە}،{کردەوە})}}})
AFF¯* ({ڤالان}،{دەرگاکە}).
{بەهۆی [هۆکاری ({ڤالان}،{AFF¯ ({کلیل}،{دەرگا}
AFF¯ ({ڤالان}،{کلیل}]]

٦١-ب- [هۆکاری ({کوڕە}،{چوون ({پەنجەرە} {لە{شکاند}})})
AFF¯ ({کوڕ}،{پەنجەرە}
{بەهۆی [هۆکاری ({کوڕ}،{AFF¯ ({بەرد}،{پەنجەرە})}}})
AFF¯ ({کوڕ}،{بەرد})]]

دروستەی چەمکیی ڕستەیەکی وەك >ئۆتۆمبیلەکە خۆی بە دارەکەدا کێشا< لە (٦٢)دا ڕونکراوەتەوە:

٦٢- [تەواوبوویی {دەبێت ({ئۆتۆمبیل}،{بە (دار}})}
AFF¯ ڕوداو ({ئۆتۆمبیل}،{دار})]

(ح) هەڵواسینی ناڕازییانە.

٧٢- شوشەکە شکا کەوتەخوارەوە بەسەرمدا.

{pp لەسەر $_k$ NP} دەکرێت پەیکاڵبێت لەگەڵ {لەگەڵ {AFF (    ،{    }$_k$)}}.

(ڕ) هەڵواسینی- ڕێگە

٧٣- ئەو بە درێژایی ڕێگە بۆڵەی هاتووە.

---

* AFF (affect) گۆکردنێکی ترە لەپاڵ گۆکردنە بابەتیەکانی تردا، یەکەم ئارگومێنتی ئەم گۆکردنە ڕۆڵگێڕەو کارتێکراو دووەم ئارگومێنتێتی.

ڕوداو       {AFF (<شت>، <شت>)}. (AFF¯) کاریگەری نەرێیەو (AFF⁺) کاریگەری ئەرێ دەگەیەنێت.

{...PP {ڕێگە NP$_j$ NP} $_{Vh}$ VP} دەکرێت پەیکاڵبێت لەگەڵ

چوون ({α}$_j$، {ڕێڕەو})

AFF ({ }$_A^α$، )

{ لەگەڵ/ لەلایەن AFF ({α}، )

$_h$ – دیاریکردن }

(ز) هەڵواسینی AP دەرەنجامی

٧٤– کچەکە بە ناشرینیی بەخۆی پێدەکەنی.

{AP NP $V_h$ $_{VP}$} ئەکرێت پەیکاڵبێت لەگەڵ

هۆکاری ({α}،{تەواونەبووی{کردن({β}،{لە{ئەدگار}$_A$})}}

AFF¯ ({ }$_A^α$، { {α} }$_A^β$ )

{لەلایەن {AFF¯ ({α}، { {β} } )}$_h$}

(ژ) دەرەنجامی شوێنی چەمکی Spatial

{AP NP $V_h$ $_{VP}$} ئەکرێت پەیکاڵبێت لەگەڵ

هۆکاری ({α}،{چوون ({β}،{ }$_A$)}

AFF¯ ({ }$_A^α$، { {α} }$_A^β$ )

{لەلایەن {AFF¯ ({α}، { {β} })}$_h$ }

(س) دەرەنجامی Ap ناهۆکاریی

٧٥– نانەکە سوتا ڕەشبویەوە.

{Ap $V_h$ VP} دەکرێت پەیکاڵبێت لەگەڵ تەواونەبووی {کردن ({α}،{AT

{ئەدگار{}$_A$)}

AFF ({ }$_A^α$، )

{لەلایەن/بەهۆی{AFF¯ ( ، {α})}$_h$}

لەم بەشەدا ئەو بۆچوونانەی (Chomsky) دەربارەی تیۆری گشتیی زمان و دیاریکردنی بنەما سینتاکسیی و سیمانتیکیی و خاڵەکانی پێکگەیاندنیان بەرجەستە دەکرێن، ئەمەش لەگەڵ پێوەرەکان و بنەماکانی سیمانتیك لەگەڵ سینتاکسی بەرهەمهێناندا هەماهەنگە. بۆچوونەکان داوای ئەوە دەکەن، کە دەبێت تیۆری (I-Semantic) یان (سینتاکسی

بیر/چەمك) دروستەی فۆڕمەلی ئەم نواندنە هۆشەكیانە دەربېڕێت، كە تێگەیشتنی مرۆڤ بەهۆی زمانەوە بەجفرە دەكات.

بەگشتی پەیوەندیی و كارلێكی نێوان سینتاكس و سیمانتیك بە دوو ئاڕاستەیە: ئاڕاستەی یەكەم: لە نواندنی سیمانتیكیەوە بۆ نواندنی سینتاكسی، هەنگاوی بەستنەوە لە سیمانتیكەوە (دروستەی لۆژیكی) بۆ سینتاكس(تا بە ڕستیلە بچوكەكان) پێكدەهێنێت، كە لە ( ٦٣)دا كورتكراوەتەوەو ئەوانە ڕێسا گشتیەكانی پەیوەندكردنن.

٦٣) ڕێسای ماتماتیكی پەیوەندكردنی سیمانتیك بەرەو سینتاكس:(١)پێكهێنانی نواندنی سیمانتیكیی ڕستەیەك لەسەر بناغەی دروستەی لۆژیكیی ئارگومێنت- داواكەر.(٢) دیاریكردنی ڕۆڵگێڕەكە لەگەڵ ئەوەی ئەو ڕۆڵەی بەسەردا جێبەجێدەبێت (كارتێكراو).(٣) جفرە مۆرفۆسینتاكسیەكەی ئاڕگۆمێنتەكان دیاریدەكەین:(ا) هەلاوێرە سینتاكسیە پەسەندكراوەكە لەسەر بنەمای پەسەندترین هەلاوێكردنی ئارگۆمێنتی سینتاكسیی (وەك لە پێشەوە ئاماژەی پێدراوە )، بەپێی ئەو یاسا و ڕێساویانە.(ب) بە نیشانە پێدانی دۆخ، دۆخە ڕێزمانیە گونجاوو لەبارەكانی خۆیان بە ئاڕگۆمێنتەكان دەدات .(پ) نیشانەی ڕێكەوتنی ئاڕگومێنتی بە كردار یان كرداری یاریدەدەر دەدرێت. لە زمانی كوردیدا كردەی هاونیشانە كردنی كردار و بكەر ، بەركار و بكەر ، بەركار و كردار هەیە . (٤) قاڵبی سینتاكسی ڕستەكە هەڵاوێردەكرێت ، بەپێی ئەو یاسا و ڕێسایانە. (٥) ئاڕگومێنتەكان دەخرێنە جێكەوتەكانی نواندنە سینتاكسیەكەی ڕستەوە.

ئاڕاستەی دووهەم: لە نواندنی سینتاكسەوە بۆ نواندنی سیمانتیكییە، كە زۆر جیاوازە لە ڕەوتی ئاڕاستەی یەكەم، چونكە ئەمیان لە فۆڕمی ڕستەدا فۆڕمی مۆرفۆسینتاكسیی و دەرەنجامی گۆكردنی سیمانتیكیی كەرەستەكان لێكدەداتەوە. بەپێی ئەم بنەمایەیش دەبێت یاساكانی پەیوەندكردن ئاماژە بە نیشانەوئەدگارە مۆرفۆسینتاكسیەكانی ڕستە بدەن، بۆ ئەمە بڕوانە(١) بەم هەنگاوانە داڕێژراوە[٣٢٥]:

٦٤) هاوكێشەی ماتماتیكی پەیوەندكردنی سینتاكس ←― سیمانتیك:

١. دیاریكردنی شاڕۆڵەكان و كرۆكی دروستەی ئارگومێنت لە ڕستیلەدا: (أ) ئەگەر كردارێك تێنەپەڕ بێت، ئەوا پەسەندترین ئارگومێنتی سینتاكسیی لەلایەن شاڕۆڵی سیمانتیكیی یان كرۆكە ئارگومێنتی ڕاستەوخۆیە، كە وابەستەی زمانە{واتە ئەو تایبەتیانەی هەر زمانێك هەیەتی و جیای دەكاتەوە لە زمانێكی دیكە}.(ب) ئەگەر كردارێك تێپەڕ بێت، زمانەكە

---

[325] بڕوانە: R. V. Valin (2005:149) & (2008: 134).

**چەشنە کرداری( بکەردیارو نادیار) نەبێت شارۆڵەکان لە ڕێی نیشانەی دۆخەوە یان سەرەوڕیزبوونی وشەکانەوە دیاریدەکرێت.(پ) ئەگەر زمانێك چەشنە کرداری هەبێت، ئەوا چەشنە کردار(Voice) کردارێکی تێپەڕ، بەم هەنگاوانە دەبێت:**

**١- ئەگەر پێکهاتەکە بە سینتاکسی بەرکاری بوو: (أ) ئەگەر چەشنە کرداری ئاسایی بوو، ئەوا پەسەندترین ئارگومێنتی سینتاکسیی کارا دەبێت.(ب) ئەگەر بکەرنادیار بێت، پەسەندترین ئارگومێنتی سینتاکسی کارا نیە:**

**١. کاراکە وەك ئارگومێنتی دروستەی ئارگومێنتی ڕاستەوخۆ دەردەکەوێت.**

**٢. کارا وەك نائارگومێنتی دروستەی ئارگومێنتی نیشانەکراو لەلایەن پێشناوێکەوە یان حاڵەتێکی ناڕاستەوخۆ دەردەکەوێت.**

**٣.ئەگەر کارا لە دروستەی ئارگومێنتدا نەبوو، ئەوا لە دروستەی لۆژیکیدا ئارگومێنتی(ϕ) جێگەی دەگرێتەوە.**

**(پ) ئەگەر پێکهاتووەکە بە سینتاکس ئێرگەتیڤی بوو:**

**١. ئەگەر چەشنی کردار مارکەلێنەدراوبوو، ئەوا پەسەندترین ئارگومێنتی سینتاکسیی کارتێکراوە.**

**٢. ئەگەر بکەردیار بێت، پەسەندترین ئارگومێنتی سینتاکسی کارایە، کارتێکراو وەك ئارگومێنتی ڕاستەوخۆ یان وەك کەرەستەیەکی ناڕاستەوخۆ دەردەکەوێت، ئەگەر هاتوو کارتێکراو نەبێت، ئەوا لە دروستەی لۆژیکیدا(ϕ) دەینوێنێت.**

**(ت) گەڕانەوە لە فەرهەنگ و دروستەی لۆژیکیی ئارگومێنت- داواکەرەوە بۆ ناو فرێزی کرداری ڕستیلە دەردەکەوێت لە جێبەجێ کردنی هەنگاوی (٢) دەبێت**


**هەنگاوی (١-پ) بە تەواوی ئاماژە بەو فۆڕمولەیە دەدات، کە هەردوو پێکهاتەکە هۆکاریو ئێرگەتیڤیی سینتاکسییان هەیە. چۆنێتی جێبەجێکردنی یاسای خوارزمی پەیوەندییەکەی لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا، لە ڕستەیەکی وەك (٧٦)دا پاساوی بۆ دەهێنرێتەوە.**

**٧٦- ڤاریێ گوڵدانەکەی شکاند.**

**یەکەم هەنگاو بریتیە لە ناساندنی کردار یان ئارگومێنت- داواکەر، کە بکەر دیارە: >شکاند< تێپەڕەو بکەردیارە و ئەوە دەگەیەنێت، کە پەیوەندی سینتاکسیی ئارگومێنت لێرەدا کارایە، ئەو فرێزە ناوییەی دوای کردارەکە هاتووە، ڕاستەوخۆیەو لەبەرئەوە کارتێکراوە.**

**هەنگاوی دووهەم: سەرلەنوێ گەڕانەوەی دروستەی لۆژیکیی <شكاند> لە فەرهەنگەوە لەخۆدەگرێت، {كردنەوە (X)}(بوونە هۆ) {دەبێتە شكاند (Y)}، لەگەڵ دیاریكردنی شاڕۆڵەكان، X= كارا، Y= كارتێكراو.**

**هەنگاوی سێهەم: لێرەدا ئارگومێنتەكانی ڕستەكە پەیوەستبووە بە ئارگومێنتەكانی دروستەی لۆژیكییەوەو دەرەنجامەكەشی ئەوەیە كە، X= ڤاریێ و Y= گوڵدانەكەیە، وەك لە هێڵكاری (٣-٩) دا ڕونكراوەتەوە.**





**هێڵكاری(٣-٩) پەیوەندیی سینتاكس بۆ سیمانتیك لە ڕستەی سادەدا**

**بۆ ڕستەیەكی بكەرنادیار هەنگاوەكانی دیاریكردنی، وەك لە ڕستەی (٧٧)دا ڕونكراوەتەوە.**

**٧٧- شەن لەلایەن ڤاریێوە گوڵێكی لە ئاهەنگەكەدا پێشكەشكرابوو.**


**هەنگاوی یەكەم بریتیە لە دیاریكردنی كردارەكە لە ڕووی ئەرێی یان نەرێی و لێرەدا بكەرنادیارە واتە پەیوەندی ڕێزمانی ئارگومێنتەكانی ناكارایی، فرێزە ناوییەكەی دوای كردارەكە دێت، ناڕاستەوخۆیە، بەهۆی (لەگەڵ)ەوە نیشانە كراوەو كۆتا فرێزی ناوی بەهۆی (لەلایەن)ەوە نیشانە كراوە، كە كارای پێكهێناوە. هەنگاوی دواتر هێنانی دروستەی لۆژیكیی (پێشكەشكرابوو) لە فەرهەنگەوە دیاریدەكرێت، بڕوانە (٣-١٠).**




هێڵکاری(٣-١٠)

>گوڵ<بەهۆی نیشانەپێدانی پێشناوەکەوە واتاکەی لێکدەدرێتەوە، دەبێت >گوڵ< پەیوەست بن بە جێکەوتەی ئارگومێنتی دووهەمی ئارگومێنت- داواکەرەوە. لە هەنگاوی سێهەمدا (ڤاریَ= کارا= X)، (شەن= کارتێکراو= Y)، (گوڵ= Z)ن. هەنگاوی چوارەم لە (٣-١٠)دا دروستەی لۆژیکیی دەبێت- لە (X، Y) لە فەرهەنگەوە دەردەهێنرێت سەرلەنویَ بەکاردەهێنرێتەوە. دروستەی لۆژیکیی >پێشکەشکرا< وەك دووەم ئارگومێنتی دروستەی لۆژیکیی ئەرکدەبینێت. فریزی پێشناویی >لە ئاهەنگەکە دا< وەك یەکەم ئارگومێنتی دیاریکراوە.

بەگشتیی پەیوەندکردنی سینتاکس-سیمانتیك، بریتیە لە پەیوەندکردنی دروستەی سینتاکسی بە دروستەی لۆژیکیەوە، جگە لەوانەی پێشەوە خرایەڕوو، لە پەیوەندکردنی دروستەی زانیاریشدا لە هەڵگواستنی پەیوەندکردنی فۆکسی ئارگومێنت- داواکەردا بەرجەستە دەبێت (بڕوانە هێڵکاریی(٣-١١)).




هێڵکاری(٣-١١)

## ٤/٣) ئیدیەم

ئاشکرایە، کە دەربڕاوە زمانییەکان لە دەربڕاوە دارشتەییەکان(پێکهاتەییەکان)و نادارشتەییەکان پێکهاتووە، دەربڕاوە دارشتەییەکان دەربڕاوە ئاساییەکانی زمانەکەن* و هەرچی دەربڕاوە نادارشتەییەکانە لەڕوی سینتاکسیەوە فۆرم– دروستن و هەروەك سینتاکسی دەربڕاوە ئاساییەکانی زمانەکەن، بەڵام لە ڕوی سیمانتیکەوە واتاکەی لە یەکگرتنی واتای تاکە تاکەی یەکە پێکهێنەرەکانیەوە بەدەستناخرێت و وەك یەك یەکەی فەرهەنگی لە لێکسیکۆلۆژیدا مامەڵەیان لەگەڵدەکرێت[٣٢٦]. لێرەدا ئاماژە بە ئیدیەم وەك نمونەیەکی دەربڕاوە نادارشتەییەکان دەدەین و لە پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیکیی دەکۆڵینەوە.

لەگەڵ ئەوەی فەرهەنگ کەرەستەی فەرهەنگیی بچوکتر لە وشەی تێدا تۆماردەکرێت، بەهەمان شێوە کەرەستەی فەرهەنگی گەورەتر لە وشەش لەخۆدەگرێت، کە ئیدیەمەکانە[٣٢٧]. بۆ

---

* لەڕوی سینتاکس و سیمانتیکەوە لە بەشی یەکەم و دووهەم بەوردی خراونەتەڕوو.

[326] بڕوانە: شیلان عومەر حسەین (٢٠٠٩: ٣٢).

[327] بڕوانە: ئەورەحمانی حاجی مارف(١٩٧٥)ومحەمەد مەعروف فەتاح(١٩٨٦)و فەتاح مامە عەلی(١٩٩٨)وشیلان عومەر حسەین (٢٠٠٧، ٢٠٠٩) و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا پێشکەشکراون.

پەسـنکردنی ئـەو دەربڕاوانـەی واتـای خـوازەیی یـان هەیـە وەك (کۆمەڵەوشـە، میتـافۆڕە مردووەکان، ئیدیەم...)، زاراوەی دەربڕاوە چەسپاوەکان لەلایەن ( Alexander - 1978 & Carter -1987) بەکارهێنراوە، کە هەموو کەرەستە فەرهەنگیە فرە وشەییەکان دەگرێتەوە، بە تایبەتتریش زاراوە یەکەی ئاڵۆز یان دەربڕاوی فرە وشەیی لەلایەن (Fernando- 1996) بۆ ئیدیەم بەکارهێنراوە[٣٢٨]. ئەوەی ڕونەو یەکێکە لە تایبەتیەکانی ئیدیەم و لە کەرەستەکانی تری وەك میتـافۆڕ جیـای دەکاتـەوە، ئەوەیـە دەبێـت لـە یادگـەدا دا خـەزنبکرێت. ڕێگـای ئـەم خەزنکردنە دەبێت لەگەڵ تیۆری دامەزراندنو هێنانە ناوەوەی وشە تاکەکان بۆ ناو ڕستەکان چـونیەك بێـت[**]. ئەمـە وەهـایکردووە، کـە زۆرینـەی ئیدیەمـەکان دروسـتەی سینتاکـسیی ئاسـاییان هـەبێت بـە هاوسـەنگی لەگـەڵ مۆرفۆلۆژیـدا. ئیدیـەم وەك پێکهاتـەی مۆرفۆلـۆژیی ئاسایی خەزنکراوە، هەرچەندە ناوازەش هەیە، کە بەپێی دروستەی سینتاکسی نییە. هـۆی ئەمـە دەگەڕێتـەوە بـۆ گەشـەی مێـژوویی ئیدیـەم، کـە بـە پاشمـاوەی ئـەو سینتاکسەی، لـە ئاخاوتندا قسەی پێکراوەو دانراوە، ئێستا ڕێگەپێدراوە. ئیدیەمەکان بە فۆڕمو دروستەی جیـا جیـا دەردەکـەون، وەك بـوونی دروستەی چونیەکی هاوشێوەی وشـە وەك (٧٨)و فرێـز وەك (٧٩) ڕسـتەی ئاسـایی وەك (٨٠)، لەگـەڵ ئەوانەشـدا ئیدیەمـەکان بـەپێی پلـە پێـوەری چەقبەسـتوویی و دروسـتەیی لێڵـی واتاییـان ڕێگـە بـەو گـۆڕانو تێئـاخنینو جێگۆڕکێیانـە نـادەن، کـە کەرەســتەکانی تــر ئاســایی پیادەیدەکــەن، وەك (بکــەرنادیاری، کۆکردنــەوە، وەرگرتنی ئاوەڵناو...) ئەگەر ئەمانە پیادەبکەن ئەوا واتای ئیدیەمیان دەشێوێت یان بەواتای پیتی بەکاردەهێنرێن. بۆ چارەسەری ئەمە (Chomsky)[٣٢٩] پێشنیازی ئـەوەی کـردووە، کـە ئیدیەمەکان تاڕادەیەك لە فۆڕمی دروستەی قووڵدا چەقبەستوو چەسپاون (ئەمانـە بـۆ ئـەو چەشنانەن کە ڕێگە نادەن)[٣٣٠].

٧٨- چنگ لەسەر شان. ( زۆر خێرا).

٧٩- گای مارۆیە. ( لەهەموو شوێنێکەوە دەناسرێتەوە).

٨٠- تـاڵیی و سـوێریی زۆر چەشـتووە. (خـاوەن ئـەزمونی زۆرەو شـتی زۆر بەسـەرهاتووە، قاڵبووە، لە ژیان گەیشتووە).

---

328 بڕوانە: E.Steiner (2010: 52).

** بڕوانە بەشی یەکەم.

329 بڕوانە: R. Jackendoff (2009:72).

330 بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەمە بڕوانە: (شیلان عومەر حسەین:٢٠٠٩: بەشی سێهەم).

**٣/٤-١) سیمانتیکی ئیدیەم**

**دەربــڕاوی ئیدیــەمیان بــۆ ســێ**[٣٣١] (kegol Roth – 1989) و(Keil–1997) **پۆلەڕەگەزی بەپێی تایبەتیی سیمانتیکی دیاریکردووە: ١) نا– داڕێــژراوێتی ٢) داڕشتەیی بەشی** partially **٣) داڕێژراوێتی** strictty **چەقبەستوو.**

**هەروەها میتۆدی دیاریکردنی مامەڵەی ئیدیەمی لەگەڵ شیکردنەوەی ڕێزمانی و وەرگێڕان دیاریکردووە ١) دەربڕینە نا– داڕشتەییەکان، یەکێك دەتوانێت وا مامەڵە لەگەڵ ئیدیەم بکات وەك یەکــەی فرەوشــەیی لــە دەرخــستنی ڕێزمانەکــەو وەك یــەك یەکــەی وشــەیی کردەیــی وەرگێڕانــدا ٢) ئــەو ئیدیەمانــەی داڕشــتەیی بەشــین، پێکهاتــەکانی ئیدیــەم دەتوانرێــت جیابکرێنـەوەو بگـۆڕێن، ئـەم گۆڕانـە دەبێـت ڕەچـاوی ئـەو یاسـایانە بکـات بـۆ ئامـادەکردنی شـیکردنەوەی ڕێزمـانی سـەرکەوتوو دروسـت و وەرگێڕانـی جـۆری بـەرز ٣) ئـەو ئیدیەمانـەی واتاکانیان داڕشتەیین و پێکهاتەکانیان دەناسرێنەوە هەروەها ئەمانە لە دەرەنجامی وەرگێڕان دروست دەبێت.**

**ئیدیەمی نا– داڕشتەیی ئەو ئیدیەمانەن کە واتای گشت دەربڕاوەکە جیاوازە لە واتای پیتی سـادەی وشـەکانی کـە ئیدیەمەکـەیان پێکهێنـاوە. ئیدیـەمی نـا– داڕشـتەیی واتـای وشـەی فرەییان هەیە کە دەرەنجامی ڕاستەوخۆی میتافۆڕییە.**

**نا– داڕشتەیی و داڕشتەیی بەشی و داڕشـتەیی چەقبەسـتوو بەشـێکن لـە سیمانتیکی ئیدیـەم هەمیشە ئێمە ئامـاژە بـە هەنـدێ دیـاردەی سینتاکسـی دەدەیـن، ئـەم دیـاردە سینتاکسیانە لـە هەندێ دۆخدا هەماهەنگن/ ڕێکەوتوون لەگـەڵ ئـەو دەربڕاوانـەی واتـای ئیدیـەمییان لەدەسـت نەداوە، لە هەندێ حاڵەتی تردا وانییە، پشتی بەستووە بە پۆلەڕەگـەزی سیمانتیکی ئیدیـەم، ئێمــە جۆراوجــۆری ســینتاکس و هەماهەنگەکــەی پەیوەســت دەکــەین. تایبــەتێتی –نــا– داڕشــتەیی ئیدیــەم ئەوەیــە، کــە کــەمتر توانــای بــە ئاوەڵنــاوکردنی هــەبێت، باسمەنــدی و لەبریدانان نموونەکانێتی.**

**٢) داڕشــتەی بەشــیی: پلــەی زۆر لــەم چەشــنە دیــاریکراوە، دەربــڕینی میتــافۆڕی بەشــیی و ئیدیــەمی چەقبەســتووی پەیوەســتدار، ئەوانــەن کــە پێکهاتــەکانی بتوانرێــت جیابکرێنــەوەو بگۆڕێن. دەربڕینی میتافۆڕی بەشیی ئەو دەربڕینانـەن، کە لـە کـەمترین یـان نزمترین حاڵـەتدا یەکێك لە پێکهاتەکانی پارێزگاری لە واتای پیتیان دەکەن، بەڵام ئەوانی تر نایکەن.**

**بەتایبەتی لـە دیـاردەی سینتاکسیدا جیاکاری لـە چوار ڕوکاری فەرهـەنگی جـۆریی کردەیـی کردار،کــراوە** (Mesli 1991) **وەك: ((١. تەواونــەبوویی (دەســتپێکردنی کردەیــەك یــان**

---

[٣٣١] **بڕوانە:** E. Steiner (2010:70).

حاڵەتێك) ٢) كۆتاییبوون (كۆتایی كردە یان حاڵەت) ٣) بەردەوامبوون (بەردەوامبوونی كردە یان حاڵەت) ٤. بێ لایەن*))[٣٣٢].

٣) داڕشتەیی چەقبەستوو: ئەو ئیدیەمانەن كە واتاكانیان دەتوانرێن بە كردەیی (بە واقیعی) لە پێكهاتەكانیەوە هەڵبگوازرێن، ئەوان بە سیمانتیكی ڕونن و دەتوانرێت شیبكرێنەوە، هەرچەندە پێكهاتەكان دەتوانن پێكبێن لە وێنەیەك.

لە مۆدێلی سیمانتیكی ئیدیەمدا نەخشەی ئەندازیاری (٣-١٢)[٣٣٣] دیاریكراوە، بۆ پەسنكردنی ڕەهەندەكانیی، كە گرنگن و پێویستن بۆ شیكاری پەیوەندی سیمانتیكی ناوەكیی بۆ هەر دەربڕاوێكی ئیدیەمی، زیاتر لەوەش پێویستە پێكهاتەی سیمانتیكی و فراوانكردنی سیمانتیكی لەیەك جیابكرێنەوە وەك (٧٣):

(٧٣

١. پێكهاتەی سیمانتیكی = ڕەهەندی سینتاگماتیكی: (أ) خوارەوە– سەرەوە: پێكهاتەییە (داڕشتەییە) ←——

(ب) سەرەوە– خوارەوە: توانای شیكاریكردن←——


٢. سیمانتیكی فراوانبوونی ناتافی = ڕەهەندی پارادیگمایی: (أ) خوارەوە– سەرەوە: پرۆژەسازیهان/ بەگروپكردن...

(ب) سەر– خوار: هۆهاندەریی ←——....

---

* بڕوانە پارەكانی پێشوو.

[332] E. Steiner (2010:78).
[333] A. Langlotz (2006:109).




نەخشەی (٣-١٢)

مۆدیلی سیمانتیکی ئیدیەمی

ڕەهەندی پارادیگمایی بریتیە لە پەیوەندی نێوان پێکهاتەی واتای پیتی دەربڕینی ئیدیەمەکە، وەك(٨١):


٨١- کچەکەی بەشوودا.

(A ∩ B = C، C = کچەکەی بە شودا).

(α ∩ β = γ، γ = فریودان، هەڵخەڵەتاندن).

ڕەهەنـدی سـینتاگماتیش جـەخت لەسـەر پەیوەنـدی نێـوان پێکهاتـەکانی (A، B : α، β) دەکاتـەوەو لێکدانـەوەی ئەوەیـە، کـە ئـەو پێکهاتانـە پێکهاتـەی ئیدیـەمی و واتـای پیتیـی وەردەگرن (C، Y).

تەکنیکی پۆلێنکردنی چەشنە جیاوازەکانی ئیدیەم بریتیە لە هێڵکاری(٣-١٣):




هێڵکاری(٣-١٣)

چەشنی جیاواز فۆڕمەلی[٣٣٤]: (أ) مۆرفۆسینتاکسی: جۆراوجۆری مۆرفۆسینتاکسی چەشنە جیاوازەکانی شکاندنەوەی یەکێك یان زیاتری پێکهاتەی ئیدیەمی لەخۆدەگرێت، پێکهاتووە لە شکاندنەوەی کردار، شکاندنەوەی ناو، بۆ نموونە (٨٢).

٨٢-ا- من تۆم کرد بە جۆلاً مەکۆم بدزیت.

ب- کردمیت بە جۆلاً مەکۆم بدزیت.

(ب) سینتاکسی: چەشـنی سینتاکـسی گۆڕانـەکانی نـاو فـۆڕمی- بنـەڕەتی پێکهـاتووی ڕێکخراوەیـی دەگرێتـەوە. بـۆ نمونـە هەنـدێ ئیدیـەم ڕێگـە بـە گـۆڕانی سینتاکـسی وەك(تێئـاخنین، کۆکردنـەوە، جولاًنـدنی بـەرکارو ئـەدڤێربڵ و بکـەرنادیاری..)نـادەن، بڕوانە(٨٣)، هەندێکی تر بەپێچەوانەوە گۆڕانە سینتاکسییەکانیان بەسەردا جێبەجێدەبیت وەك(٨٤).

٨٣-ا- دەزووی وشك دانییەتی.( سەرتاپای تەڕ بووەو ئاوی لێدەچۆڕێت).

ب- پەتی وشك دانییەتی ?.

پ- دەزووی وشك چاوێتی، زمانێتی.. ?.

٨٤-ا- دانوویان پێکەوە ناکولێت.

---

[٣٣٤] بڕوانە: A. Langlotz (2006:180).

ب- پێکەوە دانوویان ناکوڵێت.

(پ) لەبریدانانی فەرهەنگی: ئەم جۆرە جیاوازە ئاماژە بە گشت ئەو جێگیرەوانەی پێکهاتەی فەرهەنگی ئیدیەمێك دەدات. وەك هاوواتای و دژواتایی بڕوانە(٨٥):

٨٥-١- لەپەل وپۆ کەوتووە. (زۆر ماندووە، زۆر نەخۆشە یان زۆر پیرە).

ب- لە دەست وقاچ کەوتووە.

پ- لە پێ کەوتووە.

چەشنی جیاوازی سیمانتیکی: زمان بەشێوەیەکی بەرفراوان وەك توانای ژیری مرۆڤ بۆ پەیوەندکردنی هێماو واتا بە ڕێگەی ڕێککەوتن و کۆکبونی کۆمەڵایەتی ناسێنراوە، ئەم توانایەو ئەم ڕێگەی بەجفرەکردنە بە ڕێزمان ناوبراوە. بە کورتی پێویستە جیاوازی لە نێوان دوو ئاستی واتادا بکرێت: (ا) واتای فەرهەنگی(پیتی)، مەبەست پێی واتای هەموو وەچە پێکهاتەکەیە پێکەوە، کە لە کۆی واتای دانە دانەی یەکەکانیەوە بە دەستدەخرێت(مووی سەر) . (ب) واتای ئیدیەمی، واتای بە فەرهەنگبووی دەربڕاوەکەیەو لە واتای پێکهاتووەکە تێدەپەڕێت و واتا لە واتای دانە پێکهێنەرەکانیەوە نەهاتووە(مووی لوت). لە مەشەوە چەشنە جۆراوجۆرەکانی سیمانتیکی بریتین لە[335]:(ا) ئیدیەمی فرەواتایی: نمونەی ئەم چەشنە وەك(٨٤) کە: (١) فۆڕمێکی فەرهەنگی چەسپاوی هەیە.(٢) واتایەکی کۆکبوونی کۆمەڵایەتی لە سەری هەیە، یەکێکیان فراوانبوونی تەرزەکانی واتایەو فراوانبوونەکەی داهێنانێکی کۆمەڵایەتیەو لەسەری ڕێکەوتوون. ئەم لادانە سیمانتیکیە لە ئیدیەمدا بە میتافۆڕی لاوەکی ناوبراوە. وەك(٨٦). (ب) ئیدیەمی لێڵی: بە پێچەوانەی ئیدیەمی فرەواتاییەوە، ئەم چەشنەیان ڕێککەوتنی گشتی کۆمەڵایەتی لەسەر نیەورێککەوتنی جاروباری واتایە، بە واتا چ واتای ئیدیەمی وچ واتای فەرهەنگیش ئاماژەبەندی خۆیانیان لە بەکارهێناندا هەیە، بۆ نمونە(٨٧).

٨٦- بەشوویدا.

٨٧- سەیری ئەو گوڵە بکە. گوڵ دەکرێت بەواتای(گوڵ، کچێکی جوان، کچێکی ناشرین)بگەیەنێت.

(گوڵ) لێرەدا بە واتای فەرهەنگی وپیتیش بەکاردەهێنرێت. (پ) وەرگرتنی واتا: ئەم چەشنە لەوەرگرتنی واتا لە چڕبوونەوەو دژواتایی و ...پێکهاتووە. وەك(٨٨).

٨٨- ئاوی کردە ژێر.

---

335 هەمان سەرچاوەی پێشوو.

پەیوەست بە ناساندنی ئیدیەم (Schenk 1995)[٣٣٦] لە هەموو حاڵەتەکاندا بە زاراوەی نا-پێکهاتەیی (ناداڕێژراوێتی) یان سیمانتیکی نائاسایی (واتای نائاسایی)، ئیدیەمی ناساندووە. ئیدیەم بریتیە لە پەیوەندکردن و یەکگرتنی توانای شیکاری سیمانتیکی و ئاکاری سینتاکسی ئیدیەمەکە. توانای شیکاری سیمانتیکی هەماهەنگەو پەیکاڵە لەگەڵ زمانەوانی دەرونزانیدا، لەبەرئەوەی کاریگەری لەسەر توانای پێشبینی کردنی مرۆڤ هەیە دەربارەی بەبەرهەمی سینتاکسی. ئیدیەم ئاوێنەی هەڵسوکەوتی ژیریی و زرنگی مرۆڤەو لە ڕوی دروستەو ئاڵۆزی سیمانتیکەوە پێکهاتووی زمانین، کەلە ناوخۆدا داهێنەرانەیە[٣٣٧].

### ٣/٤-٢) سینتاکسی ئیدیەم

مەرج نییە لە هەموو زمانێکدا وشەکان ئاماژەبەندی باوی خۆیانیان هەبێت، بەپێی پێڕەوی ڕێککەوتن و کۆکبوونی کۆمەڵایەتی، وشەکان دەتوانن ڕێکخستنی تایبەت و دیاریکراویان هەبێت، بەمەش ئاماژەبەندیی بە هەڵوێستێکی دیاریکراو بگەیەنن، کە جیابێت لە ئاماژەبەندیە ئاساییەکەی تر. واتە وشەیەك، فریزێك، ڕستەیەك دەگونجێت ئاماژەبەندی ئاسایی و ئاماژەبەندی نائاسایی هەبێت لە ئاخاوتندا. بۆ ئەم مەبەستەیش کۆمەڵێك یاسا هەن (بڕوانە (٦٥)).

٦٥- $^{*}$ S -> NP VP


NP -> NP

VP -> V NP

NP ->

V { } -> { }

بۆ پۆلی پێکهاتوویی** ئیدیەمەکان لە ڕێزماندا دوو ڕکێفی (Vp) بەرهەمدەهێنرێت، کە (V)و (Np)ن. هێنانە ناوەوەو دامەزراندنی وشەکان لە درەختی سینتاکسیدا دەچێتە ژێر پۆلەڕەگەزە فەرهەنگیەکانی وەك (N، V، D...)، بەگشتی دەتوانرێت لە (٣-١٤) بنوێنرێن.




هێڵکاری(٣-١٤)

---

[336] T. Kiss (2006:4).

[337] A. Langlotz (2006:11).

* بڕوانە شیلان عومەر حسەین(٢٠٠٩)، لەوێدا بە وردیی دروستەی سینتاکسی ئیدیەمی کوردی خراوەتەڕوو.

** پێکهاتوو = دەرکردەیە، پێکهاتەو چۆنێتی دەرکردنی ئەو پێکهاتەیە.

پەیوەست بە ئیدیەمو X – باڕی سینتاکسییەوە، بنەمایترین بیرۆکە لەم تیۆرەدا، سەری فەرهەنگیە لە درەختی سینتاکسیدا، کە ناسێنەری دروستەی سینتاکسیی و ئاکاری ئەو فرێزەیە کە سەرەکەی تێدایە، بۆ پاراستنی سەری فەرهەنگی بە (باڕە)کان دیاریدەکرێن. تایبەتێتی سەری فەرهەنگی بە هەرەمی هێڵی پرۆژەسازدانە، هەروەك( Frazer، Schenk)[٣٣٨] ، بۆ دیاریکردنی دروستەی پێکهاتووی ئیدیەم پۆلێنێکیان کردووەو ئەم چەشنانەیان دیاریکردووە:

٦٦-أ– {{np P pp} NP V vp}.

ب– {PRT NP V vp} ئەگەر PRT واژەگۆکەری (پێ، لێ، تێ) بێت. پێلێهەڵمالێن.

پ– {PP NP V vp}.بەباچوو، بەلادا هات.


ت– {ap np V vp}. ڕەشبین، چاوچنۆکە.

ج– VP PP خستنە ژێر، کردنە ژێر، کردنە ناو.

چ– NP VP PP VP نانکردنەوە، بەسەر کردنەوە.

ح– PP VP / NP VP PP بە شودان، ئاو کردنە ژێر.

ئیدیەم نموونەیەکی ڕونی سروشتی یەکگرتنو پەیوەندکردنی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس و سیمانتیك و تەنانەت پراگماتیکیشە. ئیدیەم یەکەیەکی فەرهەنگیەو گۆکردنی وەك یەك وشە وەهایە هەرچەندە لە چەند فۆڕمێکی جیاوازدا دەردەکەون و لە وشەیەك زیاتریش لەخۆدەگرن. ئیدیەمەکان ئەم دروستانەیان هەیە S، VP، NP، PP جگە لەو دروستە ناوەکیەی یەکەیەکی سینتاکسی ئاسایی و ڕەفتارو ئەدگاریان وەك چەشنە سینتاکسیە هاوشێوەکانیان وایە (بڕوانە (٣-١٥)).




هێڵکاری(٣-١٥)

لە دروستەی دەربڕینی ئیدیەمیدا جێکەوتی (NP) بەتاڵ هەیە. لە ناساندنی ئیدیەمدا گوتراوە ئیدیەم وەك ڕێککەوتنێکی فرەوشەیی پەسنکراوە، کە بە سیمانتیکی لێڵ و بە

[٣٣٨] بڕوانە: T. Kiss (2006).

دروستەی چەقبەستوو چەسپاوە[339]. لەمەوە لە دروستەی ناوەکیی ڕێکخراوەی پێکهاتووی ئیدیەمدا زیاتر یان کەمتر لە ڕیزبەندییەك دەبینرێت لەوانەش: (أ) تایبەتێتی سیمانتیکی. (ب) تایبەتێتی دروستەیی و ناپێڕەوبەندیی. (پ) کۆت وبەند یان هەڵاوێرکردنەکان لەسەر ئەدگارە/ئاکارە ڕێزمانیە فەرهەنگیەکانی، کە ناتوانرێت بەهۆی یاسا ڕێزمانیە گشتیەکانی زمانەکەوە ڕونبکرێنەوە. (ت) دەربڕینێکە ڕێککەوتن و کۆکبونی لەسەرە، کە بۆ ڕێزمانی زمانێکی دیاریکراو دەگەڕێتەوە. (ج) هەر ئاخاوتنێك گۆکردنێکی پێڕاگەیاندنی دیاریکراو دەگەیەنێت ئەمەش لە ئیدیەمدا ڕەنگی داوەتەوە.

ئیدیەمەکان سەربە پێڕەوی ڕێزمانی ئاخاوتنی کۆمەڵایەتین، پێکهاتووی زمانین، کە بە کردەیەکی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی ڕێککەوتوو و کۆکبوو لەسەری تێپەڕیون. ئیدیەم هێمایەکی ئاڵۆزە و دەبێت کۆمەل لەسەری ڕێکبکەون. هەر لەمەشەوە دیاریکردن و پەسنکردنی ڕەهەندەکانی کلتورلە لێکدراویی وشەکانی وەکو دەربڕاوە فرە وشەییەکانی وەك ئیدیەمەکان بەئامانجی سەرەکی لێکۆڵینەوەکان دانراوە[340].

بەکورتیی، پێکهاتووی ئیدیەمی دەتوانرێت وەك هێمایەکی ئاڵۆز، لەگەڵ فۆڕمەڵێکی دیاریکراوی تایبەتێتی و ئەدگاری سیمانتیکی، پراگماتیکی و زمانەوانی کۆمەڵناسی پەسنبکرێت (بڕوانە نەخشەی (٣-١٦)).

نەخشەی پارامێتەرەکانی ناساندنی ئیدیەم

| زاراوە | نیشانە | ڕەهەندی سمیۆتیکی |
|---|---|---|
| داڕشتنی ڕێکخراوەییانە | پلەی ڕێککەوتنی یان هاوڕێیەتی | ڕێزمانی باروحاڵەت |
| پێکهاتەبوون چەقبەستوویی | ئاڵۆزیی فۆڕمەلی پێکهاتەیی: یەکەی فرە وشەیی ئاکاری/ ئەدگاری ڕێزمانی فەرهەنگی: کۆت و بەندی سینتاکسی، گۆڕاوی فەرهەنگی و مۆرفۆسینتاکسی. | فۆڕم |
| نا- پێکهاتەیی (داڕێژراوێتی) | واتاکەی ناتوانرێت لە پێکهاتەی وشەکانیەوە هەڵبگوازرێت وێنەیی | واتا |

نەخشەی (٣-١٦)

339 بڕوانە: .A. Langlotz (2006:2)
340 بڕوانە: .B.Kortmann & E.Traugott (2007:1)

((یاسای سیمانتیك و سینتاكس بریتییە لە هۆمۆمۆرفیم))[٣٤١]، بۆ نموونە هەر جێبەجێکردنێکی یاسای سینتاکسی جێبەجێکەری یان گوێرایەڵ و ملکەچیی جێبەجێکردنی ئۆپەرەیشنە سیمانتیکییەکانە، لەبەرئەوە ڕێکخستنی سینتاکسی چەسپاو بریتییە لە مەرجدانان بۆ داڕشتەیی واتایی، زیاتر دەربارەی پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیك لای (Wasow 1983) دەبینرێتەوە، کە دەیوت چەسپاوێتی سینتاکسی پەیوەستە بە ڕوونی سیمانتیکیەوە.

بۆ تاقیکردنەوەی سینتاکسی ئیدیەم، سەرەتا ئێمە هەبووە پۆلەڕەگەزە سینتاکسیەکان دەبینین. ئیدیەم پۆلەڕەگەزی سینتاکسی جۆراوجۆری هەیە، بۆ فۆڕمی وشەیی (چڵکاوخۆر) و فریزیی (ئاگری بن کا) و ڕستەیی (ئەم هەویرە ئاو زۆردەکێشێت) پۆلێنکراوە. بە بڕشتی سینتاکسی ئیدیەم زاراوەی بە بڕشتی، پەسنی پەیوەندی ئەبستراکتی کردار دەکات، سێ جۆر بە بڕشتی جیاکراوەتەوە: ١) لۆژیکی٢) سیمانتیکی ٣) سینتاکسی، یەکەم، بە بڕشتی دەرەکی بریتییە لە بوونی جێکەوتە، کە دەبێت بە خورتی پڕبکرێتەوە. دووهەم، کاتێك یەکێك یان زیاتر لە کەرەستەیەك بەشێکی فەرهەنگی بێت لە بەشێکی چەسپاوی ئیدیەمەکە ئەمە ناونراوە بە بڕشتیی ناوەکیی واتە ئیدیەمەکە ناتوانێت بێ ئەو بێت. بە بڕشتی ناوەکیی بریتیە لە پەیوەستبوونی بەشەکانی ئیدیەم کە پڕدەکرێنەوە. وەك (شوڵی لێ هەڵماڵی). سێهەمیش، کردەی تێئاخنین و کۆکردنەوەو دیاریخەریی و مۆرفۆسینتاکسی ئیدیەم دەگرێتەوە، بۆ دیاریخەری و جۆرەکانی، دیاریخەری ڕێزمانی و دیاریخەری فەرهەنگی جیاکراوەتەوە.

هەرچی دیاریخەری ڕێزمانیە وەك: ١. ژمارە: گواستنەوەی ژمارەی تاك بۆ کۆ، لە پێکهاتە ناوی ئیدیەمدا. لە زۆربەی کاتدا گونجاو نییە وەك:> یەك شەوە<، >*دوو شەوە. شەوەکان<. بەڵام ڕێگە پێدراویش هەن (بڕوانە(٦٧)).

٦٧–ا– بەسەری کردەوە.

ب– بە سەریان کردنەوە.

٢. دیارخەری: دیارخەری بریتییە لە دیاریخەری ناو کە دەربڕی ئاماژەبەندی ناوە یان فریزێکی ناوییە لە دەوروبەردا/ لە ئاخاوتندا، کە پێکهاتووە لە بڕو چەندێتی، ئەوان هەمیشە لە واژە گۆکەرەکان، دیاریکەری خاوەنێتی، ڕادە، ژمارەی سەرەکی پێکهاتوون، دەتوانین لە ناسراوییەوە بۆ نەناسراوی بیانگۆڕین.

٣. جێناوی (خاوەنێتی/خۆیی)، کە دەرخەری ناون، بەهۆی ئاوەڵناوی خۆییەوە خاوەنێتی کەسێك یان شتێك، دەردەخەن. >خۆی خستە حاڵی جاو<. (خۆی خستە حاڵی گیانەڵاوە).

---

[341]E. Steiner (2010:81).

٤. نەرێکردن، وەک >قسەی خۆی دۆڕاند/ نە دۆڕاند<.

٥. بکەرنادیاری: دیاردەیەکی بڵاوی ئیدیەمە. بۆ نمونە >سەرو دڵی گرت/گیرا<.

٦. سەرجێناوی کردەکان: وەک >ئەو خورمایەی تۆ خواردووتە دەنکەکەی لە گیرفانی مندایە<. یان >ئەو سەرە سەری خۆت نیە<.

بۆ دیاریخەری فەرهەنگی ١) یەکێك یان زیاتر لە بەشەکانی ئیدیەمی بنەڕەتی دەکرێت لەبریدابنرێت ٢) دیاریخەری ئاوەڵناوێك یان ئەدڤێربێك دەتوانرێت زیادبکرێت، وەك:

ا. لەبریدانان: دەتوانرێت لەجیاتی کەرەستەیەکی فەرهەنگی وەك سەرەناو، کردار، ئاوەڵناو دەتوانرێت لەبریدابنرێت بەتایبەت لە داڕشتەیی بەشیداو لە نا- داڕشتەیی ناتوانرێت. ئەوەش دەتوانرێت وەك هاوواتا دەردەکەوێت (بڕوانە٨٥)).

ب. دیاریخەری ئاوەڵناوی، وەك>قوڕقوشمی بە گەروودا ناچێت<،>قوڕقوشمی تواوەی بە گەروودا ناچێت<. پ. دیاریخەری ئەدڤێربی، وەك>لە گوێی گادا نوستووە<، > بۆ من لە گوێی گادا نوستووم<.

ئیدیەم بە دەربڕاوی فرە- وشەیی دانراوە (وشەی لێکدراو- فرێز- ڕستە)، هەرچەندە وەك یەك یەکە ڕۆڵیان هەیە، لەم بارە تایبەتیە سیمانتیکی و سینتاکسیی ئیدیەم تاقیکراونەتەوە، بۆ تایبەتێتی سیمانتیکی پۆلێنکردنی ئیدیەم بۆ نا- داڕشتەیی، داڕشتەیی بەشیی و داڕشتەیی چەقبەستوو دابەشکراوە تایبەتێتی ڕێزمان وەك ئاوەڵناو کردە- لەبریدانان و تایبەتێتی سینتاکسی بۆ چەشنەکانی فرێز.

### ٣/٤-٣) پەیوەندی نێوان فۆڕمو واتای ئیدیەم

((ئیدیەم زاراوەیەکی یەك- وشەییە یان دەربڕاوێکی فرە- وشەییە، کە بە فەرهەنگی چەسپاوەو بە سیمانتیکی ناداڕشتەییەو بە سینتاکسی خراوەتە تەکیەکی چەقبەستووە یان پەیوەستدارە))[٣٤٢]. واتای وشەکان هەڕەمەکی، لەخۆوە لە یادگەدا دیاریکراوە، واتای فرێزو ڕستە، بە داڕشتەیی لە واتای وشە تاکەکانیەوەو دروستەی سینتاکسیەوە هەڵدەگوازرێت، واتای ئیدیەم چونکە ناتوانرێت لە واتای وشەکانیەوە هەڵبگوازرێتو وەك یەکەیەکی فەرهەنگی دانراوە، لەبەرئەوە زمانەوانانی وەك ( Chomsky 1980, Katz 1973, Cruse 1986, Fraser 1970)[٣٤٣] لەو باوەڕەدان کە ئەوانیش واتاکانیان وەك وشەکان بەهەمان شێوە پێویستە لەخۆوە لە یادگەدا دیاریبکرێت. فۆڕمی ئیدیەمی پێمان دەڵێت لە ئێستادا هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ واتاکەیدا نییە >یەکشەوەیە< بەراوردی بکە لەکەڵ

---

[342] R. Elena (2001:304).


[343] بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو.

واتای پیتیی> بە کەسێك دەوترێت لە پڕێكدا دەوڵەمەند بێت<. لەوەش زیاتر، ئیدیەمەکان وشەی درێـژن و لەگـەڵ نـەبوونی دروستـەی سیمانتیکی و سینتاکسی ناوەکیـدا. هەرچـەندە ئیدیەم نییە واتاکەی هەر بە ڕوونی یان لێڵی بمێنێتـەوە. دەتـوانین بۆ زۆرینـەی ئیدیەمـەکان بنیـاتی هەنـدێ پەیوەنـدی لـەنێوان واتاکـەی و فۆڕمەکەیـدا بکـەین. لەڕاسـتیدا واتـای کەرەستەکانی ئیدیەم هەندێکجار ڕۆڵ دەگێڕن لەو ڕێگایانەی، کە ئێمە بەکاریاندەهێنین بۆ تێگەیشتن لـە زنجیرەی ئیدیـەم لـە ئاخاوتنـدا. وەك کـە دەگوترێـت >شـوڵی لێ هـەڵمالی< ، >ئەڵقە لـە گوێیـە<، لای ئـاخێوەرانی زمانەکـە بـە هـۆی واتـای پیتییـەوە تاڕادەیـەك لـە واتـا ئیدیەمەکەی نزیك دەبنەوە. ئیدیەم دەتوانرێت بە سینتاکس بگۆڕێت بۆ ڕێگـای جۆراوجـۆر، لەگەڵ ئەو بەشانەی، کە دیاردەخرێت وەك فۆکس و ڕادەو ئەنافۆڕیك و کرتاندن....تاد.

یـەکێك لـە گرنگیـەکانی ئیدیـەم ئەوەیـە واتـای ئـەو وشـانەی لـە دەربـڕاوی ئیدیەمیـدا بەکاردەهێنرێن، بە زیندوویی دەمێننەوەو ڕێگە بە زمانەکە دەدات، کە بەرهـەمی سیمانتیکی زیاتر بێت، وەك لەبریدانانی فەرهەنگی، ڕونی فەرهەنگی...تاد.

هـەر کەرەسـتەیەکی فەرهـەنگی (ئیدیـەم) سـێ دروسـتەی هەیـە دروسـتەی فۆنۆلـۆژیی– سینتاکسیی چـەمکیی، لەلایـەکی تـرەوە یاسـاکانی فەرهـەنگ تـەنها دانـان و دامەزرانـدنی کەرەستە فەرهەنگیـەکان لـە دروسـتەی سینتاکسیدا دیارینـاکـەن، بـەڵکو چۆنێتی ڕێگـە بـە پەیوەنـدکردن و پـەیکاڵبوونی ئـەو سـێ دروسـتەیەی کەرەسـتەی فەرهـەنگی دەدات و دیاریدەکات. وەك (٦٧):

٦٧) یاسای هەڵواسینی– ڕێگە (بۆ داڕشتنی وشە یان ئیدیەم)[344]:




---

[344] بڕوانە: R. Jackendoff (1991:2).

* هەندێك کردار وەك بەئەنجامگەیەنراوو تەواوکارەکان لەم چەشنەن، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە پارەکانی پێشوو.

٦٨) یاسای هەڵواسینی- ڕێگە (پێکهاتووی ئیدیەمی)، {PP $_k${ڕێگەی NP $_j$ $_{NP}$} V$_h$ $_{VP}$}
دەکرێت پەیکاڵ بێت لەگەڵ

{ ( چوون ({α}$_j$، {ڕێڕەو}$_k$)
AFF ({ }$_i^α$، )
لەگەڵ/لەلایەن {AFF ({α}، )
- دیاریکراو $_h$ )

٦٩) یاسـای هەڵواسـینی دەرەنجـامی (پێکهـاتووی ئیدیـەمی)، {AP $_k$ NP $_j$ Vh $_{VP}$}
دەکرێت پەیکاڵ بێت لەگەڵ

(هۆکاری ({α}، {تەواونەبووی {کردن $_{دیاریکراوی}$ ({β}، {لە { }$_k$})}})
AFF‾ ({ }$_i^α$، { }$_j^β$ )
{بەهۆی {AFF ({α}،...)}$_h$}.

وەك(٨٩):

٨٩- ئاو هەر ڕێچکەی خۆی دەگرێت.

٨٩-{ NP ئاو {VP ڕێچکەگرتن { PP ڕێگەی خۆی}.

دروستەی چەمکیی (٨٨) لە (٩٠) دا خراوەتەڕوو.

٧٠- (چوون ( { ئاو}، { ڕێڕەو { دەرچوون}})( { لەگەڵ {ڕێچکەگرتن ({ ئاو}) } })

لە (٨٩) دا، لەبەرئەوەی دروستەی چەمکیی گۆکردنی سەرەکیی/چوون/ بە سینتاکسیی دەرنەبڕاوە، بۆیە دروستەی چەمکیی کردارەکە وەردەگیرێت. لێرەدا پێکهاتووی- ڕێگە، وەك گۆکردنی چەمکیی ڕستیلەی سەرەکیی چەمکیی دەرنەبڕاو زیادکراوە. ئەمە لە ڕاستیدا بۆ ئاسانکردنی واتای فەرهەنگیی کردارە بۆ هاوڕێیەتیکردنی هەڵواسینی دیاریخەریەك. هەر لە یاساکەدا ئەوە ڕونکراوەتەوە، کە کەرەستەی هەڵواسراویش لەخۆ دەگرێت >ئاو هەرچۆنێك بێت ڕێچکەی خۆی هەر دەگرێت<.

بە بەکارهێنانی ستراتیژی یاسای فەرهەنگی پێشنیازی ئەوە دەکات، کە پێکهاتووی وەك (٨٩) دەگەڕێنێتەوە بۆ یاسای فەرهەنگیی، کە کردەی کردارەکە بۆ دەربڕاوی ئیدیەمی بگۆڕێت، بە کردەی هاونیشانکردنیش پەیکاڵبوونی دروستەی سینتاکس-سیمانتیك ڕونکراوەتەوە وەك لە (٦٧) دا نوێنراوە، بە پێی ئەم ڕێبازە دەتوانرێت وەك هەڵگواستنی کەرەستەی فەرهەنگیی مامەڵەی لەگەڵدابکرێت، لەمەشەوە بە ڕێگەی ئەنالۆژی ئیدیەمی تر

لێکبدرێتەوە، ئەم لێکدانەوەیەش بەهۆی یاسای فەرهەنگی (٧١) دیاریکراوە، کە ئەمەش پەیکاڵی دروستەی چەمکی ڕێسای (٤) ی یاسای یەکگرتنی هەڵواسراوەکانەو دەسنیشانکراوە بەوەی:

٧١) {کاریگەریAFF ({X}، )، دیاریکردن، Y }.

ئیدیەمەکان هەرچەندە لە ڕیزی دەربڕاوە ناداڕشتەییەکانن، بەڵام لە ڕوی سینتاکسیەوە هەمان فۆڕمودروستەی دەربڕاوە ئاساییەکانی هەیە، بەگشتی دەتوانرێت بەو یاساو ڕێسایانەی خرانەڕوو لێکبدرێنەوە، لەبەرئەوەی ((ئیدیەمەکان ئەوەندەی یاساوڕێساو نیشانە سیمانتیکیەکان دەبەزێنن، ئەوەندە لە دروستەو پێکهاتەی فرێزو ڕستە ئاساییەکانی زمانەکە لانادەن))[345]، لە ڕوی سیمانتیکیشەوە ئیدیەمەکان بە هێمای ئاڵۆز دانراون، کە تایبەتمەندی دیاریکراوی فەرهەنگیی و سیمانتیکیی و پراگماتیکیی و زانستی زمانەوانی دەرونزانیی وکۆمەڵایەتیی و تەنانەت کلتوریشیان هەیە، بەوپێیەی ئەمان زادەی ئاوەزوئەزمونی ژیان و ژیاری مرۆڤەکانن لە کۆمەڵگادا.

---

[345] S.Kais (2003:49).

# ئەنجام

١. زانیاری و دروستەی سینتاکسی دەربڕاو(چ داڕشتەیی یان نا– داڕشتەیی بێت)و ئاخاوتنەکانمان، کە وشەو فریزو ڕستەکان دەیانوێنن، سەرەکیترین/تەنها ڕێگەیە، بۆ پەسنکردن و دیاریکردنی سیمانتیک و شیکردنەوەی لە زمانی کوردیدا، لەبەرئەوەیە هەر گۆڕانیک لە دروستە ڕوبدات، گۆڕان لە واتادا دێنێتە ئاراوە.

٢. دروستەی ئاستی سیمانتیکی لە زمانی کوردیدا دەتوانرێت بە پەسنبکرێت، بە واتا سیماتیك هەروەك ئاستەکانی تری ڕێزمان دەتوانرێت پێکهاتەو کەرەستەکانی دەستنیشانبکرێن، وەك( فەرهەنگ، دروستەی قوولْ، کۆتوبەندی هەلاْوێرکردن، یاسای پرۆژەسازدا)و پۆلەڕەگەزو دروستەی لە زمانی کوردیدا پەسن ودیاریبکرێت. لەمەشەوە بنەڕەتی دروستەی فەرهەنگ نوێنراوە. دروستەی سیمانتیکی بریتییە لەو واتایانەی بەهۆی ئاستی فۆرمەڵی پەسەندکردنی زمانەوانییەوە ئەوە دەردەبڕێن، بەهۆی دەستەیەك لەیاساکان کە بە یاساکانی پەیکاڵبوون ناوبراوە بەدروستەی سینتاکسیەوە پەیوەندە. واتای وشە و دروستەی سینتاکسیی، بنەمان بۆ دیاریکردنی واتا.

٣. بنەڕەتی بەشەئاخاوتنە سیمانتیکیەکان دیاریکراون، لەلایەك لەسەر بنەمای پەیوەندییان بە پۆلەڕگەزە ئۆنتۆلۆژییەکان، کە پەیوەندی ئاماژەبەندییان بە جیهانی دەرەوە هەیە، لەلایەکی تریشەوە پەیوەندی نێوان زمان و ئاوەزو جیهانی دەرەوە دەخاتەڕوو. بەوەی لە کردەی بەرهەمهێنانی زمانیدا پەیوەندکردنەکە ئاڕاستەکەی سیمانتك بۆ سینتاکسە، لە کردەی درککردن و تێگەیشتنی زمانیدا بە ئاڕاستەی سینتاکس بۆ سیمانتیکە، بەم میکانیزمە کردەی لێکگەیشتن و پێڕاگەیاندنی بیر بە تەواوی بەرجەستە دەکرێت.

٤. پەسنکردنی بەشەئاخاوتنە سیمانتیکییەکان، بەپێی بنەماکانی تیۆری X–باڕ، کە بە سیمانتیکی چەمکیی ناوبراوە، وەك (ڕوداو–V، بابەت–N، شوێن–P، ئەدگار–A، حاڵەت–S، ڕێڕەو–P ...) دەنوێنن. لە گۆکردنی هەبووەکاندا، بنەماکانی دیاریکردنی بەشە ئاخاوتنە سیمانتیکەکان بریتین لە، دروستەی ئارگومێنت دروستەی ڕووداو ،دروستەی پەیوەندی دروستەی زگماکیی فەرهەنگییە. بەشە ئاخاوتنە سیمانتیکەکان

دروستەی ناوەوەیان هەیە وەك ڕێڕەو (ڕێـرەوی دیـاری کـراو ڕێـڕەوی ئاراسـتە کـردن، ڕێگە –ڕێڕەوی ) دیاریخەر (ناکۆ توبەندکراو،پێوانەیی یان بەستنەو لۆژیکیی... ).

٥. ســـەری فرێزەکـــان چـــۆنیەتی پەیوەنـــدکردنی پەیوەنـــدی نێـــوان ئـــارگومێنتی سینتاکـسیی و ئـارگومێنتی سـیمانتیکیی لـە زمـانی کوردیـدا دیاریدەکـەن، ئـەم پەیوەندکردنـــەش بـــە یاســـاو ڕێـــساو لەســـەر بنـــەمای لۆژیـــك و ماتماتیـــك خراونەتـەڕوو. ئەوەی لـە لێکۆڵینەوەیـەدا بەتایبـەت کـاری لەسـەر کـراوە خستنەڕووی سینتاکس و سیمانتیکی کردارە.

٦. ئەنجامی پراکتیکی لێۆڵینەوەکە ئەوە دەخاتەڕوو، کە هەر ئارگومێنتێکی سینتاکسی هاوتایـەکی سـیمانتیکی هەیـە و بـە پێـچەوانەشەوە. بـە واتایـەکی تـر هـەر چەشـنە وەچـەپێکهاتەیەکی سنتاکـسی ڕسـتەیەك بەرامبـەر/پەیکاڵـە لەگـەڵ وەچـەپێکهاتە سـیمانتیکی (چـەمکی) لـەواتای ڕسـتەدا، تەنانـەت ئەگـەر بـە مـۆرفێم دەربـڕابن یـان دەرنـــەبڕابن. هـــەر پۆلـــە ڕەگـــەزێکی چـــەمکی چـــەند بەرجەســـتەبوونێکی هەیـــە و بۆگۆکردنی دروستەی ئاڕگۆمێنت و ئەمانیش بۆ وەچەپێکهاتە چەمکی وەك (بابەت– ڕووداو...) شـیدەکرێنەوە. لەمـەوە بنـەمای پەیوەنـدی نێـوان سینتاکس و دروسـتەی چەمکی: (١)هەر پێکهاتەیەکی فرێزی سەرەکی لە سنتاکسی ڕستەیەکدا لەگەڵ ئەو پێکهاتە چەمکییەدا پەیکاڵە، کە بۆ پۆلە ڕەگەزی ئۆنتۆلـۆژی دەگەڕێتـەوە ،(٢) سـەری فەرهـەنگی (X)ی پێکهاتـەی فرێـزی سـەرەکی پەیکاڵـە لەگـەڵ گـۆکردنی دروسـتەی چەمکیی سەرەکیدا .

٧. چۆنیەتی پەیوەندکردنی ئیدیـەم (وەك نموونەیـەکی دەربـڕاوی نا–داڕشتەیی) زمانی کوردیی بە ناوازەیی سینتاکسیی (وشـەیی، فرێزیـی، ڕستەیی) و سیمانتیکیی (نا– داڕشتەیی، داڕشتەی بەشیی، داڕشتەی چەقبەستوو) ناسێنراوە و خراوەتـەڕوو، بە دیـــاریکردنی سینتاکس وســـیمانتیك و چـــۆنیەتی پەیوەنـــدکردنیان وەك وشـــە فەرهەنگییـــەکانی زمانەکـــە، لەبەرئـــەوەی ئیدیـــەم دانەیـــەکی پڕاوپـــڕ واتاییـــە و لـــە فەرهەنگدا وەك وشەکان تۆماردەکرێن، بەپێی تایبەتێتی زمانی کوردی.

# پێشنیاز

١. بۆ پڕاوپڕبوونی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوە لە پەیوەندکردنی ( دەنگ‌و واتا) لە مۆدێلی ڕێزمانی کوردیدا، دروستەی ئاستی فۆنۆلۆژی وەك پێکهاتەیەکی تری ڕێزمان، لەگەڵ سینتاکس‌و سیمانتیکدا پێویست بەلێکدانەوەو لێکۆڵینەوە دەکات، بەوەی دروستەی خستنەتەکیەکی دەنگەکانی زمانی کوردی‌و یاساو ڕێساو بنەماکانی پەیکاڵبوونیان، لەگەڵ ئاستەکانی تری ڕێزمان، لەلایەك‌و پەیوەندییان بە ئاوەزەوە لەلایەکی ترەوە دیاری‌و پەسنبکرێت. بە چەشنێك، کە چۆن بەگشتی گۆڕانی دەنگ‌و گۆڕانی واتا وابەستەی یەکترن، بە ڕەچاوکردنی هۆکارو دیاردەو تایبەتییە دەنگیەکانی زمانی کوردی.

٢. وردکردنەوەی یەکە پێکهێنەرەکانی ڕێزمان (فۆنۆلۆژیی، سینتاکسی، سیمانتیکی)، پەسنکردنی پەیوەندیان پێکەوە، وەك پەیوەندکردنی دروستەی ڕستەی سەرجێناوی بە ئاستی فۆنۆلۆژیی‌و سیمانتیکیەوە، بەپێی بنەماو یاساکانی پەیوەندکردن‌و خستنەڕووی تایبەتێتی سیمانتیکی کردار لە زمانی کوردیدا.

٣. لایەنێکی تری گرنگ‌و پێویست بۆ لێکۆڵینەوە، پەیوەندکردنی ڕێزمانە بە بابەتی سایکۆلۆژییەوە وەك بابەتێکی سەربەخۆ. ڕونکردنەوەی میکانیزمی پەیوەندکردنیان، بە لێکۆڵینەوە لە ئاوەزی مرۆڤی کورد‌و بە زانستیانە پەسنکردنی کردەی بەرهەمهێنانی زمانیی (پەیوەندی سیمانتیك–سینتاکس) و کردەی دركکردن‌وتێگەیشتنی زمانیی ( پەیوەندی سینتاکس–سیمانتیك)و پەیوەست بە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی‌و پراکماتیك‌و زانستی ئاوەزداریی‌و...هەموو ئەو لایەنانەی سایکۆلۆژیی زمان دەیانگرێتەوە. بابەت‌و کەرەستەی لێکۆڵینەوەن لە زمانی کوردیدا.

# سەرچاوەکان

ا. بە زمانی کوردیی:


١. ئازاد ئەحمەد حسێن، سینتاکسی کرداری لێکدراو لە شێوەزاری هەورامیدا، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٢. ئەورەحمانی حاجی مارف، وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٧.

٣. جەلال مەحمود عەلی، ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، بەرگی دووهەم، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم (١٣٢)، سلێمانی، ٢٠٠١.

٤. حاتەم ولیا محەمەد، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، دەزگای موکریانی، هەولێر ، ٢٠٠٩.

٥. سەباح ڕەشید قادر، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵاتو بەستنەوە (GB) لە زمانی کوردیدا، هەولێر، ٢٠٠٩.

٦. شیلان عومەر حسەین، ئیدیۆم، چەشنو پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٧. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٨. عەبدولواحید موشیر دزەیی، واتاسازی وشەو ڕستە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠.

٩. عەبدولواحید موشیر دزەیی، واتاسازی، چاپخانەی خانی، هەولێر، ٢٠٠٩.

١٠. عەبدولوەهاب شێخانی، فەرهەنگی ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٩.

١١. فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، نادیاری، چاپخانەی ڕۆمان، وەزارەتی رۆشنبیری، بەڕێوەبەرێتی چاپو بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠٠٨.

١٢. کاروان عومەر قادر، ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٨.

١٣. محەمەد مەحویی، ڕستەسازیی کوردی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠١.

١٤. محەمەد مەحویی و نەرمین عومەر ئەحمەد، مۆدێلی ڕێزمانی کوردی، زنجیرە چاپکراوەکانی شارەوانی، زنجیرەی (٣٢)، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٤.

١٥. محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٠.
١٦. محەمەدی مەحوی، بنەماکانی سینتاکسی کوردیی، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١١.
١٧. محەمەدی مەحوی، زانستی هێما هێما، واتاو واتا لێکدانەوە، بەرگی یەکەمو دووهەم، چاپخانەی پەیوەند، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٩.
١٨. محەمەدی مەحوی، مۆرفۆلۆیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٠.
١٩. محەمەدی مەحوی، ئاوەزداریی و ڕێزمانی ناوەرۆك- وابەستە، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٢٠. محەمەدی مەحوی و کاروان عومەر قادرو شیلان عومەر حسەین، دروستەی کردار بنەماو دیاردە، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٠.
٢١. وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی بەرگی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩.
٢٢. یوسف شەریف سەعید، دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆرو هەندێ لایەنی ڕستەسازیی کوردی، هەولێر، ٢٠٠٩.

ب. نامەی زانکۆیی (بڵاونەکراوە)

١. ئەبوبەکر عومەر قادر، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٣.
٢. بەکر عومەر عەلی، بەستن و کرتاندن لە کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٢.
٣. بەکر عومەر عەلی، میتافۆر لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٠.
٤. بێ خاڵ عەبدوڵڵا سەعید، واتاسازی وشە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٨٩.
٥. تالیب حسێن عەلی، هەندێ لایەنی پەیوەندی نێوان ڕستەو واتا لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٨.
٦. ڕوناك مەحمود عەلی، کرداری ئیلزامی (ویست و ئارەزوو) لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠١.

٧. چیا عەلی مستەفا، ڕادەو ئەرکی سینتاکسی و سیمانتیکی لە زمانی کوردیدا، کۆلێژی زمان، زانکۆی کۆیە، کۆیە، ٢٠٠٨.
٨. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، دروستەی ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی کوردییدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٩.
٩. فەتاح مامە عەلی، ئیدیەم لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٨.
١٠. فەرهاد تۆفیق حەسەن، پەیوەندییە سیمانتیکییەکانو هەندێك دیاردەی واتایی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٠.
١١. قیس کاکل تۆفیق، جۆرەکانی ڕستەو تیۆری کردە قسەییەکان، نامەی ماستەر، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٥.
١٢. کاروان عومەر قادر، فۆڕمی لۆژیکی لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٠.
١٣. مزگێن عەبدولڕەحمان ئەحمەد، دۆخی ئێرگەتیڤ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٦.
١٤. نەرمین عومەر ئەحمەد، بەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٠.
١٥. هۆگر مەحمود فەرەج، پراگماتیكو بوارە واتاییەکان، ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٣.
١٦. هۆگر مەحمود فەرەج، پراگماتیكو واتای نیشانەکان، ناوی دکتۆرا، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٠.
١٧. هێرۆ ئەحمەد حمە غریب، شێوەکانی گێڕانەوە لە ڕستەی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٨.
١٨. یارا قادر ئەحمەد، مۆرفۆسینتاکس لە زاری کۆیە، کۆلیجی زمان، زانکۆی کۆیە، کۆیە، ٢٠٠٨.

پ. گۆڤار

١. ئەبوبەکر عومەر قادر، پارتیکڵ لە زمانی کوردی دا، ٢٠٠٧، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی.
٢. بەکر عومەر عەلی-ئاڤێستا کەمال مەحموود، پەیوەندی سیمانتیكولۆژیك لە ڕستەی کوردیدا، ٢٠٠٩، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی.

٣. ساجده عەبدوڵڵا فەرهادی، پەیوەندی واتایی نێوان کارو بەشەکانی تری ڕستە، ٢٠٠٢، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی.
٤. قەیس کاکل تۆفیق، ڕادە لە گرێی ناویدا،٢٠٠٣، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی.
٥. محەمەد مەعروف فەتاح، دیسان ئیدیەم، پێداچوونەوەیەك لە بەر ڕۆشنایی زمانەوانیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عیراق، دەستەی کورد، بەرگی ١١، بەغدا، ١٩٨٦.

پ. بە زمانی عەرەبیی:

١. جون لاينز، اللغة والمعنى والسياق، ت.عباس صادق الوهاب، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد،١٩٨٧.
٢. خليل أحمد عمايرة، في نحو اللغة وتراكيبها، عالم المعرفة، ١٩٨٤.
٣. محمد حماسة عبداللطيف، النحو والدلالة، كلية دار العلوم، جامعة القاهرة، ١٩٨٤.

ب. بە زمانی ئینگلیزی:

1. Ahmad, M, F. (2004). The Tense and Aspect System in Kurdish. Linguistic Department, University of London.
2. B.Kortmann & E.Traugott. (2007). Phraselogy and Culture in English. Mouton de Gruyter, Berlin. New York.
3. Chomsky, N. (1993). Lectures on Government and Binding. M.C Berlin, New York.
4. Comorovski, I & Heusinger, K, V. (2007). Existence: Semantic and Syntax-Springer.
5. Cook, V. J & Newson, M. (1996). Chomsky's Universal Grammar. Blackwell. USA.
6. Crustal, D.(2003). Linguistics & Phonetics. Fifth Edition Blackwell.
7. Cullcover, P.W. (2005).
8. Dalrymple, M. (2003). Syntax and Semantics. Academic press.
9. Dixon, R, M, W. (2005). A Semantic Approach to English Grammar. Oxford University press. New York.
10. E.Steiner.(2010).Idiom Treatment Experments in Machine Translation. Saarbrucken.
11. Finch, G. (2000). Linguistic Terms and Concepts. Macmillan press.

12. Gramley, S. & Patzol (2004). A survey of Modern English. Second edition, London.
13. Haiden, M. (2005). Theta theory. Mouton de Gruyter. Berlin. New York.
14. Ingram, J.C.L (2007), Neuro linguistics, Cambridge University press.
15. J.Field.(2004). Psycholinguistics, the Key Concept. Routledge, London, New York.
16. Jackendoff, R, Culicover, P.W. (2005). Simpler Syntax. Oxford, University, press. New York.
17. Jackendoff, R. (1972). Semantic Interpretation in Generative Grammar. Cambridge, Mass. MIT press.
18. Jackendoff, R. (1999). Semantic and Cognition. Cambridge, Mass. MIT press.
19. Jackendoff, R. (1991). Semantic Structures. Cambridge, Mass. MIT press.
20. Jackendoff, R. (2009). Founditions of Language. Oxford, University press.
21. Kais, S. (2003). Comprehension of News Headlines in B & A Newspaper by Iraq. College or Arts, Al-Mustansiriya University.
22. Katamba, F. (1993). Morphology. Macmillan press LTD. London.
23. Katz, J. & Fodor, J. (1963). The Structure of a Semantic Theory. Language. America.
24. Kiss, T. (2006). Idiomaticity and Theory of Grammar. Oskar.
25. Lang lotZ, A (2006) Idiomatic Creativity, John Benjamins B.V, Amsterdam/ Philadelphia.
26. Latif, B. (2008) Astualy of pragmatic Variations in English and Kurdish, University of Sulaimani.
27. Lieber, R. (2004). Morphology and Lexical Semantics. Cambridge. University press.
28. Lyons. J (1995) linguistic Semantic. A Introduction. Cambridge University press.
29. Malmkajaer, K. (1995). The Linguistics Encyclopedia. Routledge Curzon. London & New York.
30. P.Robinson & N.Ellis.(2008). Cognitive Linguistics and Second Language Acuistion. Routledge,London, New York.
31. Partee, B. H. (2007).

32. Pastejovsky, J. (1996). The Gererative Lexican, Cambridge. Mass MIT press. London. England.
33. Pinker, S. (1991). Learnbility and Cognition. MIT press. Cambridge press.
34. Quirk, R., Greenbaum, s., Leech, G., Svartvik, J. (1987). A Comprehensive Grammar of The English Language. Longman, London & New York.
35. R .Elena. (2004). Relevance Theory and the Construction of Idiom Meaning.
36. Radford, A. (2006) Minimalist Syntax, Third printing, Cambridge, University press.
37. Saeed, J. (2009). Semantics. Wiley-Blackwell.
38. Schwab, K. & Winkler, S. (2007). On Information structure, Meaning and form. John Benjamins, Amsterdam, Philadelphia.
39. Shopen, T. (2007). Language Typology and Syntactic Description. Volume II. Cambridge. University press.
40. Smith, N. (1999). Chomsky Ideas and Ideals. Cambridge. University press.
41. Steinberg, D. D. (1999), psycholinguistics Language, Minct and World, Six impression, Longman, London and New York.
42. Tallerman, M. (1998). Understanding Syntax. Arnold, London.
43. Trauth, G., P. & Kazzazi, K. (1996). Language and Linguistics. Routledge, London & New York.
44. Uriagereka, J. (2008). Syntactic Anchors on semantic structuring. Cambridge, University press.
45. Van Valin, R. D. (2005) Exploring the Syntax-Semantics Interface. Cambridge, University press.
46. Van Valin, R. D. (2008). Investigations of the Syntax-Semantics-pragmatics interface. Jahn Benjamins. Amesterdam. Philadelphia.
47. Williams, E. (1994). Remarks on Lexical Knowledge. Holland.

## الخلاصة

أنجزت هذه الدراسة على نموذج قواعد اللغة الكوردية، ولوصف هذا النموذج فقد تم العمل على التركيبة النحوية وعلاقتها مع علم الدلالة. وقد تم اتخاذ خطوات علمية من خلال شرح هذه العلاقة لتوضيح نوعية وكيفية النموذج النحوي المُركَّب. والسبب وراء اختيار هذه الدراسة هو أنه عندما يكتسب الطفل اللغة، فإنه يتعلم كُلاً من النحو والدلالة مَعا. وقد بدأت هذه الدراسة من النقطة التي توقف عندها أو إنتهى إليها معظم اللغويين والنحاة.

وبناءاً على ذلك، فقد تم تطبيق نظرية التحكم والإرتباط (Government and Binding)، ووفقا للنماذج التي تقدمها هذه النظرية فقد تم فرز مُستويَين نحويَين للجُمل وهي التركيبة العميقة والتركيبة السطحية، والتي تم ربطهما عن طريق نوع من أنواع العمليات النحوية وهي عملية التحويلات (Transformations). إن تحديد ترتيب القوانين وبنية الجمل تُشكِلان التركيبة النحوية نفسها، وهي نفس تصور التركيبات ومعنى الخطاب لدينا. وقد تم تحديد قواعد وتركيبات الكلمات والعبارات والجُمل، والتي تشكل حلقة الوصل المورفولوجي للنحو وعلم الدلالة، حيث أن البيانات والتركيبات النحوية هي السبيل الوحيد لتحديد التمثيل الدلالي على مستوى التركيبة العميقة. وبشكل عام، فإن النحو يتم تصنيفه إلى ثلاث بُنى مستقلة ومميزة، وهى علم الأصوات، والنحو وعلم الدلالة. ولتحديد البناء والتركيبة الدلالِيَتين فقد تم استخدام النظرية الإدراكية (Cognitive Theory). وطبقا لهذه النظرية، فقد تم تحديد قاعدة التركيبة الدلالية على أساس التركيبة المفاهيمية، والتي بدورها يتم تحديدها على أساس الفئآت الوجودية (Ontological Categories). وذلك لأن المكونات النحوية (الكلمات، والعبارات وغيرها) والتي تشكل خطابنا، تشير إلى نفس الفئآت المفاهيمية (Conceptual Categories) مثل (الحدث، والخصائص، الخ)، ويتم تحديد علاقتها مع العالم الخارجي عن طريق هذه الفئآت. وهو ما يعني أن اللغة والعقل والعالم الخارجي مترابط مع بعضها البعض. وهكذا، فإن اتجاه الترابط في عملية الإنتاج اللغوي يكون من الدلالة إلى النحو، وإن الاتجاه في عملية الإدراك والفهم اللغويَين يكون من النحو إلى الدلالة. ولهذا السبب فقد تم الحديث عن الكناية (إيديوم) في التعبيرات التركيبية وغير التركيبية.

لقد حاولنا في هذه الدراسة تمثيل العلاقات بين المكونات النحوية والفئآت المفاهيمية في قواعد منطقية ورياضية، وحاولنا أيضاً إنشاء أسس علمية لهذه العلاقة في اللغة الكوردية.

تتألف هذه الدراسة من مقدمة وثلاثة فصول وخاتمة وثبت المراجع.

**يحدد الفصل الأول ويصف أسس التركيبة النحوية الكوردية، حيث ينقسم إلى أربعة أقسام، يتم فيها تحديد قواعد الكلمة والعبارة والجملة وتركيبة المعلومات، والتي تشكل أساس البنية النحوية.**

**يتألف الفصل الثاني من خمسة أقسام حيث يتم فيها وصف القواعد التركيبية لعلم الدلالة الكوردية. يهتم القسم الاول بالعلاقة بين النحو وعلم الدلالة. ويتناول القسم الثاني أدوات وبنى علم الدلالة. القسم الثالث يعرض العلاقة بين النحو وعلم النفس. وفي القسم الرابع، يتم تحديد التركيبة المفاهيمية والـ X-Bar الدلالي وفقا لأجزاء الكلام الدلالية. ويقدم القسم الخامس التركيبة الدلالية بشكل عام.**

**وقد تم تخصيص الفصل الثالث للعلاقة بين النحو وعلم الدلالة، حيث ينقسم إلى أربعة أقسام. يتناول القسم الأول النماذج التي تصف العلاقة بين النحو وعلم الدلالة. القسم الثاني يخص علاقة تمثيل تركيبة المحاججة (Argument Structure) النحوية والدلالية. والقسم الثالث يعرض نظرية الربط (Linking Theory)، ويتم تقديم الكناية (إيديوم) كمثال على التعبيرات غير التركيبية.**

**وفي الختام، سيتم تقديم النتائج المستحصلة، فضلاً عن الموضوعات المقترحة لأعمال أخرى في المستقبل.**

// Abstract

*This study has been done on the Kurdish language model, and the interface of the syntactic structure and semantics has been worked on to describe this model. Scientific steps have been made through explaining such an interface to clarify the quality and modality of its grammar's compound model. The reason behind selecting this study is that when a child acquires language, it learns both syntax and semantics together. This study has started from the point where most of the linguists and grammarians have stopped at or ended by.*

*For this reason, the Government and Binding Theory has been used, and tow syntactic levels for the sentences are sorted out according to the models of this theory, which are deep structure and surface structure, that have been bound by some sorts of syntactic acts of transformations. Identifying the rule order and the sentence constructions constitute the syntactic structures, as the perception of the structures and meaning of our discourses. Rules and constructions of words, phrases, and sentences are identified, which are the morphological interface for syntax and semantics, because the syntactic data and structures are the only way to identify the semantic representation at the level of deep structure. In general, grammar has been classified into three independent and distinctive constructions, i.e. phonology, syntax and semantics. To identify the semantic construction and structure, the Cognitive Theory has been used. According to this theory, the base of the semantic structure for the conceptual structure has been identified, which by itself has been identified on the base of the ontological categories. Since the syntactic constituents, i.e. words, phrases, etc, constitute our discourse, they refer to the same conceptual categories like theme, event, feature, etc, and their relationship with the external world has been specified by those categories. It means that language, mind and the external world are all related with one another. Thus, the relationship direction is from semantics to syntax at linguistic producing act. The direction in cognition and linguistic understanding is from syntax to semantics. For such*

*a reason, the compositional and non-compositional expressions like idiom are just brought as examples.*

*In this study, we tried to present most of the relationships between the syntactic constituents and conceptual categories in logical and mathematical rules, and to establish a scientific base for such a relationship in Kurdish language.*

*This study consists of an introduction, three chapters, conclusion and bibliography.*

*The first chapter identifies and describes the basis of the Kurdish syntactic structure. In four sections, the rules of word, phrase, sentence, and information structure have been identified, which constitute the base of the syntactic structure.*

*The second chapter deals with describing the base of the Kurdish semantic structure, consisted of five sections. The first section talks about the relationship between grammar and semantics. The second section deals with the tools and constructions of semantics. Section three presents the relationship between grammar and psychology. In section four, the conceptual structure and X-bar semantics are identified according to the parts of semantic speech, and section five introduces the semantic structure generally.*

*The third chapter is devoted to the interface of syntax and semantics, and four sections have been presented. The first section deals with the models of describing the interface of syntax and semantics. Section two is the relationship of representing the syntactic and semantics' argument structures. Section three is the Linking Theory, and in section four idioms are brought, representing non-compositional expressions.*

*Finally, the conclusions are presented, as well as the topics suggested for further works in future.*